حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانـکـۆی سلـێـمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی ڕاگەیاندن- پەیوەندییە گشتییەکان

# بەگەڕخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی کونسوڵخانە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

(لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە بۆ ناوەڕۆکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی کونسوڵخانەکان)

نامەیەکە خوێندکار
هێمن محمد عبدالله

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ڕاگەیاندن- پەیوەندییە گشتییەکان

بە سەرپەرشتی
پ.ی.د. لانە صابر محمد سعید

٢٧٢١ کوردی ١٤٣٢ کۆچی ٢٠٢١ زایینی

# ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (هێمن محمد عبدالله) بە ناونیشانی (بەگەڕخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی کونسوڵخانە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا) لیکۆڵینەوەیەکی شیکارییە، بەچاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی (ڕاگەیاندن/ پەیوەندی گشتی دا) پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

سەرپەرشتیار:

پلەی زانستی:

بەروار:   /    / ٢٠٢١

بە پێی ئەم پێشنیازە،  ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

واژۆ:

ناو:

سەرۆکی بەشی (    )

بەروار:  /  /

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

نامەی ماستەری خوێندکار (هێمن محمد عبداللە) کە ناونیشانی بریتییە لە (بەگەڕخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی کونسوڵخانە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا- لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە بۆ ناوەڕۆکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی کونسوڵخانەکان)، پێداچوونەوەی زمانەوانی.

واژۆ

ناو:

بەروار:

**ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ**

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم تێزەی خوێندکار (هێمن محمد عبدالله) بە ناونیشانی (بەگەڕخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی کونسوڵخانە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە زانستی ( ) پێ بدرێت.

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
سەرۆکی لیژنە
بەروار

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام
بەروار

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
سەرۆکی لیژنە
بەروار

واژۆ:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام
بەروار

لە لایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلێمانی - پەسەندکرا.

واژۆ

( )

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەروار:

**پێشکەش بە...**

- باوك و دایکم، کە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنمدا هاندەر و پشتیوانم بوون.

- سامان حەمید پاشا- ی هاوڕێم، پێش هەڵوەرینی تەمەنی پێکەوە باس و خواسی خوێندنی ماستەرمان دەکرد و پلانمان بۆ خوێندن دادەنا.

- بەشی ڕاگەیاندن/ زانکۆی سلێمانی.

**هێمن**

## سوپاس و پێزانین

- سوپاسی (پ.ی.د. لانه صابر محمد سعید) دەکەم کە ئەرکی سەرپەرشتییکردنی ئەم توێژینەوەیەی لە ئەستۆ گرت و هاوکاریی کردم.
- سوپاسی (پ.ی.د. ئیبراهیم سەعید) دەکەم کە لە پلانی توێژینەوەدا هاوکاری کردم و وادەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەولێر بۆ ڕێکخستم.
- سوپاسی (د. یادگار عەلی) دەکەم کە لە پەیداکردنی سەرچاوە و لە ئامادەکردنی خشتە بنەڕەتییەکانی بەشی پراکتیکیدا هاوکاری کردم.
- سوپاسی (م. نەبەز ئەحمەد) دەکەم کە لە بەشی ڕێکخستنەوەی خشتەکانی پڕاکتیکدا هاوکاری کردم.
- سوپاسی (د. ئەحمەد عومەر ئۆمەربلی) دەکەم کە لە بەشی تیۆریی (دیپلۆماسییەتی گشتی) دا ڕینوێنی کردم.
- سوپاسی (م. قانع قابیل قاسم) دەکەم کە لە دیزایینکردن و ڕێکخستنەوەی توێژینەوەکەدا هاوکاریی کردم.
- سوپاسی (م. عەبدولرەحمان عەزیز، م. دەشتی عەلی، م. هونەر ئەحمەد) دەکەم کە ئاشنایان کردم بە هەندێك ماڵپەر و پێگەی گرنگی دەستخستنی سەرچاوە.
- سوپاسی (م. ملکۆ ئەحمەد) و (م. محەمەد حەسەن) دەکەم کە پوختەی توێژینەوەکەیان بۆ زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی وەرگێڕا.
- سوپاس بۆ سەرۆکایەتی بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی.

**توێژەر**

## پوختەی توێژینەوە

پەیوەندییە گشتییەکان وەکو پرۆسەیەکی نێو کێڵگەی کۆمۆنیکەیشن ڕۆڵێکی دیاری لە گۆڕەپانی سیاسەت و دیپلۆماسییەتدا هەیە، ئەم ڕۆڵەش لەگەڵ زیادبوونی کاریگەرییەکانی ڕایگشتی لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە زیاتر پەرەیسەند کاتێك وڵاتان درکیان بە کاریگەرییەکانی ڕایگشتی کرد، ئەمڕۆ دامەزراوە دیپلۆماسییەکان و وەزارەتەکانی دەرەوە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان (Public Relations) یان هەیە و لە ڕێگایەوە دامەزراوەکانیان بە دنیای دەرەوەی دەبەستنەوە و شارەزای خولیا و بیروبۆچوونی جەماوەرەکانیان دەبن، هەر لەم پێناوەدا سەرپەرشتی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیش دەکەن، بواری دیپلۆماسییەتی گشتی (Public Diplomacy) یش چەمکێکی تاڕادەیەك نوێی بواری دیپلۆماسییەتە، ئەم بوارە ڕووی لە خەڵك و جەماوەری گشتییە و ڕوبەڕووی ئەوان دەبێتەوە، لەدوای ئەوەی کە وڵاتان بێئومێد بوون لە بەکارهێنانی پەیوەندییە فەرمییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان هەستان بە بەکارهێنانی دیپلۆماسییەتێك کە ڕای جەماوەری وڵاتانی تر بەدەستبهێنێت، بۆ ئەوەش دیپلۆماسییەتی گشتی دروستبوو، ئەمڕۆ لە سایەی زۆربوونی ئامرازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هەردوو بواری پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی بوون بە دوو کایەی هەماهەنگ و لەگەڵ یەکتر.

ئەم توێژینەوەیە بە ناویشانی (بەگەڕخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی کونسوڵخانە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا- لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە بۆ ناوەڕۆکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی کونسوڵخانەکان)، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی هەردوو بواری پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی هەروەها خستنەڕووی پێگەی پەیوەندییە گشتییەکانە لە بەهێزکردنی ئەم دیپلۆماسییەتەدا، کێشەیەکی تریش بریتییە لە دیارییکردنی پێگەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە هەردوو بوارەکەدا، هەروەها لەگەڵ دیاریکردنی ئەو بوارانەی کە کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان زیاتر گرنگییان پێ دەدات بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی، خستنەڕووی ئەو ستراتیجە کۆمۆنیکەیشنییانەی پەیوەندییە گشتییەکان کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانە بەکاریاندەهێنێت لە بڵاوکراوەکانیدا.

توێژەر بۆ سامپڵی توێژینەوەکە لاپەڕەی فەیسبوکی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکای لە هەرێمی کوردستان وەك نموونە وەرگرتووە، بۆ ئەم مەبەستەش بڵاوکراوەکانی شەش مانگی فەیسبووکی بەشێوەی مانگی دەستکرد وەرگرتووە کە دەکاتە (٦٧) بڵاوکراوە.

لە گرنگترینی ئەو دەرەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە بریتین لە :

١- پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ و تەواوکاریی دەبینێت لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی دا ئەوەش بەپێی ئەو چالاکییانەی کە پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجامیاندەدات، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (بەتایبەت فەیسبوك) توانیویەتی ببێتە وێستگەیەکی سەرنجڕاکێش و گونجاو بۆ کۆکردنەوەی ئەم دوو بوارە و بەجێهێنانی ئەرك و ئامانجەکانیان، هاوبەشییەکانی هەردوو بوارەکە لە بەکارهێنانی ئامرازەکان و هەندێك ئەرکی هاوبەشدا دەردەکەوێت، بەڵام دوو بواری جیاواز.

٢- بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانە زیاتر مەبەستی بووە کە بڵاوکراوەکانی خۆی بە جەماوەر بگەیەنێت و کەمتر هەوڵی ئەوەی داوە ببێتە سەکۆیەك بۆ درووستکردنی کەشێکی گفتووگۆئامێز

لەنێوان جەماوەر و دامەزراوەکەدا، لە هەمان کاتدا هەوڵ نەدراوە بڵاوکراوەکان لە یەك کاتدا بە هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بگەیەندرێت.

٣- لاپەڕەکە لە ئاستێکی نزمدا گرنگیی بە هەڵوێستی ئەرێنی جەماوەر داوە بەرامبەر بە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەکە.

٤- ئامانجەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانە لە بڵاوکراوەکانیدا بەمشێوەیە دەردەکەوێت، لە پلەی یەکەمدا (دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی جەماوەری هەرێمی کوردستانەوە)، لە پلەی دووەمدا (دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە).

لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا توێژەر چەند ڕاسپاردەیەکی هەمەلایەنەی هەیە، کە ڕووبەڕووی بەشی کاروباری گشتی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و هەروەها کونسوڵخانە بیانییەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان دەکاتەوە.

# پێڕستی ناوەڕۆک


| بـابـەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١ |
| **بەشی یەکەم: میتۆدنـامەی توێژینەوەکە** | ٣ |
| کێشەی توێژینەوە | ٤ |
| بایەخی توێژینەوە | ٤ |
| ئامانجی توێژینەوە | ٤ |
| کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە | ٥ |
| بوار و سنووری توێژینەوە | ٥ |
| جۆر و میتۆدی توێژینەوە | ٥ |
| ئامرازی توێژینەوە | ٦ |
| دیارییکردنی چەمك و زاراوەکان | ٦ |
| توێژینەوەکانی پێشوو | ٧ |
| سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو | ١٤ |
| **بەشی دووەم: لایەنی تیۆریـی** | ١٦ |
| **باسی یەکەم:** پەیوەندییە گشتییەکان | ١٧ |
| یەکەم: چەمك و پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان | ١٧ |
| دووەم: ئەرك و ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان | ٢٠ |
| سێیەم: ستراتیجەکانی کۆمۆنیکەیشن لە پەیوەندییە گشتییەکاندا | ٣٣ |
| **باسی دووەم:** بایەخی پەیوەندییە گشتییەکان لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا | ٣٦ |
| یەکەم: چەمك و پێناسەی دیپلۆماسییەتی گشتی | ٣٧ |
| دووەم: تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی | ٤٣ |
| سێیەم: ڕێگاکانی بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی | ٤٥ |
| چوارەم: گرنگیی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی دا | ٥٥ |
| **باسی سێیەم:** تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی | ٦٦ |

| | |
|---|---|
| ٦٦ | یەکەم: چەمك و پێناسە و جۆرەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان |
| ٧١ | دووەم: تایبەتمەندییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە کاری پەیوەندییە گشتییەکاندا |
| ٧٨ | سێیەم: گرنگیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا |
| ٨٣ | **بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی** بەگەڕخستنی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی لە ڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بە نموونە |
| ٨٥ | یەکەم : کورتەیەك دەربارەی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەولێر |
| ٨٦ | دووەم: هەنگاوەکانی لایەنی مەیدانی |
| ٨٧ | سێیەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی بڵاوکراوەکانی شەش مانگی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بەشێوازی مانگی دەستکرد |
| ١١١ | دەرئەنجام |
| ١١٣ | پێشنیار |
| ١١٤ | ڕاسپاردە |
| ١١٥ | لیستی سەرچاوەکان |
| ١٣١ | پــــاشـکــۆ |
| ١٣٧ | ملخص البحث |
| ١٣٨ | Abstract |

# پێڕستی خشتەکان


| ژ | ناونیشانی خشتە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | یەکەم: دەستەی چۆن وتراوە (لە ڕووی شێوە) | ٩١ |
| ٢ | خشتەی (١) دەستەی زمان و شێوەزار | ٩١ |
| ٣ | خشتەی (٢) دەستەی جۆری پەیوەندیکردن | ٩٢ |
| ٤ | خشتەی (٣) دەستەی شێوەکانی خستنەڕوو | ٩٣ |
| ٥ | خشتەی (٤) دەستەی بەستەر (لینك) و فایلی بەردەست | ٩٤ |
| ٦ | خشتەی (٥) دەستەی سەرچاوەی بەستەر (لینك) ە پشتپێبەستراوەکان | ٩٤ |
| ٧ | خشتەی (٦) دەستەی شێوازی بڵاوکردنەوە | ٩٥ |
| ٨ | خشتەی (٧) دەستەی شێوەکانی کارلێککردن- دەستەی تێچین (کۆمێنت) | ٩٥ |
| ٩ | خشتەی (٨) دەستەی شێوەکانی کارلێککردن (کاردانەوەی بەڕێوەبەرانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانە بۆ کۆمێنتە ئەرێنییەکان) | ٩٦ |
| ١٠ | خشتەی (٩) دەستەی شێوەکانی کارلێککردن (دەستەی لایك) | ٩٦ |
| ١١ | خشتەی (١٠) ڕەهەندی ناوچەیی | ٩٧ |
| ١٢ | خشتەی (١١) ڕەهەندی ناوچەیی هەرێمی کوردستان | ٩٧ |
| ١٣ | خشتەی (١٢) دەستەی هاشتاگ | ٩٨ |
| ١٤ | خشتەی (١٣) دەستەی زمان و شێوەزاری بەکارهێنراو لە هاشتاگدا | ٩٩ |
| ١٤ | دووەم: دەستەی چی وتراوە (دەستەی ناوەڕۆك) | ٩٩ |
| ١٥ | خشتەی (١٤) دەستەی بوارەکانی بڵاوکراوەکان | ١٠٠ |
| ١٦ | خشتەی (١٥) دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی | ١٠٠ |
| ١٧ | خشتەی (١٦) دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان | ١٠١ |
| ١٨ | خشتەی (١٧) دەستەی ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان | ١٠٠ |
| ١٩ | خشتەی (١٨) دەستەی ستراتیجی ڕاگەیاندن | ١٠٣ |
| ٢٠ | خشتەی (١٩) دەستەی ستراتیجی قایلکردن | ١٠٣ |
| ٢١ | خشتەی (٢٠) دەستەی ستراتیجی گفتوگۆ و دیالۆگ | ١٠٤ |
| ٢٢ | خشتەی (٢١) دەستەی ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی | ١٠٤ |
| ٢٣ | خشتەی (٢٢) پەیوەندی نێوان دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان و دەستەی | ١٠٦ |

| | | |
|---|---|---|
| | ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان | |
| ٢٤ | خشتەی (٢٣) پەیوەندی نێوان دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی و دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان | ١٠٨ |
| ٢٥ | خشتەی (٢٤) جیاوازی نێوان دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان | ١٠٩ |
| ٢٦ | خشتەی (٢٥) جیاوازی نێوان دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان | ١١٠ |
| ٢٧ | خشتەی (٢٦) جیاوازی نێوان دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی | ١١١ |

## پێشەکی

لە سەرەتاکانی پەیدابوونی ژیانەوە مرۆڤ بەردەوام لە هەوڵی خۆگونجاندن و بەستنی پەیوەندیدایە لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا، لە هەر قۆناغێکدا پەیوەندییەکان جۆرە سرووشتێکی هەبووە و کاریگەر بووە بە ژینگە و داهێنانەکانی ئەو سەردەمە، پەیوەندییە گشتییەکان وەکو هونەر و پرۆسەیەکی نێو بواری کۆمۆنیکەیشن لەمڕۆدا بەهۆی پێشکەوتنەکانی بواری تەکنۆلۆجیا و پەیوەندییکردنەوە ئەویش پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە، پەلی هاویشتووە بۆ نێو بوارەکانی سیاسەت و دیپلۆماسیی و زۆرێك لە بوارەکانی تر، لە کاتێکیشدا پەیوەندییە گشتییەکان کە هەنگاو دەنێت بۆ دەرەوەی سنووری جوگرافیای وڵاتەکەی خۆی ئەوا ڕاستەوخۆ دەبێتە پەیوەندی گشتی نێودەوڵەتی و زۆرجاریش لە کایەی دیپلۆماسییەتدا ئەم ڕۆڵە بەرجەستە دەکات، ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری دیپلۆماسییەتدا بە ڕۆڵێکی تازە دەبینرێت و ئەم ڕۆڵە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا گەشەی کرد، لە دوای ڕوخانی بلۆکی سۆڤییەت و پەلهاویشتنی زیاتری سیستمی سەرمایەداریی و لێشاوی جیهانگەرایی پەیوەندییە گشتییەکانیش لە ئاستی نێودەوڵەتییدا زیاتر پەرەیسەند، ئەم بوارە خۆی لە بنەڕەتدا و لە ئاستی ئەکادیمییشدا وا دروستبووە کە جەماوەر دەکاتە ئامانج و هەوڵی دروستکردن و هێشتنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵدا دەدات، لە لایەکی تریشەوە ناوبانگی دامەزراوە جوان دەکات و دەیپارێزێت هەروەها وێنەیەکی زەیینی ئەرێنیشی بۆ دروست دەکات.

پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی گرنگە لە کایەی دیپلۆماسییەت و بەتایبەتی دیپلۆماسییەتی گشتی دا، چونکە پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکە دەتوانێت دامەزراوە دیپلۆماسییەکان بە دەرەوەی خۆی ببەستێتەوە و چالاکییەکانی بە جەماوەر بناسێنێت، هەروەها ئەرك و چالاکییەکانی بواری پەیوەندی گشتی نزیکە لە بازنەی ئامانجەکانی بواری دیپلۆماسییەت، بەو شێوەیەش دامەزراوەکان دەتوانن لە سەرزەمینی وڵاتانی دیکەدا زیاتر بمێننەوە و جەماوەری بیانیی لە خۆیان ڕازی بکەن، ئەم ڕۆڵەی پەیوەندی گشتی کاتێك زیاتر بوو کە چاپەمەنی و ئامرازە جیاوازەکانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن پێشکەوتن هەتا دەگاتە پەیدابوونی تۆڕە جیاوازەکانی کۆمەڵایەتی وەکو فەیسبووك و تویتەر، کە لە بنەڕەتدا ئەم تۆڕانە بۆ پەیوەندییکردن دروستبوون نەوەك بۆ کاری ڕۆژنامەوانیی، سیاسی و بازرگانیی ...هتد.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان سەکۆیەکی گرنگن بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان، ئەم تۆڕانە گۆڕانێکی گەورەیان لە بوارەکەدا دروستکرد، لە دیارترینیی کاریگەرییەکانیدا ئەوەیە کە وایکرد بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە پەیوەندی بەردەوامدا بن لەگەڵ جەماوەردا، هەروەها بتوانن بەشێکی زۆر لە ئەرك و چالاکییەکانیان لە ڕێگای تۆڕەکانەوە ئەنجامبدەن و بڵاوی بکەنەوە، لەبەرئەوەیە کە تۆڕەکان توانیویانە ئەڵقەی پێکەوەبەستنی پەیوەندییە گشتییەکان و بواری دیپلۆماسییەتیش بن، هەرسێ بوارەکەش توانیویانە ببن بە تەواوکەری کارەکانی یەکتر، ئەو توێژینەوانەی کە لەبارەی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی ئەنجامدراون زۆر کەمن، گرنگیی و بایەخی ئەم توێژینەوەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە لێکنزیکیی و پەیوەستیی ئەم دوو بوارە بخاتەڕوو، ئەوەش سەرەڕایی جیاوازییەکانیان.

ئەم توێژینەوەیە لە سێ بەش پێکدێت، بەشی یەکەم بریتییە لە میتۆدنامەی توێژینەوەکە هەریەك لە (کێشە، بایەخ، ئامانج، کۆمەڵگە و سامپڵ-ی توێژینەوە، ناساندنی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، جۆر و میتۆد، ئامراز، دیاریکردنی چەمك و زاراوەکان- ی توێژینەوە، توێژینەوەکانی پێشوو، سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو) لەخۆ دەگرێت. بەشی دووەم لایەنی تیۆریی لەخۆ دەگرێت کە سێ باسی سەرەکی تێدایە و لەو سێ باسەدا چوارده تەوەر خراونەتەڕوو کە گرنگترین

بابەتەکانی پەیوەست بە پەیوەندییە گشتییەکان، دیپلۆماسییەتی گشتی، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەخۆ دەگرێت، بەشی سێیەم و کۆتایی پێکهاتووە لە لایەنی مەیدانیی توێژینەوە کە تیایدا لە ڕێگای شیکاری ناوەڕۆکەوە بڵاوکراوەکانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەی ئەمریکا شیکردنەوەیان بۆ کراوە.

کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردن و ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی و دیاریکردنی ڕۆڵ و گرنگیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەو پرۆسەیەدا، ئامانجە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بریتین لە خستنەڕووی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی دا لە ڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، ئاشنابوون بە ئەو بوارانەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستاندا گرنگییان پێدەدات بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی و هەروەها دیاریکردنی ڕێوشوێنەکانی جێبەجێکردنی ئەم گرنگیپێدانە، دیاریکردنی ستراتیجەکانی کۆمۆنیکەیشن لە بڵاوکراوەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکاندا دا، زانینی ئاستی کارلێککردنی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە لەگەڵ جەماوەردا، هەروەها ئاشکراکردنی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان و ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی لە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانەی ئەمریکادا لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە کونسوڵخانە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە بڵاوکراوەکانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، میتۆدی توێژینەوەکە وەسفییە، ئامرازی توێژینەوەش بریتییە لە شیکاری ناوەڕۆک.

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر ڕووبەڕووی چەند ئاستەنگێك بووەتەوە، لە دیارترینییان: بەپێی گەڕانەکانی توێژەر پێشتر هیچ توێژینەوەیەك بە زمانی کوردی لە بواری کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە کێڵگەی دیپلۆماسییەتی گشتی دا ئەنجامنەدراوە توێژینەوەی ئینگلیزییەکانیش لەم بوارەدا تا ڕێژەیەکی دیاریکراو بەردەستبوون، توێژینەوە عەرەبییەکانیش لەم بوارەدا زۆر کەمن، بۆیە توێژەر بەتایبەتی لە بابەتەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی و بەرکەوتنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بە ئەو دوو بوارە بە زۆری پەنای بردووەتە بەر سەرچاوە ئینگلیزییەکان.

# بەشی یەکەم: ڕێبـازنـامەی توێـژینـەوەکە

## (میتۆدنــامە)

١-١ . کێشەی توێژینەوە

١-٢ . بایەخی توێژینەوە

١-٣ . ئامانجی توێژینەوە

١-٤ . کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە

١-٥ . بوار و سنووری توێژینەوە

١-٥- ١ : بواری کات

١-٥- ٢. بواری بابەت

١-٦ . جۆر و میتۆدی توێژینەوە

١-٧ . ئامرازی توێژینەوە

١-٨ . دیاریکردنی چەمک و زاراوەکان

١-٩ . توێژینەوەکانی پێشوو

١-١٠ . سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو

## ١-١ . کێشەی توێژینەوە

کێشەی توێژینەوە بابەتێکە کە ناڕوونە، یان دیاردەیەکە پێویستیی بە شیکردنەوە هەیە، یانیش بابەتێکە ڕاوبۆچوونی جیاوازی زۆر لەسەرە[١] کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کێڵگەی دیپلۆماسییەتی گشتی دا و نیشاندانی ئەو ڕۆڵە لە ڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، بە چەند پرسیارێك لایەنی تری کێشەی توێژینەوەکە دەخەینەڕوو:

١- ئایا پەیوەندی لەنێوان هەردوو بواری پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی چیە و چۆن هەردوو بوارەکە لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە هاوشانی یەکتر کار دەکەن؟

٢- ئایا پەیوەندییە گشتییەکان لەڕێگای بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە دەتوانێت چی ڕۆڵێك بگێڕێت بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی؟

٣- ئەو بوارانە کامانەن کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان لە لاپەڕەی فەیسبووك گرنگییان پێدەدات بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی؟

٤- ئایا کام ستراتیج لە ستراتیجەکانی کۆمۆنیکەیشن لە پەیوەندییە گشتییەکاندا زیاتر گرنگیی پێ دەدرێت لەلایەن کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکاوە لە لاپەڕەی فەیسبووکدا؟

## ٢-١ . بایەخی توێژینەوەکە

توێژەر وای دەبینێت کە بایەخی ئەم توێژینەوەیە لە خودی کێشەی توێژینەوەکەدا خۆی دەبینێتەوە، خستنەبەر باس و توێژینەوەی پەیوەندی گشتی و دیپلۆماسییەتی گشتی لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە بابەتێکە پێشتر بە زمانی کوردی توێژینەوەی لەسەر ئەنجامنەدراوە، ئەم توێژینەوەیەش لە دوو لایەندا سوود و بایەخی هەیە بۆ:

١- بایەخی زانستیی (علمي) : لەپێناو پەرەدان بە لایەنی زانستی و تیۆریی بوارەکە، ئاشناکردنی توێژەری کورد بە ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە مەیدانی دیپلۆماسییەت بە گشتی و دیپلۆماسییەتی گشتی بە تایبەتی.
٢- بایەخی پراکتیکی (عملي) : لەپێناو ئاشناکردن یان زانیاریی پێدانی زیاتر بە خوێنەران لە گرنگیی بواری پەیوەندییە گشتییەکان لە کایەی دیپلۆماسییەتدا و پێکەوەبەستنیان بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە.

## ٣-١ . ئامانجی توێژینەوە

توێژەر هەوڵدەدات لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە بە ئەم ئامانجانەی خوارەوە بگات:

١- دیاریکردنی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی دا لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە.

٢- تیشکخستنە سەر جیاوازی و هاوبەشییەکانی هەردوو بواری پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی، دیاریکردنی بوارەکانی کارکردنی پەیوەندییە گشتییەکان لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا.

[١] محمد منير حجاب، أساسيات البحوث الاعلامية والاجتماعية، الطبعة الثالثة، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦، ص ٣١.

٣- ئاشنابوون بە (بوار و ناوەڕۆکی بڵاوکراوە) کان کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستاندا زیاتر بایەخیان پێ دەدات لە ڕێگای تۆڕی فەیسبووکەوە.

٤- زانینی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا.

٥- دیارییکردنی ڕێوشوێنەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانە بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی لە ڕووانگەی بڵاوکراوەکانەوە، دەستنیشانکردنی زۆرترین ستراتیجییەتی پەیوەندی گشتی بەکاربراو لە لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانە.

٦- زانینی ئاستی ئامادەیی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ کارلێککردن لەگەڵ جەماوەردا.

## ١-٤ . کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوە

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێت لە سەرجەمی بڵاوکراوەکانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان لە شەش مانگ (دوو وەرزدا)، سامپڵی توێژینەوەکە هەڕەمەکی بازنەییە کە بریتییە لە بڵاوکراوەکانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، توێژەر مانگی دەستکردی لە شەش مانگ وەرگرتووە، بەمشێوەیە: چوار ڕۆژی یەکەم لە مانگی (١٠ی ٢٠٢٠)، چوار ڕۆژی دووەم لە مانگی (١١ی ٢٠٢٠)، چوار ڕۆژی سێیەم لە مانگی (١٢ی ٢٠٢٠)، چوار ڕۆژی چوارەم لە مانگی (١ی ٢٠٢١)، چوار ڕۆژی یەکەم لە مانگی (٢ی ٢٠٢١)، چوار ڕۆژی دووەم لە مانگی (٣ی ٢٠٢١).

هەڵبژاردنی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە، لەوانە: گرنگی پێگەی سیاسی ئەمریکا لە جیهان بە گشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی دا، هەردوو چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی لەدایکبووی سەرزەمینی ئەمریکان و ئەم وڵاتە ئەزموونێکی دورودرێژ و بەردەوامیی لەگەڵ ئەم دوو چەمکەدا هەیە، هەروەها لاپەڕەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی کونسوڵخانەی ئەمریکا چالاکترینە و زۆرترین بڵاوکراوەی هەیە بەراورد بە لاپەڕەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی کونسوڵخانە بیانییەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستاندا، زۆرێك لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و لەناویشیاندا فەیسبووك زادەی ژینگەی زانستیی ئەمریکان و لەسەر دەستی توێژەر و خوێندکارەکانی ئەم وڵاتە دروستکراون.

## ١-٥ . بوار و سنووری توێژینەوە

### ١. بواری کات

ئەم توێژینەوەیە بڵاوکراوەکانی (لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان/ هەولێر) ی لە مانگەکانی (١٠،١١،١٢) ی ساڵی (٢٠٢٠) و مانگەکانی (١،٢،٣) ی ساڵی (٢٠٢١) ی وەرگرتووە.

## ١-٦ . جۆر و میتۆدی توێژینەوە

ئەم توێژینەوە لە ڕووی جۆرەوە توێژینەوەیەکی وەسفییە کە زۆرێك لە توێژینەوەکانی بواری بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان و لەناویاندا بواری ڕاگەیاندن پەنای بۆ دەبەن، بەو ئامانجەی لایەنەکانی

دیارده و ڕووداوەکان بدۆزێتەوە و پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی دەربخات،[1] هەروەها ئەم توێژینەوەیە شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی بڵاوکراوەکانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستاندا.

## ١-٧ . ئامرازی توێژینەوە

**فۆرمی شیکاری:** ئەو فۆرمەیە کە توێژەر وەکو ئامرازێك بەکاریهێناوە بۆ دیارییکردن و لێکدانەوەی چۆنێتی و چەندێتیی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك لەلایەن بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا.

## ١-٨ . دیارییکردنی چەمك و زاراوەکان

**١- بەگەڕخستن:** پرۆسەی چالاککردنە، بریتییە لە کرداری جوڵاندن و چالاککردنی هەرشتێکی (بەرجەستە و نابەرجەستە) بۆ ئەوەی بچێتە دۆخی کارکردنەوە،[2] بەگەڕخستن لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە پرۆسەی بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك وەکو ئامرازێکی پەیوەندییە گشتییەکان لەلایەن کونسوڵخانە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا بەمەبەستی بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی، لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکایە لە هەرێمی کوردستان.

**٢- پەیوەندییە گشتییەکان:** هەوڵێکی کارگێری و بەڕێوەبردنی بەردەوامە بە ئامانجی هێشتنەوەی تێگەیشتنی هاوبەش و ئاڵوگۆڕ لەنێوان دامەزراوە و جەماوەردا، هەروەها درووستکردنی ناوبانگی ئەرێنی بۆ دامەزراوە،[3] لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لەو ڕۆڵەیە کە بەشی کاروباری گشتی دەیگێڕێت لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی دا لە ڕێگای تۆڕی فەیسبووکەوە.

**٣- بەهێزکردن:** بۆ کردنی شتێك یان هەندێك شت بە بەهێزتر و چالاکتر، بۆ نموونە بەهێزکردنی پەیوەندییە کلتوورییەکان لەنێوان دوو وڵاتدا،[4] لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە ئەوەیە کە ڕەخساندنی زەمینەیە لەلایەن زانستی پەیوەندییە گشتییەکانەوە بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی لە ژینگەی ئەلیکترۆنیدا.

**٣- دیپلۆماسییەتی گشتی:** دیپلۆماسییەتی گشتی پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی جەماوەرە لە دەرەوەی سنوورەکانی نیشتیمان، ئەوەش لە ڕێگای ئامرازە سەردەمییەکانی وەکو میدیا، کۆنگرە و کۆنفرانسەکان، دەستە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کەسایەتییەکانی (ڕۆشنبیری، زانستیی، ئایینی و ...هتد) بە ئامانجی قایلکردن و بەدەستهێنانی ڕایگشتی بیانیی، لەلایەکی تریشەوە ئەم دیپلۆماسییەتە کار لەسەر قایلکردنی سەرۆکراکانی میللەتانی بیانیی دەکات،[٤] لەم

---

[1] سابیر بۆکانی: **میتۆدی توێژینەوەی زانستی**، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا ، ٢٠١٦، ل٨٢.

[2] Cambridge Dictionary: Meaning Activation in English, (July, 14, 2021) https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/activation

[3] علي بن فايز الجحني: **مدخل الى العلاقات العامة والإنسانية**، الرياض، مركز الدراسات والبحوث جامعة نايف للعلوم الأمنية، ٢٠٠٦، ص١٩،٢١.

[4] Cambridge Dictionary, concept of Strengthen, (7-10-2021) https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/strengthening

[٤] بسام عبد الرحمن المشاقبة: **معجم المصطلحات البرلمانية و الدبلوماسية**، الأردن، دار المأمون للنشر والتوزيع، ٢٠١١، ص٢٠١.

توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە ئەو دیپلۆماسییەتەیە کە کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات بەرانبەر بە جەماوەر (گشت) ی هەرێمی کوردستان.

**٤- تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان:** ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی وەگەڕخراوەکانی ئینتەرنێت لە دروستکردنی پەیوەندی و گفتوگۆ، ئەم تۆڕانە کۆمەڵێك پێگەی ئەلیکترۆنیین کە لە چوارچێوەی سیستەمەکانی ئینتەرنێتدا ڕێگا بە بەکاربەرانی دەدات لاپەڕەی کەسیی دروستبکەن و بشتوانن نیشانی (گشت) ی بدەن، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی گۆڕینەوەی زانیاری لەنێوان بەکاربەرانی پێگەکاندا ڕەخساندووە.[١] لەم توێژینەوەیەدا مەبەستمان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکە.

## ١-٩ . توێژینەوەکانی پێشوو

لەم بەشەدا، توێژەر ئەو توێژینەوە کوردستانی، عەرەبی و ئینگلیزییانە دەخاتەڕوو کە لە بابەتی توێژینەوەکەوە نزیکن.

### یەکەم/ توێژینەوە کوردستانییەکان

**١- توێژینەوەکەی توێژەران (ئەحمەد عومەر بلی)، (مەهدی سۆفی کەریم) و (کاردۆ ڕەشید) بە ناونیشانی (هەوڵەکان بۆ ئەنجامدان و پراکتیزەکردنی دبلۆماسیەتی گشتی لە ڕێگای فەیسبووکەوە)[٢] ٢٠١٨**

لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان کونسوڵخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: خستنەڕووی گرنگیی فەیسبووك و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە جێبەجێکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی دا، هەروەها چۆنێتی بەگەڕخستنی لاپەڕەی فەیسبووکی نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن و کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر بۆ بنیاتنان و فراوانکردن و گەشەپێدانی پەیوەندییەکانیان. توێژەران میتۆدی وەسفی-یان بەکارهێناوە و بە ئامرازی شیکاری ناوەڕۆج- چەندێتی کۆڵیونەتەوە لە ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانی فەیسبووکی هەردوولا، هاوکات هەڵسەنگاندنیان بۆ کاردانەوەی بەکارهێنەرانیان کردووە.

لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:
أ- نیشاندانی ڕۆڵی تۆڕی فەیسبووك لە دیپلۆماسیەتی گشتی دا و چۆنێتی بەکارهێنانی ئەم تۆڕە لەلایەن کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەرێم و نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە ئەمریکا.
ب- ئاشکراکردنی کارە لە پێشینەکانی کونسوڵخانەی ئەمریکا و نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا.

لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەران پێی گەیشتوون بریتین لە:

---

[١] خالد عسان یوسف المقدادي: **ثورة الشبكات الاجتماعية**، عمان، دار النفائس للنشر والتوزيع، ٢٠١٣، ص٢٤.

[2] Ahmed Omar Bali and others: Public diplomacy effort across facebook: A comparative analysis of the US consulate in Erbil and the Kurdistan Representation in Washington, SAGE Open 8, no. 1 (2018), https://journals.sagepub.com/doi/full/10.1177/2158244018758835.

أ- بەراورد بە نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم لە ئەمریکا، کونسوڵخانەی ئەمریکا توانیویەتی بە جیاوازییەکی گەورەوە سەرکەوتووانەتر و فەیسبووك وەك ئامرازێکی دیپلۆماسییەتی گشتی لە پەیوەندییەکانیدا بەکاربهێنێت.

ب- جەماوەری فەیسبووکی کونسوڵخانە بە جیاوازییەکی گەورەوە زیاترە.

ج- ئەمریکا ڕێزی لە زمانی خۆی گرتووە و لە هەمان کاتدا توانیویەتی کوردزمانانی پێ بکاتە ئامانج، بەڵام نوێنەرایەتی حکوومەتی هەرێم تەنها بە زمانی ئینگلیزی بابەتەکانی بڵاوکردووەتەوە.

د- فەیسبووکی کونسوڵخانە لە زۆربەی پۆستەکانیدا هەم وێنە و هەم نووسینی بەکارهێناوە، بەڵام نوێنەرایەتییەکەی هەرێم پۆستەکانی یان نووسینن بە بێ وێنە یان وێنەن بە بێ نووسین.

**٢- ماستەرنامەکەی (دانا ساڵح محەمەد) بە ناونیشانی (ڕۆڵی پەیوەندیگشتی لە بەڕێوەبردنی تەنگەژە سیاسییەکاندا)[١] ٢٠١٨**

ماستەرنامەیەکی بڵاونەکراوەیە لە بواری ڕاگەیاندن- پەیوەندییە گشتییەکان، توێژەری کورد (دانا ساڵح) ئەنجامیداوە و پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لە خستنەڕووی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوەبردنی تەنگەژە سیاسییەکاندا، میتۆدی توێژینەوەکە وەسفییە و توێژەر پەرلەمانی کوردستانی وەکو کۆمەڵگە و پەرلەمانتارانی وەکو سامپڵی توێژینەوەکە وەرگرتووە و بە ئامرازی ڕاپرسی توێژینەوەکەی ئەنجامداوە، توێژینەوەیەکی مەیدانییە و توێژەر ئاماژەی بەوە کردووە کە ئامانجە سەرەکییەکانی بریتیین لە: ئاشکراکردنی ڕۆڵی پەیوەندیگشتی و ئەو دامەزراوانەی چالاکی لە چوارچێوەی پەیوەندییە گشتییەکاندا ئەنجامدەدەن لەماوەی سەرهەڵدانی تەنگەژەکاندا و هەروەها ئاگاداربوون لە تێڕوانین و ئاستی تێگەیشتنی کارەکتەرە سیاسییەکان و دامەزراوە فەرمییەکان دەربارەی تەنگەژەکان و چۆنێتی بەڕێوەبردنیان، لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە بریتیین لە :

١- پەیوەندیگشتی پرۆسەیەکی گەیاندنە کە لە سەرجەم بوارەکاندا و بەتایبەت مەیدانی سیاسی دەتوانێت ڕۆڵ بگێڕێت و کاریگەریی لەسەر ڕووداوەکان هەبێت.
٢- کار و چالاکی سەرجەم دامەزراوە حکوومیی و سیاسییەکان بەشێکن لە چالاکی پەیوەندیگشتی.

[١] دانا ساڵح محەمەد: ڕۆڵی پەیوەندیگشتی لە بەڕێوەبردنی تەنگەژە سیاسییەکاندا- توێژینەوەیەکی مەیدانییە، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، بەشی ڕاگەیاندن- پەیوەندییە گشتییەکان، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان/عێراق، ٢٠١٨.

**٣- ماستەرنامەکەی (چرۆ شهاب مارف) بە ناونیشانی (توظيف العلاقات العامة في المجال الدبلوماسي لحكومة اقليم كوردستان- لمدة ٢٠٠٦-٢٠١٣)[١] ٢٠١٣**

توێژینەوەکەی توێژەری کورد (چرۆ شهاب مارف) ە پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە، توێژەر میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە و بە ئامڕازی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکەی ئەنجامداوە، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە کارمەندانی نوێنەرایەتییەکانی دەرەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە گرنگترین کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە خستنەڕووی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کایەی دیپلۆماسییەتدا، هەروەها دیاریکردنی جۆرێتی و چەندێتی ئەو ئامڕازانەی کۆمۆنیکەیشنە کە کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان کە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی دیپلۆماسی بەکاریدەهێنن، دیاریکردنی ئەو چالاکییانەی کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا لە دەرەوەی وڵات جێبەجێی دەکات بۆ باشترکردنی وێنەی خۆی، تێیدا چەند ئامانجێك خراونەتەڕوو کە بریتین لە:

أ- دیاریکردنی ئەو چالاکییانەی کە بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجامیدەدەن بۆ باشکردنی وێنەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی دەرەوە.

ب- دیاریکردنی ئەو ڕێسایانەی کە کارمەندانی بواری دیپلۆماسی جێبەجێی دەکەن لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا.

ج- ئاستی جێبەجێکردنی ئەرك و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری دیپلۆماسییەتدا لە نوێنەرایەتییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە بریتین لە:
أ- نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ڕۆژانە چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان جیبەجێ دەکەن.

ب- کەمیی لە کارمەندی پسپۆڕ لە پەیوەندییە گشتییەکان یەکێکن لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی نوێنەرایەتییەکانی هەرێمی کوردستان دەبنەوە لە جیبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا.

ج- بۆ ئەنجامدانی کاری دیپلۆماسی، نوێنەرایەتییەکان ڕەچاوی ئەرکەکان و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیان کردووە لە چالاکییەکانی ڕۆژانەیاندا.

## دووەم/ توێژینەوە عەرەبییەکان

**١- توێژینەوەکەی فهد بن سويلم العطوي بە ناونیشانی (دور العلاقات العامة في فاعيلة العمل الدبلوماسي- دراسة ميدانية )[٢] ٢٠١٨**

ماستەرنامەیەکی بڵاوکراوەیە لە بواری ڕاگەیاندن، توێژەری سعوودیی (فهد بن سويلم) ئەنجامیداوە، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری دیپلۆماسییەتدا، دیاریکردنی ئەو ئامڕازانەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری

[١] چرۆ شهاب مارف: توظيف العلاقات العامة في المجال الدبلوماسي لحكومة اقليم كوردستان- لمدة ٢٠٠٦-٢٠١٣، رسالة ماجستير غر منشورة، جامعة سليمانية، ٢٠١٣.

[٢] فهد بن سويلم العطوي: دور العلاقات العامة في فاعيلة العمل الدبلوماسي- دراسة ميدانية، رساله ماجستير (المجلة العربية للإعلام وثقافة) العدد (٧)، (جامعة نايف للعلوم الأمنية، كلية العلوم الإجتماعية، قسم الإعلام)، ٢٠١٩.

دیپلۆماسییەتدا بەکاریاندەهێنێت. توێژەر میتۆدی وەسفی و ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە وەزارەتی دەرەوەی سعوودییە، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە کارمەندانی وەزارەتی دەرەوەی سعوودییە لە ریازی پایتەخت، توێژەر سامپڵی هەڕەمەکی و ئامرازی ڕاپرسی بەکارهێناوە.

تێیدا چەند ئامانجێك خراونەتەڕوو کە بریتین لە:

أ- زانینی توانایییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتدا.
ب- ناسینی ئەو شێوازانەی کە پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتدا بەکاریاندەهێنێت.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە بریتیین لە:

أ- نزیکەی تەواوی بەرتوێژان کۆکن لەسەر ئەوەی کە (بەڵێ) پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵی هەیە لە بەهێزکردنی کاری دیپلۆماسییەتدا.
ب- پەیوەندییە گشتییەکان لەم ڕووانەوە کار لە بواری دیپلۆماسییەتدا دەکات:
- بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ کارکردنە سەر ڕایگشتی و ئاراستە کردنی.
- بەکارهێنانی میدیای فەرمی وڵات بۆ ناساندنی چالاکییەکانی وەزارەت.
- بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەت ئەم ئەرکە دیپلۆماسییانە جێبەجێ دەکات: سەرپەرشتییکردنی مەراسیم، پێشوازی و میوانداریییەکان، ڕێکخستنی چالاکییەکانی وەکو کۆنگرە، پێشانگا، کۆبوونەوە و ئاهەنگەکان. لە لایەکی تریشەوە ئەم بەشە کار دەکات بۆ درووستکردنی ڕایەکی ئەرێنیی لەبارەی وەزارەتەوە، بەرکەوتنی خواست و خولیای جەماوەر و ئەو بابەتانەی جێی گرنگیی ئەوانن.

**٢- توێژینەووەی (د. سالم جاسم محمد) و (د. فاطمة عبدالكاظم احمد) بە ناونیشانی ((توظيف العلاقات العامة للقوة الناعمة عبر مواقع التواصل الاجتماعي- دراسة تحليلية لمنشورات الخارجية الامريكية على التويتر)[١] ٢٠١٨**

ئەم توێژینەوەیە لەلایەن هەردوو توێژەر و مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی بەغدا (د. سالم جاسم محمد) و (د. فاطمة عبدالكاظم احمد) ەوە بڵاوکراوەتەوە، توێژەران میتۆدی ڕووپێوی و ئامرازی شیکاری ناوەڕۆکیان بەکارهێناوە، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: ئاشنابوون بە سەرچاوەکانی هێزی نەرمی ئەمریکا لەڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی تویتەرەوە، تێیدا چەند ئامانجێك خراونەتەڕوو کە بریتین لە:

أ- ناساندنی سەرچاوەکانی نەرمەهێز و چۆنێتی ئاراستەکردنیان لەلایەن هەژماری فەرمی تویتەر- ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بەرامبەر بە جەماوەری جیهانیی.

ب- ئاشکراکردنی ئەو لایەنانەی نەرمەهێز کە ئەمریکا لە سەرانسەری جیهاندا گرنگییان پێدەدات.

لە گرنگترینی ئەو دەرەنجامانەی توێژەران پێی گەیشتوون، بریتین لە:
أ- ئەمریکا پابەندییەکی تەواوی بە بەکارهێنانی نەرمەهێزەوە هەیە کە لە لایەکەوە لە ڕێگای سۆشیال میدیاوە کاری لەسەر دەکات، ئەوەش بۆ پاڵپشتییکردنی پێگەی نێودەوڵەتیی خۆی.

---
[١] سالم جاسم محمد، د. فاطمة عبدالكاظم احمد: توظيف العلاقات العامة للقوة الناعمة عبر مواقع التواصل الاجتماعي- دراسة تحليلية لمنشورات الخارجية الامريكية على التويتر، منشورة في مجلة آداب الفراهيدي، العدد (٣٤)، حزيران ٢٠١٨.

ب- وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا تۆڕی (تویتەر) بەکاردەهێنێت وەکو سەکۆیەکی گرنگ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕایگشتی جیهانیی، لەو سەکۆیەوە سیستەمی ئەمریکا بە سیستەمێکی نموونەیی و خاوەنی مۆدێلێکی سەرکەوتوو لەنێو کلتووری گەلانی جیهاندا نیشاندەدرێت.

ج- بڵاوکردنەوەی ڕۆڵی ئەرێنیی ئەمریکا لە هەڵسوکەوتکردنی لەگەڵ تەنگەژەکانی جیهان و دۆزینەوەی چارەسەری ئاشتییانە بۆ تەنگەژەکان لە بری توندوتیژیی.

د- خستنەڕووی هەڵوێستی جوان و ئەرێنیی ئەمریکا لە بابەتەکانی (ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر، هاوکارییکردنی ئاوارەکان، گرنگییدان بە لێبوردەیی و یەکترقەبوڵکردن... هتد).

**٣- ماستەرنامەکەی (احسان بادع علوان) بە ناونیشانی (الأنشطة الاتصالية للعلاقات العامة في السفارات العراقية وعلاقتها في تنمية السياسة الخارجية- دراسة ميدانية)[١] ٢٠١٨**

ئەم ماستەرنامەیە پێشکەش بە بەشی ڕاگەیاندنی زانکۆی یەرموکی ئەردەنی کراوە، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە دیاریکردنی ڕۆڵ و پێگەی پەیوەندییە گشتییەکان لە برەودان بە سیاسەتی دەرەوە لە باڵیۆزخانەکانی عێراقدا، توێژەر میتۆدی وەسفی و ئامرازی شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە، تێیدا چەند ئامانجێك خراونەتەڕوو کە بریتین لە:

أ- خستنەڕووی ڕۆڵی بەشەکانی پەیوەندی گشتی باڵیۆزخانەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا.
ب- نیشاندانی ڕۆڵی پەیوەندی گشتی لە بواری دیپلۆماسییەتدا.
ج- زانینی مەودای چالاکی کۆمۆنیکەیشن لە بەشی پەیوەندی گشتی باڵیۆزخانەکانی عیراق لە سیاسەتی دەرەوەدا.
د- ئاشنابوون بە ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە باڵیۆزخانەکانی عیراقدا.

لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەر پێی گەیشتووە بریتیین لە:
أ- بەشەکانی پەیوەندی گشتی سەرپەرشتییەکی پێویستی کارە چالاکییە دیپلۆماسییەکان دەکەن.
ب- هەردوو بواری پەیوەندی گشتی و دیپلۆماسییەت دوو بواری پەیوەست بە یەکترن.
ج- ئامانجەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان ڕەنگدانەوەی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەن و پەیوەندییەکی باش لەنێوان ئەم بەشە و پلەبەرزانی باڵیۆزخانەدا هەیە و ئەوەش یارمەتیدەرێکی باشە.

**٤- توێژینەوەکەی (محمد جياد زين الدين) (توظيف العلاقات العامة لوسائل التواصل الاجتماعي في إدارة سمعة الشركات (شركات الهاتف النقال زين، آسيا سيل أنموذجا) [٢] ٢٠١٤**

توێژینەوەکە ئاماژە بە زیاتربوونی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان دەکات لەدوای بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆجیای پەیوەندییەکان و زۆربوونی ئامرازەکانی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە کۆمپانیاکانی تێلیکۆمۆنیکەیشن، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە کارمەندانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆمپانیاکانی تێلیکۆمۆنیکەیشنی زەین و ئاسیاسێڵ، ئەنجامیداوە، توێژەر ئامرازی فۆرمی ڕاپرسی بەکارهێناوە، هاوشانی خستنەڕووی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەکارهێنانی فەیسبووك بۆ

[١] احسان بادع علوان: الأنشطة الاتصالية للعلاقات العامة في السفارات العراقية وعلاقتها في تنمية السياسة الخارجية- دراسة ميدانية، الأردن، ٢٠١٨.

[٢] محمد جياد زين الدين: توظيف العلاقات العامة لوسائل التواصل الاجتماعي في إدارة سمعة الشركات (شركات الهاتف النقال زين، آسيا سيل أنموذجا)، مجلة آداب الفراهيدي، العدد (٢٨)، ٢٠١٧.

دروستكردنی ناوبانگێكی ئەرێنیی بۆ دامەزراوە، توێژەر تیشك دەخاتە سەر ئەو كاریگەریی تەكنۆلۆجیا و تۆڕەكۆمەڵایەتییەكان لەسەر پیشەی پەیوەندییە گشتییەكان كە پەیوەندییە گشتییەكانی لە چوارچێوە كلاسیكەكەی دەریهێنا، تێیدا چەند ئامانجێك خراونەتەڕوو كە بریتین لە:

أ- دیاریكردنی ئاستی بەكارهێنانی فەیسبووك لەلایەن پەیوەندییە گشتییەكانەوە لە دروستكردن و بەڕێوەبردنی ناوبانگی دامەزراوەدا.

ب- خستنەڕووی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەكان لە بونیاتنانی ناوبانگێكی ئەرێنیی بۆ دامەزراوە بە بەكارهێنانی پەڕەی فەیسبووك.

ج- گەیشتن بە دروستیی و نادروستیی پێوانەكردنی ئاستی ڕەزامەندی جەماوەر لەلای دامەزراوەكاندا لە چاویلكەی فەیسبووكەوە.

لە گرنگترین دەرەنجامەكانی توێژینەوەكە بریتین لە:
أ- تەواوی ئەندامانی مشتەی توێژینەوەكە بە ڕێژەی (١٠٠%) كۆكن لەسەر پێویستیی بەكارهێنانی فەیسبووك لە دروستكردنی ناوبانگێكی ئەرێنیی بۆ دامەزراوەكانیان.

ب- پیشەی پەیوەندییە گشتییەكان زۆر شیاوە بۆ هەڵسوكەوتكردن لەگەڵ فەیسبووك و بەكارهێنانی بۆ دروستكردنی پەیوەندی لەنێوان دامەزراوە و جەماوەرەكەیاندا.

## سێیەم/ توێژینەوە ئینگلیزییەكان

**١- توێژینەوەی هاوبەشی** (Kathy Fitzpatrick, Alice Kendrick, Jami Fullerton) **بە ناونیشانی** ( Public Relations and Public Diplomacy: Conceptual and Practical Connections)[1]

لەم توێژینەوەیەدا توێژەران هەستاون بە شیكاریكردنی ئاژانسی زانیارییەكانی ئەمریكا (USIA) لەنێوان (١٩٥٣-١٩٩٩) وەكو یەكێك لە گەورەترین ناوەندەكانی دیپلۆماسییەتی گشتی ئەمریكیی، یەكێكە لە توێژینەوە دیارەكانی بواری (پەیوەندییە گشتییەكان و دیپلۆماسییەتی گشتی وەكو دوو گۆڕاو لە یەك توێژینەوەدا) بەوپێیەی بووەتە سەرچاوەیەكی پشتپێبەستراوی توێژینەوەكانی دوای خۆی لەو بوارەدا، توێژەران ئاماژەیان بۆ ئەوەش كردووە "كە بینیویانە توێژینەوەی زانستی لەسەر هەردوو بوارەكە پێكەوە كەمە و ئەوەش بۆشایی دروستكردووە، بۆیە ئەمانیش ئەم توێژینەوەیەیان ئەنجامداوە"، ئەوەشیان نوسیوە كە پەیوەندییەكی پتەو لەنێوان پەیوەندییە گشتییەكان و دیپلۆماسییەتی گشتی دا هەیە، كێشەی سەرەكی توێژینەوەكە بریتییە لە دۆزینەوەی جیاوازییەكانی نێوان پەیوەندییە گشتییەكان و دیپلۆماسییەتی گشتی، لە هەمان كاتدا خستنەڕووی لێكنزیكییەكانی هەردوو بوارەكە، كێشەیەكی تر بریتییە لە زانینی بۆچوونی كارمەندانی دیپلۆماسییەتی گشتی ئاژانسی زانیارییەكان لەبارەی ئەو كارامەییانەی كە بۆ پەیوەندیگشتییكاران پێویستن بۆ ئەوەی لە كایەی دیپلۆماسییەتی گشتی دا

---

[1] Kathy Fitzpatrick and others: Public Relations and Public Diplomacy: Conceptual and Practical Connections, Public Relations Journal – Vol. 7, No. 4, 2013, P.10-16. https://www.researchgate.net/publication/292998871_Public_Relations_and_Public_Diplomacy_Conceptual_and_Practical_Connections

سەرکەوتووبن، ئاشنابوون بە ئەو بوارانەی کە ئاژانسەکە لە ڕیزبەندی چالاکییەکانیدا ئەنجامیداون. میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە دامەزراوە فەرمییەکانی ئەمریکا لە بواری دیپلۆماسییەتی گشتی دا، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە کارمەندانی ئاژانسی زانیارییەکانی ئەمریکا، میتۆدی توێژینەوەکە وەسفییە و ئامرازی شیکاری بەکارهێنراوە، لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

أ- نیشاندانی جیاوازی و نزیکییەکانی هەردوو بواری پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی لە ڕووی چەمك، تیۆری و پراکتیکی.

ب- ئاشنابوون بەو توانایی و کارامەییانەی کە بۆ سەرکەوتنی کاری دیپلۆماسییەتی گشتی پێویستن.
ج- نیشاندانی ئەو ڕێگایانەی کە لە بواری دیپلۆماسییەتی گشتی دا زۆرترین کاریگەریی درووست دەکەن.

لە گرنگترین ئەو دەرەنجامانەی توێژەران پێی گەیشتوون بریتین لە:
أ- سەرەڕای هەندێك خاڵی لێکچوو و ئەرکی هاوبەش، بەڵام هەردوو بواری پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی دوو بواری جیاوازن.

ب- توانایی کۆمۆنیکەیشن لەگەڵ جەماوەردا، لە پلەی یەکەمی ئەو کارامەییانەیە کە بۆ کاری دیپلۆماسییەتی گشتی گرنگن و پێویستە لە پەیوەندیگشتییکاردا هەبێت.

ج- لە پلەی یەکەمدا (پرۆگرامە کلتوورییەکان: فیلم و سینەما و دیۆکۆمێنتەری) لە پلەی دووەمیشدا (پرۆگرامەکانی ئاڵوگۆڕی پەروەردە و خوێندن، لەنێویشیاندا فولبرایت) لە ڕیزبەندی ئەو بوارانە دێن کە ئاژانسی زانیارییەکانی ئەمریکا گرنگی پێداون.

### ٣- تێزی دکتۆرای (Khalid.S. A. Abdalla) بە ناونیشانی ( Public Relations Communications in Public Diplomacy, Libyan institutions in Egypt and the UK)[1] ٢٠١٧

ئەم توێژینەوەیە تێزی دکتۆرای توێژەری لیبیایی (Khalid. S. A. Abdalla) یە پێشکەش بە کۆلێجی ڕاگەیاندنی زانکۆی سالفۆردی بەریتانی کردووە، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتییە لە: دیاریکردنی ئەو بوارانەی کە پێویستە دامەزراوە فەرمییەکانی لیبیا گرنگی پێبدەن بە ئامانجی نیشاندانی وێنەیەکی ئەرێنی وڵاتەکەیان لە بەریتانیا و میسر، ئاشنابوون بە ئەو ستراتیجانەی کۆمۆنیکەیشن کە دامەزراوە لیبیاییەکان لە بڵاوکراوەکانیاندا بەکاریانهێناوە، دیاریکردنی بازنەیەك بۆ پێکەوە گونجاندنی هەردوو بواری پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی بۆ ئەوەی لیبیا بتوانێت وێنەیەکی باشی خۆی نیشانی دەرەوە بدات. میتۆدی توێژینەوەکە وەسفییە و ئامرازی شیکاری ناوەڕۆکی تێدا بەکارهێنراوە.

---

[1] Khalid.S. A. Abdalla: Public Relations Communications in Public Diplomacy Libyan institutions in Egypt and the UK, University of Salford, Unpublished thesis, submitted in partial fulfilment of the requirements of the degree of Doctor of Philosophy, October 2017.
http://usir.salford.ac.uk/id/eprint/46271/4/Khalid%20Abdalla%27s%20phD%20thesis%20%282018%29%20.pdf

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە میدیا نوێیەکانی لیبیا، سامپڵی توێژینەوەکە بریتییە لە (میدیا چاپکراو و ئەلیکترۆنییەکانی وڵاتی لیبیا بەرامبەر بە میسر و بریتانیا) جیبەجێکراوە، هەروەها ئامرازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە لەگەڵ ژمارەیەك کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان کە لە دامەزراوە میدیاییەکانی لیبیادا کار دەکەن، لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١- دیاریکردنی چوارچێوەیەکی زانستیی بۆ کارکردنی پێکەوەیی پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی.

٢- زانینی ستراتیجەکانی کۆمۆنیکەیشنی پەیوەندییە گشتییەکاندا لە دامەزراوەکانی لیبیا بۆ بڵاوکراوەکانیان بەکاریاندەهێنن.

٣- خستنەڕووی ئەو بوارانەی کە دامەزراوە لیبیاییەکان گرنگیان پێداوە بۆ جوانکردنی وێنەی وڵاتەکەیان لە میسر و بەریتانیا.

لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتووە بریتین لە:
١- بۆ ئەوەی لیبیا بتوانێت وێنەیەکی باشی خۆی نیشانی دەرەوە بدات، پێویستە بە نزیککردنەوەی پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی لە دامەزراوەکانیدا کۆمۆنیکەیشنێکی چالاك لەگەڵ جەماوەری بیانیدا ئەنجامبدات.

٢- دامەزراوەکانی لیبیا زیاتر مۆدێلی پرۆپاگەندەیان لە کۆمۆنیکەیشندا بەکارهێناوە وەك لە ستراتیجی گفتوگۆ، هەروەها کۆمۆنیکەیشنی کەسی-یان زیاتر بەکارهێناوە لەکاتێکدا کە ڕێگای تر هەیە وەکو (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ، تەلەڤزیۆن، ڕادیۆ، گۆڤار، ماڵپەڕ، برۆشەر).

٣- بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە لیبیاییەکان کەمتر گرنگیان داوە بە بابەتەکانی کلتوور، وەبەرهێنان، کۆچبەران و گەشتوگوزار داوە بۆ جوانکردنی وێنەی وڵات، ئەوەش بە خاڵێکی نەرێنیی دانراوە.

## ١-١٠ . سوودوەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێشوو

دوای خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو کە حەوت توێژینەوەن، هەرچەندە زۆر کەم بون ئەو توێژینەوانەی تەواو لە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمەوە نزیك بن بەتایبەتی بە زمانی کوردی کە توێژینەوەی هاوشێوە نەبینراون، توێژەر هەوڵیداوە لە هەر توێژینەوەیەکی پێشوو سوود لە لایەنێکی دیاریکراو وەربگرێت. بۆ ئەم توێژینەوەیە بە گشتی لە چەند ڕوویەکەوە سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە، وەك:

١- سوودوەرگرتن لە میتۆد و ئامرازی توێژینەوەکان.
٢- سوودوەرگرتن لە چۆنێتی درووستکردنی خشتەکانی بەشی مەیدانیی، هەروەها خستنەڕووی لایەنە گرنگەکان.

٣- ئاگاداربوون لەو هەوڵە زانستییانەی لەم بوارەدا دراون، سوودوەرگرتن لە هەنگاوە زانستییەکانیان.
٤- سوودوەرگرتن لەو توێژینەوانە وەکو سەرچاوەی زانستی و هاوکات سوودوەرگرتن لە سەرچاوەکانی خۆیان.

٥- بەهۆی توێژینەوەکانی پێشووەوە (هێندەی توێژەر دەستی پێڕاگەیشتووە) گەیشتین بەو ڕاستییەی کە ئەنجامدانی توێژینەوە لە بواری بەگەڕخستنی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی زۆر کەمن، بەتایبەت کە توێژینەوەی کوردی لەم بوارەدا نابینرێت، هەر بۆیە بە هیواین ئەم توێژینەوەیە لەو ئاستەدا بێت کە جێگای خۆی لەم بوارەدا بگرێت و سوودی هەبێت.

٦- خستنەڕووی هەندێك باس کە لە توێژینەوەکانی پێشوودا بە تێروتەسەلی باس نەکراون یان ئاماژەیان بۆ نەکراوە، وەکو (لێکچوون و جیاوازییەکانی پەیوەندی گشتی و دیپلۆماسییەتی گشتی، خستنەڕووی گۆشەنیگا جیاوازەکان لەو بارەیەوە).

ئەم توێژینەوەیە خاڵی لێکچووی لەگەڵ توێژینەوە هاوبەشەکەی (د. سالم جاسم محمد) و (د. فاطمة عبدالکاظم احمد) دا هەیە، لە هەردوو توێژینەوەکەدا یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانی بریتین لە تیشکخستنە سەر ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی نەرمەهێز لە ڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، لە هەردوو توێژینەوەکەشدا هەوڵدراوە "سوودوەرگرتن لە تۆڕەکان وەکو ئامرازێکی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ گەیشتن بە بەدەستهێنانی ڕایگشتی دەرەوە" ڕوون بکرێتەوە، خاڵێکی تری لێکچوو بریتییە لە ئامرازی توێژینەوە کە لە هەر یەکێك لە توێژینەوەکاندا پرۆسەی شیکاری بۆ ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانی تۆڕێکی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی کراوە.

لەگەڵ توێژینەوەکەی (احسان بادع علوان) یشدا لە کێشەی توێژینەوەدا خاڵی سەرەکی هاوبەش بریتییە لە: خستنەڕووی چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکانی وەکو وەزارەتەکانی دەرەکی و کارکردن بۆ جوانکردنی وێنەی وڵات لەسەر ئاستی دەرەوە، دەتوانین بڵێین هەردوو توێژینەوەکە دەچنە خانەی کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بازنەی دیپلۆماسییەتدا.

# بەشی دووەم: لایەنی تیۆریی

## باسی یەکەم: پەیوەندییە گشتییەکان

### یەکەم: چەمک و پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان

### دووەم: ئەرک و ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان

### سێیەم: ستراتیجەکانی کۆمۆنیکەیشن لە پەیوەندییە گشتییەکاندا

## باسی یەکەم: پەیوەندییە گشتییەکان

### یەکەم: چەمک و پێناسەی پەیوەندییە گشتییەکان

بە درێژایی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤایەتی، پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆمەڵگە و شارستانییەتە جیاوازەکاندا هەر دەمە و بە جۆرێك و لە ژێر ناوێکی جیاوازدا خۆی نواندووە، بەڵام وەکو زانست و هونەرێکی بواری کۆمۆنیکەیشن لە دوای دووەم جەنگی جیهانییەوە دەرکەوتووە، دەرکەوتنیشی هەر لە سەرەتاوە لەپێناو دروستکردنی ناوبانگی باش و وێنەی ئەرێنی بووە لەبارەی دامەزراوە.

کرۆکی کاری پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لە تێگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان و هێشتنەوەی پەیوەندییە باشەکان لەنێوان لایەنە جیاوازەکان کە خاوەن بەرژەوەندی هاوبەشن، هەروەها لەنێوان هەر دامەزراوەیەکی بازرگانیی، پیشەسازیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی... هتد لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ جەماوەرەکانیاندا.[١]

توێژەران و پسپۆڕان هەندێکیان دەڵێن پەیوەندی گشتییەکان دەکەوێتە بازنەی بواری کارگێڕییەوە، هەندێکی تریان دەڵێن چالاکییەکی ڕۆژمەوانیی و میدیاییە،[٢] بەڵام زۆرێك لە توێژەران ڕێکن لەسەر ئەوەی کە ڕۆژنامەوانیی و میدیا، یەکێکن لەو ئەرکانەی کە پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکاندا بەڕێوەیان دەبات، بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگایانەوە پەیوەندی لەگەڵ جەماوەردا دروستدەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە لە خزمەتگوزارییەکانی دامەزراوە.[٣]

پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی زانستە مرۆڤایەتییەکانە و لە دامەزراوە حکوومی و تایبەتەکانیشدا کاری پێ دەکرێت، دەستەواژەکە لێکدراوە و لە هەردوو وشەی (پەیوەندی، گشت) پێکدێت، (پەیوەندی) بە مانای پرۆسەی پەیوەندی و گەیشتن بە یەکتری تاکەکانە یان پرۆسەی گەیشتنی نێوان دامەزراوەیەك و کۆمەڵێك کەسە، هەروەها (گشت) ئاماژەیە بۆ هەر کۆمەڵێك لە کۆمەڵگە یان بریتییە لە جەماوەری دامەزراوە.[٤]

چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان (Public Relations) لە ئەمریکا سەریهەڵداوە، لە تەواوی جیهانیش بەم جۆرە وەرگیراوە، ئەم بوارە دەکەوێتە ناو پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن (گەیاندن)، کۆمۆنیکەیشنی: نووسراو، زارەکیی یان هەر کردارێکی گەیاندن بێت.[٥]

چەمکی (پەیوەندی گشتی) لەدایکبووی سەردەمی مۆدێرنەیە لقێکە لە زانستە مرۆڤایەتییەکان، یەکێکیشە لە فەلسەفەکانی بەڕێوەبردنی هاوچەرخ، هەندێك لە توێژەران دەڵێن ئەم بوارە هونەرە، هەندێکی تر دەڵێن زانستە، بۆچوونی تریش هەیە کە پێی وایە لە یەك کاتدا هونەر و زانستە، دەشکرێت بڵێین پەیوەندییە گشتییەکان چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە و ئامانجی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر جەماوەر.[٦]

---

[١] عبد الناصر جرادات و لبنان هاتف الشامي: **مقدمة في العلاقات العامة**، عمان، دار اليازوري العلمية، ٢٠١٩، ص١٠.

[٢] ناهض فاضل زيدان الجواري: **العلاقات العامة والصورة الذهنية**، عمان، دار امجد للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ل٧٧.

[٣] علي عجوة و كريمان فريد: **إدارة العلاقات العامة بين الإدارة الإستراتيجية وإدارة الأزمات**، القاهرة، عالم الكتب، ٢٠٠٨، ص٩.

[٤] محمد جياد زين الدين المشهداني: **العلاقات العامة في المؤسسات السياحية**، عمان، دار أمجد للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص٣٩-٤٢.

[5] Patricia A. Curtin, T. Kenn Gaither: **International Public Relations: Negotiating Culture, Identity, and Power**, US, Sage Publications, 2007, P.5,6.

[٦] محمد جياد زين الدين: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

ئێدوارد بێرنایس[*] دەڵێت "ئەوەندەی کە پەیوەندییە گشتییەکان کار بۆ باوەڕپێهانان و قایلاندنی جەماوەر دەکات بەسە بۆ ئەوەی بزانین کە ئەم بوارە پەیوەندیدارە لەگەڵ زانستەکانی دەروونناسی و کۆمەڵناسی،[١] هەروەها دەڵێت سێ پێکهاتەی سەرەکی پەیوەندی گشتی هەیە کە هێندەی مێژووی کۆمەڵگە کۆنن، ئەوانیش: ئاگادارکردنەوەی خەڵک، قەناعەتپێکردنی خەڵک و تێکەڵکردنیان بە یەکتر"، بە دڵنیاییەوە ڕێگا و شێوازەکانی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە لەگەڵ کۆمەڵگەدا گۆڕانی گۆڕاون، بۆ بێرنایس و مێژوونوسانی تر، پەیوەندییەکی گشتی پرۆفیشناڵ هەمیشە شانبەشانی شارستانییەت بەڕێوەچووە، لە چاوی ئەوانەوە زۆربەی مێژووی تۆمارکراو لە گفتووگۆ و دانوستان دەتوانرێت بە پراکتیزەکردنی پەیوەندییە گشتییەکان لێکبدرێتەوە.[٢]

بەڵام بۆ یەکەمجار وەکو چەمك، پەیوەندییە گشتییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بەکارهێنراوە و لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمیشدا بە ئاشکرا و بە مانایەکی نوێوە لە مەیدانی تیۆریی و پراکتیکییدا دەرکەوت.[٣]

لێرەدا هەندێك پێناسە بۆ چەمکی پەیوەندییە گشتییەکان دەخەینەڕوو، کاری پەیوەندییە گشتییەکان (بریتییە لە دروستکردنی تێگەیشتن نێوان مرۆڤەکان و هێشتنەوەی پەیوەندی چاك لەنێوان ئەو لایەنانەی خاوەن بەرژەوەندییە هاوبەشن)، هەروەك لەنێوان هەر دامەزراوەیەکی سیاسی، پیشەسازیی، بازرگانیی و کۆمەڵایەتی...هتد لەگەڵ جەماوەرەکانیان، ئەم چەمکە گرنگییدەدات بە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەو هۆکار و بنەمایانەی کە یارمەتی دامەزراوە دەدەن بۆ هێشتنەوەی پەیوەندی هاوڕێیەتی و ئاشتیخوازانەی نێوان یەکە جەماوەرییەکان لەلایەك و دامەزراوەکان لەلایەکی ترەوە.[٤]

پەیوەندییە گشتییەکان (ئەرکێکی کارگێریی و بەڕێوەبردنی تایبەتە کە هاوکارە لە دامەزراندن و پاراستنی پرۆسەی گەیاندن، تێگەیشتن، یەکتر قەبوڵکردن و هاوکاری نێوان دامەزراوەیەك و جەماوەرەکەی)، یارمەتی بەڕێوەبەرایەتی دەدات لە ئاگاداربوون و وەڵامدانەوەی ڕایگشتی، بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبەرایەتییەکان دیاری دەکات بەمەبەستی خزمەتکردنی قازانجی گشتی و یارمەتیشی دەدات کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا بێت، وەکو سیستەمێکی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت کار دەکات بۆ پێشبینی کردنی ئاراستەکان، وەکو پرەنسیپیش لیکۆڵینەوە و کۆمۆنیکەیشنی تەندرووست و ئیتیکیی بەکار دەهێنێت، واتە لە پاش قۆناغی لێکۆڵینەوە بە بەرچاوڕوونییەوە کۆمۆنیکەیشن ئەنجامدەدات.[٥]

پەیوەندییە گشتییەکان (پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنێکی ستراتیجییە بە ئامانجی دروستکردنی بەرژەوەندی و پەیوەندی هاوبەش لەنێوان دامەزراوە و جەماوەردا، ئەم پرۆسەیەش پێکدێت لە

---

[*] ئێدوارد بێرنایس: پێشەنگێکی پەیوەندییە گشتییەکانە، نەتەوەی (نەمسایی ئەمریکی) یە، لە ساڵی ١٨٩١ لەدایکبووە، پسپۆڕی ریکلام و پەیوەندییە گشتییەکان بووە، یەکێکە لە سەد کەسایەتییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە سەدەی بیستەمدا، زۆر کەس بە دامەزرێنەری پەیوەندی گشتی مۆدیرن دایدەنێن.

[١] فخری جاسم سلمان وأخرون: **العلاقات العامة**، بغداد، دار الکتب للطباعة والنشر، ١٩٨٠، ص٣١.

[2] Don Bates: “**Mini-Me” History Public Relations from the Dawn of Civilization**, U.S, Institute for Public Relations, 2002, P.5.

[٣] عبد الناصر جرادات و لبنان هاتف الشامي: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

[٤] عبد الناصر جرادات و لبنان هاتف الشامي: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠،١١.

[5] Rex F. Harlow, “Building a Public Relations Definition” Public Relations Review, No.2, (1976) P 36. https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/S0363811176800227

توێژینەوە، پلاندانان، کۆمۆنیکەیشن و پاشان هەڵسەنگاندن).[1] ئەم پێناسەیە جەخت لە پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن و دروستکردنی پەیوەندی دەدات لەگەڵ جەماوەردا.

پێناسەیەکی تر دەڵێت، (هەوڵێکی کارگێری و بەڕێوەبردنی بەردەوامە بە ئامانجی هێشتنەوەی تێگەیشتنی هاوبەش و ئاڵوگۆڕ لەنێوان دامەزراوە و جەماوەردا)، لە کورتترینی پێناسەکانیشیدا، (پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لە نواندنی ڕاستگۆیانە و ڕاگەیاندنی ئەو نواندنە).[2]

پەیوەندییە گشتییەکان (هەوڵێکی پلانبۆدارێژراوی بەردەوامە بەمەبەستی دروستکردنی نییەتی باش و تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان دامەزراوەیەک و جەماوەرەکەیدا).[3]

لە پێناسەیەکی تردا (پەیوەندییە گشتییەکان، پیشەیەکی کارگێڕیی پلانبۆدارێژراوە، ئامانجی بەدەستهێنانی تێگەیشتن و پاڵپشتیی جەماوەری ناوخۆ و دەرەوەیە بۆ ئەو دامەزراوەیەی کە کاری بۆ دەکات، پەیوەستە بە بەردەوامبوون و گرنگیدان بە خوێندنەوەی ڕایگشتی و دڵنیابوونەوە لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندییان سەبارەت بە سیاسەت و کاری دامەزراوە، یارمەتیی بونیادنەرانەی جەماوەر دەدات، لە لایەکی ترەوە ئەو کارانە ئەنجامدەدات کە بەرژەوەندی هاوبەشی دامەزراوە و جەماوەری تێدایە).[4] بەپێی ئەم پێناسەیەش پەیوەندییە گشتییەکان هەڵمەتێکی ڕێکخراو و بەردەوام و مەبەستدارە، هەڕەمەکی نیە.

پەیوەندییە گشتییەکان (هونەر و زانستێکی کۆمەڵایەتییە، شیکردنەوەی ئاڕاستەکان و ئاگادارکردنەوەی دامەزراوەیە لە بەربەستەکان، دیاریکردنی هۆکارەکانی شکست و سەرکەوتنە، پێشکەشکردنی ڕاوێژە بە بەڕێوەبەرانی باڵا، لە کۆتاییشدا جێبەجێکردنی پرۆگرامی پلانبۆدانراوی دامەزراوەکەیە و هەروەها خزمەتکردنە بە بەرژەوەندییەکانی دامەزراوە و جەماوەر)[5] ئەم پێناسەیە زیاتر قوڵ بووەتەوە لە پەیوەندییە گشتییەکاندا و لە یەك کاتدا وەکو هونەر و زانست مامەڵەی لەگەڵ دەکات و کۆمەڵێك ئەرکی ستراتیجی دامەزراوەش دەخاتە سەر پەیوەندییە گشتییەکان.

لە کۆی گشتی پێناسەکانی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە پەیوەندییە گشتییەکان ناوەندێکە لە دامەزراوەدا بۆ گەیاندنی بە جەماوەر، ڕاستکردنەوەی هەڵەتێگەیشتنەکان، گەیاندنی پەیامی دامەزراوە، وەرگرتن و لێکدانەوەی ڕایگشتییە.

پێناسەی توێژەریش بۆ پەیوەندییە گشتییەکان ئەوەیە کە: پرۆسەیەکی پلانبۆدانراوی بەڕێوەبردنە، ئەڵقەی پێکەوەبەستنی دامەزراوەیە بە جەماوەری ناوخۆ و دەرەوە و تێگەیشتنی هاوبەشیان لەنێواندا دروست دەکات، وێنەی ئەرێنی و ناوبانگی باش لەبارەی دامەزراوەوە دروستدەکات.

---

[1] Carolyn Mae Kim: **Public Relations: Competencies and Practice**, New York, Routledge, 2019, P. (Part 1, Introduction, 83).

[2] علي بن فايز الجحني: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩،٢١.

[3] Alison Theaker: **The Public Relations Handbook**, 4th Edition, UK , Routledge, 2012, P.4,6.

[4] محمد سرور الحريري: **إدارة العلاقات العامة**، عمان، الدار المنهجية للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص١٧.

[5] Stellah I. Onyiengo: The Public Relations as a Management Function and the Challenges to Effective Internal Public Relations, European Journal of Business and Management, Vol.6, No.24, 2014, P.2. https://citeseerx.ist.psu.edu/viewdoc/download?doi=10.1.1.685.1354&rep=rep1&type=pdf

## دووەم: ئەرک و ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان

### ١- ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

دامەزراوەکان پێویستە ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیان دیاری بکەن و سەرچاوەکانیان ڕێکبخەن بۆ ئەوەی لە بەدیهێنانیاندا سەرکەوتووبن، چونکە ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان سەرچاوەگرتووە لە ئامانجەکانی دامەزراوە، هەروەها ئەو دەرەنجامە کۆتاییانەیە کە دامەزراوەیەك دەیەوێت پێی بگات.

ئەو توێژینەوە و کتێبانەی کە هەوڵیانداوە لە گۆشەنیگای پیشەی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتییەوە باس لە پەیوەندییە گشتییەکان بکەن، پێیان وایە پێویستە ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە سێ لایەندا دیاری بکرێن:[١]

١- لایەنی کۆمەڵایەتی: لەم لایەنەدا ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان ئەوەیە کە هاوکاری هاونیشتیمانیان بکات و لەگەڵیاندا خۆ بگونجێنێت بەپێی پێداویستییەکانیان، وا بکات دامەزراوە لەگەڵیاندا هەڵبکات، ئەوەش بە لەبەرچاوگرتنی ڕایگشتی.

٢- لایەنی ئاکاریی: لەم لایەنەدا پەیوەندییە گشتییەکان ئامانجی ئەوەیە ڕێز لە پێگەی مرۆیی و پێگەی تاکەکەسیی مرۆڤ بگرێت و یارمەتیدەرێکی نییەتپاك بێت، دووربکەوێتەوە لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی تۆقاندن، پشتبەستوو بێت بە بزواندنی جەماوەر و لە هەمان کاتدا قایلکردنی دەروونییان.

٣- لایەنی ڕەفتاریی: لە گرنگترین لایەنەکانە بەوپێیەی هەڵسوکەوت لەگەڵ مرۆڤدا دەکات و مرۆڤیش هەڵگری ئاکار و ڕەفتاری جیاوازە، تەنانەت لە خودی یەك کەسیشدا هەموو کات یەك جۆر سرووشت (میزاج) ی نیە، بۆیە پێویستە پەیوەندیگشتییکاران توانای کۆنترۆڵکردنی جەماوەریان هەبێت و بە گرنگییەوە لە ڕایگشتی بڕوانن.

کار و چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بەپێی بەرچاوڕوونییەك جێبەجێ دەکرێن کە تیایدا (خاڵی بەهێز، خاڵی لاواز، و هەل و هەڕەشەکان) ی سەر دامەزراوە لەبەرچاو دەگیرێن، لەسەر ئەو بنەمایەش ئامانجە دوورمەوداکان و دواتر ئامانجە کورتمەوداکان دیاری دەکرێن.[٢]

نیشاندانی وێنەی جوانی دامەزراوە، چاودێرییکردن و پاراستنی وێنەکە، هەوڵی چاککردنەوەی بیرۆکەی خراپی جەماوەر لەبارەی دامەزراوە و پشتگیری کردنی تێڕوانینە ئەرێنییەکانیش لەبارەی دامەزراوەوە دەکەونە بازنەی ئامانجە دوورمەوداکان.[٣]

لێرەدا لە کۆی چەند سەرچاوەیەکی جیاواز ئاماژە بە ئامانجە سەرەکییەکانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان دەکەین کە دەشێت لە زۆربەی دامەزراوەکان و بەتایبەتیش لە دامەزراوەکانی حکوومەتدا ئامانجی هاوبەشی ئەم بوارە بن، ئەوانیش بریتیین لە:[٤]

---

[١] أنعام حسن أيوب وآخرون: **العلاقات العامة والاتصال في الخدمة الإجتماعية**، عمان، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص٣٠.

[٢] علي برغوث: **العلاقات العامة اسس نظرية ومفاهيم عصرية**، القاهرة، بدون دار النشر، ٢٠٠٧، ص١٨.

[٣] محمد جودت ناصر: **الدعاية والإعلان والعلاقات العامة**، عمان، دار مجدلاوي، ٢٠٠٣، ص٢٣٣.

[٤] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- عبدالناصر جرادات، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١-٣٢.
- محمد نجيب الصرايرة: **قضايا في الاعلام الدولي**، الطبعة الثانية، عمان، مكتبة الرائد العلمية، ص٣٤.
- علي عجوة و كريمان فريد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

١- زیادکردنی ناوبانگی دامەزراوە لە ڕێگای برەودان بە تێگەیشتنی جەماوەر و خستنەڕووی خزمەتگوزاری و چالاکییەکان و بەدەستهێنانی متمانەی جەماوەر.

٢- درووستکردنی گۆشەنیگا و تێگەیشتنێکی فراوان لەبارەی کێشە و ئاستەنگەکان کە ڕووبەڕووی دامەزراوە دەبنەوە.

٣- درووستکردنی بارودۆخی ڕێککەوتن لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەشەکان لەنێوان دامەزراوە و جەماوەردا.

٤- بەدەستهێنانی پاڵپشتی ڕایگشتی لە بەرامبەر سیاسەت و ڕێسا و بەرنامەکانی حکوومەت، ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە یاسا کۆن و نوێیەکانی دامەزراوە.

٥- گەیاندنی گۆشەنیگای جەماوەر و هاونیشتیمانیان بە دامەزراوە حکوومییەکان، بۆئەوەی ڕێسا و یاساکانیان لەگەڵ ژینگەی ڕاستەقینەدا بگونجێنن.

٦- قایلکردنی جەماوەر بە پێویستیی هەبوونی ڕێکخستنە کارگێڕییەکان لە حکوومەت و دەستەبەرکردنی هەماهەنگیی جەماوەر بۆ ئەوەی دامەزراوە حکوومییەکان ئەدائی باش بکەن.

٧- دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی ڕادەربڕین بۆ جەماوەر لە گەیاندنی دەنگیان بە حکوومەت.

## ٢. ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بەپێی سیاسەت و ئامانجی دامەزراوە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەڵام دەتوانین کۆمەڵێك ئەرك دەستنیشان بکەین کە لە ئەرکە سەرەکیی و بنچینەییەکانی پەیوەندییە گشتییەکانن.

لە دیاریکردنی ئەرکەکانی پەیوەندی گشتییدا کۆمەڵێك فاکتەر ڕۆڵ دەگێڕن کە وا دەکەن ئەرکەکان لە دامەزراوەیەك بۆ دامەزراوەیەکی تر جیاواز بن، لەو فاکتەرانەش بریتین لە: سرووشت و قەبارەی دامەزراوەکە، قەبارەی ئەو جەماوەرەی کە هەیەتی، بڕ و قەبارەی سەرچاوەی دارایی بەشی پەیوەندی گشتی، ئەو ژینگە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی کە دامەزراوەکەی تێدایە، ئاستی هەستکردنی بەڕێوەبەرایەتی باڵا بە چەمکی پەیوەندی گشتی و گرنگیی ئەم بوارە.

کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمریکا کۆمەڵێك ئەرکی بنەڕەتیی بۆ پەیوەندی گشتی لە دەزگا و دامەزراوەکاندا دیاری کردووە، بەمشێوەیە پوختیان دەکەینەوە:[1]

- سمير مطاوع: **العلاقات العامة جسر الاتصال والنجاح جديد**، عمان، دار اليازوري العلمية، ٢٠١٩، ص٢١.
- فاطمة آدم بكر: دور العلاقات العامة في تحقيق اهداف البعثات الدبلوماسية بالسودان- دراسة تطبيقية لمجموعة من السفارات العربية والأجنبية بالخرطوم، ٢٠١٦، رسالة دكتوراه غير منشورة، (المبحث الثاني: العلاقات العامة الدولية مفهومها وأهدافها) بدون صفحة. http://search.mandumah.com/Record/788807

[1] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
- ماجد جبار غزاي الفتلاوي وعلي عبودي نعمة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤-١٣٦.
- عبدالناصر جرادات و لبنان هاتف الشامي: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١-٣٢.

١- نووسینی ڕاپۆرت و پەیامە ڕۆژنامەوانییەکان، تێکستی وتار و گفتووگۆ و بەرنامە میدیاییەکان، درووستکردنی فیلم، نووسینی وتار بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان.

٢- ئەنجامدانی پەیوەندییە میدیاییەکان، هەروەها بەرهەمهێنانی بڵاوکراوەکان لە کتێب و نامیلکە و ڕاپۆرت... هتد بەشێوەیەکیش دەرهێنانی هونەرییان بۆ بکات کە لەگەڵ خواستی جەماوەردا بگونجێت.

٣- باش نیشاندانی وێنەی دامەزراوە لە میانی چالاکییە تایبەتەکان، ڕێکخستنی پێشانگا، سەردانەکان، پێشبڕکێ، پێشکەشکردنی ئاسانکاریی بۆ بەڕێوەبەرایەتی باڵا، چاودێرییکردنی پەیوەندی لەگەڵ میوانان، ئامادەکاری بۆ یادەکان و پێشکەشکردنی دیاریی لە بۆنەکاندا.

٤- ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەخنەی لایەنەکانی نەیاری دامەزراوە، دیاریکردنی گوتەبێژانی دامەزراوە و پێشکەشکردنیان لە کاتی تایبەتدا.

٥- دیاریکردنی پێداویستیی و ئامانج و هەنگاوە پێویستییەکان بۆ ئەنجامدانی پرۆژە و چالاکیی، ئەمەیان پەیوەستە بە ئەزموونی بەرز لە کاری پەیوەندی گشتییدا، پێشکەشکردنی ڕێنمایی بە بەڕێوەبەرایەتی.

٦- چارەسەرکردنی کێشەی کارمەندانی دامەزراوە.
٧- درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوەکانی تر وەکو دامەزراوەی هاوبەش لە کار، دامەزراوەی حکوومیی، دامەزراوەکانی دەوڵەت، کۆمەڵگەی ناوخۆیی دامەزراوە، دامەزراوە ڕکابەرەکان... هتد و برەوپێدانی.

فیلپ کۆتلەر* دەڵێت پەیوەندی گشتی ئەرکێکی کارگێری و بەڕێوەبردنە کە پەیوەندی سوودئامێزی هاوبەشی نێوان دامەزراوە و جەماوەرە جۆراوجۆرەکەی دەپارێزێت و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات، پایەکانی شکست و سەرکەوتن دیاریی بکات.

فیلپ کۆتلەر* دەڵێت ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانە کە:[1]

١- هەڵسەنگاندن بۆ هەڵوێستی گشتی جەماوەری دامەزراوەکەی بکات.
٢- سیاسەت و ڕێوشوێنەکانی تاك و دامەزراوە لەگەڵ خواستی گشتی بناسێتەوە و بەراوردیان بکات.
٣- بەرنامەی کار بە جۆرێك جێبەجێ بکات کە ڕەزامەندی جەماوەر بەدەستبهێنێت.

گلین برووم (Glen M. Broom)* هەندێك ئەرکی بۆ پەیوەندی گشتی خستووەتەڕوو:[1]

---

* پ.د. فیلپ کۆتلەر (Philip Kotler) : پسپۆڕێکی بواری لە بازاڕگەریی نێودەوڵەتیی و ئابوورییە لە ساڵی ١٩٣١ لە شیکاگۆ/ئەمریکا لەدایکبووە، لە بواری پەیوەندی گشتییدا توێژینەوە و بۆچوونی زۆری هەیە.

* پ.د. فیلپ کۆتلەر (Philip Kotler) : پسپۆڕێکی بواری لە بازاڕگەریی نێودەوڵەتیی و ئابوورییە لە ساڵی ١٩٣١ لە شیکاگۆ/ئەمریکا لەدایکبووە، لە بواری پەیوەندی گشتییدا توێژینەوە و بۆچوونی زۆری هەیە.

[1] Stellah I. Onyiengo: ibid, P.2.

* پ.د. گلین برووم (Glen M. Broom) : پسپۆڕێکی ئەمریکییە لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان، نووسەری پێنج کتێب و زیاتر لە پەنجا توێژینەوە و وتارە لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان، مامۆستا بووە لە زانکۆی سان دییگۆ لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، زیاتر لە سێ هەزار خوێندکاری بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی پێگەیاندووە، لە ساڵی ١٩٨٧ خەڵاتی باسفایندەر-ی شکۆداری پێشکەشکرا لەلایەن پەیمانگەی ئەمریکیی پەیوەندییە گشتییەکانەوە، لە ساڵی ١٩٩١ کۆمەڵەی پەیوەندییە گشتییەکانی ئەمریکاوە بە مامۆستای تایبەتمەندی دیاریکرد، مامۆستای فەخریی بووە لە کۆلێجی ڕۆژنامەوانی و توێژینەوە میدیاییەکان هەتاوەکو کۆچی دوایی لە ساڵی ٢٠١٩.

١- پەیوەندییە ناوخۆییەکان: پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنی ناو دامەزراوە کە بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکانی ناوخۆیە، هەروەها بەڕێوەبردنی ئەو زانیارییانەی کە لە فەرمانبەرانی دامەزراوەکەوە دەست دەکەون، ئەم بەشە پێویستە بەرنامەی کۆمۆنیکەیشن بە جۆرێك ڕێکبخات هانی چالاییەکانی کارمەندان بدات.

٢- لۆبیی کردن: درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنی حکوومی و دەستە حکوومییەکان بەمەبەستی درووستکردنی فشار و کاریگەریی لەسەر دەسەڵاتی یاسایی و تەشریعیی، لەبەرئەوەی تێگەیشتنی باو وایە کە لۆبیی کردن پەیوەندی بە بەرتیلدان و ترساندنەوە هەیە، بۆیە دەبێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێك ئەم کارە ئەنجامبدرێت، لۆبیی کردن ئامرازێکی یاساییە بۆ درووستکردنی کاریگەریی لەسەر بڕیارسازیی حکوومیی، دەوڵەتە گەورەکانی جیهان کۆمەڵەکانی لۆبیی کردن و درووستکردنی فشاریان هەیە کە ڕاپۆرت لەبارەی کارەکانیانەوە دەدەنە حکوومەت.

٣- ڕیکلام: یەکێکە لە ئامرازەکانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان، لەم بوارەدا لە ڕێگای میدیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ڕیکلام وەکو ئامرازێك بۆ نزیکبوونەوە لە جەماوەرێکی بەرفراوان بەکاردەهێنرێت و وێنەی دامەزراوە باشتر بکرێت.

٤- کاروباری گشتی: ئاماژەیە بۆ بەشێکی تایبەتمەند لە پەیوەندی گشتییدا کە کار دەکات بۆ بنیاتنانی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەت و دام و دەزگاکانی و کۆمەڵەکانی خاوەن بەرژەوەندی، ئەوەش بەمەبەستی درووستکردنی کاریگەریی لەسەر سیاسەتی گشتی، هەندێك لە دامەزراوەکان (کاروباری گشتی) بەرامبەر بە (پەیوەندییە گشتییەکان) بەکاردەهێنن.

٥- گەشەپێدان: بەشێکە لە ئەرکەکانی لە پەیوەندییە گشتییەکان کە بە زۆری لە دامەزراوە قازانجنەویستەکان بەکاردەهێنرێت، چونکە ئەم جۆرە دامەزراوانە زیاتر پشت بە کاری بەخشین و خۆبەخشان دەبەستن، ئەم بەشە زیاتر ئەو کەمپەین و مەراسیمە تایبەتانە دەگرێتەوە کە ئامانج لێیان بەدەستهێنانی پاڵپشتی و پشکداریی جەماوەری گشتییە.

٦- بەڕێوەبردنی دۆز: ئەرکێکی تری پەیوەندی گشتییە و ئامادەباشیی دەکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە یان خۆگونجاندن لەگەڵ تەنگەژە و خۆگونجاندنە لەگەڵ سیاسەتی گشتییدا، لێرەدا کار لەسەر پاراستنی پەیوەندییە جەماوەرییەکانیش دەکرێت.

[1] Ana Valjak, Nikola Drascovic: A Literature Review of Public Relations in Public Healthcare, International Journal Management Cases, Issue 3, (1/1/ 2011), P.253,254.
file:///C:/Users/A/Downloads/ValjakDraskovicIJMC_13-3.pdf

ئەركەكانی پەیوەندییە گشتییەكان لە سەرجەم بوارەكاندا دەكرێت بەمشێوەیە دیاریی بكەین:[1]

### ١- بەڕێوەبردنی هەواڵ و میدیا (News and Media Management)

بەڕێوەبردنی میدیا ئەركێكی لەپێشینەی بەشی پەیوەندییە گشتییەكانە لە دامەزراوەكاندا، بواری پەیوەندییە گشتییەكان هێندە كاریگەرە بە میدیا كە لە هەندێك دامەزراوەدا بەشی پەیوەندییە میدیاییەكاندا (Media Relations) ئەركی پەیوەندییە گشتییەكان جێبەجێ دەكەن.

بەشی پەیوەندییە گشتییەكان بە گشتی كۆمەڵێك ئەركی میدیایی لە دامەزراوەكاندا هەیە، ئەوانیش بریتیین لە: ئامادەكردن و نووسینی بڵاوكراوە هەواڵییەكان، گۆڤار، پرۆشۆری ڕیكلام و گەیاندنیشیان بە دەزگا میدیاییەكان، ئامادەكردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی دامەزراوە، ڕووماڵكردنی هەڵمەتە جیاجیاكانی دامەزراوە، ئامادەكردنی وتار و ڕێكخستنی چاوپێكەوتن و كۆنگرەكانی ڕۆژنامەوانیی، ئامادەكردنی تەواوی سەرچاوەكانی مرۆیی و دارایی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و سەرپەرشتییكردنی تابلۆ ڕیكلامییەكان... هتد.[2]

میدیا زانیاری دابین دەكات و لە هەمان كاتیشدا پرۆسەیەک درووست دەكات بۆ فێربوون و گەیاندنی زانیاری بە خەڵک و كاریگەرییەكی گەورەی لەسەر تێڕوانینی جەماوەر هەیە، میدیا هاوكات كەرەستەیەكی گرنگیشە بۆ جیاكردنەوە و ناسینی (گرووپی لایەنگر/ ناوخۆ) بەرامبەر بە (گرووپی دەرەكی) بەرەی لایەنگر و بەرەی دژ یان بێلایەن، میدیا 'گوندیكی جیهانیی' دروستكردووە كە تێیدا دەتوانین تێڕوانینی هاوولاتیانی وڵاتەكان بۆ خۆیان و كەسانی تر بناسینەوە، هەروەها ئەو تواناییەی هەیە لە پرۆسەی شەڕ یان ئاشتی و دیپلۆماسییدا جەماوەر یەكبخات.[3]

بەڕێوەبردنی میدیا و پەیوەندییە میدیاییەكان دەشێت سەرەكییترین ئەركی پەیوەندییە گشتییەكان بێت، لەم ئەركەدا ڕۆژنامەوانانی بەشی پەیوەندییە گشتییەكان لە دامەزراوەكاندا ڕووماڵی ئەو بابەتانە دەكەن كە ئامانجی لەپێشینەی دامەزراوەكەیانە، لە كاتی ڕووماڵەكەدا گۆشەنیگای دامەزراوەكە لەبارەی ئەو بابەتە هەمەجۆرانە دەگوازرێتەوە كە كاریگەرن لەسەر ڕێكخراو و دامەزراوەكە، دەكرێت لە ڕێگای نەشرەی هەواڵیی، بەستنی كۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی و درووستكردنی پارچە ڤیدیۆ لەلایەن ڕۆژنامەوانانەوە بۆ پێشخستن و برەودان بە چیرۆكەكانیان.[4]

بەڕێوەبردنی میدیا ئەو چالاكیانە دەگرێتەوە كە پەیوەندی ئەرێنیی دامەزراوە بپارێزێت، لەسەر بنەمای ئەوەی كە هەردوولا (دامەزراوە و جەماوەر) پێویستییان بە یەكترە بە ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندییەكان، لە بابەتی پەیوەندی حكوومەت و میدیادا ئاماژە بە دوو بیرۆكە كراوە، یەكەمیان لە

---

[1] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- Jesper Strömbäck, Spiro Kiousis: **Political Public Relations Priciples and Applications**, Routledge, New York, 2011, P. 54,115, 138.
- Zoran Tomić, Ivana Grbavac: Political Public Relations – Media and Information Management, Journal of Communication Review, 2016, P.86-90. http://www.commreview.hr/download/documents/read/tomic_6
- Brain McNair: **An Introduction to Political Communication**, 6th Edition, Routledge, New York, 2018, P.122.

[2] غادة البطريق: **العلاقات العامة وفن إدارة الازمات**، مصر، أطلس للنشر والإنتاج الإعلامي، ٢٠١٧، ص٢٨.

[3] Filiz Coban: The Role of the Media in International Relations: From the CNN Effect to the Al – Jazeere Effect, Journal of International Relations and Foreign Policy, 2016, Vol. 4, No. 2, P.46. http://jirfp.com/journals/jirfp/Vol_4_No_2_December_2016/3.pdf

[4] Carsten Reinemann: Op.cit, P. 2.1.

ڕووی بازاڕەوە وەک "پەیوەندی گۆڕینەوە" و دووەمیان لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە وەک "پەیوەندی پێشبڕکێ"، مەبەستی لەوەیە کە (پەیوەندی گۆڕینەوە) وەکو بازرگانی دادەنرێت لەنێوان حکومەت و میدیادا، بە واتای ئەوەی هەردوولا ڕەزامەندن بە یەکسانی، (پەیوەندی پێشبڕکێ) وەکو کێبڕکێی سیاسی دادەنرێت، کەسانی پەیوەندیە گشتییەکان هەمیشە لەگەڵ پەیوەندییە گۆڕینەوەکەن بەڵام ئامادەیی و توانایشیان هەیە بۆ جۆری پێشبڕکێکە.[١]

چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان زۆر جەخت لە ڕوومالّە میدیاییەکان دەکاتەوە لەسەر پێشینە سەرەکییەکان (سبق) ی ئەو دامەزراوە سیاسی و دیپلۆماسییانەی کە ئەم ڕۆژنامەوانانە نوێنەرایەتییان دەکەن، ئەوەش لەپێناو گەیاندنی بیروبۆچوونەکانیان بەشێوەیەك کە کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر دامەزراوەکەیان درووست بکات، دەکرێت ئەم چالاکییانە لە ڕێی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکی وەکو کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیی هەواڵیی و یان درووستکردنی گرتەی ڤیدیۆیی تایبەت بۆ یارمەتییدانی ڕۆژنامەوانان ئەنجامبدرێت.[٢]

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین، پەیوەندییە گشتییەکان لە ڕێگای میدیاوە لە لایەکەوە پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر درووست دەکات و لە لایەکی تریشەوە چالاکی و لایەنە ئەرێنییەکانی دامەزراوەکە دەگەیەنێتە جەماوەر.

ئەرکی میدیایی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکاندا بریتییە لە:[٣]

١- بەڕێوەبردنی هەواڵ، دۆزینەوەی هەواڵ و درووستکردنی هەواڵی پڕناوەڕۆك لەبارەی کار و چالاکییەکانی دامەزراوە، پێویستیشە کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان کارامەیی داڕشتنی هەواڵی هەبێت.

٢- ئامادەکردن و نووسینی بڵاوکراوەکانی وەکو گۆڤار، نامیلکەی ڕیکلام و گەیاندنیان بە دەزگا میدیاییەکان.

٢- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی دامەزراوە.
٣- ڕووماڵکردنی هەڵمەتە جیاجیاکانی دامەزراوە، ئامادەکردنی وتار و ڕێکخستنی چاوپێکەوتن و کۆنگرەکانی ڕۆژنامەوانیی.

٤- ئامادەکردنی تەواوی سەرچاوەکانی مرۆیی و دارایی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و تابلۆ ڕیکلامییەکان.. هتد.

---

[1] Ian JA Somerville, Phil Ramsey: **Public Relations and Politics**, Rutledge**,** 2012, 4th edition, Chapter 3, P.5.
[2] Spiro Kiousis, Jesper Strömbäck: **Political Public Relations**, Publisher: Mouton de Gruyter, 2014, P.254.

[٣] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
- حمزة الجبالي: **إدارة الاخبار والعلاقات العامة**، عمان، دار عالم الثقافة، ٢٠١٦، ص٢٥٣.
- غادة البطريق: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨.
- Crasten Reinemann: **Political Communication**, U.S, De Gruyter Mouton, 2014, P.254.
- Gianpietro Mazzoleni and Others: **The International Encyclopedia of Political Communication**, U.S, Wiley Blackwell, 2015, P.1536.
- Brain McNair: Op.cit, 2018, P. 133.

٥- جەختكردنەوە لە هاوبەشیپێكردنی میدیاكاران و وەرگێرانی ڕوویان بەرەو دامەزراوە هەتاوەكو ڕووماڵی میدیایی ئەو بابەتانە بكەن كە ئەركی سەرەكی و لەپێشینەی دامەزراوەكەن.

٦- گواستنەوەی تێڕوانینی دامەزراوەكە بۆ جەماوەر لە ڕێگای میدیاكانەوە.

٧- ڕێكخستنی كۆنفرانسی ڕۆژنامەوانیی و كۆنگرە هەواڵییەكان، هەماهەنگیی كردنی میدیاكاران بۆ ئەوەی چیرۆكێكی هەواڵیی كاریگەر و سەركەوتوو لەبارەی دامەزراوەكەوە بگوازنەوە، ئەوەش بە دروستكردنی پارچە ڤیدیۆ و گرافیك و... هتد لەبارەی دامەزراوەكەوە.

٨- شارەزایی لە بەكارهێنانی وێنەدا، بەڕێوەبردنی وێنە لە ئەركەكانی بەشی پەیوەندییە گشتییەكانە و ڕێگای میدیا و ڕۆژنامەكانەوە ئەنجامدەدرێت، بەڕێوەبردنی وێنە پێویستە بگونجێت لەگەڵ ئامانجەكانی دامەزراوەدا و لەگەڵ ئەو ژینگەیەی كاری تێدا دەكات، هەروەها نیشاندانی چاوپێكەوتنی كەسایەتییەكانیش دەكەوێتە نێو بازنەی بەڕێوەبردنی وێنەوە، بیرۆكەی بەڕێوەبردنی وێنە لەلایەن بەشی پەیوەندییە گشتییەكانەوە لە ساڵانی هەشتاكانەوە لە ئەمریكا سەریهەڵدا و ئەوەش كاتێك بوو كە لە هەڵمەتەكانی هەڵبژاردندا پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەكان ئەركی بەڕێوەبردنی وێنەی سیاسییەكانیان لە ئەستۆ دەگرت، بەڵام پێش ئەو ماوەیەش و لە ساڵانی ١٩٦٠ دا ریچارد نیكسنی سەرۆكی ئەمریكا و چەند سیاسییەكی تر بەدوای پسپۆڕاندا دەگەڕان هەتاوەكو لە كاتی هەڵبژاردنەكاندا كێشەی وێنە سیاسییەكانیان لەپێشچاوی ڕایگشتی چارەسەر بكەن، لەوە بەدواوە بەشەكانی پەیوەندییە گشتییەكان زیاتر لەو باوەڕە نزیكبوونەوە كە ئەركی ئەوانە بەڕێوەبردنێكی چالاكانەی وێنە ئەنجامبدەن.

پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەكان ئاماژە بە چەند مەرجێك دەكەن لە بەڕێوەبردنی میدیا و هەواڵدا، ئەوانەش:[١]

١- پێویستە لە ئەركی بەڕێوەبردنی میدیا و هەواڵدا كاتی گونجاو بۆ بڵاوكردنەوەی پەیامەكان دیاریی بكرێن.

٢- پەیامەكان ڕوونی و ئاشكراییان پێوە دیاربێت بۆ ئەوەی ببنە هەوێنی سەركەوتنی هەڵمەتە میدیاییەكان، پێویستیشە بەشێوەیەك ڕێكبخرێن و بڵاوبكرێنەوە كە وا لە جەماوەر بكات بیر لە بابەتەكانی پەیوەست بە دامەزراوە بكەنەوە.

٣- پەیوەندیگشتییكاران تەكنیكەكانی گۆڕینی ڕای جەماوەر لە ڕێگای میدیاوە بزانن، كە بریتیین لە: دووبارەكردنەوەی بەرنامە و بڵاوكراوەكان (لە تۆڕەكۆمەڵایەتییەكاندا دووبارە شەیر كردنەوە)، بزواندنی جەماوەر بە كارتێكەرەكانی جوڵاندنی سۆز، ڕاستگۆیی، بڵاوكردنەوەی بابەت و بەرنامەی ئەرێنیی، قۆستنەوەی هەندێك هەل و بارودۆخی هەستیار بۆ گۆڕینی ڕای جەماوەر.

٤- لەسەر وەستان و بەراوردكردنی پەیامی لایەنە ڕكابەرەكان، بۆ ئەوەی پەیامەكان كە بڵاودەكرێنەوە جێگای خۆیان بگرن، "چونكە بەشێك لە پەیامەكان وەڵامدانەوەن بۆیە پێویست دەكات پەیوەندیگشتییكار چاودێریی كەناڵە ڕكابەرەكان بكات بۆئەوەی بزانێت چ پەیامێك بڵاودەكاتەوە".

---

[١] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- أنعام حسن أيوب وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٦،٩٠.

- W. Lance Bennett: **News- The Politics Illusion**, 10th edition, U.S, University of Chicago Press, 2016, P.130.

٥- درووستکردنی دەقێك بۆ پەیامەکە بەشێوەیەك کە جێگای باوەڕ بێت (وەرگر نەخاتە گومانەوە)، هەتا ئاستی قەبوڵکردن و پێشوازییلێکردنی فراوانتر بێت لەلایەن جەماوەرەوە، دەشبێت پشت بە لۆجیك و پێشنیازی پسپۆڕان ببەسترێت.

هەموو دامەزراوەیەك کە ڕوبەڕووی جەماوەر دەبێتەوە و پەیوەندییان لەگەڵ دەبەستێت، پێویستە زانیاری جۆراوجۆریان پێشکەش بکات، زانیاریی چەکێکی گرنگە و دەتوانرێت لە ڕێگایەوە سەرنجی جەماوەر ڕابکێشرێت و پێکهاتەیەکی گرنگی بەڕێوەبردنی ڕای گشتییشە، کارمەندانی دامەزراوەکان دەتوانن لە ڕێگای پێشکەشکردنی زانیارییەوە بە ئامانجەکانیان بگەن، پەیوەندییگشتیکاران ڕۆژانە بە دوای زانیاریی جۆراوجۆر و ڕۆژنامەوانییدا دەگەڕێن و پەیوەندییە دوو جەمسەرەییەکانیان لەگەڵ ڕۆژنامەوانانداا پەرە پێ دەدەن، لەم ڕووانگەیەشەوە ئەوە ئەرکێکە بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان، لەو پێناوەشدا بەشی پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆژانە ڕووبەڕووی مەرجی جۆراوجۆر دەبنەوە.[1]

لە ئەنجامی ئەم باسەدا دەگەینە ئەوەی کە بەڕێوەبردنی میدیا لە گرنگترین ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکانە لە دامەزراوەدا و ئەمەش بەڕێوەبردنی وێنە و زانیارییەکانی تێدەکەوێت، پێویستە کارمەندی پەیوەندی گشتی بە هەستیارییەوە مامەڵە لەگەڵ وێنە و زانیارییدا بکات و پێکەوە بیانگونجێنێت.

**٢- بەڕێوەبردنی دۆز / کێشە** (Issue Management)

دۆز بریتییە لە خاڵی ناکۆکی نێوان دامەزراوە و جەماوەر کە پێویستییان بە بەڕێوەبردن هەیە، لە ساڵی (١٩٧٥) وە بەڕێوەبردنی دۆز بووە بە زاراوەیەکی سەرەکی بواری پەیوەندییە گشتییەکان.[2]

بەڕێوەبردنی دۆز بە کرۆك و جەوهەری ستراتیجیی کاری پەیوەندییە گشتییەکان دادەنرێت و بەشێك لە توێژەران وەکو بەڕێوەبەرایەتییەکی ڕاوێژکاریی پەیوەندییە گشتییەکان گوزارشتی لێ دەکەن، بە گشتی دەتوانین بڵێین، بەڕێوەبردنی دۆز (بریتییە لە کارامەیی بۆ تێگەیشتن، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی کۆی ئەرك و سیاسەتەکانی دامەزراوە، کاروباری گشتی و پەیوەندییە گشتییەکان و ئاراستەکردنیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان).[3]

بەڕێوەبردنی دۆز یەکێکە لە ئەرك و چالاکییە سەرەکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان، ئەم بەڕێوەبردنە کە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بەڕێوەبردنی تەنگژەدا نیە هەڵدەستێت بە پێشکەشکردنی ڕاوێژ و پێشنیار بە بەڕێوەبەرایەتی باڵا، لە بەڕێوەبردنی دۆزدا کێشە نوێیەکان دەدۆزرێنەوە و کێشە کۆنەکانیش کە سەرهەڵدەدەنەوە دیسان دەدۆزرێنەوە، دەشێت کێشەکان پەیوەندیدار بن بە کەسێکەوە یان گرووپێکەوە یانیش بەڕێوەبەرایەتییەکەوە لە ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوە.[4]

پێناسە سەرەتاییەکانی (بەڕێوەبردنی دۆز) تاڕادەیەک سنووردارن، بەشێوەیەک کە پێشتر وەها پێناسە دەکرا (ئەو پرۆسەیەیە کە لە ڕێگایەوە دامەزراوەیەك بتوانێت دۆزە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان

---

[1] Zoran Tomić, Ivana Grbavac: Op.cit, P.88-90.

[2] Alison Theaker: op.cit, P.93,94.

[3] Botan, C. H, & Taylor, M: Public Relations- State of the Field, Journal of Communication, 54(4), 2004, P.654. https://onlinelibrary.wiley.com/doi/abs/10.1111/j.1460-2466.2004.tb02649.x

[4] فادي حسن عقيلان: **إدارة الأزمات والكوارث الطبيعية والغير طبيعية**، عمان، ٢٠١٥، دار المعتز للنشر والتوزيع، ص٥٥-٥٦.

دیاری بکات بەمەبەستی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەیان کە لەوانەیە کاریگەریی زۆری لەسەر دامەزراوە هەبێت).[١]

لە پێناسەیەکی تریشدا، (بەڕێوەبردنی دۆز بریتییە لە پرۆسەی دیاریکردنی کێشەکان و شیکارکردنیان، دیاریکردنی ئەرکە لەپێشینەکان و دەستنیشانکردنی هەڵبژاردە گرنگەکانی بەرنامەی کارە، جێبەجێکردنی کار و هەڵسەنگاندنی ئاستی چالاکییەکەیەتی).[٢]

پێناسەیەکی تر دەڵێت (بەڕێوەبردنی دۆز، کۆمەڵێک تاکتیکە کە بەکاردەهێنرێت بۆ کەمکردنەوەی بەربەستەکان و زیاترکردنی ڕادەی گونجاندن لەنیوان دامەزراوە و جەماوەر لە مەیدانی سیاسەتی گشتییدا)، هەندێکیش لە توێژەران بەڕێوەبردنی دۆز بە پلانی ستراتیجییەوە گرێ دەدەن.[٣]

لە پێناسەیەکی تریشدا، (بەڕێوەبردنی دۆز توانایە لە تێگەیشتن، بەدواداچوون، هەماهەنگیی و بەڕێوەبردنی تەواوی ئەرکە ستراتیجییەکان و هەموو ئەرکەکانی کاروباری گشتی و پەیوەندییە گشتییەکان، لەپێناو بەدیهێنانی یەك ئامانج و خوڵقاندنی سیاسەتێکی گشتی کە کاریگەر بێت لەسەر تاك و دامەزراوە).[٤]

لە پەیوەندییە گشتییەکاندا، بەڕێوەبردنی دۆز گرنگییدانە بە ئەو دۆز و کێشە و کەیسانەی کە لەلایەن کۆمەڵگە گرنگیان پێ دەدات و هاوکات کاریگەرییان لەسەر دامەزراوە هەیە،[٥] ئەو کاریگەرییانەش دەکرێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بن.[٦]

بەڕێوەبردنی دۆز هەروەها بەڕێوەبردنی تەنگژە یان قەیران دەگرێتەوە، (تەنگژە بریتییە لە بارێکی لەناکاو و چاوەڕواننەکراو یان زنجیرەڕووداوێکە و کاریگەریی ماددی و مەعنەوی لەسەر دامەزراوەیەك درووست دەکات).[٧]

تەنگژە ئەو ساتەیە کە تیایدا دامەزراوە ڕووبەڕووی مەترسیی دەبێتەوە، دەشێت مەترسییەکان لێکەوتەی زنجیرەکێشەیەکی بچووك بن و پەیان پێ نەبرابێت کە کاریگەریی نەرێنیی لەسەر دامەزراوەکە درووست دەکەن، لە کۆتاییشدا کۆدەبێتەوە و دەبێتە تەنگژە و کاریگەریی خراپ لەسەر دامەزراوە و ناوبانگی دەکات.[٨]

---

[1] Tony Jaques: "Towards a new terminology: Optimising the value of issue management", Journal of Communication Management, Vol. 7, 2003, P.140. https://www.emerald.com/insight/content/doi/10.1108/13632540310807359/full/html

[2] Alison Theaker: op.cit, P.93-94.

[3] Tony Jaques: Is issue management evolving or progressing towards extinction?, Public Communication Review, Vol.2, No.1, 2012, P.36. https://epress.lib.uts.edu.au/journals/index.php/pcr/article/view/2183

[٤] فریزربي سیتل: **مستقبل العلاقات العامة**، ت: سعد الحسني، فلسطین، دار الكتاب الجامعي، ٢٠٠٧، ص٢٦٢.

[٥] فؤاده البكري: **العلاقات العامة و تغيير ثقافة المنظمات**، القاهرة، عالم الكتب، ٢٠١٤، ص٣٩.

[٦] محمد جاسم الموسوي، عبداللطيف آل عبدالله: **إدارة العلاقات العامة في قطاع المنشآت السياحية**، عمان، مركز الكتاب الأكاديمي، ٢٠١٦، ص٦٦.

[7] Marleen Bakx: The role of Social Media in Crisis Communication from a Democratic Perspective, Unpublished Master Thesis in Public Administration, University of Twente, Netherlands, 2012, P.11. https://essay.utwente.nl/62391/1/MSc_M_Bakx.pdf

[٨] حمدي شعبان: **الاعلام الامني و ادارة الازمات و الكوارث**، الطبعة الثانية، القاهرة، الناشر: العربية المتحدة، ٢٠٠٥، ص ٩١.

بەڕێوەبردنی تەنگژە لە پەیوەندییە گشتییەکاندا لقێکی تاڕادەیەك نوێیە و دەکەوێتە بواری کارگێڕی و بەڕێوەبردن، کۆمەڵێك چالاکی تێدا ئەنجامدەدرێت و بەشێوەیەکی سەرەکییش کار دەکات هەتاوەکو دامەزراوەکە بە کەمترین زیان لە تەنگژەکەی ڕزگاری ببێت.[1]

بە ڕای توێژەر، بەڕێوەبردنی دۆز بریتییە لە ناسینی ژینگە و دیاریکراوە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها دۆزینەوەی گرفت و بەربەستەکان و پلەبەندکردنیان بەپێی قەبارەیان، لە کۆتاییدا نیشاندانی ڕێوشوێنی ڕووبەڕووبوونەوەیان و هەڵکردن لەگەڵ ژینگەکەدا، بەمشێوەیەش بەڕێوەبردنی دۆز پەیوەندییە گشتییەکان دەکاتە بەشێکی گرنگ و بەستراو بە سیاسەت و ستراتیجی دامەزراوەکانەوە.

ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەڕێوەبردنی دۆزدا بریتییە لە:[2]

١- یارمەتی دامەزراوە دەدات هەتاوەکو لەگەڵ ژینگە و گۆڕاوەکانییدا خۆی بگونجێنێت و هەڵبکات، دەشێت ئەو یارمەتییانە بەکاربهێنێت لە دەرکردنی بڕیارەکانیدا، یان دەستکارییان بکات بۆ ئەوەی بە ئامانج و مەبەستەکانی بگات، لە ئەنجامیشدا تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان جەماوەر و دامەزراوەدا درووستدەکات.

٢- یارمەتییدانی دامەزراوە بۆ ناسینەوەی ئارەزووی گشتی جەماوەر و دیارییکردنی ئاراستەی کارەکانی دامەزراوە، هەروەها نەخشەڕێگای کۆمۆنیکەیشنی دەرەکیی دامەزراوەکە لەگەڵ جەماوەری جۆراوجۆر دیاریی دەکات.

٣- دۆزینەوەی گۆڕاوەکانی ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و...هتد، وەڵامدانەوە و چارەسەری گونجاو بۆ ئەو گۆڕاوانە.

٤- دیارییکردنی چوارچێوەی دۆز و ئامادەکردنی پلانی بی- جێگیرەوە.
٥- گرتنەبەری ئەو ڕێگایانەی کە کەمترین تێچوویی بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکان پێویستە لە ڕووی (کات، دارایی)، دەستخستنە سەر مەترسییەکان و دیارییکردنی ئەگەرەکانی شکستیش ئەرکێکی تری ئەم بەشەیە.
توێژەر ڕای وایە کە بەڕێوەبردنی دۆز ڕەنگدانەوەی تەواوەتی کاری پەیوەندییە گشتییەکانە لە دامەزراوەدا، هەبوونی ئەم بەشە پێویستییەکی گرنگی دامەزراوە سیاسی و دیپلۆماسییەکانە، کونسوڵخانە بیانییەکان کە لە ناوچەیەکدا کاری دیپلۆماسیی دەکەن پێویستە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی و...هتد-ی ناوچەکە بناسنەوە، هەروەها ئاگاداری گۆڕانکارییەکانی بن و هەڵسەنگاندنیشی بۆ بکەن، هەموو ئەوانەش لە بەڕێوەبردنی دۆزدا دەناسرێنەوە.

---

[1] احمد العابد ابو السعيد، زهير عبداللطيف عابد: **ادارة العلاقات العامة وبرامجها**، عمان، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص٢٢٤.

[2] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- M. Rosie Jahng and others: Public relations practitioners’ management of fake news, Exploring key elements and acts of information authentication, Journal of Public Relations Review, 2020, P.2. https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/S0363811120300345?via%3Dihub
- Elizabeth Dougall: Issues Management, Institute for Public Relations Review, December 12, 2008. https://instituteforpr.org/issues-management/

## ٣- بەڕێوەبردنی ڕووداو (Event Management)

ڕووداو یان بۆنەکان لە بەشە گرنگەکانن لە چالاکیی پەیوەندییە گشتییەکاندا، لە میانەی ڕووداوەکاندا دامەزراوە دەتوانێت بە ئامانجە دیاریکراوەکانی بگات، گرنگی ڕووداوەکان لەوەدایە کە دامەزراوەکان سەرپشکن لە بەڕێوەبردن و ئەنجامدانیدا، بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بە شێوازێکی ڕێکخراو ڕووداوەکان بەڕێوەدەبەن و لە ڕێگایانەوە هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکان دەدەن.

ڕووداو یان بۆنەکان کەرەستەیەکی زیندووی چالاکی پەیوەندییە گشتییەکانن، گرنگیی یەکەمی بۆنە و ڕووداوەکان ئەوەیە کە بوار بۆ جەماوەر دەڕەخسێنێت کە ڕووبەڕوو یەکتر و هەروەها بەڕێوەبەران و کارمەندانی دامەزراوە ببینن، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی جەماوەر دڵسۆزییان بۆ دامەزراوە لەلا دروستببێت، پێویستیشە بۆنەکان ئامادەکاری پێویستیان بۆ کرابێت وەکو دابینکردنی پێداویستییە لۆجیستی و مرۆییەکان.[١]

پێناسەی ڕووداو/ بۆنەکان دەکرێت بەوەی کە (بریتییە لە بۆنەیەکی کاتیی و ئامانجداری ڕێکخراو کە لە دەرەوەی چوارچێوەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەدایە، لە میانی پێشکەشکردنی بۆنە و چالاکییەکان لە چوارچێوەیەکی ئاهەنگئامێزدا بەڕێوەدەبرێن).[٢]

ڕووداو (بریتییە لە هەر بۆنە و مەراسیمێکی ڕێکخراو، وەکو: کۆبوونەوە، ڕێککەوتن، پێشانگە، ئاهەنگەکان، ڕووداوە تایبەتی و کەسییەکان... هتد کە لە بۆشاییدا نامێننەوە بەڵکو جێگا دەگرن و بەر لایەنێك لە لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەکەون وەکو لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، ئابووری و ژینگەیی بێت).[٣]

لە پێناسەیەکی تردا، ڕووداو (بریتیە لە هەر کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی بۆ مەبەستێکی دیاریکراو)، بۆ نموونە ڕووداوەکانی دابەشکردنی خەڵات بە تاکەکەس یان گرووپ بە هۆکاری جیاواز، ڕێکخستنی کۆبوونەوەکانی بۆنەی بازرگانی و خستنەڕووی بەرهەم، کاتبەسەربردن و ڕووداوە وەرزشییەکان، نانخواردنەکانی بەیانی و ئێوارە، ڕووداوە تایبەتەکانی ئۆلۆمپیك).[٤]

کۆمەڵێک چالاکی و ڕووداو هەن کە بەکاردێن بۆ پشتیوانییکردنی هەوڵەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و دەکەونە چوارچێوەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ڕووداو، باوترینیان ئەمانەن: دیبەیت، وتاردان، کۆنفرانسی هەواڵیی، کۆنگرەی حزبیی، کۆبونەوەی کراوە بۆ هاوکاریکردنی کەمپەین، هەندێك جۆری تری ئەو ڕووداو (ئیڤنت)انە دەگرێتەوە وەکو ئێوارەخوان بۆ کۆکردنەوەی کۆمەك و بەخشینەکان، بۆ نموونە دیبەیتە سیاسییەکان لە ئەمریکا سەرنجێکی زۆری جەماوەری ئەمریکیی

---

1 Dennis L. Wilcox and Others: **Strategies and Tactics Public Relations**, US, Pearson Media company, Eleventh Edition, 2015, Chapter.16.

٢ هیثم عبد الرحمن أحمد: صناعة الأحداث الخاصة في العلاقات العامة وتعزيز سمعة المنظمة، بغداد، دار الكتب والوثائق الوطنية، مجلة آداب الفراهيدي، العدد (٣١)، أيلول ٢٠١٧، ص٤٣٤.
https://portal.arid.my/15087/Publications/Details/15962

3 Glenn Bowdin, and others: **Events Management**, 2nd edition, Routledge, New york, 2011, P.17, 33.

4 Laurence Carter: Event Planning, 2nd Edition، U.S, Authorhouse, 2007, P. Introducing to Event Planing.

بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە لە ڕووی ئەدەبیاتەوە و وردەکاری پشکنین لەسەری دەکرێت لەلایەن ناوەندە ئەکادیمی و پیشەییەکانەوە.[١]

دەکرێت ڕووداوەکان بەمشێوەیە پۆلێن بکەین:[٢]

| ئاهەنگە کلتوورییەکان | کار و بازرگانیی | هونەر و کاتبەسەربردن | پەروەردە و زانست |
|---|---|---|---|
| ڤیستیڤاڵ | چاوپێکەوتن | کۆنسێرت | کۆنفرانس |
| کەرنەڤاڵ | خستنەڕووی بەرهەم | نمایش | سیمینار |
| بۆنەی ئایینی | پێشانگا بازرگانییەکان | مەراسیمی دابەشکردنی خەڵات | چالاکییەکانی ڕاهێنان |
| سیاسەت | ڕووداوی تایبەت | ڕووداوەکانی کاتبەسەربردن | پێشبرکێی وەرزشیی |
| لوتکەی سیاسی (کۆبوونەوە) | ئاهەنگەکان | یاری (گەیم) | تاککەسیی / تیم (گرووپ) |
| مەراسیمە شاهانەکان | ئاهەنگەکانی هاوسەرگیریی | چالاکییەکانی دەرەوە (شاخەوانیی، ڕاکردن...هتد) | ئارەزوومەندان (هەموو کەس) / شارەزایان (پاڵەوانان) |
| سەردانە نێودەوڵەتییەکان | ڕێوڕەسمە خێزانییەکان | چالاکییە سەرکێشییەکان | ناوخۆیی، نێودەوڵەتیی |

بۆ ئەوەی ڕووداوەکان سەرکەوتوو بن و ئامانجەکان بەدەستبهێنن پێویستە ڕەچاوی هەندێك تایبەتمەندێتیی تێدا بکرێت، لەوانە:[٣]
١- پێویستە ڕووداوەکە بەهای هەواڵیی تێدا هەبێت و سەرنجی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ڕابکێشێت.

٢- پێویستە پەیوەستییەك لەنێوان دامەزراوە و ڕووداو و چالاکییەکەدا هەبێت، بۆ نمونە ئەو هەوڵانەی کە کۆمپانیاکانی جل و بەرگی فتنێسی ئافرەتان دەیدەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شێرپەنجەی مەمك، سەرکەوتوون.

٣- پێویستە ڕووداوەکە ڕێکخراو بێت و بە باشی پلانی بۆداڕێژرابێت، بۆ ئەوەی ئەزموونێك درووستبکات و لە یادەوەریشدا بمێنێتەوە.

٤- کات و شوێنی ڕووداوەکان گونجاوبن، پێویستە ڕووداوەکە گرژیی درووست نەکات و تێکهەڵچوون لەگەڵ ڕووداوە گەورەکاندا درووستنەکات.

چالاکییەکان لە بەڕێوەبردنی ڕووداودا دەکەونە چوارچێوەی بابەتەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، هەروەها بارودۆخی ژینگەی (سیاسی، ئابووری و تەکنۆلۆجی) لە وڵاتاندا کاریگەریی خۆیان هەیە لە گۆڕینی شێوە و پەیکەری ڕووداوەکان و ئەرکەکانیان، هەندێك کەیس و کێشەی جیهانیی وەکو بەرزبوونەوەی ئاستی کۆچکردن، گەشەی دانیشتووان، ترس لە تیرۆر، گۆڕانی کەش و هەوا کاریگەرییان دەبێت لە مومارەسە کردنی بەڕێوەبردنی ڕووداوەکان، بۆ نموونە شارە گەورەکان وەکو

---

[1] Spiro Kiousis, Jesper Strömbäck: Op.cit, P.258.
[2] Ruth Dowson, David Bassett: **Event Planning and Management**, 2nd edition, UK, Kogan Page Publisher, 2018, P.1-4.
[3] Robert L. Heath: **Encyclopedia of Public Relations**, 2nd Edition, London, Sage reference, 2013, P.320.

سیدنی و لەندەن و نیویۆرك ساڵانە ڤێستیڤاڵی نەتەوەکان و ئاهەنگە کلتوورییەکان کە تایبەتن بە کلتووری پەناهەندە یان کۆچبەرەکان بۆیە دەتوانین بڵێین ئەوانە شاری دەوڵەمەند بە ڕووداون، بەڵام مەرج نیە لە شار و ناوچەکانی تری وڵاتان هەمان مەراسیم و ئاهەنگ ڕێکبخرێن و بەڕیوە ببرێن، ئەوەش کاریگەریی ژینگەی ئەو شارانەیە کە لەسەر جۆرێتیی و چەندێتی ڕووداوە ڕێکخراوەکان هەیەتی.[١]

بە ڕای توێژەر، بەڕێوەبردنی ڕووداو چەند تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە، بەمشێوەیە:

١- بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لەم بوارەدا زیاتر دەستکراوەیە بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانیان، ئەم بەشە دەرگایەکی هەمیشە کراوەیە بۆ ئەوەی دامەزراوەکان لە ڕێگایانەوە تێکەڵ بە جەماوەر بن لە هەرکاتێکدا بیانەوێت دەتوانن بۆنەیەك ڕێکبخەن، بۆنەی کەسیی و تایبەت یان ساڵیاد و بۆنە گشتی و جەماوەرییەکان بێت، چونکە ڕووداوەکان زۆر و جۆراوجۆرن، ڕووداوە جێگیرەکان وەکو (چالاکییە فەرمییەکان، بۆنە و یادەکان)، ڕووداوەکانی کاتبەسەربردن و ناجێگیرەکان وەکو (خولی تۆپی پێ و یارییە جۆراوجۆرەکان، چالاکییەکانی کاتبەسەربردن).

٢- لەم بەڕێوەبردنەدا پەیوەندیگشتییکار دەتوانێت بە تەواوەتیی تێکەڵ بە جەماوەرەکەی ببێت و جیاوازیشیان لەنێواندا درووستبکات.

٣- دەکرێت ئەم بەشە بەشداربێت لە کەمکردنەوەی کاریگەریی تەنگەژەکانی سەر دامەزراوە، سەکۆیەکی گرنگیش بێت بۆ وەڵامدانەوەی ڕکابەرەکان.

## ٤- **بەڕێوەبردنی کۆمۆنیکەیشن** (Communication Management)

کۆمۆنیکەیشن (بریتییە لە پرۆسەی ناردنی پەیام لە (نێرەر) ەوە بۆ جەماوەر (وەرگر) لە ڕێگای ئامرازی گونجاو و هێما و ئاماژەی شیاو، شێوازێکە مانای ڕێکخستن و ڕیزکردنی وشە و بیرۆکە دەگەیەنێت و لە شوێنی گونجاودا ئەنجامدەدرێن).[٢]

لە پێناسەیەکی تردا (کۆمۆنیکەیشن بریتییە لە پرۆسەی ناردنی پەیام و وەرگرتنەوەی وەڵام (فیدباك)، گواستنەوەی زانیارییە لە کەسێك یان چەند کەسێکەوە بۆ کەسێك یان چەند کەسێکی تر)، (هارۆڵد لاسویڵ- Harold Lasswell)، دەڵێت پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن بریتییە لە: (کێ چی دەڵێت؟ بە کام ئامراز-کەناڵ؟ بە کامە کاریگەریی؟)، کەواتە لە کۆمۆنیکەیشندا نێرەر، پەیام، کەناڵ و وەرگر پێویستە هەبن، کۆمۆنیکەیش بنەما و کلیلی هەموو چالاکییەکە، ناتوانرێت چالاکییەکی کاریگەر ئەنجامبدرێت بە بێ ئەوەی بزانرێت کۆمۆنیکەیشنێکی سەرکەوتوو ئەنجامبدرێت.[٣]

کۆمۆنیکەیشن (پرۆسەیەکی ئامانجدارە بۆ گواستنەوە و ئاڵوگۆڕپێکردنی زانیاریی لەنێوان لایەنە ناوخۆیی و دەرەکییەکاندا بە بەکارهێنانی هۆکار و ئامرازی دیاریکراو لە میانی بارودۆخێکدا کە

---

[1] Nicole Ferdinand, Paul J. Kitchin: **Events Management an International Approach**, 2nd Edition, New York, SAGES Publications, 2016, (Part 1, section 4, Without a P. number).

[٢] محمد ولید صالح: **محتوى الاتصال في العلاقات العامة النوعية**، عمان، دار امجد للنشر والتوزيع، ٢٠١٧، ص١٥.

[3] Beatriz Peña-Acuña and Others: **Digital Communication Management**, London, Published by intechOpen, 2018, P.24.

هەمووان کۆ بکاتەوە و کارلێککردن (بەریەککەوتن) ڕوودات، هەروەها تێگەیشتنی دوولایەنە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکان)،[١]

کۆمۆنیکەیشنی دیجیتاڵیی، لە ڕێگای (ماڵپەرەکان، ئیمەیل، گرووپەکانی گفتووگۆ و چاتکردن لە ڕێگای تۆڕەکانەوە، ڕۆژنامە و گۆڤارە ئەلیکترۆنییەکان... کۆمەڵێك لە ئامرازێکی پشتبەستوو بە ئینتەرنێت) ئەنجامدەدرێت، لێرەدا زانیاری و هەواڵەکان بە خێراییەکی زۆر دەگواسترێنەوە، گفتووگۆ و بەریەککەوتن لەگەڵ سەرچاوەکانی پەیامدا ڕوودەدات، ئەم جۆرە کۆمۆنیکەیشنەش لەنێوان ئەم دەستە و گرووپانەدا ڕوودەدات (لە کارمەندەوە بۆ بەکارهێنەر، لە بەکارهێنەرەوە بۆ کارمەند، لە بەکارهێنەرەوە بۆ بەکارهێنەر، لە حکوومەتەوە بۆ حکوومەت، لە حکوومەتەوە بۆ کارمەندان، لە حکوومەتەوە بۆ هاونیشتیمانیان).[٢]

بەڕێوەبردنی کۆمۆنیکەیشنی دیجیتاڵیی پرۆسەی نێوان دامەزراوە و جەماوەرە کە لە میانی بەگەڕخراوەکانی ئینتەرنێت دەستەبەر دەبێت،[٣] هەروەها کردنەوەی کەناڵەکانی کۆمۆنیکەیشن لەنێوان دامەزراوە و جەماوەردا یەکەم ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکانە.[٤]

بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە میانی کۆمۆنیکەیشندا کۆمەڵێك ئەرك ئەنجامدەدات، لەوانە:[٥]

١- میدیا: خۆی دەبینێتەوە لە ئامادەکردنی زانیاری ڕاست و درووست و بڵاوکردنەوەیان لە کاتی پێویستدا دەبینێتەوە.

٢- ڕێکوپێکی لە کاردا (زەبت و ڕەبت- دیسپلین) : کۆمەڵێك ڕێسای وەکو ڕێکخستن، چاودێری و هەماهەنگی، ڕێنمایی و بڕیارەکان، ئاگادارکردنەوە و بڵاوکراوە خولییەکان، لەلایەك لەناوخۆی دامەزراوە و لەلایەکی تر لەگەڵ دەرەوەی دامەزراوەدا.

٣- قایلکردن: پێویستە دامەزراوەکان ئازادی ڕادەربڕین بە کارمەندەکان بدەن و ڕێگا بدەن ڕای خۆیان دەرببڕن، کۆمۆنیکەیشنیان لەگەڵدا ئەنجامبدەن و هەوڵی قایلکردنیان بدرێت نەوەك سەپاندنی بڕیار بەسەریاندا.

٤- درووستکردنی هەستی هەماهەنگیی: درووستکردنی ڕۆحییەتی هەماهەنگی و یەکبوون لەنێوان کارمەنداندا لە بەرژەوەندی دامەزراوە).

## سێیەم: ستراتیجەکانی کۆمۆنیکەیشن لە پەیوەندییە گشتییەکاندا

پەیوەندییە گشتییەکان کۆمەڵێك ستراتیجیاتی زانستی و پراکتیکی هەیە کە لەڕێگایانەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخی جیاواز و جەماوەری جیاوازدا دەکات، ئەمەش لە پێناو ئەوەی کە پەیامە بڵاوکراوەکانی کاریگەریی درووستبکەن و ئامانجەکان بەدیبهێنن.

---

[١] فراس اسماعيل خميس: دور العلاقات العامة في المؤسسات الحكومية- وزارة التعليم العالي والبحث العلمي انموذجا، مجلة اداب المستنصرية، العدد(٧٦)، ٢٠١٦، ص٤٠١. https://search.emarefa.net/detail/BIM-874114

[٢] محمد منير حجاب: **الاتصال الفعال في العلاقات العامة**، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧، ص٤٣.

[3] Yi-Hui Christine Huang and Others: Does research on digital public relations indicate a paradigm shift? An analysis and critique of recent trends, Elsevier Journal, 10 August 2016, P.3. https://tarjomefa.com/wp-content/uploads/2018/01/TarjomeFa-F407-English.pdf

[٤] حسين محمود هتيمي: **العلاقات العامة وشبكات التواصل الإجتماعي**، عمان، دار الاسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٥، ص١٦.

[٥] محمد منير حجاب: سەرچاوەی پێشوو، ل٣١.

ستراتیجییەتی کۆمۆنیکەیشن لە پەیوەندییە گشتییەکاندا وەها پێناسە دەکرێت (هەڵبژاردنە لەنێوان ڕێگا و شێوازە جیاوازەکانی کۆمۆنیکەیشن بەمەبەستی نیشاندانی پەیامەکانی دامەزراوە و کاریگەرییکردنە سەر جەماوەر) ستراتیجەکان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەکەنە سەر تایبەتمەندییە زەینییەکانی (هەڵوێست، باوەڕ، نەریت) ی تاکەکەس، ئەم کاریگەرییانەش لە ڕێگای کاریگەریی هزریی-مەنتیقی، هەست و سۆزییەوە تاك ئاراستە دەکات بۆ ئەوەی ڕەوشت و ڕەفتاری بگۆڕێت، پێویستە ستراتیجەکە پەیوەست بێت بە ئەو بابەتانەوە کە لە ژینگەی کارکردنەکەدا گرنگن و پەیوەستن بە ژیانی جەماوەرەوە، هەروەها بەشێوازێکی ڕوون و ڕەوان بخرێنەڕوو بەشێوەیەك هەموو جەماوەر لێی تێبگەن، کاتێکیش کاریگەریی ئەم ستراتیجانە دەردەکەوێت کە بەردەوامییان هەبێت، هەروەها پێویستە ئامرازی کۆمۆنیکەیشنەکە لەگەڵ جۆری بابەتەکەدا بگونجێت،[١] بەمشێوەیە دەتوانین بڵێین ستراتیجەکانی کۆمۆنیکەیشن لە پەیوەندییە گشتییەکاندا ڕاگرتنی هاوسەنگییە لەنێوان پلاندانان و جێبەجێکردن لە بڵاوکردنەوەدا، لەسەر بنەمای جۆری بابەتەکان ستراتیجەکانی کۆمۆنیکەیشن هەڵدەبژێردرێن بۆ ئەوەی بتوانێت ئامانجەکان بەدەستبهێنێت کە خۆی لە سەرنجڕاکێشان و کارلێککردن لەگەڵ جەماوەردا دەبینێتەوە.

ستراتیجەکانی کۆمۆنیکەیشن لە پەیوەندییە گشتییەکاندا بەشێوەیەکی گشتی پۆلێن کراوە بەسەر چوار جۆردا کە بریتیین لە:[٢]

١- **ستراتیجییەتی قایلکردن:** قایلکردن (هەوڵێکی مەبەستدارە بۆ درووستکردنی کاریگەریی و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی جەماوەر لە میانی پەیامێکدا) پرۆسەی درووستکردنی ئارەزووە لەلای جەماوەر بەرەو کار و چالاکییەکانی دامەزراوەکە، ئەم پرۆسەیەش لەسەر بنەمای (ژیربێژیی/ لۆجیك، هزر و زانیاریی ڕاست) درووستدەبێت، قایلکردن لەسەر سێ پایە دەوەستێت کە بریتیین لە (نێرەر، وەرگر، ناوەڕۆکی بابەت)، گرنگیشە پەیامەکە ڕاستگۆیی تێدابێت و سەرنجڕاکێش بێت، پەیوەندیگشتییکاران ئەم ستراتیجییەتە بەکاردەهێنن بۆ برەودان بە بەرنامە و کاری دامەزراوە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی جەماوەر، گرنگترین بەش لە ستراتیجییەتی قایلکردندا بریتییە لە پەیام، پێویستە پەیام: پەیوەندی بە لایەنێك یان لایەنەکانی ژیانی جەماوەرەوە هەبێت، ڕوون و سادە بێت، دووربێت لە وشە و دەستەواژەی هونەریی و ئاڵۆز کە زیاتر لە مانایەك هەڵبگرێت، هەروەها پلەبەندی و پەیوەستیی تێدابێت بە جۆرێك کە بەشەکانی پەیامەکە پەیوەستییان لەگەڵ یەکتردا هەبێت و بۆشایی لە هزری وەرگردا جێنەهێڵن، ئەگەر پەیامەکان بەڵگەیان لەگەڵدا بێت ئەوا کاریگەرتر دەبن بەمشێوەیەش گومان لەلای وەرگر نەهێڵنەوە.

---

[١] دحدوح منية: محاضرات مادة الاتصال في المؤسسة، قسم علوم الإعلام والاتصال، كلية العلوم الإنسانية والاجتماعية، جامعة ٨ ماي ١٩٤٥، الجزائر، ٢٠١٦، ص٧٦-٧٨. https://bit.ly/2OnmazG

[٢] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- علي فرجاني: **العلاقات العامة واستراتيجيات الاتصال**، عمان، دار امجد للنشر والتوزيع، ٢٠١٨، ص٧٥-٧٩.
- منى بنت سليمان بن عبدالله الزدجالية: الاستراتيجيات الاتصالية للعلاقات العامة عبر المواقع الإلكترونية في الوحدات الحكومية بسلطنة عمان، مجلة الآداب والعلوم الاجتماعية، العدد(٦)، المجلد(٢)، ٢٠١٤، ص٧٦. https://maqsurah.com/home/item_detail/57690
- باقر موسى جاسم: استراتيجيات العلاقات العامة الدولية في بناء الصورة الذهنية للسياسة الخارجية- وزارة الخارجية العراقية انموذجا، مجلة آداب، المجلد ٧١، ٢٠١٥، ص١١،١٠. https://search.emarefa.net/detail/BIM-875380

لەم ستراتیجەدا نێرەر یان ئامادەکاری پەیام هەوڵدەدات گۆشەنیگای جەماوەری نێودەوڵەتی لەبارەی دۆزێك یان بابەتێکی دیاریکراو بگۆڕێت و کار بکاتە سەر ڕەفتاریان، ئەوەش لە ڕێگای هێما و ڕەمز و پەسن و گواستنەوەی بیروبۆچوونەکانەوە، بەمەبەستی کاریگەرییکردنە سەر سۆز و هەستی جەماوەر و بزواندنی هزر و سۆزیان بە پەیامی بەڵگەدار، لەم ستراتیجەدا دەکرێت وەڵامی پرسیارەکانی جەماوەر بدرێتەوە و گومانەکانیان بڕەوێنرێتەوە، مەبەست لە پەیامی بەڵگەدار بەکارهێنانی بەڵگەی ڤیدیۆیی، وێنەیی، دۆکیۆمێنت و بەڵگەی پەیوەست بە ڕووداوەکەوەیە کە دەخرێتە پێشچاوی وەرگر و جەماوەر.

٢- **ستراتیجییەتی ڕاگەیاندن (بڵاوکردنەوە)** : لەم ستراتیجەدا کۆمۆنیکەیشن یەك ئاراستەیە، ناوەڕۆکی پەیامی دامەزراوە تەنها هەڵگری گۆشەنیگای دامەزراوەکە خۆیەتی و مانا و ئاماژەکانی پەیامی ئەو هەڵدەگرن، لە پەیامەکەشدا هەوڵدەدرێت کاریگەریی بکرێتە سەر ڕای جەماوەر و پرۆسەی بڕیارسازییان بەشێوەیەکی یەکلایەنە و بە بێ چاوەڕێکردنی فیدباکی جەماوەر و بەهەند وەرگرتنی وەڵامەکانیان، لە نموونەی ئەم ستراتیجە بڵاوکراوە میدیاییەکانی دامەزراوەیە کە تەنها پابەستە بە مەرام و بەرژەوەندییەکانی دامەزراوە و گرنگیی نادات بە چاوەڕوانی و ڕای جەماوەر.

٣- **ستراتیجییەتی پێکهێنانی کۆڕایی (کۆدەنگیی)** : ئەم ستراتیجە جەخت دەکاتەوە لە کۆمۆنیکەیشنی دوو لایەنە و نیشاندانی گۆشەنیگای دامەزراوە لە ناوەڕۆکی پەیامی کۆمۆنیشکەیشندا، بەکاردەهێنرێت بۆ درووستکردنی پەیوەندی ستراتیجیی لەنێوان دامەزراوە و ژینگەی دەرەوەیدا لە لایەکەوە و درووستکردنی پەیوەندی لەنێوان دامەزراوە و کارمەندەکانیدا لە لایەکی ترەوە، پەیام لە دامەزراوەکەوە بۆ جەماوەر و بە پێچەوانەشەوە دەگەیەنێت.

ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی لە ئەو بارانەدا بەکاردەهێنرێت کە ڕووبەڕووبوونەوە و دژییەکی هەیە لەنێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکان و لایەنە جۆراوجۆرەکاندا، لەم کاتەدا ئەم ستراتیجە بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی کۆڕاییەك لەنێوان ئەو دەنگ و تێڕوانینە جیاوازانەدا درووستبکرێت، لەم ستراتیجەدا ڕای جەماوەر وەردەگیرێت و دەخرێتە دۆخی بڕیاردان و بەشدارییکردنەوە.

٤- **ستراتیجییەتی گفتووگۆ (دیالۆگ)**: جەخت دەکاتەوە لە کۆمۆنیکەیشنی دوولایەنە و ناوەڕۆکی پەیامی کۆمۆنیکەیشن بە لەخۆگرتنی گۆشەنیگای دامەزراوە و جەماوەر لە یەك کاتدا، پەیامەکانی ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی هەردوولایە، لەم ستراتیجەدا جەماوەر شوێنێکی گرنگی لە سیاسەتی دامەزراوەدا هەیە، جەماوەر لێرەدا بەشداریی پێ دەکرێت لە پرۆسەی بڕیارسازی دامەزراوەکەدا، ڕۆڵی جەماوەر لەبەرچاو دەگیرێت لە کارنامەی دامەزراوەدا.

لە زۆر باردا ستراتیجی گفتووگۆ بۆ ئەو بابەت و کێشانە بەکاردەهێنرێت کە جێگای مشتومڕن یان گفتووگۆن لەسەر بابەتێکی ناڕوون و تیایدا بیروبۆچوون و زانیارییەکان دەگۆڕدرێنەوە بە ئامانجی گەیشتن بە ڕێگاچارەیەکی گونجاو، هەندێکجار لەبارەی کێشە و تەنگژەیەکی چاوەڕوانکراو ستراتیجی گفتووگۆ بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی دیاریی بکرێن.

ستراتیجییەتی گفتووگۆ لە باوترین و گرنگترین ستراتیجەکانی نێو پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنێکی سەرکەوتوو و کاری پەیوەندییە گشتییەکانە، لەم ستراتیجەدا گرنگی بە ڕای جەماوەر و کاردانەوەیان دەدرێت لەپێناو درووستکردنی کەشێکی گفتووگۆئامێز و ئاڵوگۆڕی ڕادا، بەشێوەیەك لە کۆتاییدا بچێتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەوە بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانی جەماوەر.

# باسی دووەم: بایەخی پەیوەندییە گشتییەکان لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا

## یەکەم: چەمک و پێناسەی دیپلۆماسییەتی گشتی

## دووەم: تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی

## سێیەم: ڕێگاکانی بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی

## باسی دووەم: بایەخی پەیوەندییە گشتییەکان لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا

### یەکەم: چەمک و پێناسەی دیپلۆماسییەتی گشتی

وشەی (دیپلۆماسییەت) لە بنەڕەتدا یۆنانییە، دەرهاویشتەی (Diploma) یە و بە مانای ئەو بەڵگە و دۆکیۆمێنتانە دێت کە دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا و سیاسەتمەداران دەریانکردوون، ڕۆمانەکان لە سەردەمی خۆیاندا بە نوسراو و بەڵگە قەدکراوەکانیان وتووە دیپلۆما،[1] ئەم چەمکە مێژوویەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ ٢٨٥٠ ساڵ پ.ز.[2]

لە ئەمڕۆدا، دیپلۆماسییەت بوارێکی بنچینەییە لە بەڕێوەبردنی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا لەنێوان تەواوی وڵاتانی جیهاندا، هەروەها بوارێکی ئاشتیخوازانەیە بۆ یەکلاکردنەوەی گرفت و تەنگژەکانی نێوان وڵاتان و یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی بەجێهێنانی سیاسەتی دەرەکیی*.[3]

لە یۆنانی کۆندا وشەی (دیپلۆماسی) بۆ گەورەپیاوانی دانا و ژیر بەکارهاتووە، دوای ئەوەش لە فەرەنسییدا بۆ گوزارشت کردن لە گفتوگۆ و دانوستان بەکارهاتووە، دیپلۆماسییەت (کۆمەڵێك ڕێسا و بەدواداچوون و مەراسیمە کە لە چوارچێوەی خۆیدا پەیوەندی لەنێوان وڵاتان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماتکاراندا ڕێکدەخات، ئەوەش بە ئامانجی خزمەتکردنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئاسایش و ئابووری و سیاسەتی گشتی).[4]

ئەم چەمکە لە زمان و ئەدەبیاتی یۆنانییەوە بەرەو لاتینی، دواتریش زمانە ئەورووپییەکان و پاشانیش بۆ عەرەبیی گواستراوەتەوە، هەندێك دەڵێن یەکەم بەکارهێنانی وشەی Diplomacy لە زمانی ئینگلیزییدا لە ساڵی ١٦٤٥ و هەندێکی تر پێیان وایە لە ساڵی ١٧٩٦ بووە، لە کۆندا وشەی لاتینی Dipliorae بەکاربراوە و مەبەستیان لە پیاوی ڕیاکار و دووڕوو بووە، بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکاری لە مانای وشەکەدا ڕوویداوە و بووە بە دیپلۆماسی.[5]

دیپلۆماسییەت هونەر و زانستە، هونەرە، چونکە پێویستی بە هونەر هەیە لە بەڕێوەبردنی کاروباری نێودەوڵەتییدا، زانستە، چونکە پێویستیی بە ڕۆشنبیری و زانینی یاسایی و سیاسی هەیە لە وڵاتانی جیاوازدا، هەروەها پێویستی بە ناسینەوەی بەرژەوەندییەکان، زانینی داب و نەریت و مێژوو و

---

[1] عبدالفتاح على الرشدان و محمد خليل الموسى: **أصول العلاقات الدبلوماسية والقنصلية**، عمان، المركز العلمي للدراسات السياسية، ٢٠٠٥، ص١٥.

[2] حسيب الباس حديد: **الترجمة الدبلوماسية**، بغداد، بيت الحكمة، ٢٠١٤، ص٣٠.

* سیاسەتی دەرەکیی (Foreign Policy) : زنجیرە کردەیەکی پلانبۆدارێژراوی کاربەدەستانی حکوومەتە بۆ دەستڕاگەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو لە چوارچێوەی بەرژەوەندی نیشتیمانی و لە ئاستی نێودەوڵەتییدا، ئەم سیاسەتە، سیاسەتی دەرەوە لەژێر کاریگەریی سیاسەتی ناوخۆی وڵاتدایە، بەپێی پێناسەی مۆدێرن: سیاسەتی دەرەکیی هاوتەریب و جمکی "دەوڵەتی نیشتیمانییە"، مێژووی سیاسەتی دەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەمین پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، بەڵام بە پێناسەی ئەمڕۆ "لە دوای سەرهەڵدانی دەوڵەتانی ئەورووپا لە سەدەی ١٧ دا هاتۆتە ئاراوە. لە شۆڕشی فەرەنسا بەدواوە کە ناسیۆنالیزم بەرەبەرە هەموو توخمەکانی دەسەڵات و دەوڵەتە نەتەوەییەکانی پێکەوە گرێدا، سیاسەتی دەرەوەش وردە وردە کەوتە ژێر کاریگەریی هەستی نەتەوایەتی، لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ دا خەڵك زیاتر باوەڕی بە سیاسەتی دەرەوە کرد.

[3] مسلم طاهر حسون الحسيني: **حماية مقر البعثة الدبلوماسية في القانون الدولي**، القاهرة، المركز العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٩، ص١١.

[4] السيد أبوعيطة: **الدبلوماسية في زمن الرقمية**، الاسكندرية، دار الفكر الجامعي، ٢٠١٩، ص١٩.

[5] على حسين الشامي: **الدبلوماسية- نشأتها وتطورها وقواعدها**، الطبعة الثالثة، عمان، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧، ص٣٢.

پەیماننامەکان هەیە، دیپلۆماسییەت (بریتییە لە زانستی پەیوەندییەکان و هونەری دانوستان و سەرکردایەتییکردن کە شوێن مەرجەکانی دانوستانی سیاسی دەکەوێت).[١]

دیپلۆماسییەت (ئامرازی چارەسەرکردنی گرفتە نێودەوڵەتییەکانە بە ڕێگای ئاشتییانە)، هەندێکجار لەم مەیدانەدا هونەر لە زانست زاڵترە، بەو مانایەی دیپلۆماتکاران زیاتر پێویستیان بە زانینی هونەری مامەڵەکردنە.[٢]

پێناسەیەکی تر دەڵێت، (لە پەیوەندی بە سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، دیپلۆماسییەت بریتییە لە هونەری پێشکەشکردنی بەرژەوەندییەکانی وڵات لەنێو بەرژەوەندییەکانی ئەوانی تردا).[٣]

دیپلۆماسییەت بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش دەبێت، بەپێی ئەو پۆلێنانەی کراون، جۆرەکانی بریتین لە:[٤]

أ- بەپێی لایەنەکانی بەشداربوو تیایدا (دیپلۆماسییەتی دووانی، دیپلۆماسییەتی فرەلایەن).

ب- ئەو جۆرانەی کە بەپێی بابەتەکانیان پۆلێن کراون بریتین لە (دیپلۆماسییەتی تەنگژەکان، دیپلۆماسییەتی کلتووریی، دیپلۆماسییەتی ئابووری، دیپلۆماسییەتی هاوپەیمانییەکان، دیپلۆماسییەتی خۆپارێزیی).

ج- جۆرەکانی تر کە بەپێی شێواز جیا دەکرێنەوە بریتین لە (دیپلۆماسییەتی کلاسیکی، دیپلۆماسییەتی پەرلەمانی).

د- دوو جۆری تر کە تێیدا کات لەبەرچاو گیراوە بریتین لە (دیپلۆماسییەتی لەسەرخۆ، دیپلۆماسییەتی خێرا).

هـ- جۆرەکانی تر کە بەپێی لایەنی ئەنجامدەر پۆلێن کراون بریتین لە (دیپلۆماسییەتی نێردراوەکان، دیپلۆماسییەتی لوتکە، دیپلۆماسییەتی گشتی).

دیپلۆماسییەتی دووانی: لە ڕێگای خۆگونجاندن و داب و نەریتەوە وڵاتەکان پەیوەندی خۆیان لەگەڵ هەر وڵاتێك بە جیا پەرەپێدەدەن، ئەم پرۆسەیەش کە وەزارەتەکانی دەرەوە جێبەجێی دەکەن پێی دەوترێت دیپلۆماسییەتی دوولایەنە و خزمەت بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی نێوان دوو وڵات دەکات، دەشێت چالاکییەکانی ئەم دیپلۆماسییەتە درێژبێتەوە بۆ نێوان تاك و لایەنە نافەرمییەکانی وڵاتانیش، هەر لەم چوارچێوەیەدا وڵاتان هەڵدەستن بە ئاڵوگۆڕی کلتوور، گەشتوگوزار، تەکنۆلۆجیا و زانست.[٥]

دیپلۆماسییەتی فرەلایەن: ئەم جۆرە لەنێوان چەند وڵاتێکدا ڕوودەدات لەپێناو بەرژەوەندییەکی هاوبەش،[٦] هەروەکو ئەو دیپلۆماسییەتە فرەجەمسەرییەی کە لەنێوان ئەمریکا، وڵاتانی ئەورووپا، چین

---

[١] على حسين الشامي: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٤-٣٥.

[٢] صاحب السمو الملكي سعود الفيصل: **العلاقات الدبلوماسية والقنصلية**، الرياض، العبيكان للنشر والتوزيع، ٢٠١٨، ص٧٦.

[٣] محمد عبدالكريم حسن عزيز: **مبادئ القانون الدبلوماسي**، مصر، مركز الدراسات العربية للنشر والتوزيع، ٢٠١٧، ص٤٧.

[٤] عدنان عبدالله رشيد: **دور الدبلوماسية المعاصرة في تعزيز العلاقة بين القانون الدولي العام والقانون الدستوري**، دراسة تحليلية مقارنة، لقاهرة، المركز العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٧، ص٤١.

[5] Kishan S Rana: **Bilateral Diplomacy, Diplo- Policy Papers and Briefs**, 2020, P.2. https://www.researchgate.net/publication/345308779_BILATERAL_DIPLOMACY_A_PRACTITIONER_PERSPECTIVE

[٦] عدنان عبدالله رشيد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤١.

و یابان هاتەکایەوە لەبارەی زەمەنی دوای جەنگی سارد، مەبەستی سەرەکییان سەرخستنی سیستەم و دادپەروەری بووە.[١]

دیپلۆماسییەتی تەنگەژەکان: ئەو هەوڵانەیە کە وڵاتە گەورە و بەهێزەکان دەیدەن لەپێناو چارەسەری بەڕێوەبردنی تەنگەژە و قەیرانە نێودەوڵەتییەکان.[٢]

دیپلۆماسییەتی کلتووریی: هەوڵێکە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی گشتیی جەماوەر بۆ کلتوور و داب و نەریتی وڵاتی خاوەن دیپلۆماسییەت، هەتا لە ڕێگایەوە تێڕوانین و ڕەفتاری ئەرێنیی لە لای وڵاتانی تر درووستبکات لەبارەی وڵاتی خاوەن دیپلۆماسییەتەوە.[٣]

دیپلۆماسییەتی ئابووری: بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکیی دیپلۆماسیی پەیوەندییدار بە چالاکیی ئابوورییەوە لە دەرەوەی سنووری وڵات، وەك (هەناردەکردن، هاوردەکردن، وەبەرهێنان، قەرزکردن، یارمەتییدانی ئابووری، کۆچکردن...هتد) کە نوێنەرانی فەرمی و نافەرمی ئەنجامیدەدەن.[٤]

دیپلۆماسییەتی هاوپەیمانییەکان: کاتێك دوو وڵات یان زیاتر پەیماننامەی هاوپەیمانبوون واژۆ دەکەن، پاشان هەوڵە دیپلۆماسییەکانیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراو و هاوبەشەکانیان دەخەنەگەڕ ئەوا بە دیپلۆماسییەتی هاوپەیمانەکان ناودەبرێت.[٥]

دیپلۆماسییەتی خۆپارێزی: کردەیەکی بنیاتنەرانەیە، ڕووبەڕووی هێرش و هەڕەشە شاراوەکان دەبێتەوە کە ئەگەری ڕوودانیان هەیە لەنێوان ئەو لایەنانەی کە ناکۆکی سیاسییان هەیە، دیپلۆماسییەتێکی پلانبۆدانراوە و حکوومەتەکان لەپێش ڕووداو یان کاتی ڕووداوەکاندا بەکاریدەهێنن، دەکرێت ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی شارستانیش بەشێك بن لە جێبەجێکارانی ئەم دیپلۆماسییەتە، ئامانجی ئەوەیە ناوچەیەکی ئارام درووست بکات.[٦]

دیپلۆماسییەتی نەریتیی (کلاسیك) : ئەم دیپلۆماسییەتە داخراوە و لە پشتی درگا داخراوەکانەوە ئەنجامدەدرێت، نهێنییئامێزە و لە دەرەنجامەکانیدا تەنها کۆمەڵێك زانیاریی دیاریکراوی لەبارەوە بڵاودەکرێتەوە، ئەم جۆرە قۆناغەکانی یەکەم و دووەمی مێژووی دیپلۆماسییەت دەگرێتەوە، لە قۆناغی یەکەمدا کە بە دیپلۆماسییەتی کۆن ناودەبرێت و لە شارستانییەتەکانی وادی نیل، وادی رافیدەین، فارس، هندی کۆن، ڕۆمانی و یۆنانییەکان پەیڕەو کراوە، قۆناغی دووەمی کە بە دیپلۆماسییەتی نوێ ناودەبرێت لە سەدەی پانزەهەمەوە دەستپێدەکات هەتا یەکەمین جەنگی جیهانیی.[٧]

---

[١] جوني عاصي: **الأمم المتحدة وأزمة الدبلوماسية المتعددة الأطراف**، فلسطين، معهد ابراهيم أبو لغد للدراسات الدولية، ٢٠٠٤، ص٣٤.

[٢] عدنان عبداللە رشيد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

[٣] عدنان عبداللە رشيد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

[٤] عبد الحميد مشري: الدبلوماسية الإقتصادية في عصر العولمة، رسالة ماجستير غير منشورة، في العلوم السياسة والعلاقات الدولية، جامعة الجزائر، كلية العلوم السياسة والعلاقات الدولية، ٢٠١٠، ص١١.
http://193.194.83.98/jspui/bitstream/1635/10716/1/MECHERI_ABDELHAMID.pdf

[٥] عدنان عبداللە رشيد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

[٦] سامي إبراهيم الخزندار: المنع الوقائي للصراعات الأهلية والدولية- إطار نظري "، المجلة العربية للعلوم السياسية ، مركز دراسات الوحدة العربية، العدد ٣٢، بيروت، خريف ٢٠١١، ص٣٠.
https://www.arabsfordemocracy.org/library-of-democracy/studies-and-research/item/226-2014-06-23-13-12-51

[٧] ضمير عبدالرزاق محمود: الإطار النظرية للدبلوماسية الشعبية الجديدة المفهوم والمفاهيم المقاربة، مجلة تكريت للعلوم السياسية، المجلد٣، العدد٦، حزيران ٢٠١٦، ص١٤٦-١٤٧.
https://www.iasj.net/iasj/download/97df988d2f426c8f

دیپلۆماسییەتی پەرلەمانیی: ئەم دیپلۆماسییەتە کاتێك سەریهەڵدا کە حکوومەتەکان درکیان بە پێویستیی بەشدارییپێکردنی زیاتر دەزگای چاودێری (پەرلەمان) کرد لە چاودێرییکردنی کارەکانی پەیوەست بە پەیوەندییە دەرەکییەکان،[1] دیپلۆماسییەتی پەرلەمانیی (بریتییە لەو پرۆسەیەی کە پەرلەمانەکان جێبەجێی دەکەن، دوو جۆری سەرەکیی هەیە، یەکێکیان لە سەردانی نوێنەرانی پەرلەمان بۆ پەرلەمانی وڵاتانی تر ڕوودەدات، جۆرەکەی تر ئەو پرۆسەیەیە کە لە ئاستی ڕێکخراو و یەکێتییەکانی پەرلەمانتاران جێبەجێ دەکرێت)،[2]هەروەها مەبەست لەو زنجیرەکار و کردارانەی پەرلەمانتارێتییە کە لەناو گفتووگۆکانی حکوومەتدا ڕوودەدەن، ئەم دیپلۆماسییەتە ئاسانکاری بۆ دیپلۆماسییەتی کلاسیکی دەکات، لە ساڵانی ١٩٥٠ پەرەیسەند و وەکو چەمك ناسرا.[3]

دیپلۆماسییەتی لەسەرخۆ یان هێمن: لەم جۆرەدا چالاکییە دیپلۆماسییەکان لەسەرخۆن و ماوەیەکی زۆریان پێدەچێت، لەسەرخۆ و بەردەوامە و ماوەکەی چەند ساڵێك دەخایەنێت، هەمیشەش ئامانجی گەیشتنە بە ئەنجامی جێگیر و لەسەرخۆ.[4]

دیپلۆماسییەتی خێرا: ئەم جۆرەیان وەزیرانی دەرەوە و سەرۆکی حکوومەت یان وڵات پێی هەڵدەستن، ماوە کورتە و ئامانج لێی چارەسەرکردنی گرفتی نێوان وڵاتانە، ئەم جۆرەی دیپلۆماسییەت بەتایبەت لەو کاتەوە دەرکەوت کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (کەیسنجەر) سەردانە خێراکانی لەنێوان قاهیرە، سوریا و تەلئەبیب ئەنجامدەدا.[5]

دیپلۆماسییەتی نێردراوەکان: لەلایەن نێردراوە دیپلۆماسییەکانەوە ئەنجامدەدرێت کە سەردانی وڵاتان دەکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گفتووگۆکردنی دۆزەکان لەگەڵ نوێنەرە فەرمییەکانی ئەو وڵاتانە، ئەمەش جۆرێکی دێرینی کاری دیپلۆماسییەتە،[6] ئەم نێردراوانە لەلایەن سەرۆکی وڵاتەوە ڕادەسپێردرێن هەتاوەکو نمایندەی وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتەکانی تری وڵات بکەن لە وڵاتانی تر، نێردراوەکان پێکدێن لە:[7]

١- باڵیۆز، بەرزترین پێگەی هەیە لە وەفدی نێردراوەکاندا، سەرۆکی وەفدی نێردراوەکانە.

٣- ڕاوێژکار، یاریدەدەری باڵیۆزە و بیروڕا و ڕاوێژی پێشکەش دەکات و لە کاتی ئامادەنەبوونی باڵیۆزیشدا نوێنەرایەتی دەکات.

٤- سکرتێر، ڕاپۆرت و بەیاننامەکان دەنووسێت، زۆرجار سێ سکرتێر لەنێو وەفدەکەدان، سکرتێری یەکەم، دووەم و سێیەم.

---

[1] رافع علي المدني: **الدبلوماسية الناعمة في السياسة الصينية تجاه أفريقيا**- العلاقات الصينية-السودانية نموذجا، الأردن، دار الجنان للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص٥٩.

[2] عدنان عبدالله رشيد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

[3] Stelios Stavridis, Davor Jancic: **Parliamentary Diplomacy in European and Global Governance**, Netherlands, Brill Publisher, 2017, P.5.

[4] عدنان عبدالله رشيد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

[5] عدنان عبدالله رشيد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢.

[6] عدنان عبدالله رشيد: هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

[7] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- عاطف فهد المغاريز: **الحصانة الدبلوماسية بين النظرية والتطبيق**، الأردن، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩، ص١٢.
- سموحي فوق العادة: **لدبلوماسية الحديثة**، لبنان، دار اليقضة العربية، ١٩٧٣، ص١١٩.
- عاطف فهد المغاريز: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.

دیپلۆماسییەتی لوتکە: ئەو گفتووگۆ و دانوستانانەیە کە لەبارەی دۆز و بابەتە گرنگ و هەستیارەکانەوە لەنێوان سەرۆکی وڵاتاندا ڕوودەدات، ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ (وینستون چەرچڵ) سەرۆکوەزیرانی پێشووی بریتانیا کاتێك داوای کرد کۆبوونەوەی لوتکە ئەنجامبدرێت لەنێوان سەرۆك وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا و ئەوەش لەنێوان ساڵانی (١٩٥٥-١٩٦٠) چوار جار بەسترا.[١]

## چەمک و پێناسەی دیپلۆماسییەتی گشتی

دیپلۆماسییەتی گشتی، چەمکێکی ناو مەیدانی نەرمەهێزە*، ڕوبەڕووکردنەوەی دیپلۆماسییەت و جەماوەرە، لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکاندا کە کاریگەریی میللەتان لەسەر حکوومەتەکان زیاتر بوو و هاوکات بەهۆی بێئومێدبوون لە بەکارهێنانی سوپا لە ململانێکانیاندا وڵاتان ڕوویان لەم بوارە کرد، ئەم دیپلۆماسییەتە جەخت لە درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ میللەتان و کاریگەرییکردنە سەریان دەکاتەوە، بەشێکیشە لە چالاکیی کەمپەینەکانی پەیوەندی گشتی، هەندێکجار نووسەران و توێژەران لە بری دیپلۆماسییەتی گشتی، چەمکی تر بەکاردەهێنن، وەکو دیپلۆماسییەتی (میللی، خەڵك، جەماوەریی، باو، نوێ، میدیا، کراوە) و لەبری دیپلۆماسییەتی گشتی هەندێکجار ئاماژە بە (پەیوەندی گشتی نێودەوڵەتی حکوومیی) دەکرێت، لەبەرئەوەی لە ئەدەبیاتی سیاسی و میدیاییدا زیاتر (دیپلۆماسییەتی گشتی) بەکاردەبرێت، ئێمەش هەمان چەمك بەکاردەهێنین.

دیپلۆماسییەتی گشتی لە زمانی ئینگلیزییدا (Public Diplomacy) یە، وشەی (Public) ئاماژەیە بۆ جەماوەر (گشت)، توێژەران دەڵێن وشەی (Public) ئەگەر بچوێنین بە (میللی) ئەوا ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێك لە خەڵك کە لە چوارچێوەی یەك سیستمی کۆمەڵایەتیدا دەژین و بە یەك زمان دەدوێن، ئەگەریش ئەم وشەیە بچوێنین بە (گشت) ئەوا چوارچێوەیەکی گەورەتر و (هەموو خەڵك) دەگرێتەوە.[٢]

دیپلۆماسییەتی گشتی ڕێرەوێکی فراوان و هەمەڕەنگتری لە کاری دیپلۆماسییدا گرتەبەر، دیپلۆماسییەتێکی نوێیە لە سەرەتایدا تەنها پشتبەستوو بووە بە هەواڵی چاپکراو و پەخشی ئاسمانیی.[٣]

---

[١] عدنان عبداللە رشید: هەمان سەرچاوە، ل٤٣.

* نەرمەهێز (Soft Power) : قایلکردنی جەماوەر- خەڵك و بزواندنیانە بە جوڵاندن و خستنەبەرباسی پێداویستییەکانیان، لە سادەترین مانادا بریتییە لە هێزی سەرنجڕاکێشان و پەلکێشکردنی بەرامبەر، ئەوانەش لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی ڕایگشتی و زانینی ڕای کۆمەڵەکانی فشارەوە درووست دەبن، سەرچاوەکانی ئەم هێزە بەشێوەیەکی سەرەکیی بریتیین لە (فەرهەنگ و کلتوور: کۆمەڵێك بەها و پێکهاتەیە کە مانایەکیان بۆ کۆمەڵگەکە هەیە، پێکهێنەرەکانی کلتوور بریتیین لە: ئەدەب، هونەر، زانست و پەروەردە، ڕۆشنبیری میللی... هتد. ، سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەکیی وڵات: یاساکان، مافی مرۆڤ، ئاستی کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگە، قورسایی وڵات لە ئاستی نێودەوڵەتیی... هتد، هەتا وڵات لە ڕووی ئەم سەرچاوانەیەوە دەوڵەمەند و بەئەزموون بێت ئەوا دەتوانێت لە ڕووی نەرمەهێزەوە بەهێزتر بێت، هێزی نەرم یان نەرمەهێز جیاوازە لە زبرەهێز یان هێزی زبر (Hard Power) کە تیایدا چەك و هێزی سەربازیی یان گوشاری ئابووری کە وڵاتێك بەکاریدەهێنێت بۆ ئەوەی بەرامبەر و رکابەرەکان بە ناچاریی دوای سیاسەتی خۆیان بخەن. چەمکی نەرمەهێز لەلایەن جۆسف نای* یەوە لە کۆتاییەکانی جەنگی سارددا پێکەوەنرا و کەوتە سەر زاران، دیپلۆماسی گشتی لە ئامرازە گرنگ و دیارەکانی نەرمەهێزە، جۆسف ساموێل نای ( Joseph Samuel Nye) : بیرمەندێکی سیاسی و شارەزای کاروباری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە، لە ساڵی (١٩٣٧) لە ئەمریکا لەدایکبووە، لە ئیدارەی بیڵکلینتن دا یارمەتیدەری وەزیری بەرگری بووە بۆ کاروباری ئاسایشی نێودەوڵەتیی، پێشەنگێکی دیاری بواری نەرمەهێز و داهێنەری چەمکی نەرمەهێزە، نای بەم دواییانە سەرنجی خستە سەر شیکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان زبرەهێز و نەرمەهێز، هەروەها لەبارەی هێزی زیرەك-یشەوە پێی وایە کە "توانایی لە پێکەوەبەستنی نەرمەهێز و زبرەهێز و گونجاندنیان لەگەڵ یەکدا دەبێتە هۆی ستراتیجێکی سەرکەوتوو".

[٢] ماجد محمد طه إسماعیل: الدبلوماسیة الشعبیة ودراسة في التراث العلمي للمفهوم والآسالیب الإتصالیة المستخدمة، حولیات أداب عین شمس، المجلد٤٤، (سبتمبر ٢٠١٦) ، ص٥٤٣. https://aafu.journals.ekb.eg/article_9645.html

[3] Royce Ammon: **Global Television and the Shaping of World Politics**, USA, McFarland & Company Publishers, 2001, 5-6, 43-44.

بیرۆکەی سەرەکی دیپلۆماسییەتی گشتی لە کۆمۆنیکەیشن لەگەڵ جەماوەری بیانی، دەکرێت لە کەرتی حکوومیی و تایبەتییشدا جێبەجێ بکرێت، ئەوش بەمەبەستی درووستکردنی کاریگەریی لەسەر بیرکردنەوەی جەماوەر و دواجاریش درووستکردنی کاریگەریی لەسەر حکوومەتەکانیان.[١]

دیپلۆماسییەتی گشتی هەموو هەوڵێکی لایەنێکی نێودەوڵەتییە بۆ بەڕێوەبردنی ژینگەی نێودەوڵەتی لە ڕێگای کارکردن لەگەڵ جەماوەری بیانی، بەشی گرنگی کاری ئەم دیپلۆماسییەتە بریتییە لە گوێگرتن لە جەماوەری بیانیی، هەندێکجار ئەم دیپلۆماسییەتە بەکاردەهێنرێت بۆ پرۆژەی گرنگ و هەماهەنگیی نێودەوڵەتیی، بۆ نموونە پەیوەندییکردن و هەماهەنگیی نێودەوڵەتیی لەسەر گۆڕینی کەش و هەوا کە لایەنەکان بە خاڵێکی گرنگی دادەنێن لە سیاسەتی دەرەوەدا.[٢]

لە پێناسەدا، دیپلۆماسییەتی گشتی (پرۆسەی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی جەماوەرە لە دەرەوەی سنوورەکانی نیشتیمان، ئەوش لەڕێگای ئامرازە سەردەمییەکانی وەکو میدیا، کۆنگرە و کۆنفرانسەکان، دەستە و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، کەسایەتییەکانی ڕۆشنبیریی، زانستیی، ئایینی و ...هتد) بە ئامانجی قایلکردن و بەدەستهێنانی ڕایگشتی بیانیی، لەلایەکی تریشەوە ئەم دیپلۆماسییەتە کار لەسەر قایلکردنی سەرۆکراکانی میللەتانی بیانیی دەکات).[٣] بەپێی ئەم پێناسەیە دیپلۆماسییەتی گشتی دەکرێت ڕاستەوخۆ لەڕێگای چالاکی پراکتیکی و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای ئامڕازەکانی میدیاشەوە ئەنجامبدرێت لەڕێگای کەسایەتی و لایەنە جیاوازەوە.

دیپلۆماسییەتی گشتی (بریتییە لە هونەری بەڕێوەبردنی پەیوەندییە سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکان لەنێوان گەلانی جیهاندا، ئەوش بە بەکارهێنانی ئامرازی ئاشتیخوازانە بە ئامانجی درووستکردنی هەماهەنگی لەنێوان میللەتاندا)،[٤] بەپێی ئەم پێناسەیە چالاکییەکانی بواری دیپلۆماسییەتی گشتی فرەبوارن بەمەرجێك بە شێوازی ئاشتییانە و دوور لە زمان و کرداری زبر ئەنجامبدرێت و لە کۆتاییشدا لێکنزیکبوونەوە لەنێوان جەماوەری وڵاتێك لەگەڵ وڵاتێك یان چەند وڵاتێکی تردا درووستبکات.

دیپلۆماسییەتی گشتی (بریتییە لە ڕۆڵی ڕۆژنامە و ئامرازەکانی دیکەی میدیا لە کاروباری نێودەوڵەتییدا و چاندنی تۆوی ڕایگشتی لەو نێوەندەدا، هەروەها بەریەککەوتنی کۆمەڵە تایبەتەکان و ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و گرنگیپێدانیانە، کاریگەرییکردنە لەسەر وڵاتی بەئامانجکراو و سیاسەتی دەرەکییان).[٥]

ئەم پێناسەیەی سەرەوە یەکێکە لە ئەو پێناسانەی کە پشتی بەستووە بە مانا و مەغزا کلاسیکەکانی کاری دیپلۆماسییەتی گشتی چونکە ئەنجامدانی ئەم دیپلۆماسییەتەی کورت کردووەتەوە تەنها لە ڕێگای ئامرازەکانی میدیاوە.

---

[1] Gifford D. Malone, 'Managing Public Diplomacy', Journal of the Washington Quarterly, Routledge, (05 Jan 2010), P.199. https://www.tandfonline.com/doi/abs/10.1080/01636608509450301

[2] Nicholas J. Cull: **Public Diplomacy Lessons From The Past**, Los Angeles, Figueroa Press, USC Center On PD, 2009, P 12-13.

[٣] بسام عبد الرحمن المشاقبة: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠١.

[٤] رافع علي مدني: سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠.

[5] Gyorgy Szondi: **Public Diplomacy and Nation Branding**- Conceptual Similarities and Differences, Netherlands Institute of International Relations 'Clingendael', January 2008, P.2.

پێناسەیەکی تر دەڵێت (دیپلۆماسییەتی گشتی بریتییە لە ئەو بەرنامانەی کە حکوومەت چاودێرییان دەکات و هەوڵی گەیاندن و کاریگەرییکردنە سەر ڕایگشتییە لە وڵاتانی دەرەوە، ئەوەش بە ئامرازە بنچینەییەکانی دیپلۆماسییەتەکە کە بریتیین لە: چاپکراوەکان، سینەما، گۆڕینەوەی کلتووریی، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن).[١]

لە پێناسەیەکی تردا (دیپلۆماسییەتی گشتی پرۆسەی درووستکردنی کاریگەرییە لەسەر هەڵوێستی جەماوەری گشتی بەمەبەستی درووستکردن و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەرەکیی بۆ وڵات).[٢]

دیپلۆماسییەتی گشتی هەروەها (چالاکییەکە ئاراستەی دەرەوە دەکرێت لە بوارەکانی پەروەردە، زانیاری و کلتوور، ئەوەش بە ئامانجی درووستکردنی کاریگەریی لەسەر حکوومەتە بیانییەکان لە ڕێگای هاووڵاتییەکانیانەوە).[٣]

بە ڕای توێژەر، لە کۆی هەموو پێناسەکانەوە دەگەینە ئەوەی کە دیپلۆماسییەتی گشتی بریتییە لە (پرۆسەی کاریگەریی درووستکردن لەسەر ڕای جەماوەری بیانی لەڕێگای بەرنامە درێژمەوداکانی وەکو کلتوور، پەروەردە و هەر چالاکییەکی تر کە بە شێوازی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ سوود بە جەماوەرەکە بگەیەنێت، میدیاش ئامرازێکی گرنگی گەیاندنی چالاکی و کاریگەرییەکانە بە جەماوەر).

## دووەم: تایبەتمەندییەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی

دیپلۆماسییەتی گشتی کۆمەڵێك تایبەتمەندی هەیە لێرەدا گرنگترینیان دەخەینەڕوو:[٤]

١- دیپلۆماسییەتێکی فرەچالاکییە و زیندووە، کۆمۆنیکەیشنی ڕۆژانە و ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە پەیامەکان، ئەنجامدانی کار و چالاکیی مەیدانی وەکو کەمپەین، هەڵمەتی سیاسی و میدیایی بۆ گەیاندنی مەبەست و مەرامەکان-ی تێدەکەوێت.

٢- دیپلۆماسییەتێکی ئاشکرایە: چالاکییەکانی ئەم بوارە ئاشکرا و دیارن، ڕاستەوخۆ یان لەڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەنجامدەدرێن، هەروەها جەماوەرەکەشی دیارە و ناسراون.

٣- حکوومەتەکان ڕێکیدەخەن: لە ڕووی ڕێکخستنەوە ئەم دیپلۆماسییەتە لەلایەن حکوومەتەوە ڕێکیدەخەن و ڕێوشوێنەکانی دیاریی دەکەن و پاڵپشتی دارایی دەکەن، هەرچەندە لایەنی جێبەجێکارەکەی کەرتی تایبەت یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیی بن.

---

[١] ماجد محمد طه إسماعیل: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٤.

[2] Gyorgy Szondi, Op.cit, P.2.

[3] Howard H. Frederick: **Global Communication and International Relations,** U.S, Wadsworth, 1993, P.229.

[٤] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- Temi Wright: Rethinking public diplomacy- A synthesis of the conceptualizations of public diplomacy in public relations, U.S, Springer, 2019, P.8-9.
- ماجد محمد طه إسماعیل: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤٤-٥٤٥.
- حيدر احمد القطبي: **الدبلوماسية الشعبية بين الإعلام والدعاية والحرب النفسية**، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٣، ص٤٢.
- نواف التميمي: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠، ٤٠-٤٣.
- عماد محمد الحفيظ: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦، ٥٢-٥٣.
- Nicholas J. Cull, Op.cit, P.13.

٤- ستراتیجییەتی بریتییە لە درووستکردنی پەیوەندی و پاراستنی، بنیاتنانی متمانە، جەخت دەکاتەوە لە گشت پێکهاتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی نێوان گەلان.

٥- تیایدا ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و تەکنۆلۆجیای زانیاریی و کۆمۆنیکەیشن زیاتر دەردەکەون.

٦- ئاراستەی جەماوەری بیانیی دەکرێت، بەڵام جەماوەری ناوخۆش بەر پەیامەکان دەکەون.

٧- ئامرازەکانی میدیا و ئامرازە ڕۆشنبیری و فیزیکییەکان بەکاردەهێنێت.

٨- هاووڵاتیان و کەسایەتییەکان دەتوانن ڕۆڵی دیپلۆماتکارێکی گشتی بۆ وڵاتەکەی بگێڕن کە بە دیپلۆماسییەتی هاونیشتیمانیان دیاریکراوە، هەندێکجاریش ئەستێرەکان و کەسانی دیار، وەکو هونەرمەندان، وەرزشوانان... هتد، بە دیپلۆماسییەتی ئەستێرەکان دیاریی دەکرێت.

٩- ئامانجی برەوپێدانە بە بەرژەوەندییە سیاسییەکان.

١٠- بکەرەکانی بریتین لە: لایەنە نافەرمییەکان، ڕێکخراوە حکوومی و ناحکوومییەکان، باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکان، وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و دەرەوە، هاونیشتیمانیان کە لە دەرەوەی وڵاتەکانیاندا دەژین.

١١- ستراتیجییەتی بریتییە لە درووستکردنی پەیوەندی و پاراستنی، بنیاتنانی متمانە، جەخت دەکاتەوە لە گشت پێکهاتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی نێوان گەلان.

١٢- مەودای کارکردن و بڵاوبوونەوەی فراوانترە، بۆیە لە دیپلۆماسییەتی فەرمی قووڵترە، هەروەها دیپلۆماسییەتی گشتی کەمتر بەر مەرج و پرۆتۆکۆلەکان دەکەوێت.

حکوومەتەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی پەیوەندییە پەیوەندییە گشتییەکان (دیپلۆماسییەتی گشتی) بەکاردەهێنن بۆ چەند ئامانجێك، پوختیان دەکەینەوە لە :[1]

١- بەدەستهێنانی ڕایگشتی دەرەوە و دەستەبەرکردنی متمانەیان.

٢- کاریگەریکردنە سەر دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن لە بەرژەوەندی گەل و حکوومەت.
٣- چالاککردن و بەهێزکردنی کەرتی گەشتیاریی وڵاتی خاوەن دیپلۆماسییەت.

٤- بەستنی پەیوەندی کلتووریی نێودەوڵەتیی بە ئامانجی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی.

٥- درووستکردن و هێنانەدی تێگەیشتنی سیاسی لەنێوان وڵاتان و دامەزراوە دیپلۆماسییەکانیاندا.
٦- وەستان شانبەشانی گەلانی وڵاتانی تر لە دۆزە ژیارییەکاندا.
٧- بەشداریکردن لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و تەنگەژە نێودەوڵەتییەکاندا.

---

[1] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- خلف كريم كيوش التميمي: **إستراتيجيات العلاقات العامة في إدارة الأزمات**، عمان، دار امجد للنشر والتوزيع، ٢٠١٨، ص٦٥.
- إبراهيم قسم الله محمد: أنشطة العلاقات العامة الدولية في هيئات الدبلوماسية العامة، المجلة الأكاديمية للأبحاث والنشر العلمي، جامعة السودان للعلوم والتكنلوجيا، كلية علوم الاتصال، اصدار (١٨)، ٢٠٢٠، ص٣٥٨.

## سێیەم: ڕێگاکانی بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی

چالاکییەکان لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا جۆراوجۆرن، چالاکییەکان هەندێکجار پەیوەستن بە تایبەتمەندێتی سیاسەتی دەرەکیی، کلتووریی، دارایی وڵاتی خاوەن دیپلۆماسییەت و گۆڕاوەکانی ژینگەی سیاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایینی ... هتد-ی وڵاتی خاوەن دیپلۆماسییەت.

پسپۆڕان کاریگەرترین چالاکییەکانی بواری دیپلۆماسییەتی گشتییان چڕ کردووەتەوە لە (فاکتەری کلتووری، ئاڵوگۆڕی پرۆگرامەکان و پەروەردە، پرۆگرامەکانی یەکترقەبوڵکردن و بڵاوکردنەوەی بەهاکانی دیموکراسیی)،[1] هەروەها نمایشکردنی کلتوور لە ڕێگای (هونەر، ئاڵوگۆڕی خوێندکاریی و وەرزشیی) پێیان وایە کە لە گرنگترین ڕێگا سەرکەوتوو و باوەکانن بۆ نیشاندانی وێنەیەکی ئەرێنیی وڵات بە جیهان.[2]

ڕێگاکانی بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی، دەکرێت بە ئەم چەند خاڵە دیاری بکەین[*] :[3]

١- ئاڵوگۆڕی کلتووریی و پەروەردەیی، میدیای نێودەوڵەتیی (ڕۆژنامە، میدیای ئەلیکترۆنی، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن) لە گرنگترین ئامرازەکانی جێبەجێکردنی دیپلۆماسییەتی گشتیین.

٢- گوێگرتن لە بەرامبەر و دروستکردنی کەشی گفتوگۆ، بانگهێشتکردن و میوانداریکردنەکان.

٣- هەموو ئەو ڕێگایانەی کە وڵاتان دەتوانن لێیانەوە کاریگەریی لەسەر ڕای هاووڵاتیانی وڵاتانی تر دروستبکەن ئەوانە ڕێگاکانی بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتیین، بەڵام دیارترین ڕێگاکانی تر بریتین لە کارە مرۆییەکانی وەکو چالاکییەکانی بوژاندنەوە و هاوکارییکردنی وڵاتانی تر لە کاتی قەیران و کارەساتە مرۆییەکاندا، ئاڵوگۆڕی بازرگانیی و ئابووری لە ڕێگای ژوورەکانی بازرگانیی و پیشەسازییەوە.

بێجگە لەوەی باسکرا، وەکو چالاکییەکانی تری دیپلۆماسییەتی گشتی ئاماژە دەکرێت بۆ هاوکاری و یارمەتییەکان لە کاتی ڕوودانی تەنگژە و کارەساتە سرووشتی و مرۆییەکان، چالاکی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی و ئابووری کە لە ڕێگای ژوورەکانی بازرگانی و پیشەسازی و بازرگانانەوە ئەنجامدەدرێن.[4]

---

[1] Kathy Fitzpatrick and Others: Public Relations and Public Diplomacy: Conceptual and Practical Connections, Public Relations Journal, Vol. 7, No. 4, 2013, U.S, P.15. file:///C:/Users/A/Downloads/Public_Relations_and_Public_Diplomacy_Conceptual_a.pdf

[2] جيفري إلين بيجمان: **الدبلوماسية المعاصرة التمثيل و الاتصال في دنيا العولمة**، ت. محمد صفوت حسن، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠١٤، ص١٦٩.

[*] ئەم پۆلێنە خراوەتەڕوو لەلایەن هەردوو توێژەری بەناوبانگی بواری دیپلۆماسییەتی گشتی و نەرمەهێز ( Nancy Snow, Nicholas J. Cull) لە چاپی دووەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی کتێبی (Routledge Handbook of Public Diplomacy) لە بەشی یەکەمی کتێبەکەدا لە (لاپەڕەکانی ١٩-٥٠).

[3] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- زينة شهلا: دور مواقع التواصل الاجتماعي في الدبلوماسية العامة، صفحة" القناة العربية لشبكة تلفزيون الصين الدولية "على موقع فيسبوك أنموذجا، الأكاديمية الشورية الدولية للتدريب والتطوير، ٢٠١٩، ص١٢.
- Nicholas J. Cull: **Public Diplomacy- Taxonomies and Histories**, Sage Publications, Annals, AAPSS, 616, March 2008, P.31.
- وائل عبدالعال: الدبلوماسية الرقمية ومكانتها في السياسة الخارجية الفلسطينية، سلسلة أبحاث وسياسات الإعلام- مركز تطوير الإعلام، ٢٠١٨، ص٧.

زۆر چالاکی و ڕێگای لاوەکی و لقیی هەیە بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکیی، لە گرنگترینی ئەو ڕێگا سەرکەوتوو و بەربڵاوانەی کە پێویستن بۆ نیشاندانی وێنەیەکی ئەرێنی وڵاتێك لەبەردەم جیهاندا و بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتییان، چڕ دەبنەوە لە ئاڵوگۆڕی کلتووریی و ئاڵوگۆڕی پەروەردەییدا،[1] بۆ پەرەپێدانی ئاستی تێگەیشتنی جەماوەری دەرەوە لە سیاسەت و بەها نیشتیمانییەکانی وڵاتی خاوەن دیپلۆماسیی، پرۆگرامە کلتووریی و پەروەردەییەکان لە گرنگترین چالاکییەکانن کە پێویستە ئەنجامبدرێن.[2]

بەرنامەکانی ئاڵوگۆڕی کلتووریی و پەروەردەیی پێویستە بە شێوازێکی ستراتیجیی دیزاین بکرێن و ئامانجدار بن، بۆ ئەوەی ببنە ئامرازێکی کاریگەر لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا، چەند بنەمایەکیش بۆ بۆ ئەم ئاڵوگۆڕە دیاریکراون:[3]

١- لە خەڵکانی جۆراوجۆرەوە ئاراستەی ناوچەی جۆراوجۆر بکرێن.
٢- پێشخستنی پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکە دەبێت ڕەنگگرتووی کلتوور بن و ئامادەیی ئاوێزانبوون بن لەگەڵ کلتوورەکانی تردا.

٣- بەدەر نەبن لە بەئامانجگرتنی سەرۆکڕاکان و گەنجانی وڵاتی دووەم (وڵاتی بەئامانجکراو).

**١. ئاڵوگۆڕی کلتووریی**

کلتوور یان فەرهەنگ، تایبەتمەندی کۆمەڵێك یان کۆمەڵگەیەکە لە لایەنەکانی ڕۆحیی، ماددیی، هزریی و سۆزیی، هەروەها هونەر و ئەدەب و شێوازی ژیان، جلو بەرگ، داب و نەریت، باوەڕی مرۆڤ دەگرێتەوە، لەم دوو دەیەی دواییدا گرنگییدان بە گفتووگۆی نێوان کلتوورەکان لە چوارچێوەی ئەجێندای سیاسەتی نێودەوڵەتیی و دیپلۆماسییەتدا ڕووی لە زیادبوون کرد، ئەوەش لە پاش ئەوەی کە زانرا گفتووگۆی نێوان کلتوورەکان پردێکە بۆ پەڕینەوە بەسەر ناکۆکیی و ئاڵۆزییەکاندا، ڕێگایەکیشە بەرەو دروستکردنی متمانە و پێکەوەژیان و بەرقەرارکردنی ئاشتی.[4]

کلتوور کەناڵێکی لەسەرخۆی بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتییە و دەکەوێتە ناو قوتابخانەی خۆگونجێن یان لاستیکی (Tender- minded)، ئەم قوتابخانەیە پێی وایە بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی پێویستە کار بە کەناڵە لەسەرخۆکانی وەکو پرۆگرامە کلتوورییەکان بکرێت، هەروەها جەخت لە ئامانجە نیشتیمانییە باڵا دوورمەوداکان دەکاتەوە، ئەم قوتابخانەیە پێداگرییش دەکات لەسەر ڕاستگۆیی و بابەتییبوون لە دروستکردنی تێگەیشتنێکی هاوبەشدا.[5]

---

https://www.researchgate.net/publication/322617799_aldblwmasyt_alrqmyt_wmkantha_fy_alsyast_alkharjyt_alflstynyt#fullTextFileContent

[1] جيفري بيجمان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.
* چاوپێکەوتنی کەسایەتییەکانی وڵات دەکەونە چوارچێوەی پەخشی نێودەوڵەتیی.

[2] Jarim Kim: Public relations and public diplomacy in cultural and educational exchange programs: A coorientational approach to the Humphrey Program, Public Relations Review, PUBREL-1441, (2015), P.3. https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/S0363811115001332?via%3Dihub

[3] Carol Bellamy, Adam Weinberg: Educational and Cultural Exchanges to Restore America's Image, the Washington Quarterly Magazine, 2008, P.61. http://csis-website-prod.s3.amazonaws.com/s3fs-public/legacy_files/files/publication/twq08summerbellamy.pdf

[4] محمد سعدي: **دور الثقافة في بناء الحوار بين الأمم**، أبوظبي، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ٢٠١٢، ص١٥،٧.
[5] همت حسن عبدالمجيد: **الإعلام الدبلوماسي والعلاقات العامة**، القاهرة، مصر العربية للنشر والتوزيع، ٢٠١٠، ص٣٤،٣٣.

ئاڵوگۆڕی کلتووریی (گواستنەوە یان ناردنی کەسەکان بۆ سنوورەکانی دەرەوەی نیشتیمان یان ئاراستەکردنی میدیایە بۆ ئەو سنوورانە، بە ئامانجی بەستنی پەیوەندی لەڕێگای: فیکر و زانیاریی، بە بەکارهێنانی وشە و وێنە).[١]

ئاڵوگۆڕی کلتووریی (بریتییە لە ئاڵوگۆڕی هزریی و زانیاریی و لایەنەکانی تری لەنێوان گەلاندا لەپێناو برەوپێدانی تێگەیشتنی هاوبەش لەنێوان گەلانی جیاوازدا).[٢]

کلتوور یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی نەرمەهێز کە دیپلۆماسییەتی گشتی ڕوویەکی دیاری ئەم هێزەیە، ناتوانرێت لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا چالاکییە کلتوورییەکان وەلا بنرێن،[٣] لەبەرئەوەشە کە "وڵاتان لە ڕێگای سەرچاوە هەستپێنەکراوەکانی وەکو (کلتوور) هوە ڕەوایی بۆ دەسەڵاتەکانیان پەیدا دەکەن"،[٤] بۆیە دەتوانرێت بوترێت لایەنی کلتووری و فەرهەنگی هێندەی سیاسەت ڕۆڵیان لە پەیوەندی نێوان وڵاتاندا هەیە، نەك کەمتر.[٥]

کلتوور، لە بوارە گرنگەکانی چالاکییەکانی دیپلۆماسییەتی گشتییە، لەسەر بنەمای ئەم گرنگییە بە جۆرێك لە جۆرەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی ئەژمار دەکرێت و پێی دەڵێن دیپلۆماسییەتی کلتووریی، (Culture Diplomacy)، دیپلۆماسییەتی کلتووریی جۆرێکە لە جۆرەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی،[٦] بەڵام یەکسان نیە بە دیپلۆماسییەتی گشتی، بەڵکو چالاکیە کلتوورییەکان دەکەونە ناو بازنەی چالاکییەکانی دیپلۆماسییەتی گشتییەوە،[٧] بەمپێیەش دیپلۆماسییەتی گشتی بازنەیەکی فراوانتری هەیە.

گرنگیی کلتوور لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا بۆ بنیاتنانی ئەو پەیوەندییە درێژمەودایە دەگەڕێتەوە کە لەنێوان میللەتاندا درووستی دەکات، لە لایەکی تریشەوە"حکوومەتەکان لە ڕێگای هاوبەشپێکردنی کردنی کلتوورەکانیانەوە، چیرۆکەکانیان بە جەماوەری بیانی دەگەیەنن" ئەو چیرۆکانەی کە خۆیان مەبەستیانە و خزمەت بە بەرژەوەندی وڵات دەکات،[٨] بۆیە دەبینین کاتێك خوێندکارانی نێودەوڵەتیی کە لە ئەمریکادا دەخوێنن و بە نرخاندنێکی گەورە بۆ بەها و دامەزراوەکانی ئەمریکاوە دەگەڕێنەوە بۆ نیشتیمانەکانیان چەند گرنگن بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان، "چیرۆکەکانی ئەزموونی ژیانی خۆیان دەگێڕنەوە و دەماودەم ئەو گێڕانەوەیە دەڕوات و ئەوەش پەیوەندییەکی قوڵی کلتووریی درووستدەکات".[٩]

بڵاوکردنەوەی کلتوور بەناو نەتەوەکانی جیهاندا بەشێوەیەکی کاریگەر، پرۆسەیەکی درێژمەودایە و کاتێکی زۆری پێویستە هەتاوەکو لەڕێگایەوە ناوبانگێکی ئەرێنیی بۆ وڵات درووستبکرێت، " سەرکەوتووترین نموونەی دیپلۆماسییەتی گشتی بریتییە لە بەرنامەکانی ئاڵوگۆڕی کلتووریی، ئەوەش

---

[١] العلالي الصادق: **العلاقات الثقافية الدولية**، الطبعة الثانية، الجزائر، ديوان المطبوعات الجامعية، ٢٠١٠، ص١٩٠.
[٢] يسرا حسني: **العلاقات العامة والدبلوماسية الشعبية، مصر**،اطلس للنشر والانتاج الاعلامي، ٢٠١٤، ل١٩٠.

[3] Joseph S. Nye: **Soft Power, the Means to Success in World Politics**, PublicAffairs Publisher, Apr 28, 2009, P. Source of Soft Power.
[4] Bruno Mendelski: The Historiography of International Relations: Martin Wight in Fresh Conversation with Duroselle and Morgenthau, Journal of Contexto Internacional, vol. 40 (2) May/Aug 2018, P.254.
https://www.scielo.br/j/cint/a/xZSZPWbCHG7V3jfDFR7r8dM/?format=pdf&lang=en
[٥] ئەنوەر محەمەد فەرەج: **دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان**، چاپی دووەم ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩، ل٧٨.
[٦] يسرا حسني: سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩-١٩٠.
[٧] جيفري إلين بيجمان: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥١.

- Temi Wright: Op.cit, P.4.
[9] Joseph S. Nye: **Soft Power**, Op.cit, P. Source of Soft Power.

هەندێکجار لە دەیەیەکی کارکردندا دەردەکەوێت، تەنانەت لە زنجیرەدرامای بەناوبانگی جیهانیی (Game of Thrones) دا (دانی، کە یەکێکە لە پاڵەوانانی فیلمەکە) لە شەش وەرزی دراماکەدا کار دەکات بۆ ئەوەی بتوانێت براندی خۆی بنیات بنێت".[1]

ئاڵوگۆڕی کلتووریی کۆمەڵێك بواری جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت، بەشێوەیەکی سەرەکیی بریتیین لە:[2]

١-هونەر، زانست، وەرزش و گۆڕینەوەی پسپۆڕانی زانستی و سەرۆکڕاکان.
٢- ڕێکخستنی سەردانییکردنەکان لەنێوان وڵاتان.
٣- ئاڵوگۆڕی خوێندکاریی و پەروەردەیی.

٤- بوارەکانی وەرزش و گەشتیاریی وەکو دوو بواری گرنگی نێو چوارچێوەی کلتوور و دیپلۆماسییەتی گشتیین، حکوومەتەکان لە ڕێگای بوارەکانی (گەشتیاریی و وەرزشی) یەوە ناسنامەی نیشتیمانیی و کلتووریی خۆیان بونیاد دەنێن، دیارترین نمونەش یارییەکانی ئۆلۆمپیادە کە بازاڕێکی گرنگن بۆ ناساندنی نەتەوەکان و بەجێگەیاندنی سیاسەتی کلتووریی و ئاڵوگۆڕی کلتووریی.

بەمشێوەیە دەگەینە ئەوەی کە چالاکییە کلتوورییەکان لە هەناوی دیپلۆماسییەتی گشتییدان، بۆ ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەش پێویستە بەشێکی چالاکی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەکانی وەزارەتەکانی دەرەوەدا هەبێت.

**٢. ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی و زانستیی**

بە درێژایی مێژوو، ئاڵوگۆڕە زانستی، پەروەردەییەکان ڕۆڵی گرنگیان هەبووە لە چاندنی تۆوی پەیوەندی لەنێوان وڵاتاندا، هەمیشە وڵاتان هەوڵیانداوە لەڕێگای هەماهەنگی و هاوکاری پەروەردەیی و زانستییەوە سەرنجی جەماوەری وڵاتانی تر ڕابکێشن.

ئاڵوگۆڕە پەروەردەیی و زانستییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی دیاردەیەکی نوێ نین و لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە بوونیان هەیە، لەو دەمەدا گواستنەوەی زانست و زانستخوازان هەبووە،[3] ئەم ئاڵوگۆڕە یەکێکە لە ئامرازە بنچینەییەکانی بنیاتنانی نەرمەهێز و دیپلۆماسییەتی گشتی، لە سەردەمانی جەنگی سارددا هەردوو لایەنی سەرەکی جەنگەکە لە ڕێگای پرۆگرامی ئاڵوگۆڕی خوێندکارانەوە

---

[1] Priya Lothe Doshi: What Game of Thrones Teaches Us about the Value of Public Diplomacy, web: deirdre breakenridge, (20 May 2019).
https://www.deirdrebreakenridge.com/what-game-of-thrones-teaches-us-about-the-value-of-public-diplomacy/

[2] بروانە ئەم سەرچاوانە:
- همت حسن عبدالمجيد: سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٥.
- العلالي الصادق: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٠.
- جيفري بيجمان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٩.

4- Jacquie L'Etang: Public Relations and Diplomacy in a Globalized World, Journal of American Behavioral Scientist, 53(4), 2009, P.610. https://journals.sagepub.com/doi/10.1177/0002764209347633

[3] Saba Bint Abbas: International Educational Exchange Programs as A Modality of Public Diplomacy: Unpublished Master Thesis, Faculty of School of International Service, American University Washington D.C, August 2015, P.27. file:///C:/Users/A/Downloads/Abbas_thesis.pdf

هەوڵیاندەدا ڕەوایی بە سیاسەت و فیکری سیاسی خۆیان بدەن، بۆ نموونە ڕووسەکان لە قوتابخانەی نێودەوڵەتیی لینین لە سۆڤییەت پەرەیان بە بەهای فیکری شیوعییەت دەدا، ئەمریکییەکانیش لەڕێگای پرۆگرامەکانی ئاڵوگۆڕی پەروەردەییەوە هەوڵیاندەدا برەو بە بەهای ئازادی بدەن و ڕەوایی و هاوسۆزیی بۆ سیستەمی سەرمایەداریی بەدەستبهێنن،[1] لەم کاتەشەوە ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی لە بازنەی دیپلۆماسییەتی گشتی دا بەردەوام لە گرنگییپێداندا بووە و جێپێی خۆی لەم دیپلۆماسییەتەدا توند کردووە.

ئاڵوگۆڕ و پەیوەندییە پەروەردەیی و زانستییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتییدا، دەکەونە چوارچێوەی (ئاڵوگۆڕی کلتووریی نێودەوڵەتیی)،[2] هەر بۆیە توێژەرانی دیپلۆماسییەتی گشتی درکیان بەوە کردووە کە ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی بابەتێکی پێویستی بوارەکەیانە و یارمەتی خەڵکان دەدات بۆ تێگەیشتن لە: کلتوورەکان و درووستکردنی پەیوەندی و بەرەوپێشبردنی بەها و بەرژەوەندییەکان.[3]

ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی پایەیەکی گرنگی بواری دیپلۆماسییەتی گشتییە و ڕۆڵی گرنگی هەیە لە دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنیی لە پەیوەندی نێوان وڵاتاندا، ئەم ئاڵوگۆڕە پرۆگرامەکانی گۆڕینەوەی ئەکادیمیی، سیمینار، وۆرکشۆپ، کۆنفرانس، بەرنامەکانی هاریکاریی تەکنیکیی، پیشەیی و فێرکاریی دەگرێتەوە، سوودی گرنگی ئەم ئاڵوگۆڕە لە سادەترین شێوەیدا ئەوەیە بۆ نموونە لە بواری خوێندندا یان فێرخوازێك لە پیشەیەکی تەکنیکییدا ئەوەیە کە کاتێك ئەو خوێندکار و فێرخوازانە لە وڵاتی پێشوازیکارەوە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان نرخاندنێکی زۆریان بۆ بەها و دامەزراوەی وڵاتی پێشوازییکار هەیە، خوێندکارەکان لە پەیوەندییەکانی ڕۆژانەیاندا لە وڵاتی خۆیاندا باس لە ئەزموونەکەیان دەکەن و بە گوێی هاونیشتیمانیانی خۆیانیدا دەدەن، لەو ڕێگایەشەوە سەرسامی وڵاتی خاوەن پرۆگرامەکەیان دەکەن.[4]

ئاڵوگۆڕی خوێندکار لە دیارترین چالاکییەکانی نێو بازنەی ئاڵوگۆڕی پەروەردەییە، لەنێوان زانکۆ یان پەیمانگەکانی دوو وڵاتی جیاوازدا بەپێی ڕێککەوتنی هەردوولا ئەنجامدەدرێت، لە ماوەیەکی دیاریکراودا خوێندکار وەرزەکانی خوێندنی لە وڵاتی میواندار دەخوێنێت، ئەوەش لە پاش ئامادەکردنی پێداویستییەکانی خوێندن کە دیارترینیان (توانستی زمان) ە و پێویست دەکات خوێندکار زمانی ئەو وڵاتە بەشێوەیەکی زانستی بزانێت کە بەمەبەستی خوێندن سەردانی دەکات، پێویستیشە هەردوولا پابەندی مەرج و ڕێنماییەکانی خوێندنەکە بن بە پێچەوانەوە پرۆسەی خوێندنەکە کۆتایی پێدەهێنرێت، بێگومان ئەو بەریەککەوتنەی خوێندکارانی وڵاتە جیاوازەکان وا دەکات خوێندکار ئەزموونی ڕۆشنبیری و کلتووری زیاتر بێت.[5]

---

[1] Carol Atkinson: Does Soft Power Matter? A Comparative Analysis of Student Exchange, Journal of Foreign Policy Analysis, No.6, 2010, P.2-3.
https://www.jstor.org/stable/24909875

[2] العلالي الصادق: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤،١٧٦.

[3] Xiuli Wang: Xiuli Wang: **Winning American Hearts and Minds**, China, Springer Publications, 2020, P.90.

[4] Antônio F. de Lima: The role of international educational exchanges in public diplomacy, Journal of Place branding and Public Diplomacy, Vol.3. No.3, 2007, P.235, 237.
https://link.springer.com/article/10.1057%2Fpalgrave.pb.6000066

[5] Abdulrahman Al-Youbi and others: **Successful Global Collaborations in Higher Education Institutions**, Springer, USA, 2020, P.63.

گرنگیی دیاری ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی و زانستی ئەوەیە کە کاریگەریی دەروونیی لەسەر خوێندکاران دروستدەکات، بەوەی کە لە پاڵ وەرگرتنی پەروەردە و زانستەکەدا هاوکات ئەزموون، بیروڕا، پرنسیپ و بیروڕای سیاسی نوێ لەگەڵ خۆیاندا دەبەنەوە بۆ ماڵ و نیشتیمانەکەیان، ئەو ئاڵوگۆڕانەش زۆرجار ئەرکی وەزارەتەکانی دەرەوەیە.[١]

لە گۆشەنیگای سیاسەتی دەرەوەدا، ئەرکی سەرەکی گۆڕینەوە پەروەردەییەکان بریتییە لە فراوانکردنی بازنەی پەیوەندییەکان، کەمکردنەوەی گرژییەکان، کەمکردنەوەی هەڵەتێگەیشتنەکان، نیشاندانی توانایی و بەهاکان لە کاری هەماهەنگیی کردن لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، ئەم ئاڵوگۆڕە قیرتاوکردنی ڕێگاکانی پەیوەندییە لەگەڵ وڵاتانی تردا بەمەبەستی زوو بەیەکگەیشتن.[٢]

وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان هەریەکە و بۆ خزمەتی دیبلۆماسییەتی گشتی خۆیان پرۆگرامی ئاڵوگۆڕی پەروەردەییان هەیە.* (ماڵپەڕی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا)*، سەکۆی سەرەکی و گرنگی ئەم ئاڵوگۆڕانەی ئەمریکان لە ناوچەکەدا، لەڕێگایانەوە فێرخوازان و خوێندکارانی ناوچەکە داخوازیینامە پێشکەش دەکەن و دواتر بە پرۆسەیەکی وردی چاوپێکەوتن و سیڤی و مامەڵە و ڕێوشوێنی تر ئەو کەسانە هەلی وەرگرتنیان پێشکەش دەکرێت کە شایستەن، لە ماڵپەڕی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق بەشی تایبەت بە ئەم ئاڵوگۆڕانە هەیە کە لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین.[٣]

---

[1] Saba Abbas: International Educational Exchange Programs as a Modality of Public Diplomacy, Theisis, Faculty of the School of International Service, American University, U.S, 2015, P.28. https://search.proquest.com/openview/79c85d22ba2f6ebc5105c195904ae0bd/1?pq-origsite=gscholar&cbl=18750&diss=y

[2] Hamilton Bean: Strategic Communication and the Marketization of Educational Exchange, Journal of Foreign Policy and Peace, V.4, No.2, Jul 2015, P.34. file:///C:/Users/A/Downloads/Strategic_Communication_and_the_Marketization_of_E.pdf

* بۆ نموونە حکوومەتی ئەمەریکا لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٤٩) لە ڕێگای پرۆگرامە پەروەردەیی و کلتوورییەکانییەوە دەستکەوتی زۆری لە ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەبووە، بۆ ئەوەش جەماوەری ئەمریکیی و کۆنگرێسی وڵاتەکەش پشتگیریان کردووە، لە ڕاپۆرتی هەفتانەدا (٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥) لەژێر ناونیشانی (بە فەزڵی دۆلار) نووسراوە (پرۆگرامی فوڵبرایت) دەستپێکێکی نموونەیی جیهانییە هەتاوەکو ئەمڕۆ ئەم پرۆگرامە لە سەتان وڵاتی جیهانەوە کارئاسانی بۆ خوێندکارانی بیانی دەکات هەتاوەکو بڕۆنە ئەمەریکا، هەروەها حکوومەتی ئەڵمانیا (پرۆگرامی داد) حکوومەتی یابان پرۆگرامی (ستیودینت) و حکوومەتی ئەمریکا (پرۆگرامی فولبرایت) و چەندین پرۆگرامی تری هەیە.

* لە بەرنامەی ئاڵوگۆڕی پەروەردەیی و کلتوورییدا، لە ماڵپەڕی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەم پرۆگرامانەی لە عیراق و هەرێمی کوردستاندا هەیە:

١- مێپی ٢٠٢٠، پرۆگرامی گەنجی سەرکردە (MEPI): لەم پرۆگرامەدا خوێندکارانی زانکۆ و دەرچووانی زانکۆ لەعیراق بەشدارییان پێدەکرێت لە خولێکی پێنج هەفتەییدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و تیایدا پەرە بە تواناییەکانی سەرکردایەتییان دەدرێت و فێر دەکرێن چۆن بنەماکانی دیموکراسی بەهێز بکەن.

٢- مێپی سەرکردە بۆ دیموکراسیی ٢٠١٦، (MEPI Leaders for Democracy Fellowship) : ئەم بەرنامەیە بۆ گەنجانی چالاکوانانی کۆمەڵگەی مەدەنییە و بریتییە لە خولێکی ئەکادیمیی ماوە پێنج هەفتەیی، تیایدا بەشداربووان فێری چارەسەری تەنگەژەکان و بەڕێوەبردنی گۆڕانکاریی دەکرێن. لە لایەکی ترەوە پیشەوەران بەشدارییان پێدەکرێت و پەرە بە توانا پیشەییەکانیان دەدرێت.

٣- فولبرایت بۆ فێربوونی زمانی (FLTA): بۆ یارمەتیدان لە فێربوونی زمانی بیانیی و بەتایبەت ئینگلیزی، خوازیاران فێریش ڕێگاکانی وانەوتنەوەش دەکرێن، ماوەی خول نۆ مانگ.

٤- هەبێرت هەمفری بۆ پیشەوەرە چالاکەکان (Hubert) بەمەبەستی زیادکردنی توانایی و کارامەییان، ئەم پرۆگرامە بۆ ماوەی دە مانگ ڕاهێنان بە بەشداربووان دەکات لە زانکۆکانی ئەمریکا، لەم پرۆگرامەدا برەو دەدرێت بە لایەنی پیشەیی و وەرشەی کار و ڕاگرتنی هاوسەنگیی بەشداربووان لەنێوان ئەزموونی پراکتیکی و پیشەییدا.

### ٣. میدیای نێودەوڵەتیی

شۆڕشەکانی بواری کۆمۆنیکەیشن و پەیوەندییەکان بوون بە هۆی زیاتربوونی ڕۆڵی خەڵك لەسەر بڕیارە سیاسییەکان و دواجاریش کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، لەوەبەدواوە میدیا ڕۆڵی زیاتری پەیداکرد لە کێڵگەی دیپلۆماسییەت و لە کایەکانی دانوستانی فەرمی و ڕاکێشانی جەماوەری گشتی، پاشان چەمکی دیپلۆماسییەتی میدیا دەرکەوت کە (Media Diplomacy)، لە کاتی تەنگەژەکانیشدا میدیا سەرەکیترین کەناڵی پەیوەندی نێوان وڵاتان بووە.[١] ئەم میدیایە لە ئاراستەکردن و ئاوێزانکردنی کلتوورەکانی جیهاندا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە و دەتوانێت کلتوورەکان لێك نزیك بکاتەوە.[٢]

میدیای نێودەوڵەتیی، دەکەوێتە ناو قوتابخانەی دیپلۆماسییەتی گشتی خۆسەپێن (Tough-minded) ەوە، ئەم قوتابخانەیە پێی وایە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی خێرا (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، گۆڤار، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان) کەناڵی خێرا و خۆسەپێنن و دەتوانن لە ڕێگایانەوە کار لەسەر گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەی جەماوەر بکرێت.[٣]

میدیای نێودەوڵەتیی لە چالاکییە بنەڕەتییەکانی بواری دیپلۆماسییەتی گشتییە، لەڕێگای تەکنۆلۆجیای ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتەوە هەوڵی بەڕێوەبردنی ژینگەی نێودەوڵەتیی دەدرێت، هەر لەم ڕێگایانەشەوە لە هەندێك بارودۆخدا جەنگی دەروونیی ئەنجامدەدرا و بڵاوکردنەوەی پڕۆپاگەندەکان بوونە بەشێك لە پەخشی میدیای نێودەوڵەتیی و سەردەمانی سەرەتای پەیدابوونی ئامرازەکانی میدیای کلاسیك لە خانەی کاری دیپلۆماسییەتی گشتی دا ئەژمار دەکرا، هەر بۆیە هەمیشە میدیا و دیپلۆماسییەت دوو بواری لێکنزیك بوون.[٤]

---

٥- فولبرایت بۆ خوێندکارانی بیانی (Fulbright Foreign Student Program) : لەم پرۆگرامەدا خوێندکارانی عیراق و هەرێمی کوردستان لە ڕێگایەوە دەتوانن کلتوور و فەرهەنگی خۆیان هاوبەشی پێبکەن. لێرەدا خوێندکار دەتوانێت لە زانکۆدا بخوێنێت بۆ دەستخستنی بڕوانامەکانی بەکالۆریۆس، ماستەر و دکتۆرا.

٦- پرۆگرامی فولبرایت بۆ توێژەرانی سەردانیکەر (Fulbright Visiting Scholar Program) : توێژەرانی عیراق و هەرێمی کوردستان دەتوانن سەردانی ئەمریکا بکەن و بۆ ماوەی دە هەفتە بمێننەوە، لەوێدا ئاشنای ئامراز و میکانیزمەکانی سەردەمیانەی توێژینەوە دەکرێن. لێرەدا بەشداربووان بەسەر خیزانە ئەمریکییەکاندا دابەش دەکرێن، ئەوەش دەرفەتێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە داب و نەریت ە کلتووری ئەمریکییەکان. لەم سەرادنەدا سەردانکەرە عیراقییەکان لەنێویاندا کوردەکانیش، ئاشنا دەبن بە شوێنەوارە کلتوورییی و دێرینەکان و ئاشنای ڕووداوەکانی نێو لاپەڕەکانی مێژووی ئەمریکا دەکرێن.

٧- پرۆگرامی سوسی (SUSI) : لەم پرۆگرامەدا کە پەیمانگەکانی ئەمریکا بەڕێوەی دەبەن، مامۆستایانی زانکۆ و قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان، هەلی بەشداربوونیان هەیە لە خولێکی پێنج هەفتەییدا لە پەیمانگەکانی ئەمریکا بەشداربن، لەم خولەدا لە پاڵ فێرکردنیان لە هەندێك وانەدا بەشداربووان هەلیان پێدەدرێت هەتا ئاشنا بن بە پەیمانگەکان و کلتووری ئەمریکیة هەروەها پەرە بە بەهرەی سەرکردایەتییان دەدرێت.

٨- ئایلپ- ٢٠٢٠ (IYLEP)، پرۆگرامێکی هاوینەی ماوە چوار هەفتەییە، نووسینگەی پەروەردەیی و فەرهەنگی/ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەڕێوەی دەبات. لەلایەن ڕێکخراوەکانی NGO ی ئەمریکاوە بەڕێوەدەبرێت. لەم پرۆگرامەدا خوێندکارانی عیراق و هەرێمی کوردستان هەلی ئەوەیان دەبێت کە کارامەییەکانی سەرکردایەتیی و کۆمەڵایەتییان پەرە پێبدەن، ئەوەش لە میانی ئاشنابوونیان بە کلتووری ئەمریکیی لەو وڵاتەدا. لە ساڵی ٢٠٠٧ دا یەک هەزار و ٥٠٠ خوێندکاری عیراقی و هەرێمی کوردستان بەشداری ئەم پرۆگرامەیان کردووە. کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ عیراق و هەرێم کاریگەری ئەرێنییان دەبێت لەسەر کۆمەڵگەی ناوخۆیی ناوچەکانیان؛ ئەمەش ئامانج و هیوای سەرەکی پرۆگرامەکەیە.

[١] همت حسن عبدالمجید: سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.
[٢] تۆماس ئێل ماکفیل: **میدیای نێودەوڵەتی- تیۆر-ئاراستە- خاوەنداریی**، و: هەندرێن شێرزاد، هەولێر، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٩، ل٢٢.
[٣] همت حسن عبدالمجید: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣،٣٤.
[4] Garth S. Jowett, Victoria O'Donnell: **Propaganda & Persuasion**, 6th edition, U.S.A, Sage Publications, 2015, P.312.

میدیای نێودەوڵەتی پێناسە دەکرێت کە (ئامرازێکە لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەکی و لەڕێگای پێدانی زانیاری و هەواڵی ڕاست و درووست پێگەی جەماوەریی لە وڵاتانی بیانییدا درووستدەکات، ئەوەش بەمەبەستی درووستکردنی کاریگەریی لەسەریان و قایلکردنیان بە دادپەروەری و دۆزی وڵاتی خاوەن میدیا، هەروەها ڕاکێشانی جەماوەری ئەو وڵاتەیە بەرەو هەڵوێستەکانی وڵاتی خاوەن میدیا).[1]

میدیایی نێودەوڵەتیی لە کایەی دیپلۆماسییەتدا، پێناسە دەکرێت (ئەو میدیایەیە کە ئامانجی دەستەبەرکردنی ژینگەیەکی گشتییە بۆ ڕایگیشتی بیانیی بە ئاراستەی وڵاتی خاوەن میدیا، بە شێوەیەك کە لە هەڵوێستی دیپلۆماسی و سیاسەتی دەرەکی وڵاتی بەئامانجکراودا ڕەنگبداتەوە).[2]

لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی دیپلۆماسییەتی گشتییەوە، زۆربەی سەرنجەکان لەسەر ئەو ڕۆڵە بوون کە میدیا لەم بوارەدا گێڕاویەتی، لە ساڵی ١٩٢٨ ڕۆژنامەی ساینس مۆنیتۆر (The Christian Science Monitor) وتارێکی پەیامنێرەکەیان (ڕۆسکۆ درەمۆند)ی بە ناونیشانی (ڕۆژنامەوانی و دیپلۆماسییەتی گشتی) بڵاوکردەوە، لەو وتارەدا ئاماژە بەوە کرابو کە لەپێناو کەمکردنەوەی گرژییەکانی نێوان وڵاتان، ئەرکێکی ئەخلاقیی ئامرازەکانی میدیایە کە بە وردی و بێلایەنی و دوور لە هەڵچوون هەواڵەکانی پەیوەست بە کاروباری نێودەوڵەتی بڵاوبکەنەوە، "پێویستە میدیا، کار بۆ ئامانجی دیاریکراوی بکات".[3]

میدیا ئامرازێکی گرنگە بۆ دەستبەسەرداگرتنی عەقڵ و بردنەوەی ڕایگیشتی، کۆنترۆڵکردنی عەقڵیش لە داگیرکردنی زەمانەوە دەستپێدەکات، بۆ نموونە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا توانیویەتی لە ڕێگای هۆلیودەوە مێژووی خۆی و جیهانیش بە وێنە و ڤیدیۆ بنووسێتەوە و هەوڵیداوە خواستی گشتیی بۆ خۆی ڕابکێشێت،[4] هەر بۆیە کە میدیای نێودەوڵەتیی هۆکارێکی دیار و سەرەکییە لە جێبەجێکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی دا، لە تایبەتمەندێتییەکانی ئەم میدیایەوە دەردەکەوێت کە بوارێکی تەواو نزیکە لە کاری دیپلۆماسییەتی گشتی و لە گرنگترین ئامرازەکانی ئەم دیپلۆماسییەتەیە.

**ڕۆڵی میدیا لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا لە دوو ناوچەدا چڕ دەبێتەوە:**[5]

١- درووستکردن و دەستکارییکردنی وێنەی زەینی وڵات.

٢- درووستکردن و دەستکارییکردنی گۆشەنیگا و بیروبۆچوونی جەماوەری بیانی بە ئاراستەی بەرژەوەندی وڵات.

کەواتە ئەم میدیایە کارێکی دووسەرە دەکات، لە سەرێکەوە کار لەسەر درووستکردنی وێنەی وڵات دەکات و هەوڵدەدات جوان نیشانی جیهانی دەرەوەی بدات، لە سەرێکی ترەوە کار لەسەر هزری جەماوەری بیانیی دەکات بەشێوەیەك کە پەلکێشی بکات بۆ سیاسەتی وڵاتی خۆی.

لە گرنگترین ئەرکەکانی میدیای نێودەوڵەتیی کە لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی دا ڕەنگدانەوەی دەبێت بریتیین لە:[1]

---

[1] ابراهيم لطفی عبداللطيف لطفی: **دبلوماسية الإعلام**، القاهرة، مكتبة الوفاء القانونية، ٢٠١٥، ص٧٥.

[2] يسرا حسني: سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٤.

[3] Nicholas J. Cull, "Public Diplomacy" Before Gullion, Op.cit.

[4] نيثان غردلز، مايك ميدافوي" **الإعلام الأمريكي بعد العراق- حرب القوة الناعمة**، ت. بثينة الناصري، مصر، وكالة الصحافة العربية، ٢٠١٧، ص:المقدمة.

[5] حيدر احمد القطبي: **الدبلوماسية الشعبية بين الإعلام والدعاية والحرب النفسية**، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٣، ص١١٩.

١- گەیشتن بە کۆمەڵە کاریگەرەکان: میدیای نێودەوڵەتیی هەوڵدەدات بگات بە کۆمەڵە کاریگەرە جیاوازەکانی نێو چوارچیوەی سیستمی سیاسی وڵات کە ئەندامی (پارت، کۆمەڵەکانی فشار و خاوەن بەرژەوەندی، پەرلەمان، دامەزراوە جیاوازەکانی ناو بڕیارسازی سیاسی) ن، هەروەها گەیشتن بە دەستەبژێرەکانی کۆمەڵگە، ئەوانەی کە کاریگەرییان لەسەر جەماوەری گشتی هەیە.

٢- گەیشتن بە جەماوەر: گەیشتن بە جەماوەر لە میانی (کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان، بۆنەکان، ئاگادارکردنەوە و بڵاوکراوەکان، شانۆ، پێشانگە، گەشت و گوزار... هتد)، ئەم گەیشتنە بە جەماوەر کاریگەریی لەسەر ڕایگشتی درووست دەکات و ڕۆڵی دەبێت لەسەر بڕیاردانیان.

٣- نوێنەرایەتییکردن: میدیای نێودەوڵەتیی هەڵدەستێت بە نوێنەرایەتییکردنی وڵاتێك یان دامەزراوەیەك کە سۆزی بۆی هەیە.

**٤. هاوکاریی ئابووری**

ئابووری لە چالاکترین فاکتەرە کاریگەرەکانە لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا و دەچێتە بازنەی دیپلۆماسییەتی ئابوورییەوە، لەبەرئەوەیە کە ئەو وڵاتانەی کە خاوەن ئابوورییەکی بەهێزن دەتوانن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی و دیپلۆماسییەتی گشتی دا زیاتر کاریگەر بن، ئەم هێزە ئابوورییەش لە چەند ئاستێکدا بەکاردەهێنرێت کە ڕۆڵیان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی وڵاتدا هەیە، وەکو:[2]

١- یارمەتییدانی وڵاتانی دواکەوتوو یان تازەگەشەکردوو و ئەو وڵاتانەی کە پێویستییان بە یارمەتیی دارایی و ئاوەدانکردنەوە هەیە.

٢- ئاڵوگۆڕی بازرگانیی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا، ئەمەش بەتایبەتی لەدوای سەردەمی جیهانگەریی سەریهەڵدا کە وڵاتان توانیویانە بە ئاسانی دەستیان بەیەکتر بگات.

٣- بەهاناوەچوونی وڵاتان و قەرزپێدانیان لە کاتی پێویستدا.
٤- هەماهەنگی و هاوکاری سەربازیی و پزیشکیی و... هتد.

بواری بازرگانی و دامەزراوەکانی ئەم بوارە لایەنێکی گرنگی جێبەجێکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی و بەدیهێنانی ئامانجەکانین، وڵاتان لە ڕێگای ژوورەکانی بازرگانی و دامەزراوەکان... هتد وێنەیەکی ئەرێنیی لەبارەی خۆیانەوە پیشانی وەبەرهێنەرانی بیانی دەدەن بە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی بازاڕەکانیان و نیشاندانی خۆیان وەکو ناوچەیەکی گونجاوی کار و بازرگانیی، بۆنموونە دامەزراوەی هیندی *(IBEF) لە گۆڤاری (هیندی ئەمڕۆ) دا چیرۆکەکانی سەرکەوتنی پرۆژەکانی ناو وڵاتەکەی بڵاوکردووەتەوە، لەوانەش (کۆمپانیاکانی شانشینی یەکگرتوو لە هیند- چیرۆکی سەرکەوتن) تیایدا ئەوە خراوەتەڕوو کە چۆن کۆمپانیاکان سودیان لە وەبەرهێنانی هیند وەرگرتووە.

---

[1] خليدة صديق: **أساسيات في الإعلام الدولي**، عمان، دار لإعصار العلمي للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص٢٤-٢٦.
[2] جيفري بيجمان: الدبلوماسية المعاصرة، ت: محمد صفوت حسن، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠١٤، ص١٧٦.

* (IBEF) دامەزراوەیەکی سەر بە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی هیندستانە، لە ساڵی ٢٠٠٣ وە دامەزراوە و بارەگای سەرەکی لە نیودلهی پایتەختە، ئامانجی سەرەکی ئەم دامەزراوەیە بریتییە لە برەودان بە خواستی بیانی بۆ وەبەرهێنان لە هیندستان، لە لایەکی تریشەوە زانیاریی و ڕۆشنبیری لەبارەی بەرهەمە هیندییەکانەوە بڵاودەکاتەوە.

ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا یەکێکە لە دیارترین نموونەی ئەو وڵاتانەی کە هێزی ئابووری لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەکاردەبات و هاوکاری ئابووری و قەرز بە وڵاتانی نەدارا دەدات و دیپلۆماسییەتی گشتی خۆی پەرەپێدەدات، بۆ ئەمەش چەندین لقی لە سەرانسەری جیهاندا کردووەتەوە.[1]

بواری ئابووری وەکو ئامرازێکی گرنگ لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، وای کردووە کە چەمکی دیپلۆماسییەتی ئابووری دروستبکات،[2] دیپلۆماسییەتی ئابووری، لە ئامرازە سەرەکییەکانی بەجێهێنانی ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەکییە، (کۆمەڵێك چالاکیی ئابووری جیهانییە بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی لە ڕێگای: ئاڵوگۆڕی بازرگانیی، پێشکەشکردنی هاوکاری دارایی، بەستنی پەیوەندی ئابووری لەسەر ئاستی: دووانیی، فرەڕەهەند، هەرێمیی و جیهانیی)، ئاڵوگۆری شمەك و خزمەتگوزاریی، وەبەرهێنان لە وڵاتانی دیکەدا لەخۆ دەگرێت و ئامانجی سەرەکیی بریتییە لە سەرنجڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ ئەنجامدانی پرۆژە لەسەر زەمینی نیشتیمان و پاراستنی بەرژەوەندییە بازرگانیی و ئابوورییەکانی نیشتیمان لە چوارچێوەی کێبڕکێ جیهانییەکاندا.[3]

**٥- وەرزش**

وەرزش ئامرازێکی تری چارەسەری کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان وڵاتانە، بەکارهێنانی ئەم بوارە لە گرفتە نێودەوڵەتییەکان و وەکو بوارێك بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و فیکرییەکان مێژوویەکی دێرینی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان، لە ساڵی ٣٩٢ پ.م دا سەرکردەی یۆنانی کۆن (جۆکیس) لە وتارێکی مێژووییدا کە لەنێو جەماوەرێکی زۆردا پێشکەشی کرد جەختی کردەوە لە پێویستیی بەکارهێنانی فێستیڤاڵەکانی ئۆلۆمپیاد بۆ بڵاوکردنەوەی بیر و کلتووری وڵات، لەو دەمەدا سەرکردەوە نێردراوە سیاسییەکان، تەنانەت هۆزانڤان و فەیلەسووفەکانی یۆنان لە فێستیڤاڵی ئۆلۆمپیاددا ڕا و بۆچوونی خۆیان و هێزی دەسەڵاتی یۆنانیان باس دەکرد، بەڵام لەدوای دووەم جەنگی جیهانی زیاتر کاریگەرییە سیاسییەکانی وەرزش دەرکەوتن.[4]

وەرزش وەکو دیاردەیەکی کلتووریی لە بواری دیپلۆماسییەتی گشتی دا لەلایەن حکوومەتەکانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانیان، کاتێك تیمی وەرزشی وڵاتێك سەردانی وڵاتێکی تر دەکات بۆ ئەنجامدانی یارییەکی ڕکابەرانە لەگەڵ تیمی ئەو وڵاتەدا، لەو کاتەدا کلتوور و بەهای وڵاتەکانیان نیشان دەدەن و دەتوانن کاریگەر بن لەسەر جەماوەری وڵاتی میواندار (بیانیی)، بەشێوەیەك کە دەتوانن ئاستی تێگەیشتنی نێوان جەماوەری هەردوو وڵات بەرز بکەنەوە و لە کۆتاییشدا کاریگەریی ئەرێنیی دروستبکەن.[5]

---

١ هایل عبدالمولی طشطوش: **مقدمة في العلاقات الدولية**، الاردن، دار الكندي للنشر والتوزيع، ٢٠١٠، ص٨،٩.

٢ فرح صابر: **القوة الاقتصادية وأثرها في العلاقات الدولية**- الاتحاد الاوروبي أنموذجا، بغداد، بيت الحكمة، ٢٠١٣، ص٨.

٣ هاجر أوناف: الدبلوماسية الاقتصادية الجزائرية و دورها في العلاقات مع دول الساحل الافريقي، رسالة ماجستير غير منشورة، المدرسة الوطنية العليا للعلوم السياسية، قسم علم الاجتماع السياسي والعلاقات الدولية، (٢٠١٥-٢٠١٦)، ص١٥-١٦. https://www.academia.edu/37719851/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%A8%D9%84%D9%88%D9%85%D8%A7%D8%B3%D9%8A%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%AA%D8%B5%D8%A7%D8%AF%D9%8A%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D8%AC%D8%B2%D8%A7%D8%A6%D8%B1%D9%8A%D8%A9_pdf

٤ كمال الربضي: الرياضة في السياسة الدولية، عمان، الجامعة الأردنية، ١٩٨٩، ص٢١، ٢٨، ٢٩.

5 Jonathan Grix, Barrie Houlihan: Sports Mega-Events as Part of a Nation’s Soft Power Strategy: The Cases of Germany (2006) and the UK (2012), British Journal of Politics and International Relations, 2013, P.5. https://journals.sagepub.com/doi/10.1111/1467-856X.12017

وەرزش لە هەندێك دۆخدا ڕۆڵی سەرەكی و گرنگی هەبووە لە دروستكردنی پەیوەندی فەرمی لەنێوان وڵاتانی زوێر لە یەكتردا و پاشانیش چاككردنی پەیوەندییە جەماوەرییەكان، لە ساڵانی حەفتاكان و هەشتاكانی سەدەی ڕابردوودا بەهۆی یارییەكانی تێنس و پینگ پۆنگەوە پەیوەندییە میللییەكانی نێوان ئەمریكا و چین بەرەو باشتر ڕۆیشت و بەو هۆیەشەوە پەیوەندییە دیپلۆماسییە فەرمییەكانی هەردوولا بەهێز بوو،[1] لە پاش پینگ پۆنگەوە، سەرۆكوەزیرانی چین (شو ئۆن لای) لەبەردەم دە هەزار جەماوەری وڵاتەكەیدا وتی: "ئەمە سەرەتای سەردەمێكی نوێی هاوڕێیەتییە لەگەڵ ئەمریكادا"، ئەم ئەزموونە لە كۆریای باشووریش ڕوویدا لە كاتی جامی جیهانیی ساڵی ٢٠٠٢ دا كاتێك یاریزانانی یابان سەردانی ئەو وڵاتەیان كرد، بەو هۆیەوە پەیوەندییەكانی هەردوو وڵات پێی نایە قۆناغێكی باشەوە.[2]

لە سەردەمی جەنگی ساردیشەوە وەرزش بووەتە یەكێك لە ئامرازەكانی سیاسەتی دەرەكیی وڵاتان، لۆرد كیلانین سەرۆكی لیژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی (١٩٧٢-١٩٨٠) ڕایگەیاند كە "بەركەوتن و دەستێكەڵبوونی سیاسەت و یارییەكانی وەرزش نكوڵیی لێ ناكرێت".[3]

لە ساڵی (٢٠٠٦) حكومەتی ئەمریكا، پاڵەوانی یاریی خلیسكێنە (میشێل كوان) و یاریزانی بەیسبۆڵ (كال ریبكن) ی لە ساڵی (٢٠٠٧) دا كرد بە نێردراو و چالاكوانی دیپلۆماسییەتی گشتی ئەمریكایی، دواتر (كوان) سەردانی ڕووسیا و چینی كرد، لەگەڵ گەنجان و ڕاهێنەرانی ئەو دوو وڵاتەدا چاویان بەیەك كەوت و فێركاریی و ڕاهێنانی وەرزشی پێشكەشكردن، هەر لەو ماوەیەدا وەزیری دەرەوەی ئەوكاتی ئەمریكا (كۆندالیزا ڕایس) وتی: "دیپلۆماسییەتی گشتی دەتوانێت ببێتە دیالۆگێكی ئەمریكی و مەرجیش نیە تەنها كارمەندەكانی حكومەتەكەمان بتوانن ئەو ئەركە ڕاپەڕێنن بەڵكو هەموو ئەمریكییەك دەتوانێت، هەروەكو ریبكن توانی باشترین نوێنەرایەتی بكات لە نیشاندانی وێنەی ئەمریكادا".[4]

وەرزش پێكهاتەیەكی گرنگی بازنەی ئاڵوگۆڕە كلتوورییەكان و نەرمەهێزە و دەتوانرێت لەڕێگایەوە دیپلۆماسییەتی گشتی بەهێز بكرێت، هەروەها چالاكییەكی جەماوەرییە و سرووشتێكی گونجاوی هەیە بۆ بەهێزكردنی دیپلۆماسییەتی گشتی كە كار لەسەر بەدەستهێنانی سۆز و ڕەزامەندیی جەماوەر دەكات.

## چوارەم: گرنگیی پەیوەندییە گشتییەكان لە بەهێزكردنی دیپلۆماسییەتی گشتی دا

پەیوەندییە گشتییەكان بوارێكی نزیكە لە كایەی دیپلۆماسییەت، دیپلۆماتكاران لە كونسوڵخانە و نوێنەرایەتییەكانی حكومەتەكانیاندا نوێنەرێكی دیاری پەیوەندییە گشتییەكانن، ئەم لێكنزیكییەش لە لایەك دەرەنجامی پێشكەوتنە تەكنۆلۆجیی، سیاسی و ئابوورییەكانە كە وای كرد بەشەكانی پەیوەندییە گشتییەكان پێیان بخەنە گۆڕەپانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان و دیپلۆماسییەت، لە لایەكی تریشەوە بەهۆی سرووشتی بواری پەیوەندییە گشتییەكان و ئەرك و ئامانجەكانێتی كە دەتوانێت لە كایەی

---

[1] شروق ابراهيم محمود زيد: الدبلوماسية العامة الفلسطينية- الرياضة نموذجا للقوة الناعمة، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية الدراسات العليا في جامعة بيرزيت، فلسطين، ٢٠١٧، ص٣٢.
https://fada.birzeit.edu/bitstream/20.500.11889/5918/1/DS119.6.Z34%202017.pdf

[2] أحمد طاهر: الرياضة والعلاقات الدولية أداة للتقارب أم للصراع؟، موقع المجلة، (١٥ يونيو. ٢٠١٨).
https://arb.majalla.com/2018/06/article55266644/%D8%A7%D9%84%D8%B1%D9%8A%D8%A7%D8%B6%D8%A9-%D9%88%D8%A7%D9%84%D8%B9%D9%84%D8%A7%D9%82%D8%A7%D8%AA-%D8%A7%D9%84%D8%AF%D9%88%D9%84%D9%8A%D8%A9

[3] شروق ابراهيم محمود زيد: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

[4] جيفري إلين بيجمان: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧١.

دیپلۆماسییەتی گشتی دا ڕۆڵی هەبێت، لە سەردەمی کۆندا وڵاتان هەوڵیان دەدا پارێزگاریی لە ئاسایشی ناوخۆی وڵاتەکانیان بکەن و سنوورەکانیان و موڵك و ماڵی هاووڵاتیانیان بپارێزن، بەڵام لەم سەردەمەدا ئەوهەوڵە پەرەی سەندووە و فراوانبووە، ژمارەی دام و دەزگا و وەزارەتەکانی دەوڵەت زیاتر بووە، بۆیە حکوومەتەکان پێویستییان بە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ و بەردەوام هەیە لەگەڵ جەماوەردا، بۆ ئەوەش پێویستییان بە بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان هەیە، لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە بڵێین پەیوەندی گشتی لە دیپلۆماسییەتدا ڕەهەندی نێودەوڵەتی و ڕەهەندی سیاسی هەیە.

لە ژینگەی دیموکراسیی یان نیمچە دیموکراسییدا حکوومەتەکان پێویستییان بە بەرنامەکانی پەیوەندی گشتی هەیە هەتاوەکو متمانەی جەماوەری پێ بەدەستبهێنن، پەیوەندی گشتی ئامرازی یەکەمی حکوومەتە بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر، لە دامەزراوەی حکوومی و دیپلۆماسیدا پەیوەندی گشتی کار دەکات بۆ خستنەڕووی لایەنە ئەرێنییەکانی ئەدائی دامەزراوەکە، لە لایەکی تریشەوە جەماوەر لەو گرفتانە ئاگادار دەکاتەوە کە ڕووبەڕووی دامەزراوە دەبنەوە، لێپرسراوی پەیوەندی گشتی ڕۆڵێکی دیاری لە بڕیارەکانی دامەزراوەکەدا دەبێت لە ڕووی چۆنێتی پێشنیار کردنی بڕیار، ڕەخساندنی کەشێك بۆ ئەوەی بڕیارەکان بۆ جەماوەر کتوپڕ نەبن، لە لایەکی ترەوە پەیوەندیگشتییکار پردی متمانە لەنێوان جەماوەر و دامەزراوەکەیدا دروستدەکات و کارێك دەکات کە جەماوەر ڕەزامەند بن بە بڕیارەکان.[1]

چەمکی پەیوەندییە گشتی لە دامەزراوەکانی حکوومی و دیپلۆماسییەکاندا بە شێوەیەکی باو لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەمدا بەکارهێنرا، لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەش کە پێویستیی بەکارهێنانی پەیوەندی گشتییان لە کەرتی حکوومەتدا تۆخ کردەوە بریتیین لە (زیادبوونی کاریگەریی ڕایگشتی، فراوانبوونی قەبارەی دامەزراوە پیشەسازی و بازرگانییەکان و زیادبوونی کێبڕکێ لەنێوانیاندا، ئەو گۆڕانەی لە کۆمەڵگەکاندا ڕوویدا لە ڕووی پێویستیی بەکارهێنانە میدیاییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و کار کردن بۆ ئارامیی وڵات و بەجێهێنانی بەرژەوەندییەکانی، پێشکەوتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە لە ئەنجامی پێشکەوتنی گەورەی هزریی و هونەریی و تەکنیکیی کە بەکارهێنانی هونەری پەیوەندییە گشتییەکانیان سانا کردەوە).[2]

لە کایەی دیپلۆماسی و سیاسییدا چیتر پەیوەندییە گشتییەکان جێپێی خۆی دیاریکرد، پەیوەندی گشتی سیاسی وەکو چەمك تاڕادەیەك نوێیە بەڵام پەیوەندی گشتی لەناو سیاسەتدا مێژوویەکی دێرینی هەیە، دەتوانین بڵێین پەیوەندی گشتی دیپلۆماسیی (پرۆسەی چالاککردنی ئامادەگیی جەماوەر بۆ ئەوەی ڕەزامەندییان بەدەستبهێنرێت لەنێوان هەڵبژاردە سیاسییەکانیاندا).[3]

پەیوەندی گشتی دیپلۆماسی (بریتییە لە پرۆسەیەکی بەڕێوەبردن بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەریی چاندنی تووی پەیوەندی و بنیاتنانی ناوبانگی باش و پاراستنی لەپاڵ بڵاوکردنەوەی زانیاری و ئاڵوگۆڕپێکردنی لەگەڵ جەماوەر، ئەم پرۆسەیەش لەگەڵ جەماوەردا ئەنجامدەدرێت).[4]

---

[1] دشن محمد القحطاني: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠-٥١.

[2] عبدالرزاق الدليمى: **العلاقات العامة في المؤسسات والشركات المختلفة**، عمان، دار الابتكار للنشر والتوزيع، ٢٠١٨، ص٦٩.

[3] حاتم عبدالقادر محمود و صديق بلل ابراهيم: الاضطراب السياسي ودوره في مفهوم الصورة الوجدانية للدولة: العلاقات العامة السياسية كتمغير معدل، مجلة العلوم الاقتصادية، جامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا، كلية الدراسات التجارية، (1) Vol.17، ص٧٩-٨٠. http://repository.sustech.edu/handle/123456789/17803?show=full

[4] Jesper Strömbäck, Spiro Kiousis: Political Public Relations: Old Practice, New Theory-Building, Public Relations Journal Vol. 7, No. 4, 2013. P.2-3.

پەیوەندییە گشتییەکان ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی و دیپلۆماسیی وەردەگرێت کاتێك حکوومەتەکان لە دەرەوەی وڵاتەکەیاندا بەکاریدەهێنن، ئەمەش دەبێتە پەیوەندی گشتی نیودەوڵەتی کە پێناسە دەکرێت بە (هەوڵێکی پلانبۆدانراو و ڕێکخراوە کە دامەزراوەیەك یان حکوومەتێك ئەنجامیدەدات لەپێناو درووستکردنی پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕئامێز لەگەڵ جەماوەری بیانییدا).[1]

بەپێی پێناسەیەکی تر (پەیوەندی گشتی نێودەوڵەتیی، هەوڵێکی پلانبۆدانراوە تەقەلا دەکات بۆ درووستکردنی تێگەیشتنێکی هاوبەش کە بەربەستەکانی جوگرافیا و زمان و هەر بەربەستێکی تر دەبەزێنێت)، هەوڵی درووستکردنی کاریگەریی ئەرێنییە لە دەرەوەی وڵاتی دایك.[2]

پێناسەیەکی تر دەڵێت (پەیوەندی گشتی نێودەوڵەتیی بریتییە لە مومارەسەکردنی پەیوەندی گشتی لە وێستگەیەکی نێودەوڵەتییدا کە کلتوورەکان تێدەپەڕێنێت).[3]

لە کۆی ئەو پێناسانەوە دەگەینە ئەوەی کە لە ڕەهەندی نێودەوڵەتییدا، پەیوەندییە گشتییەکان پێویستە لە سنوورەکانی دەرەوەی وڵاتدا کەشی گفتووگۆئامێز لەگەڵ جەماوەردا درووستبکەن و گۆشەنیگا و بەرنامەکانی دامەزراوەکەی لەگەڵ کلتوورە بیانییەکەدا بگونجێنێت.

حکوومەتەکان وەکو یەکێك لە ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەکیی مومارەسەی پەیوەندییە گشتییەکان دەکەن، ئەوەش لەپێناو درووستکردنی وێنەی خۆیان لە دنیای دەرەوە و ژینگەی نێودەوڵەتیی، بەتایبەتیش پێویستیی بەکارهێنانی پەیوەندییە گشتییەکان لە ئاستی نێودەوڵەتی کاتێك زیاتر بوو کە گۆڕانکارییەکانی سیستمی حکوم لە ئەورووپا ڕوویاندا و بەرەو سیستمێکی نێودەوڵەتی نوێ هەنگاویان نا کە پشتبەستوو بێت بە ڕێزگرتن و موراعاتکردنی بەرژەوەندییە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها گۆڕانکارییە ئابوورییەکانی جیهان و فراوانبوونی وەبەرهێنان، شۆڕشەکانی بواری کۆمۆنیکەیشن و تەکنۆلۆجیا، گەشتیاریی و گواستنەوە، هەموو ئەوانە سیستمێکی نوێی سیاسی، ئابووری و کلتووریی نێودەوڵەتییان هێنایە ئارا کە ڕێخۆشکەر بوون بۆ دەرکەوتنی پەیوەندی گشتی نێودەوڵەتی.[4]

بۆیە دەتوانین بڵێین لە ئەنجامی بەریەککەوتنی ئاڵوگۆڕئامێزی سیاسی، ئابووری، کلتووریی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان یەکە جیاوازە نێودەوڵەتییەکاندا، پەیوەندی گشتی وەکو پێویستییەکی حەتمی لە کایەی دیپلۆماسییەتدا دەرکەوت.[5]

لە گرنگترینی ئەو هۆکارانەی کە لە سەردەمی بەجیهانیبووندا پەیوەندییە گشتییەکانیان بردە ئاستێکی نێودەوڵەتیی، بریتی بوون لە:[6]

---

https://www.researchgate.net/publication/259484213_Political_Public_Relations_Old_Practice_New_Theory-Building

[1] راسم محمد الجمال: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

[2] Sam Black: **The Essentials of Public Relations**, London, Kogan Page Publisher, 1993, P.169.

[3] منال هلال المزاهرة: **العلاقات العامة الدولية**، عمان، دار المسيرة للنشر والتوزيع، ٢٠١٥، ص٣٢-٣٣.

[4] راسم محمد الجمال، **العلاقات العامة الدولية والاتصال بين الثقافات**، الطبعة الثانية، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠١٦، ص٣٩.

[5] كاظم هاشم نعمة، **العلاقات الدولية** ، بغداد ، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، ١٩٨٧ ،ص١١٤

[6] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- محمود يوسف: **مقدمة في العلاقات العامة**، القاهرة، الدار العربية للنشر والتوزيع، ٢٠٠٨، ص١٣.
- راسم محمد الجمال: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠-٢٥.
- فتحي الأبياري: **الرأي العام والإعلام**، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ١٩٨٥، ص٢١٨.

١- گۆڕانكارییە ئابووری و سیاسییەكان كە لە پاش (دارمانی بلۆكی سۆڤییەت) وەو درووستبوون و هەروەها درووستبوونی بازاڕی هاوبەشی ئەورووپیی.

٢- پێشكەوتنی تەكنۆلۆجیای زانیاریی و پەیوەندیكردن.

٣- دەركەوتنی كوتلە ئابوورییە نێودەوڵەتییەكان، دواتریش داهێنانەكانی بواری ژمێریاریی و ئامرازەكانی گواستنەوە... هتد.

٤- دەركەوتنی فرەجۆریی لە جەماوەری دامەزراوە نێودەوڵەتییەكان، كەمیی ڕێژەی بەریەككەوتن لەنێوانیاندا، قورس بوو هەڵسوكەوت لەگەڵ ئەواندا بكرێت، بۆیە پەیوەندی گشتی نێودەوڵەتیی بو بەهۆی ڕێكخستن و چارەسەركردن جیاوازی ئاراستە و ڕەفتار و ئارەزووی جیاوازی ئەو چین و توێژە جیاوازانە.

٥- زیادبوونی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیری تاكەكانی كۆمەڵگە كە لە هەمان كاتدا ئاستی درككردن و هۆشیارییانی بەرانبەر بە ڕووداوەكان بەرز كرووەتەوە، ئەوەش پەرییەوە بەرەو گرنگییدانی دامەزراوەكان بە كاروبارەكانی پەیوەند بە ڕایگشتی زیاد كرد.

٦- بڵاوبوونەوە دیموكراسیی و زیاتربوونی دەسەڵات و باڵادەستیی ڕایگشتی، لێرەشەوە گرنگییدانی دامەزراوەكان بە كۆڵینەوە لە ڕایگشتی و ناسینی ئاراستەكانی بیركردنەوەیان زیاتر بوو.

پەیوەندییە گشتییەكان چالاكییەكی كایەی دیپلۆماسییەتە و ئەركێكی تری دیپلۆماتكارانە لە سنوورەكانی دەرەوەی نیشتیمان،[1] لەپاڵ ئەركەكانی (دانوستان، نوێنەرایەتییكردن، كۆكردنەوەی زانیاریی و بەڕێوەبردن) دا پێویستە دیپلۆماتكاران ئەركی پەیوەندییە گشتییەكان جێبەجێ بكەن.[2]

پەیوەندیگشتییكار لە دامەزراوەی دیپلۆماسیدا پەیامی دیپلۆماسییانە ئاراستەی ئەو كۆمەڵگەیە دەكات كە كاری تێدا دەكات، هەوڵدەدات بەهۆیەوە ناوبانگێكی باش بۆ دەزگاكەی درووستبكات، بەشی پەیوەندییە گشتییەكان بە درووستكردنی كەمپەین و پرۆگرامی جیاواز و چالاكییە جۆراوجۆرە كۆمەڵایەتییەكان و ئیڤێنتەكانەوە دەتوانێت هەستێكی ئەرێنی لەلای جەماوەر بچێنێت سەبارەت بەو بابەت و دۆزانەی كە دامەزراوەكە كاریان لەسەر دەكات.[3]

هەندێك لە ڕایەكان پێیان وایە دیپلۆماسییەتی گشتی لە بەركەوتنی پەیوەندییە گشتییەكان و دیپلۆماسییەتی نەریتیی (فەرمی) پەوە دروستبووە، بەمـپێیەش كاتێك پەیوەندییە گشتییەكان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی ئەو چالاكییانە ئەنجامدەدات كە لە بەرژەوەندی حكوومەت و وڵاتدایە ئەوا ئەو چالاكیی و ئەركانە ئەنجامدەدات كە لە بازنەی ئەركی بواری دیپلۆماسییەتی گشتییدان، چونكە " كرۆكی كاری دیپلۆماسییەتی گشتی بریتییە لە بەڕێوەبردنی وێنەی وڵات لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی".[4]

---

[1] علي عبد الفتاح: **الإعلام الدولي والعولمة الجديدة**، مصر، دار اليازوري للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص٦١،٦٣.

[2] عباس أكبر محمد احمد وإبراهيم قسم الله محمد احمد: توظيف العلاقات العامة في تعزيز العمل الدبلوماسي- دراسة تطبيقية، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة القرآن الكريم والعلوم الإسلامية، سودان، ٢٠١٦، ص٧٠.

[3] James D: What's the Difference Between PR and Public Diplomacy, (18/6/2018). https://everything-pr.com/whats-difference-pr-public-diplomacy/

[4] يسرا حسني: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩،١٧٨.

لەلای بەشێك لە حكوومەتەكانیش دیپلۆماسییەتی گشتی وەكو پەیوەندی گشتی نێودەوڵەتیی سەیر دەكرێت، بە جۆرێك كە پەیوەندییە گشتییەكان كاتێك وڵاتان لەسەر ئاستی دەرەكییدا جێبەجێی دەكەن بە دیپلۆماسییەتی گشتی ناودەبرێت.[١] لەبەرئەوەش پەیوەندییە گشتییەكان كاتێك حكوومەتەكان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی ئەنجامیدەدەن دەبێتە دیپلۆماسییەتی گشتی.

پەیوەندییە گشتییەكان دەكەوێتە ناو زانستی كۆمۆنیكەیشنەوە، لەكاتێكدا دیپلۆماسییەتی گشتی دەكەوێتە ناو بازنەی زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی كۆمۆنیكەیشن لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا ئەركێكی گرنگ و سەرەكییە ئەم ئەركەش بەشەكانی پەیوەندییە گشتییەكان دەتوانن بەڕێوەی ببەن، چونكە چالاكی پەیوەندییە گشتییەكان هاوشانی ریكلام و ڕاگەیاندن دەكەوێتە ناو بەڕێوەبردنی كۆمۆنیكەیشنەوە.[٢]

بەشی پەیوەندییە گشتییەكان لە دامەزراوە دیپلۆماسییەكاندا كۆمۆنیكەیشن ڕێكدەخات و ئەنجامیدەدات لەگەڵ دامەزراوەكان و گرووپە فراوانەكانی كۆمەڵگەدا و پەیوەندییان لەگەڵ درووستدەكات، هەروەها لە ڕێگای ڕووماڵەكانی میدیاوە كار لەسەر ڕایگشتی دەكات، لەگەڵ ئەمانەشدا پەیوەندی گشتی لە دامەزراوە دیپلۆماسییەكاندا (چاودێریكردن و بەڕێوەبردنی دۆز، بەڕێوەبردنی تەنگژەكان، هەڵمەتی بەدەستهێنانی زانیارییەكان) ئەنجامدەدات،[٣]

هەروەها ئەتەكێت وەكو ڕەفتارێكی كۆمەڵایەتی بەشێكی گەورە لە ڕێساكانی مەراسیم و پرۆتۆكۆل پێكدەهێنێت و ئەمەش یەكێكی ترە لەو ئەركانە كە پەیوەندییە گشتییەكان لە بواری دیپلۆماسییەتدا ئەنجامیدەدات.[٤]

چەند كار و بەهرەیەكی هاوبەش هەیە لەنێوان هەردوو بواری پەیوەندییە گشتییەكان و دیپلۆماسییەتدا كە لە ڕێگایانەوە خزمەت بە دامەزراوە دەكرێت، وەكو (ڕەوانبێژیی و وتاردان، دانوستان بەمەبەستی هێنانەدی ئاشتی و درووستكردنی كەشی ئاشتییانە، ئاراستەكردنی دەروونی بە جۆرێك بەرامبەر وا لێ بكرێت بەشێوەیەكی ئەرێنیانە بیربكاتەوە بە جۆرێك لەگەڵ بەرژەوەندییەكانی ئەو دامەزراوەیەدا یەك بگرێتەوە كە بەشی پەیوەندییە گشتییەكان كاری بۆ دەكات، نوێنەرایەتییكردنی دامەزراوە) ، لە ڕەوانبێژیی و وتارداندا كەسی پەیوەندییگشتیكار و كەسی دیپلۆماتكار دەكرێت بە لایەنگیری دامەزراوەكەیان قسە بكەن و لە بەرژەوەندی ئەوان بدوێن، لە ئەركی وتوویژ و دانوستاندا دەكرێت ئاشتەوایی بەدیبهێنن، لە ئەركی نوێنەرایەتییكردنی دامەزراوەكەشدا دەتوانن ستراتیجی گونجاو بگرنەبەر بۆ قایلكردنی لایەنی بەرامبەر (لایەنی ڕكابەری دامەزراوە یان لایەنی دووەم).[٥]

---

[1] Diana Ingenhoff, Christopher Ruehl: International public relations: A synopsis of German-speaking and Anglo-American, Journal of Studies in Communication Sciences,No.13,2013,P.2. https://doc.rero.ch/record/278507/files/2013_Ingenhoff_Ruehl_International_Public_Relations.pdf

[2] Marta Ryniejska, Kiełdanowicz: Cultural Diplomacy as a Form of International Communication, University of Wrocław, Institute for International Studies, P.6-7. https://interarts.net/descargas/interarts664.pdf

[3] Jacquie L'Etang, Op.cit, P.608.

[٤] محمد مرضي الشمري: **مدخل إلى دراسة العلاقات العامة والإعلان**، القاهرة، العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص٥١.

[5] Jacquie L'Etang, Magda Pieczka: **Public Relations: Critical Debates and Contemporary Practice**, London, Routledge, 2006, P.374.

بەشی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی کۆمەڵێك ئەرك ئەنجامدەدات، ئەوانیش بریتین لە:[1]

١- درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر و هەوڵدان بۆ زیاترکردنی پاڵپشتیان.

٢- پابەندبوون بە لێپرسراویتیی و وەڵامدانەوەی جەماوەر، پێشکەشکردنی زانیاریی بەردەوام و ڕێکخراو بە جەماوەر لەبارەی سیاسەت و پلان و دەستکەوتەکانی حکوومەت.

٣- چونەژێرباری بەرپرسیارێتیی و ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی شکست و سەرکەوتن.

٤- هۆشیارکردنەوە و ئاراستەکردنی جەماوەر، بەپێی تایبەتمەندێتی دامەزراوەکە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانیش پەیامی هۆشیاری بە جەماوەر دەدات و هەوڵدەدات بە ئەو ئاراستەدا بیانبات کە لەگەڵ ئامانجەکانی دامەزراوەکەدا یەك دەگرێتەوە.

٥- بەدەستهێنانی پشتگیری جەماوەر بۆ بریار و ڕێسا نوێیەکانی وڵات، ڕوونکردنەوە و خستنەڕووی ڕێسا و یاسا و بریارە نوێیەکانی دامەزراوە یان وڵات، هەروەها خستنەڕووی ئەو هۆکارانە کە بریار و ڕێسا و یاساکان لەپێناویاندا دەرکراون.

٥- هەڵسەنگاندنی ڕایگشتی و شیکارکردنی، زانینی ڕایگشتی دەکرێت بە ئەم ڕێگایانە بەدەستبهێنرێن (چاوپێکەوتن، فۆرمی ڕاپرسی، تێبینیکردن) ئەم ئەرکە بەهۆی ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیا و زۆربوونی شێوازەکانی زانینی ڕای جەماوەر ئاسانتر و خێراتر دەستدەخرێت.

٦- ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە یاسا و ڕێساکانی حکوومەت و دامەزراوە.

---

[1] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- Richard Steiner: Communication Between Government and Citizen, Southern Review of Public Administration, No. 4 (March, 1978), SPAEF, P.543. http://www.jstor.org/stable/40859913
- Sam Black: **Practical Public Relations**, 4th Edition, London, Sir Isaac Pitman and Sons, 1976, P.140.
- Mordecai Lee: **The Practice of Government Public Relations**, Series in Public Administration and Public Policy, Political Science Faculty Publications, US, CRC Press, 2012, P.12-13.
- ماجد جبار غزاي الفتلاوي وعلي عبودي نعمة الجبوري: **إدارة وتخطيط العلاقات العامة**، عمان، دار صفاء للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص٢٢٨.
- Richard Steiner: Communication Between Government and Citizen, Southern Review of Public Administration, No. 4 (March, 1978), SPAEF, P.543. http://www.jstor.org/stable/40859913
- الدسوقي الشيخ الحسن: دور العلاقات العامة في السفارات السودانية في تطوير الأداء الدبلوماسية- دراسة وصفية على عينة من السفارات السودانية في الفترة من ٢٠١٠ -٢٠١٣، (جامعة القرأن الكريم والعلوم الانسانية- سودان) رسالة دكتوراه غير منشورة، ٢٠١٨، ص١١٥-١١٦.
- فهد بن سويلم العطوي: دور العلاقات العامة في فاعيلة العمل الدبلوماسي- دراسة ميدانية، المجلة العربية للإعلام وثقافة الطفل، العدد (٧)، جامعة نايف للعلوم الأمنية، كلية العلوم الإجتماعية، قسم الإعلام، رسالة ماجستير منشورة، أبريل ٢٠١٩، ص١٤٦.
- شعبان حمدي: وظيفة العلاقات العامة (الأسس والمهارات)، القاهرة، الناشر الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات، ٢٠٠٨، ص٣٢.
- عبدالباري درة ونبيل المجالي: العلاقات العامة في القرن الحادي والعشرين، النظرية والممارسة منحى نظامي وإستراتيجي، عمان، الطبعة الثانية، دار وائل للنشر والتوزيع، ٢٠١٣، ص٤٥.
- خالد إبراهيم إدريس: العلاقات العامة الدولية ودورها في إدارة الأزمات السودانية- دراسة وصفية، اطروحة دكتوراه (غير منشورة)، جامعة سودان للعلوم والتكنلوجيا، قسم العلاقات العامة والإعلان، ٢٠١٧، ص٦٠. http://repository.sustech.edu/handle/123456789/19432

٧- گواستنەوەی گۆشەنیگای جەماوەر بۆ دامەزراوە، دەستەبەرکردنی هەلی ڕادەربڕین بۆ هاووڵاتیان بۆ ئەوەی گوزارشت لە بیرۆکەکانیان بکەن بیگەیەنن بە دەسەڵاتداران.

٨- دۆزینەوەی ڕێگاکانی پێکەوەبەستنی خزمەتگوزارییەکان بە کۆمەڵگەوە.

٩- گرنگییدان بە سکاڵا و پێشنیارەکانی جەماوەر، سکاڵا و پێشنیارەکان لە ڕێگای سندووقی تایبەت و هەروەها لە ڕێگای ئامرازەکانی میدیای نوێ دەکرێت بەدەستبهێنرێن و بگەیەندرێنە بەڕێوەبەری باڵا و ئەو بەشانەی دامەزراوە کە پەیوەستن بە پێشنیار و سکاڵاکانەوە.

١٠- ئاگادارکردنەوەی جەماوەر لە ئەو خزمەتگوزاریی و ئەرکانەی کە دەوڵەت بۆ هاووڵاتی و تاك و دەستەکانی وڵاتەکەی خۆی دەکات.

١١- لەسەر ئاستی جەماوەری ناوخۆ، پێویستە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان بەشداربێت لە برەودان بە دڵسۆزی و ئامادەیی رۆحییەتی کارکردنی کارمەندان بۆ دامەزراوەکە، هەروەها خستنەڕووی ڕۆڵی ئەوان لە بەدەستهێنانی سەرکەوتنەکان و دیارییکردنی ڕۆڵی کارمەندەکان لە سەرکەوتنەکاندا.

١٢- پێشکەشکردنی ڕێنوێنی بە کارمەندانی دامەزراوە، بەتایبەت پرسی تایبەت بە ڕووداوە هەنوکەییەکان.

١٣- ڕێکخستنی چاوپێکەوتنە میدیاییەکان بۆ نوێنەر یان وتەبێژی دامەزراوە، هەروەها لەناوخۆی دامەزراوەش، ئامادەکردنی کەرەستەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانیی، ئامادەکاری بۆ کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکان.

١٤- نووسینی وتارە فەرمییەکانی دامەزراوە و بەڕێوەبەر و بەرپرسە جیاوازەکانی ناو دامەزراوە لە بۆنە گشتی و تایبەتەکاندا.

١٥- هەڵسەنگاندنی ڕایگشتی و شیکارکردنی، زانینی ڕایگشتی دەکرێت بە ئەم ڕێگایانە بەدەستبهێنرێن (چاوپێکەوتن، فۆرمی ڕاپرسی، تێبینییکردن) ئەم ئەرکە بەهۆی ئامرازەکانی تەکنۆلۆجیا و زۆربوونی شێوازەکانی زانینی ڕای جەماوەر ئاسانتر و خێراتر دەستدەخرێت.

١٦- بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی میوانداریيکردن.

١٧- دروستکردن و بەڕێوەبردنی کەمپەینەکانی خزمەتگوزاریی گشتی، فێرکاری و پەروەردەیی.

١٨- هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چارەسەری تەنگەژە و گرفتەکان بەشێوەیەکی دوور لە توندوتیژیی، هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە ڕەفتارە مرۆییەکان (دەروونی و کۆمەڵایەتی) ی ژینگەی کارکردن.

بە دیقەتدان لەو ئەرکانەی کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوەی دیپلۆماسییدا جێبەجێی دەکات، دەردەکەوێت کە پەیوەندییە گشتییەکان ئەرکێکی گرنگ و زیندووی نێو دامەزراوەی دیپلۆماسییەت و دیپلۆماسییەتی گشتییە، دەگەینە ئەوەش کە پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی تەواوکەرە بۆ دیپلۆماسییەتی گشتی.

لێرەدا، ئاماژە بە ئەو خاڵانە دەکەین کە هاوبەشیی لەنێوان بواری پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی دا دەهێننە ئاراوە، پوختی دەکەینەوە لە:[١]

١- بازنەی کار: ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی لە بەڕێوەبردنی کۆمۆنیکەیشندا چڕ دەبێتەوە، لە هەردوو بوارەکەدا جەخت دەکرێتەوە کە کۆمۆنیکەیشن بنەمایەکی سەرەکییە لە هەموو سنوورە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەوەش پشتبەست بەوەی کە هەر وڵات و حکوومەتێک لە ئەنجامی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانییدا دروستبووە، " کۆمۆنیکەیشنی سیاسییش، شێوازێکی ئاشکرا یان نهێنی کاری قایلپێکردنە و کار دەکات لەسەر بەدیهێنانی ئامانجە سیاسییە باڵاکان، پەیوەندی گشتی حکوومی و دیپلۆماسییەتی گشتی دەکەونە ناو بازنەی کۆمۆنیکەیشنە سیاسییەکانەوە ".

٢- کارامەیی: یەکێك لە کارامەییەکانی بواری دیپلۆماسییەتی گشتی بریتییە لە هەبوونی لێهاتوویی و سەلیقەی کاری پەیوەندییە گشتییەکان، بواری دیپلۆماسییەتی گشتی پێویستی بە کارامەییەکانی پسپۆڕانی پەیوەندییە گشتییەکان هەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەرك و ئامانجەکانی.

٣- لێپرسراوێتیی: بواری پەیوەندییە گشتییەکان بە جێبەجێکردنی لێپرسراوێتی (بەڕێوەبردنی کۆمۆنیکەیشن لە ئاستی نێودەوڵەتیدا) و هەروەها بە چالاکییەکانی بڵاوکردنەوە میدیاییەکان، ئەنجامدانی دیپلۆماسییەتی کلتووریی، درووستکردنی پەیوەندییە کەسییەکان لەنێوان دیپلۆماتکاران و جەماوەردا، دەبێتە بەشێك لە پراکتیزەکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی.

٤- بەڕێوەبردنی تەنگژە: پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێت لە بەڕێوەبردنی تەنگژە و قەیرانە نێودەوڵەتییەکاندا بەکاربهێنرێت کە ئەمەش یەکێکە لە ئەو ئەرکانەی کە لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا پێویستی بە بەڕێوەبردن و چارەسەر هەیە.

٥- ئامراز: بواری پەیوەندییە گشتییەکان و بواری دیپلۆماسییەتی گشتی بۆ ئەنجامدانی ئەرك و بەدیهێنانی ئامانجەکانیان ئامرازەکانی میدیا بەکاردەهێنن، وەکو چاپکراو، بیستراو و بینراو، میدیای نوێ (ئەلیکترۆنیی).

---

[١] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- Alexander E. Hopkins: Government Public Relations- Public Diplomacy or Propaganda? Inquires Journal, VOL. 7, NO.03, 2015. http://www.inquiriesjournal.com/articles/1012/government-public-relations-public-diplomacy-or-propaganda
- Temi Wright: Op.cit, P.2.
- John L. and Stephanie G. Palmer**: Field Guide to Public Relations and Public Diplomacy, (14,8,2021),** https://www.maxwell.syr.edu/career/field_guides/Public_Relations_and_Public_Diplomacy_Field_Guide/?fbclid=IwAR00n_Hxsv0nbyfm1Lu7rn2D3vwsWXkjVXSlHbGgBckzNpHnVwzZ1hWOznc
- Jacquie L'Etang: Op.cit, P.608.
- Dyke, Verčič, D.: **Public relations, Public Diplomacy, and strategic Communication**.
- Kathy Fitzpatrick and Others, Op.cit, P.3,4.

٥- بیرۆکەی کار: هەردوو بوارەکە لە هەندێك باردا هەمان بیرۆکەی کاریان هەیە، دەتوانرێت بیرۆکەی کار و چالاکییەکانی هەر بوارێکیان بۆ بوارەکەی تر بەکاربهێنرێت، بۆ نمونە ئەو بیرۆکانەی لە بەڕێوەبردنی (ڕووداو، دۆز، کۆمۆنیکەیشن، میدیا) بەکاردەبرێن.

٦- ڕایگشتی: پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات بۆ ئەوەی گشت قایل بکات و ڕەزامەندی بەدەستبهێنێت بۆ پاڵپشتیکردنی ئامانجەکانی حکوومەت یان دامەزراوە، هەروەها دەتوانێت کار لەم بوارەدا بکرێت بە ئامانجی دروستکردنی بەرەیەکی پشتیوانیی بۆ نەرمەهێز، بۆ ئەوەش پرۆسەی کۆمۆنیکەیشنی دەروونیی ئەنجامبدات، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەکی چالاك و کاریگەر لەگەڵ جەماوەری بیانییدا گفتوگۆ دروستبکەن و لە ناردنی پەیامدا بتوانن گۆشەنیگای دامەزراوەکە بگەیەننە جەماوەر، ئەمەش دەتوانێت یارمەتیدەر بێت لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی.

دەکرێت بڵێین لەبەرئەو هاوبەشییانەیە کە " توێژەران پێشنیاری ئەوە دەکەن کە پردێك دروستبکرێت لەنێوان پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی دا، هەروەها ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لە کایەی سیاسەتی نێودەوڵەتییدا بناسرێنرێت ".[1]

جەیمس جرونج، داهێنەری (چوار مۆدێلە کلاسیکەکەی)* پەیوەندییە گشتییەکان، دەڵێت " ئەو مۆدێلانە دەکرێت درێژببنەوە لە دیپلۆماسییەتی گشتییشدا کاریان پێ بکرێت ".[٢]

بە ڕای توێژەر، هەردوو بوارەکە لە سیستەمێکی سیاسی دیموکراسیی و ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی کراوەدا دەتوانن کار بکەن و پەرەیان پێ بدرێت، هەردوو بەرپرسن لە کارکردن لەسەر ڕایگشتی و وەڵامدانەوەیان لە کاتی پێویستدا، زۆرێك لە توێژەران و ئێمەش پێمان وایە دیپلۆماسییەتی گشتی تاڕادەیەکی زۆر نزیکە لە کاری پەیوەندی گشتی نێودەوڵەتی کە حکوومەتەکان ئەنجامیدەدەن، هەردوو بوارەکە لە دەرەوەی سنووری جوگرافیای نیشتیماندا ڕووبەڕووی جەماوەری بیانی دەبنەوە و سنوورەکانی کلتوور و زمان تێدەپەڕێنن، دیسان هەردوو بوارەکەش ئامانجیان دروستکردن و پاراستنی ناوبانگێکی باشە بۆ وڵاتەکانیان.

لەگەڵ لێکنزیکیی و لێکچوونەکانیاندا، هەردوو بواری پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی چەند جیاوازییەکیان هەیە، لێرەدا ئاماژەیان بۆ دەکەین، هەرچەندە هەوڵێکی کەمی زانستی لەم نێوەندەدا

---

[1] Kathy Fitzpatrick and Others, Op.cit, P.3,4.

* مۆدێلی ئاژانسی ڕۆژنامەگەری- Press Agentry: کاتێك بەکاردەهێندرێت کە ئامانجەکە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەیەکی باش بێت لە بەرژەوەندی دامەزراوە، بەتایبەت لە سۆشیال میدیادا. (لێرەدا کۆمۆنیکەیشن یەك ئاراستەیە، تەنها دامەزراوە پەیام دەنێرێت، تەنها خزمەت بە دامەزراوە دەکات).

* زانیاری گشتی- Public Information: بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی لەبارەی دامەزراوەوە کە پێویستە جەماوەر بیانزانێت، لە ڕێگای ڕۆژنامەوانانەوە. (لێرەدا ڕاستگۆیی گرنگە، کۆمۆنیکەیشن یەك ئاراستەیە و تەنها دامەزراوە پەیام دەنێرێت).

* ناهاوسەنگی دووئاراستە- Two way asmmytericall: کار لەسەر ئەوە دەکات قەناعەت بە جەماوەر بکات، توێژینەوەی تێدایە، هەوڵدەدات ڕەفتاری جەماوەر بە ئاراستەی خواستی دامەزراوەکە بگۆڕێت. (فیدباکی جەماوەر وەردەگرێت بەڵام کاریان لەسەر ناکات).

* هاوسەنگی دووئاراستە- Two- way- symmetrical: لێرەدا هەوڵدەدرێت چارەسەرێك بدۆزرێتەوە بە خواستی هەردوولا بێت، شێوازی قەناعەت و یەکئاراستە بەکارناهێنێت. (بە لای جرۆنج-ەوە باشترین مۆدێلە، دامەزراوە خۆی لەگەڵ گۆڕاوەکانی ژینگەی دەرەوەدا دەگونجێنێت، ئەم مۆدێلە پشت دەبەستێت بە تێگەیشتنی هاوبەش و کۆمۆنیکەیشنی دوولایەنە. جێبەجێکردنی ئاسان نیە چونکە هەندێکجار بەرژەوەندی دامەزراوە و جەماوەر یەك ناگرنەوە).

[٢] یسرا حسني: سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩.

دراوە، بەشێك لە توێژەران ڕایان وایە هەردوو بوارەکە جیاوازن لە یەکتر، بۆ ئەوش چەندین بەڵگە دەخەنەڕوو، لێرەدا بە خاڵ ئاماژەیان بۆ دەکەین:[1]

١- لە ڕووی چەمکەوە: "گشت" لە پەیوەندییە گشتییەکاندا بریتییە لە "کۆمەڵێك لە خەڵك کە تایبەتمەندێتی هاوبەشیان هەیە"، بەڵام لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا (گشت) بریتییە لە میللەت یان جەماوەرێکی بەرفراوانی بیانی، دەتوانین بڵێین جەماوەر لە پەیوەندییە گشتییەکاندا ڕێکخراون و ئامانج و ئارەزووی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، دەکرێت لە پەیوەندییە گشتییەکاندا جەماوەر بناسرێنەوە، بەڵام لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا جەماوەر بریتییە لە جەماوەرێکی ناڕێکخراوی میللەتێکی تر.

٣- لە ڕووی چەمکەوە: (دیپلۆماسییەت) بریتییە لە کردارێك لە سیاسەتی دەرەکییدا لەڕێگایەوە مامەڵە لەگەڵ وڵاتان و کەسایەتییەکانی وڵاتاندا دەکرێت، هەروەها بریتییە لە هونەری پتەوکردنی پەیوەندییەکان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکان لە ڕێگای گفتووگۆی ئاشتییانەوە، لە بنەڕەتدا دیپلۆماسییەت لەلایەن کاراکتەرە جیاوازەکانی وڵاتەوە ئەنجامدەدرێت، چەمکی (پەیوەندییەکان) : مەبەست لە (پەیوەندی) ئەنجامدانی چالاکییەکی کۆمەڵایەتییە بەمەبەستی درووستکردنی پەیوەندی لەگەڵ جەماوەر لە ژینگەی ناوخۆ و دەرەوەی دامەزراوەدا.

٤- پەیوەندییە گشتییەکان یەکێکە لەو بوارانەی کە لە هێنانەدی ئامانجەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی دا بەکاردەبرێت، بەو مانایەی کە دەکرێت بواری پەیوەندییە گشتییەکان بکەوێتە نێو بازنەی چالاکییەکانی بواری دیپلۆماسییەتی گشتیی، هەر بۆیە کاریگەریی و هێزی دیپلۆماسییەتی گشتی لە ئاستی بەشداریی جەماوەری بیانییدا دەردەکەوێت کە پەیوەندییە گشتییەکان لەڕێگای هاندان و برەوپێدانی بیرۆکە و بەهاکانەوە ئەو هێزەی بۆ پەیدا دەکات.

بەپێی ئاژانسی زانیارییەکانی ئەمریکا (USIA)، پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لە (پێدانی زانیاری پەیوەست بە چالاکی و سیاسەتەکانی حکوومەتی ئەمریکا بە جەماوەر، میدیاکان و دامەزراوەکانی تر، هەروەها هەوڵدانیشە بۆ تێگەیشتن لە چالاکی و ئامانجەکانی حکوومەت لە دیدی جەماوەرەوە لەڕێگای درووستکردنی گفتوگۆ لەگەڵ جەماوەر و تاك و کۆمەڵە و دامەزراوەکان)، بەڵام دیپلۆماسییەتی گشتی (هەوڵی جددی حکوومەتی ئەمریکایە بۆ درووستکردنی ژینگەیەکی پەیوەندییکردن لە دەرەوەی وڵات بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەگەرەکانی دروستبوونی هەڵەتێگەیشتن و پێشبینی نەرێنی لەسەر حکوومەتی ئەمریکا کە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی تردا ئاڵۆز دەکات)،[2] توێژەر پێی وایە ئەو دوو پێناسەیە دەکرێت وا لێکبدەینەوە کە دیپلۆماسییەتی گشتی پێش ئەگەر و ڕووداوەکان دەکەوێت و پەیوەندییە گشتییەکان لەناو ڕووداوەکاندا کار دەکات.

توێژەر پێی وایە ئەو جیاوازییانەی کە لەنێوان پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی دا ماوەتەوە بیلێین، بریتیین لە :

---

[1] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- میرزة هاجر: العلاقات العامة والدبلوماسية العامة، هل هما فعلا وجهان لعملة واحدة؟ مجلة آفاق للعلوم، ٢٠١٩، الجزائر، المجلد ٤، العدد (١٤)، ٢٠١٩، ص.٢٨٧،٢٩٠. https://www.asjp.cerist.dz/en/article/75316
- Kathy Fitzpatrick: Op.cit, P.1.
- Jan Melissen: Op.cit, P.13.
- علي رحيم راضي: العلاقات الدبلوماسية والقنصلية، سوريا، دار مؤسسة رسلان، ٢٠٢٠، ص٣٥.
- محمد جياد زين الدين: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠.

[2] What is Public Diplomacy?, Public Diplomacy Alumni Association, www.publicdiplomacy.org/1.htm (14/8/2021).

١- پەیوەندییە گشتییەکان کار دەکات لەسەر حەز و تێڕوانینی جەماوەر، ئەمەش زۆرجار لەڕێگای بڵاوکراوەی ڕاستەوخۆ و چالاکییە مەیدانییەکانەوە ئەنجامدەدات، لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا کار دەکرێت لەسەر (بەهاکان، ئایدۆلۆجیا و دەروون) ی جەماوەر، هەر بۆیە ڕێگاکانی جێبەجێکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی دوورمەودان و بە میکانیزمی جیاواز کار دەکات، بۆ نمونە ئاڵوگۆڕی کلتووریی، پەروەردەیی، برەودان بە پێکەوەژیانی ئایینی، بانگەشەکردن بۆ ئاشتی و ئازادی و یەکسانی.

٢- دیپلۆماسییەتی گشتی کار لەسەر ئامانجی دوورمەودا و بەرژەوەندی نیشتیمانیی وڵات دەکات، پەیوەندییە گشتییەکان پەیوەستە بە سیاسەت و بەرنامەی کاری هەنووکەیی (ئێستایی) ی دامەزراوە، بەڵام لە بارودۆخی تێکچوونی پەیوەندی نێوان دوو وڵاتدا ئەگەر بێتو نوێنەرایەتی وڵاتی خاوەن دیپلۆماسییەتە گشتییەکەش لە وڵاتێکدا دابخرێت بەڵام کاریگەریی چالاکییەکانیان لە هزری جەماوەرەکەیاندا هەر دەمێننەوە، لەم چوارچێوەیەدا ئاماژە دەکەن بۆ: پەیوەندییە گشتییەکان (هەڵمەتەکان، چالاکییە ڕۆژنامەوانییەکان، دۆز و ڕووداوەکان، پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن) بەڕێوەدەبات، لە کاتێکدا دیپلۆماسییەتی گشتی پەیوەندی درێژمەودا دادەمەزرێنێت (ئاڵوگۆڕی زانستی و پەروەردەیی لە نمونەی فولبرایت، پەیوەندی کلتووریی، هاوکاریی و هەماهەنگی دارایی و تەندرووستی ... هتد) ئەنجامدەدات.

٣- پەیوەندییە گشتییەکان لە ئەنجامی گەورەبوونی بازاڕ و پەیدابوونی کۆمپانیا بازرگانییە زەبەلاحە فرەڕەگەزەکاندا گەشەی کرد، دیپلۆماسییەتی گشتی لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری تردا پەیدا بوو وەکو ئەوەی کە دیپلۆماسییەتی نەریتیی بەپێی پێویست ئامانجەکانی بەدینەدەهێنا، هەروەها زیادبوونی کاریگەریی ڕایگشتی.

٤- پەیوەندییە گشتییەکان لە بوارەکانی ڕاگەیاندن، کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە نزیکە بەڵام دیپلۆماسییەتی گشتی دەکەوێتە ناو خانەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانەوە و گرێدراوی سیاسەتی دەرەکییە.

# باسی سێیەم

## تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی

**یەکەم: چەمک و پێناسەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان**

**دووەم: تایبەتمەندییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە کاری پەیوەندییە گشتییەکاندا**

**سێیەم: گرنگی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا**

## باسی سێیەم: تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی

### یەکەم: چەمک و پێناسە و جۆرەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان

پەیوەندی و بەیەکگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان لە سەرەتاکانی بوونی مرۆڤەوە هەیە، تەکنۆلۆجیای ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان گۆڕانێکی گەورەیان لە شێواز و ئاستی پەیوەندییەکاندا درووستکرد، لە ناوەڕاستەکانی ساڵانی نەوەدی سەدەی بیستەمەوە شۆڕشی تەکنۆلۆجیای ئینتەرنێت لە بواری پەیوەندییەکاندا گەیشتە لوتکە، ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەشە جیاجیاکانی جیهانیان پێکەوە بەستەوە، بەسەر کات و سنوورەکاندا بازیاندا.

لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکاندا تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر پێگەکانی ئینتەرنێت گەشەیان کرد، لە ساڵی ١٩٩٥ تۆڕی کلاسمەیت* Class matesn.com پەیدا بوو، لەو ساڵانەدا لە ئەمریکا پەنجا ملیۆن بەکارهێنەری هەبوو، لە ساڵی ٢٠٠٥ یشدا گۆڕانێکی گەورە لەم تۆڕانەدا ڕوویاندا کاتێك کە ماڵپەری مایسپەیسی ئەمریکی My space و فەیسوك Facebook دروستبوون، مارك زوکربێرگ داهێنەری فەیسبووك وتی کە: "بەمەبەستی گفتووگۆکردن و گۆڕینەوەی وێنە لەگەڵ هاوڕێکانی زانکۆی هارڤارد-یدا فەیسبووکی دروستکردووە".[١]

چەمکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (Social Network)، دەرهاویشتەی کۆمەڵێك پێگەی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێتە کە لەگەڵ نەوەی دووەمی وێب (وێب ٢.٠٠)*[٢] ناسراون، ئەم پێگانە لە ژینگەیەکی خەیاڵییدا پەیوەندی لەنێوان تاکەکان درووست دەکەن، بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەپێی سۆز و خولیاکانیان، شار، زانکۆ، خوێندنگا، کۆمپانیا و شوێنی کار... هتد لە ژینگەی تۆڕ و پێگەکانی کۆمەڵایەتیدا کۆدەبنەوە و زانیاریی و پەیامەکانیان دەگۆڕنەوە.[٣]

ئەم تۆڕانە داتا ژمارەیی و ئەلیکترۆنییەکان بە ئاسانی دەگوازنەوە، هەلی دۆزینەوەی یەکتری بۆ بەکارهێنەران ڕەخساندووە، هەموو ئەمانەش کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی* درووستدەکەن کە لە یەکە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکان دەچێت.[٤]

---

* کلاسمەیتس، تۆڕێکی کۆمەڵایەتیی بووە لە (١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٩٥) لەلایەن Randy Conrads ی ئەمریکییەوە دامەزراوە، لە بنەڕەتدا بۆ درووستکردنی پەیوەندی لەنێوان هاوڕێیانی قوتابخانە، کۆلێجەکان و چەند شوێنێکی تر دامەزرا، سەرۆکی جێبەجێکاری کلاسمەیت وتوویەتی "مەبەستی تۆڕەکەیان یادکردنەوە و زیادکردنی سەرنجیشە لەسەر ڕووداوەکانی ڕابردوو لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی پارچە ڤیدیۆ، پارچە مۆسیقا و وێنەی فۆتۆگرافیی" دواتر ناوی ئەم تۆڕە گۆڕدرا بۆ میمۆری لەین و پاشان و لە ساڵی ٢٠١١ دا ئەم تۆڕە بوونی نەما.

[١] علي خليل شقره: **الإعلام الجديد (شبكات التواصل الاجتماعي)**، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٤، ص٥٨.

* وێب ٢.٠٠: سەکۆیەکی تەکنیکی بنەڕەتیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، چەمکێکی تەکنۆلۆجیاییە و ئاماژەیە بۆ کارلێك و وەڵامدانەوەی خێرا، هەروەها گوزارشتە لە ئاسانیی بەکارهێنان و هەماهەنگی، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن ئەکادیمیست و پسپۆڕی ئایتی: دارسی دینوچی (Darcy DiNucci) بەکارهێنرا.

[٣] مصطفى يوسف كافي: **الإعلام التفاعلي**، عمان، دار الحامد للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص١٠٩.

* کۆمەڵگەی خەیاڵیی (Virtual Communities)، ئەم گوزارشتە بەکاردێت بۆ ئەو دۆخەی کە تیایدا بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئینتەرنێت تاکەکان بەریەك دەکەون و پەیوەندی پێکەوە دەکەن، لەو کۆمەڵگەیەدا سنورە جوگرافی و سیاسی و کلتوورییەکان دەبەزێت، یەکێك لە دیارترینی جۆرەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بریتیە لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی.

[٤] محمد العوض وداعة الله: **مواقع التواصل الاجتماعي وقضايا الشباب الجامعي**، عمان، دار الخليج للنشر والتوزيع، ٢٠٢٠، ص٢١.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان "Social Network" ئاماژەیە بۆ (بەکارهێنانی وەگەڕخراوەکانی ئینتەرنێت لە درووستکردنی پەیوەندی و گفتووگۆ)، ئەم تۆڕانە (کۆمەڵێك پێگەی ئەلیکترۆنیین کە لە چوارچێوەی سیستەمەکانی ئینتەرنێتدا ڕێگا بە بەکاربەرانی دەدات لاپەڕەی کەسیی درووستبکەن و بشتوانن نیشانی (گشت) ی بدەن، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی گۆڕینەوەی زانیاری لەنێوان بەکاربەرانی پێگەکاندا ڕەخساندووە).[1]

پێناسەیەکی تر دەڵێت، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (بریتین لە کۆمەڵگەیەکی ئەلیکترۆنی زەبەلاح کە کۆمەڵێك خزمەتگوزاریی تێدایە کە لە میانی خزمەتگوزارییەکانی هاوڕێتیی و یەکترناسیندا پەیوەندی و کارلێککردن لەنێوان بەکارهێنەراندا دەڕەخسێنێت، نامە ناردن و گفتوگۆکردنی دەسبەجێ پێشکەشی بەشداربووانی دەکات، تیایدا کۆمەڵەکانی گرنگیپێدان و لاپەڕەی کەسیی درووست دەکرێت، ئەم تۆڕانە بەشدارییکردن لە بۆنە و ڕووداوەکاندا دەستەبەر دەکات، هەروەها هەلی پەیوەندی وێنەیی و ڤیدیۆیی لەگەڵ ئەوانی تردا بەردەست دەخات).[2]

بەهۆی ئەو تۆڕانەوە پێگەکانی " تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان " درووستبوون، ئەم چەمکە لە "Social Media" ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، لە دوو وشە پێکدێت، ڕاگەیاندن (Media) بە مانای هەر ئامرازێکی ڕاگەیاندن دێت کە دەبێتە هۆی درووستکردنی پەیوەندی لەنێوان تاکەکاندا، وشەی کۆمەڵایەتی (Social) یش ئەو پرۆسە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە دوو ئاراستەیە کە لەنێوان نێرەر و وەرگردا درووستدەبێت، وەرگر پەیامی نێرەری پێدەگات و لە هەمان کاتدا دەتوانێت کاردانەوەی هەبێت، ئەم تۆڕانەش کۆمەڵێك پرۆگرامی ئەپڵیکەیشنن کە بە هۆکاری تەکنۆلۆجیای وێب-٢ درووستبوون.[3]

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، بریتییە لە (گرووپێکی پشتبەستوو بە وەگەڕخراو و ئەپڵیکەیشنەکانی ئینتەرنێت کە لەسەر بنەمای تەکنیکیی وێب-٢ درووستکراون، ڕێگا بە بەکارهێنەرانی دەدات بۆ ئەوەی دەقی نووسراو، دەنگ، وێنە و ڤیدیۆ ئاڵوگۆڕ بکەن).[4]

پێناسەیەکی تر دەڵێت، (تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵەیەکی نوێن لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت کە تایبەتمەندێتی هاوبەشییکردن، کۆبوونەوە، گفتووگۆ، کرانەوە-یان تێدایە).[5]

ئامرازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، هۆکارێکن بۆ درووستکردن و پەرەپێدانی پەیوەندییکردنی کەسیی و پیشەیی، جێگایەکن بۆ کۆبوونەوەی بەکارهێنەران و هەروەها تیایدا زانیارییەکان

---

[1] خالد عسان يوسف المقدادي: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

[2] جبريل بن حسن العريشي و سلمى بنت عبدالرحمن محمد الدوسري: **الشبكات الاجتماعية والقيم**- رؤية تحليلية، عمان، الدار المنهجية للنشر والتوزيع، ٢٠١٥، ص٢٣.

[3] نرمين علاء الدين: **إدارة استراتيجيات تواصل المنظمات عبر وسائل التواصل الاجتماعي**، القاهرة، العربي للنشر والتوزيع، ٢٠٢٠، ص١١.

[4] Bernd W. Wirtz: Determinants of Social Media Website Attractiveness, Journal of Electronic Commerce Research, Vol. 14, No. 1, 2013, P.12. https://www.researchgate.net/profile/Robert_Piehler/publication/235746297_Determinants_of_social_media_website_attractiveness/links/0912f51310180309a1000000/Determinants-of-social-media-website-attractiveness.pdf

[5] مشتاق طلب فاضل: دور المواقع التواصل الاجتماعي في تكوين الرأي العام المحلي، مجلة تكريت للعلوم السياسية، العدد١٢،ص٢٠٥.
https://cpos.tu.edu.iq/images/cpos/journal/No12/%D9%85%D8%B4%D8%AA%D8%A7%D9%82_6-6.pdf

دادەمەزرێندرێن، بەڕێوەدەبرێن و هەڵدەگیرێن، هەندێك خزمەتگوزاری هاوبەش لەنێو ئەم سەکۆ جیاوازانەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا کە لێرەدا باسیان دەکەین هەندێك تایبەتمەندێتیی هاوبەش هەیە، لێرەدا باس لە ئەو جۆرانەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەکەین کە بەپێی توێژینەوە و ئامارەکان لە ڕیزبەندی یەکەمینەکانن لە ڕووی ژمارەی بەکارهێنەران و بەربڵاوی لەسەر ئاستی جیهاندا، هاوکات لە کەناڵە سەرەکییەکانن لە ناوەندە فەرمی و نافەرمییەکانی تۆڕەکاندا:

### ١- فەیسبووک

تۆڕی فەیسبووك لە بەناوبانگترینی تۆڕەکانە لە جیهاندا، لە ساڵی ٢٠٠٤ دامەزرێنراوە لەلایەن (مارك زوکربێرگ) ی بە ڕەگەز ئەمریکیی و خوێندکار لە زانکۆی هارڤارد، لە سەرەتادا ماڵپەڕێکی ئاسایی پەیوەندییکردن بووە و تەنها لەنێوان خوێندکارەکانی هارڤارددا کاری پێ دەکرا، بەڵام دواتر پەرەیسەند و گەیشتە خوێندکارانی زانکۆکانی ئەمریکا، بریتانیا و کەنەدا، پاشانیش گەیشتە هەموو چین و توێژێك لە سەرانسەری جیهان، ئەمڕۆ فەیسبووك سەکۆیەکە بۆ درووستکردن و بەردەوامییدان بە پەیوەندی و هەروەها مینبەرێکیشە بۆ خستنەڕووی بیروبۆچوونە جیاوازەکان لە گشت بوارەکاندا، هەروەها ئەم خزمەتگوزارییانە لەخۆدەگرێت پەیامی (نووسراو، دەنگ و ڤیدیۆیی) بەشێوەی ناردنی کەسیی و گرووپ هەروەها بڵاوکردنەوە بۆ گشت لەسەر دیواری فەیسبووك، ئەم ماڵپەڕە ڕێگاشی داوە بە درووستکردنی گرووپە تایبەتمەندەکان (سیاسی، ئایینی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و ڕۆشنبیری... هتد)، لە ساڵی ٢٠٠٧ دا ژمارەی بەشداربووانی گەیشتە ٢١ ملیۆن بەکارهێنەر و بەوەش لەو ساڵانەدا بو بە یەکەم ئامرازی تۆڕەکان لە ڕووی زۆریی ژمارەی بەکارهێنەرەوە.[١]

فەیسبووك لە دیارترینی نێو تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانە، ئەگەر ئەم تۆڕە وڵاتێك بێت ئەوا لە ڕیزبەندی سێیەمدا دێت لە ڕووی ژمارەی دانیشتووانەوە لەپاش چین و هیندستان، چەندین گوزارشتی جۆراوجۆر بۆ فەیسبووك بەکارهێندراون، لەنێو ئەوانەدا لە زمانی فەیسبووکەوە وتراوە: ئەگەر جیهان خەیاڵیی بوایە ئەوا من پاشای جیهان دەبووم، هەروەها لە نێوەندی خوێندکاران، گەنجان و ڕۆشنبیرانیشدا فەیسبووك جێگایەکی گرنگ و جەماوەرێکی زۆری هەیە،[٢] بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٢١ ڕێژەی ٦٥%ی بەکارهێنەرانی فەیسبووك لە خوار تەمەنی ٣٥ ساڵییەوەن، ڕێژەی ٩٦% یش لە ڕێگای مۆبایلەوە فەیسبووکەکانیان دەکەنەوە، ژمارەی بەکارهێنەرانی لە سەرانسەری جیهاندا بریتییە لە (دوو ملیار و ٨٠٠ ملیۆن) بەکارهێنەر.[٣]

### ٢- تویتەر

سەکۆی تویتەر لە ساڵی (٢٠٠٦) دا لە شاری سانفرانسیسکۆی ئەمریکا لەلایەن سێ گەنجی ئەمریکیی و دەرچووی زانکۆوە دامەزرا و لە مانگی ئازاری ئەم ساڵەدا یەکەم جریوەی بڵاوکردەوە، ئەم سەکۆیە ئەمڕۆ بووەتە کەناڵێکی گرنگی کۆمۆنیکەیشن بەتایبەتیش لە ڕووداوە دیارەکانی سیاسی، کارەساتە سرووشتییەکان، بازرگانی و بازاڕگەریی، هەروەها پەیوەندییە گشتییەکان،[٤] تویتەر بە مانای جریوە دێت و پێناسە دەکرێت بە (سەکۆیەکی ئەلیکترۆنییە مەودای نووسین تیایدا بچووکە کە بەهۆیەوە بەشداربووانی بیروبۆچوون و ڕەنگدانەوەیان بە خێرایی و لە میانی (١٤٠) وشە یان کەمتردا

---

[١] خالد غسان يوسف المقدادي: **ثورة الشبكات الاجتماعية**، دار النفائس للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٣، ص٣٤.

[٢] محمد العوض محمد وداعة الله: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

[3] Maryam Mohsin: 10 Facebook Statistics Every Marketer Should Know In [Infographic], Oberlo, (25 Jan, 2021). https://bit.ly/3e9Oyj7

[4] Tim O'Reilly, Sarah Milstein: **The Twitter Book**, 2nd Edition, O'Reilly Publisher U.S, 2011, P.Introduction.

دەگۆڕنەوە و بڵاودەکەنەوە).[١] پەیامەکانیش نووسراو، وێنە، ڤیدیۆ، لینکی ماڵپەڕەکان و هەر ماددەیەك (Material) یکی ئۆنلاین لەخۆ دەگرێت.[٢]

ئەم تۆڕە لە مەیدانی سیاسیدا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و سیاسییەکانی جیهان گرنگییەکی زۆری پێ دەدەن بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامە ناوخۆی، هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیان.[٣]

هەردوو دامەزرێنەری تویتەر (جاك دۆرسی، ئیڤان ویلیەمس) لە سەرەتاکانی دامەزراندنی ئەم سەکۆیەدا وتیان: هۆکاری سەرنجڕاکێشیی و زۆر بەکارهێنانی تویتەر لەلایەن بەکارهێنەرانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئاسانیی بەکارهێنانی و توانایی گەیشتنی دەستبەجێ لە پەیامەکاندا،[٤] ژمارەی بەکارهێنەرانی تویتەر لە جیهاندا، بەپێی ئامارێکی ساڵی ٢٠٢١ بریتییە لە (١٩٢ملیۆن بەکارهێنەر)، ڕێژەی ٦٣%ی ئەو ژمارەیە تەمەنیان لەنێوان ٣٥-٦٥ ساڵدایە.[٥]

### ٣- یوتیوب

یوتیوب یەکێکە لە سەکۆ گرنگەکان کە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ، لە پرۆسەکانی پەیوەندییکردنی جەماوەری، فەرمی و ئەکادیمیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، بەشێوەیەکی پیشەیی لە بەرنامەکانی تەلەڤزیۆن، ڕیکلامە بازرگانییەکان، گرتەی فیلمەکانی شانۆ و سینەما، هەروەها گۆرانی و بەرنامەکانی کاتبەسەربردندا بەکاردەهێنرێت، لە مانگی شوباتی ساڵی (٢٠٠٥) دا لەسەر دەستی سێ کارمەندی کۆمپانیای پەیپال دامەزرا، ئەوانیش (چاد هێرلی، ستیڤ چین و جەواد کەریم) بوون، لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠١٠) دا لەگەڵ ماڵپەڕی بەناوبانگی گوگڵەوە هاوبەشیی و پێکەوە کارکردنیان ڕاگەیاند و ئەمەش پێشکەوتنێکی گەورەی بە یوتیوبی بەخشی، یوتیوب هەروەها کەناڵێکی خۆڕاییە، بەکارهێنەر تیایدا دەتوانێت کەناڵی خۆی دابمەزرێنێت، ڤیدیۆ بڵاو بکاتەوە (بار بکات)، هەروەها ڤیدیۆش بۆ خۆی دابگرێت (هەڵبگرێت)، بۆچوون (کۆمێنت) لەسەر ڤیدیۆی کەناڵەکانی تر بخاتەڕوو، هەروەها حەزکردن یان حەزنەکردن لە بڵاوکراوەکان پیشان بدات، دەشتوانێت ڤیدیۆکان بخاتە لیستی چالاککراوەکان و لە هەر کاتێکی تردا بیەوێت سەیریان بکاتەوە.[٦]

ژمارەی بەکارهێنەرانی یوتیوب بریتییە لە (٢ ملیار و ٣٠٠ ملیۆن) بەکارهێنەر، بەمشێوەیەش لەپاش فەیسبووك لە ڕیزبەندی دووەمدا دێت لە ڕووی ژمارەی بەکارهێنەرانەوە، ڕێژەی ٧٩%ی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت هەژماری یوتیوبیان هەیە،[٧] لە ساڵی ٢٠٠٦ دا کۆمپانیای گوگڵ لە بەرامبەر

---

[1] Dhiraj Murthy: **Twitter- Social Communication in the Twitter Age**, Polity Press Cambridge, UK, 2013, P.9.

[2] Fiona Maclean and others: Understanding Twitter, British Journal of Occupational Therapy, June 2013, 76(6), P.295. file:///C:/Users/A/Downloads/Understanding_Twitter.pdf

[٣] عبدالرحمن بن إبراهيم الشاعر: **مواقع التواصل الاجتماعي والسلوك الإنساني**، عمان، دار صفاء للنشر والتوزيع، ٢٠١٧، ص٦٤.

[4] Hal Niedzviecki, **The Peep Diaries: How We're Learning to Love Watching Ourselves and Our Neighbors**, San Francisco, city lights Publishers, 2009, p129.

[5] Ying Lin: 10 Twitters Statistics Every Marketer Should Know in 2021, (25 Jun, 2021), [Infographic], Oberlo. https://bit.ly/3sUdXS8

[٦] ريهام عاصصم غنيم: اليوتيوب في الاستشهاد المرجعي بالإنتاج العلمي الأكاديمي- دراسة تحليلية، كلية الآداب، جامعة المنوفية، منشورة في المجلة الدولية لعلوم المكتبات والمعلومات، مجلد٢، عدد٣، (سبتمبر ٢٠١٥)، ص٦٣.

[7] Maryam Mohsin: 10 Yotube Stats Every Marketer Should Know In [Infographic], Oberlo, (25 Jan, 2021). https://www.oberlo.com/blog/youtube-statistics

١.٦٥ مليار دۆلاردا خاوەندارێتیی ماڵپەری یوتیوبی گرتەدەست، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگی بو لە زیاتربوونی ڕۆڵی یوتیوب لەنێو تۆڕەکاندا.[١]

## ٤- ئینستاگرام

ئینستاگرام یەکێکی ترە لە دیارترین سەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، لە ساڵی ٢٠١٠ دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠٢١ دا ژمارەی بەکارهێنەرانی زیاترە لە یەك مليار كەس،[٢] مانای (ئینستاگرام) واتە "کامێرای دەستبەجێ نێردراو" دەرهاویشتەی هەرسێ وشەی ئینگلیزی (Instant Camera) پێکەوە کە مانای (کامێرای دەستبەجێ) دەبەخشێت، هەروەها وشەی (Telegram) بە مانای برووسکە کە گوزارشتە لە خێرایی و ئاسانبەکارهێنانی وێنەگرتن و بڵاوکردنەوەی، خزمەتگوزارییەکانی پەیوەندی دەنگیی و ڤیدیۆیی و نووسراوی تێدایە، بەکارهێنەر هەروەها دەتوانێت تیایدا گرووپ درووستبکات.[٣]

چەند جۆرێکی تر لە سەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هەن وەکو (سناپچات، لینکدئین، واتسئاپ، تیلیگرام، ڤایبەر... هتد) بەڵام، لە دیارترینی ئەو کەناڵانەی کە نوێنەرانی نێودەوڵەتیی لە دیپلۆماسییەتی گشتی ئەلیکترۆنییدا بەکاری دەبەن، بریتیین لە (تویتەر، فەیسبووك، ئینستاگرام، یوتیوب)،[٤] لەناو ئەوانەشدا فەیسبووك و تویتەر بەربڵاوترین سەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن کە لەلایەن دیپلۆماتکارانی وەزارەتەکانی دەرەوەی وڵاتانەوە بەکاردەهێنرێن، بە ڕێژەی ٩٧% تویتەر و ڕێژەی ٩٣%ی فەیسبووك لەلایەن سەرکردە و سەرۆك حکوومەت و دیپلۆماتکارانی وڵاتانی جیهانەوە بەکاردەهێنرێن.[٥]

## دووەم: تایبەتمەندی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە کاری پەیوەندییە گشتییەکاندا

ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان سەردەمێکی نوێیان لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا هێنایە کایەوە، تایبەتمەندێتییەکانی ئەم تۆڕانە لەگەڵ ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا گونجاون و بەهۆیەوە پەیوەندییە گشتییەکان خێراتر و چالاکتر بوون جیاواز لە سەردەمی پێش تۆڕەکان.

کاریگەریی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەسەر بواری پەیوەندییە گشتییەکان بووە بەهۆی ئەوەی کە ئەم بوارە بە (پەیوەندی گشتی زیرەك) ناوببرێت کە پشتبەستووە بە وەگەڕخراوەکانی وێب٢.٠٠ و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دەگرێتەوە، ئەمەش لە ڕێگای ئامرازەکانی کۆمپیوتەر، ئایپاد، مۆبایلی زیرەکەوە ئەنجامدەدرێت، بەهۆی ئەم ئامرازانە و لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە پەیوەندییە گشتییەکان پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن ئەنجامدەدات، ئەمەش بەشێوازێکی خێرا و ئاسان بە تێپەڕاندنی بەربەستەکانی کات و شوێن بە جەماوەر دەگات و کارلێکیان لەگەڵدا دەکات، کاریگەرییەکی تر ئەوەیە کە تۆڕەکان دەتوانن وەڵامدانەوەی دەستبەجێی جەماوەر بگەیەننە بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان.[٦]

---

[١] محمد الصالح بو عافية و عائشة إيدر: دور مواقع التواصل االجتماعي في تنمية الوعي السياسي في الجزائر، مجلة دفاتر السياسية والقانون، المجلد١٣، العدد١، ٢٠٢١، ص٥٠٥. https://www.asjp.cerist.dz/en/article/141418

[٢] مات أليغريت: إحصائيات وحقائق انستغيرام ل ٢٠٢٠، موقع دبليو، (فبراير ٢٦، ٢٠٢١).
https://www.websitehostingrating.com/ar/instagram-statistics/

[٣] محمد الصالح بو عافية و عائشة إيدر: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٠٦.

[4] Viona Rashica: op.cit, P.77.

[٥] آلاء الحماصنة: الدبلوماسية الرقمية وتأثيرها على السياسة الخارجية ،العلاقات الأمريكية الايرانية، نموذجا، موقع الأكاديمية السورية الدولية للتدريب والتطوير، ٢٠١٩، ص١٢. (٢٠٢١/٨/٤)
http://sia-sy.net/wp-content/uploads/2020/10/%D8%A2%D9%84%D8%A7%D8%A1-%D8%A7%D9%84%D9%86%D8%B3%D8%AE%D8%A9-%D8%A7%D9%84%D9%86%D9%87%D8%A7%D8%A6%D9%8A%D8%A9.pdf

[٦] فاطمة همال و كمال بوقرة: العلاقات العامة الذكية والصورة الذهنية للمؤسسة مي زمن الرقمية، مجلة الإحياء، المجلد٢٠، العدد٢٧، (نوفمبر ٢٠٢٠)، ص٩١٥-٩١٦.

کارەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە میدیای نەریتییدا وەرگر تێر ناکات و بەس نیە، پێویستە بابەتەکان لە گوگڵ و تویتەر و فەیسبووک ...هتد ببیندرێن، لەبەرئەوە گرنگە بۆ دەزگا و دامەزراوەکان کە لە پەیوەندی گشتییدا تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاربهێنن، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ئەرکی پەیوەندییە گشتییەکان زیاتر بووە پێویستە کارمەندانی ئەم بوارە هەوڵی زیاتر بدەن و هەتا سەرکەوتوو بن لە کارەکانیاندا و بە جەماوەردا ڕابگەن.[١]

ئینتەرنێت و ئامرازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە ساڵی (٢٠٠٠) ەوە تێکەڵ بە بواری پەیوەندییە گشتییەکان بوون،[٢] لە دەستپێکی ساڵی (٢٠٠١) دا چەمکی بەڕێوەبردنی ئەلیکترۆنی لە بواری پەیوەندییە گشتییەکان لە زۆرێك وڵاتانی جیهان پەرەیسەند، هاوکات گرنگیی کۆمۆنیکەیشن لە پەیوەندی گشتییدا زیاتر بوو، ئەوانەش لەسەر بنەمای بیرۆکەی کۆکردنەوەی تەواوی چالاکی و خزمەتگوزارییەکانی زانیاری و کارلێککردن و ئاڵوگۆڕ لە یەك ماڵپەردا لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بەمەبەستی ئەنجامدانی کۆمۆنیکەیشنی بەردەوام و بیست و چوار کاتژمێریی لەگەڵ جەماوەردا، لەگەڵ توانایی هەبوونی تەواوی پێداویستییەکانی گەڕان و خزمەتگوزاریی بۆ بەکارهێنەران و جێبەجێکردنی دەستبەجێ و پەیوەندی و هەماهەنگیی لەنێوان فەرمانگەکاندا، بەڵام لەپێش تەکنۆلۆجیا کارەکە بەمشێوەیە نەبووە.[٣]

لە سەردەمی پێش تەکنۆلۆجیای پەیوەندییکردندا بەشەکانی پەیوەندی گشتی کاتێك کە چالاکییەکانیان ئەنجامدەدا، وەکو (بڵاوکردنەوەکان، ڕێکخستنی سەردانەکان، ئامادەکردنی پێشانگا، کۆڕ و کۆنفرانسەکان... هتد) زیاتر میدیاکاران بەر ئەو چالاکییانە دەکەوتن و دەبوونە ئامانج، چونکە میدیاکاران سەردانی ئەو چالاکییانەیان دەکرد، بەڵام لە سەردەمی دیجیتاڵییدا جەماوەرەکە تەنها ڕۆژنامەوانان نین بەڵکو لە ئاستێکی فراواندایە و جەماوەرێکی زیاتر پەیامەکانیان پێدەگات.[٤]

بەهۆی زۆریی ژمارەی بەکارهێنەرانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە جیهاندا، پێویستی کردووە پەیوەندیگشتییکاران ئەم تۆرانە بکەنە سەکۆیەکی گرنگ تا لە ڕێگایەوە زانیاریی لە بارەی پێداویستیی، خولیا و ئارەزووەکانی جەماوەرەوە دەستبخەن و بتوانن پەیامی دامەزراوەکانیان بە جۆرێکی سەرنجڕاکێش بۆ جەماوەر دابڕێژن، هەروەها کەشێکی گفتوگۆئامێز برەخسێنن، سەرنج و پێشنیاری جەماوەر وەربگرن، هەڵەتێگەیشتنەکان لەبارەی دامەزراوەکەیانەوە ڕاست بکەنەوە و ناوبانگی باشەی دامەزراوە بپارێزن.[٥]

ڕۆڵی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندییە گشتییەکاندا بەسەر دوو لایەندا دابەش دەبن، لایەنێکی ڕۆڵی بەڕێوەبەری پەیوەندییە گشتییەکانە کە دیاری دەکەن بە پێوانەکردن و هەڵسەنگاندنی ئەو

---

1 Upasna Kakroo: Has social media impacted PR negatively?, 01/07/2015, Singapore. https://www.marketing-interactive.com/social-media-impacted-pr-negatively/

2 Nicole Marie Lee: The Role of New Public Relations Practitioners as Social Media Experts, A Thesis Presented to the Faculty of San Diego State University, 2013, P.9. file:///C:/Users/A/Downloads/The_Role_of_New_Public_Relations_Practit.pdf

٣ محمد منير حجاب: **الاتصال الفعال في العلاقات العامة**، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧، ص١٩.

4 Ezeah Gregory Herbert: Digital Public Relations a New Strategy in Corporate Management, Nsukka Journal of the Humanities No.15, 2005, P.140.

٥ سامر قاسم و رامي محمد: دور استخدام مواقع التواصل الاجتماعي في تفعيل أنشطة العلاقات العامة، مجلة جامعة تشرين للعلوم الاقتصادية والقانونية، المجلد (٤١) العدد (٥)، ٢٠١٩، ص٤٥٧.
http://journal.tishreen.edu.sy/index.php/econlaw/article/view/9226

ژینگەیەی کاری تێدا دەکەن، لایەنێکی تر کە بە تەکنیکی دیارییدەکرێت بریتییە لە بڵاوکردنەوەی پەیامەکان.[١]

ڕایەکی تر پێی وایە، ناکرێت ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان تەنها لەنێوان بەڕێوەبەر و لێپرسراوی هونەری (تەکنیکی) دا چڕ بکرێتەوە، بەڵکو پێویستە کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان بەشێوەیەکی پراکتیکی سەرنجی لەسەر جەماوەری ناوخۆ و جەماوەری دەرەوەی دامەزراوەش بێت و بەڕێوەیان ببات.[٢]

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بوون بە هۆکاری زیاترکردنی هێزی پەیوەندیگشتییکاران و کاریگەرییان لەسەر دامەزراوەکانیان بەتایبەتیش زیاترکردنی ئەم کاریگەرییە لە هەڵمەتەکاندا دەردەکەوێت،[٣] بۆیە، ئەم تۆڕانە کاریگەرییەکی ئەرێنیی لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان هەبووە، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بوون بە ئامرازێکی دیار بۆ قسەکردن لەگەڵ جەماوەری ناوەوە و دەرەوەی دامەزراوە[٤] هەروەها، بەڕێوەبردنی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە دامەزراوەکاندا لێپرسراوێتیی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانە و پێویستە ئەم بەشە ئەو ڕۆڵە جێبەجێ بکات.[٥]

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك تایبەتمەندێتییان هەیە کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندییکردنی نەریتیی جیایان دەکاتەوە، هەروەها ئەم تایبەتمەندییانە بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان گرنگن، لە دیارترینی ئەو تایبەتمەندێتییانە بریتیین لە:[٦]

١- کارلێکییە (Interactivity)، لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان توانایی وەڵامدانەوە و گفتووگۆی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ هەیە، بەکارهێنەر تیایدا دەکەویتە دۆخی گفتووگۆوە.

٢- هاوبەشییکردن (Participatory)، بەکارهێنەر بەر چەندین جۆری بوارە جیاجیاکان دەکەوێت وەکو (وەرزش، ئایینی، سیاسەت، نمایشکاران... هتد)، بەشداربووی تۆڕەکان دەشتوانێت لەگەڵ ئەوانی تردا هاوبەشی بە بابەتە دڵخوازەکانی بکات.

---

[1] Marlene S. Neill: Roles in Social Media: How the Practice of Public Relations Is Evolving, PR Journal, Vol. 10, No. 2, 2016, P.3.
https://prjournal.instituteforpr.org/wp-content/uploads/neill_nz3.pdf

[2] Edward T. Vieira Jr, Susan Grantham: public relations roles in the U.S.A. using cluster analysis, Public Relations Review, 40 (2014), P.61.
https://www.sciencedirect.com/science/article/abs/pii/S0363811113001999

[3] Marlene S. Neill: Op.cit. P.9.

[4] Donald K. Wright, Michelle Hinson: Examining Social and Emerging Media Use in Public Relations Practice: A Ten-Year Longitudinal Analysis, Public Relations Journal, Vo.9, No.2, (Summer 2015), P.2. file:///C:/Users/A/Downloads/An_Updated_Examination_of_Social_and_Emerging_Medi.pdf

[5] Marlene S. Neill: Op.cit. P.9.

[٦] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- مركز المحتسب للاستشارات: **دور مواقع التواصل الاجتماعي في الاحتساب-** تويتر نموذجا، السعودية، دار المحتسب للنشر والتوزيع، ٢٠١٧، ص٢٢.
- حسين محمود هتيمي: المصدر السابق، ص٨٥.
- هيوغ بروكس، راڤى گوپتا: **وسائل التواصل الاجتماعي وتأثيرها على المجتمع**، ت: عاصم سيد عبدالفتاح، القاهرة، المجموعة العربية للتدريب والنشر، ٢٠١٧، ص٥٧.
- الصديق الصادقي العماري: **دور وسائل التواصل الاجتماعي في تعزيز قيم المواطنة**، مجلة مركز السلطان قابوس العالي للثقافة والعلوم، (١٩ فبراير ٢٠١٥)، ص١٦٩.
- إيهاب خليفة: حروب **مواقع التواصل الاجتماعي**، القاهرة، العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٦، ص٩.
- حسن نيازي الصيفي: **وسائل الإعلان ونقاط الاتصال**: مصر، افاق علمية وتربوية، ٢٠٢٠، ص١٢١.

٣- بەکارهێنانی ئاسانە و پێویست بە بەهرەمەندی تایبەت ناکات، توانایی هەڵگرتن و گواستنەوەی ئامێرەکانی ئاسانە، بەکاربەر پێویستی بەوە نیە بەردەوام کۆمپیوتەر یان ئامێرێکی قەبارە گەورەی پێبێت، بە مۆبایلێك دەتوانێت لەسەر تۆڕەکانی کار بکات.

٤- پەیوەست نیە بە کاتەوە و پێویست ناکات بەشداربوو ئامادەیی بەردەوامی هەبێت، بەڵکو دەتوانێت لەدوای ناردنی پەیامەکەی لاپەڕەکەی جێبهێڵێت، دواتر وەڵامەکەی ببینێتەوە، ئەم تایبەتمەندێتییە وا دەکات جەماوەری پەیوەندییە گشتییەکان لە چاوەڕوانییدا بێت نەوەك بابەتەکە جێبهێڵێت و پشتگوێی بخات.

٥- پاڵپشتە بۆ گرووپ و کۆبوونەوەکان، بەشداربوو دەتوانێت لەڕێگای تۆڕەکانەوە گرووپ دابمەزرێنێت و بە ئاسانیی بەو کەسانە بگات کە دەیەوێت، بۆ نمونە گرووپەکانی هاوسۆزی ئایینی، سیاسی و نەتەوەیی... هتد.

٧- کات و سنوورەکان کۆنترۆڵ دەکات و خێرایە لە گەیاندن، لە کاتێکی کەمدا هەموو سنوورەکانی جوگرافیا و شوێن دەبڕێت، بەخێراییەکی تەواو گەیشتن بە زۆرترین جەماوەر و گواستنەوەی زیانیارییەکانیان بۆ دەستەبەر دەکات.

٨- لە یەك کاتدا پەیام بۆ ژمارەیەکی بێسنوور لە بەکاربەر دەنێردرێت.
٩- تێچووی دارایی کەمە، بەشداربوونیش تیایدا بە خۆڕاییە.
١٠- دەستپێکردن بە گفتووگۆ و کۆتاییپێهێنانی ئاسانە.
١١- لە هەردوو بواری نەرمەهێز (Soft Power) و زبرەهێز (Hard Power) دا بەکاردەبرێت.
١٢- دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریی دەستکارییکردنی نووسین و وێنە (تعديل) بە شێوەیەکی خێرا.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەهۆی ئەو بەربڵاوی و بەشداربووە بێشومارەی کە هەیانە، دەتوانن ئامرازی کاریگەر بن لە درووستکردنی وێنەی زەیینی ئەرێنی و دەستەبەرکردنی ڕایگشتی و ڕای جەماوەر بۆ دامەزراوەکانیان.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان یارمەتی پەیوەندیگشتییکار دەدەن لە:[1]

١- کۆکردنەوەی زانیاریی، ئینتەرنێت ژینگەیەکی پڕ زانیاری بەردەوام گۆڕاوی دروستکردووە، فەیسبووك، تویتەر و ئەوانی تر دەتوانن بە خێرایی ئەم زانیارییانە کۆبکەنەوە.

٢- دۆزینەوەی ئارەزووە هاوبەشەکان، تۆڕەکان سەکۆیەکن بۆ ئەوەی ئارەزوو هاوبەشەکان یەکتر بدۆزنەوە و هاوبەشیی بە خواستەکانیان بکەن لەگەڵ ئەوانی تردا، بەم هۆیەشەوە پەیوەندیگشتییکار دەتوانێت جەماوەر بناسێتەوە و پۆلێنیشیان بکات.

٣- ئامادەیی بەردەوام: تۆڕەکان وا دەکەن کە دامەزراوەکان هەمیشە و بە بەردەوام ئامادەییان لەبەردەم جەماوەردا هەبێت.

---

[1] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:
- محمد مصطفى رفعت: **الرأي العام في الواقع الافتراضي وقوة التعبئة الافتراضية**، مصر، العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٨، ص٢٨.
- نرمين علاءالدين: سەرچاوەی پێشوو، ل٥٩.

٤- مەودای پەیوەندییەکان: بەهۆی تۆڕەکانەوە دامەزراوە دەتوانێت پەیوەندی کورتمەودا و درێژمەودا لەگەڵ جەماوەری جۆراوجۆردا درووستبکات، ئەمەش لە میانی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی جەماوەردا و بەرکەوتنی کۆمێنتەکانیان.

٥- گرووپەکان: لە سەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێت جەماوەر بەسەر گرووپی جیاوازدا دابەش بکات و لە کاتی پێویستییدا بە زوویی بیانناسێتەوە و پەیامە تایبەتەکانیان بۆ بنێرێت.

هەموو ئەوانەی باسکران بوون بە هۆی ئەوەی چەمکی (پەیوەندی گشتی دیجیتاڵیی) درووستبکەن.

توێژەرانی تر دوو ڕۆڵیان بۆ پەیوەندی گشتی دیجیتاڵیی زیاد کردووە، ئەوانیش: [١]

أ- چاودێرییکردن: هۆشیارکردنەوەی کارمەندانی دامەزراوە و ئاگادارکردنەوەیانە لە: سیاسەتی بەشی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی دامەزراوەکە و لە هەر کار و کردەوەیەکیان کە لەگەڵ دامەزراوەکەدا نەشیاو بێت، هەروەها کۆنترۆڵکردنی هەر کەناڵێکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کە پەیوەندی بە دامەزراوەکەوە هەبێت.

ب- تۆمارکردنی کارمەندانی نوێ: لێرەدا پێویستە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاربهێندرین بۆ دۆزینەوە و تۆمارکردنی کارمەندی نوێ، پشکنینی دۆسیە کەسییەکانیان، دیاریکردنی بەهرە و توناناکانیان ئاراستەکردنیان بەرەو ئەرکەکانیان.

لە کۆی ئەوەی باسکرا، دەتوانین بڵێین بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکان خۆیان لەگەڵ ئەو ژینگە پڕ زانیارییەدا دەگونجێنن کە ئینتەرنێت درووستیکردووە، هەروەها بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە دامەزراوەکان پێویستی زیاتریان بە پسپۆڕ و کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکانە، دەگەینە ئەوەش کە بواری پەیوەندییە گشتییەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دوو بواری لێك نزیکن و پێویستە لە پەیکەرە کارگێڕییەکاندا لەنێو یەك بازنەدا دابنرێن.

لە دیارترینی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لەسەردەمی تۆڕی ئینتەرنێت لە بواری پەیوەندییە گشتییەکاندا ڕوویدا بریتییە لە فاکتەری خێرایی لە گەیاندن، ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کۆمەڵێك هەلی گرنگیان بۆ بواری پەیوەندییە گشتییەکان ڕەخساند، لەوانە: [٢]

---

[1] Mia Moody, Marlene S. Neill: Who is Responsible for What? Examining Strategic Roles in Social Media Management, Institute for Public Relations, Sep-4, 2015. https://instituteforpr.org/who-is-responsible-for-what-examining-strategic-roles-in-social-media-management/

[٢] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- علي فرجاني: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٥-٦٧.
- صباح انور محمد: استخدامات العلاقات العامه الرقمية في عمل الجامعات العراقية، الجامعة العراقية - كلية الإعلام، مجلة الباحث العلمي، العدد (٣٧)، ص٧٥. https://abaa.uobaghdad.edu.iq/index.php/abaa/article/view/106
- سامر قاسم و رامي محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٥٨.
- Ezeah Gregory Herbert: Op.cit, P.141.
- Lydia Andoh: The Use of Social Media in Public Relations: A Case of Facebook in the Ghanaian Financial Services Industry, Journal of New Media and Mass Communication, P.39. https://www.iiste.org/Journals/index.php/NMMC/article/view/25773
- دشن محمد القحطاني: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

١- بەکارهێنانی ئیمەیل و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی دیاریان هەیە لە ناردن و وەرگرتنی پەیام و زانیارییەکان، ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان، هەواڵی دامەزراوە، پێشکەشکردنی دەستبەجێی زانیارییەکان، پەیوەندیگشتییکاران لەڕێگای ئەم ئامرازانەوە دەتوانن برەو بە وێنەی دامەزراوە بدەن، دەشتوانن لە هەر کاتێکدا بیانەوێت بابەتەکانی دامەزراوەکەیان بنێرن بۆ هەر میدیایەك کە خۆیان مەبەستیانە.

٢- چاودێرییکردنی بڵاوکراوەی میدیاکان: پەیوەندیگشتییکار دەتوانێت لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە چاودێریی بڵاوکراوە میدیاییەکانی پەیوەست بە دامەزراوەکەی بکات.

٣- گفتووگۆی تەنگەژەکان: گرنگیی ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەو کاتەدا زیاتر دەبێت کە تەنگەژە بەرۆکی دامەزراوەکەیان دەگرێت، لەو کاتەدا جەماوەر دەیانەوێت بزانن چی ڕوویداوە و بۆچی ڕوویداوە، لێرەدا دامەزراوەکان دەتوانن بە خێرایی پەیامی خۆیان بڵاوبکەنەوە و کاریگەریی لەسەر ئاستی هەست و درکی جەماوەر درووستبکەن.

٤- ئەرکە سەرەکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکان کە بریتیین لە (ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی، پلاندانان، هەماهەنگی، کاری میدیایی، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان... هتد)، دەتوانرێت بەهۆی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەئەلیکترۆنیی بکرێن کاریان تێدا بکرێت.

٥- بەشی پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانێت لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە دۆز بەڕێوەببات، ئەوەش بە دیارییکردنی بارودۆخ، کۆکردنەوەی زانیاری، چاودێرییکردنی کاریگەری تەنگەژە، گەیاندنی زانیاریی بە جەماوەر بە کەمترین خێرایی.

٦- لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە، پەیوەندیگشتییکاران دەتوانن جەماوەری نهێنی و خۆپارێز بناسن (ئەو جەماوەرەی کە نایانەوێت بە ئاشکرا جەماوەر بن)، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ناوچەیەکی گونجاون هەتاوەکو تیایدا جەماوەر ڕای ڕاستەقینەی خۆیان بەرامبەر بە دامەزراوەکان بدرکێنن، لە هەمان کاتدا پەیوەندیگشتییکاران دەتوانن لەڕێگای کەناڵی ویستراوی خۆیانەوە گفتوگۆیان لەگەڵ بکەن و لە خواستەکانیان تێبگەن، هەر بۆیە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان شێوازێکی دیموکراسییانەیان بە پەیوەندییە گشتییەکان بەخشیوە.

٧- ڕەخساندنی هەلێکی گەورە بۆ لێپرسراوانی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ ئەوەی بە زۆرترین زانیاریی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیی، بە زۆرترین جەماوەر بگەن، هەروەها جەماوەریش هەلی ئەوەیان هەیە کە بە ئازادانە گوزارشت لە ڕا و بۆچوونەکانی خۆیان بکەن.

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکیشن بۆ هێشتنەوەی پەیوەندی دامەزراوە لەگەڵ جەماوەری ناوخۆی دەزگا و دەرەوەی دەزگا، بە بەکارهێنانی تۆڕەکان پەیوەندییە گشتییەکان کۆمەڵێك سوود وەردەگرێت، لە گرنگترینیان بریتیین لە ئەمانە:[1]

أ. پەیوەندی بەردەوام و بیست و چوار کاتژمێری لەگەڵ جەماوەر و وەڵامدانەوەی دەستبەجێی جەماوەر لە بارودۆخی لەناکاودا.

---

- محمد جیاد زین الدین: توظیف العلاقات العامة لوسائل التواصل الاجتماعي في إدارة سمعة الشركات، مجلة آداب الفراهيدي، العدد (٢٨)، ٢٠١٧، ص٢٩٩. https://search.mandumah.com/Record/1110504

[1] محمد جیاد زین الدین: سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠٠،٢٩٩.

ب. بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان تێچووی داراییان کەمە و پێویستیان بە کاغەز و چاپکردن و گواستنەوەش نیە.

توێژینەوەیەك ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە بەڕێوەبەرانی دامەزراوەکان وەکو گرنگترین کارامەیی بۆ کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان: تواناییەکان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری نوێ، دروستکردنی پەیوەندی، توانایی لە دەستپێشخەرییکردن بۆ دەستپێکردنی گفتووگۆ، ئەگەر کارمەندی نوێ بن کە دێنە ناو بواری کارەکەوە، یاخود کارمەندی پێشوو و بە ئەزموونیش بن، لە هەردوو بارودۆخەکەدا لێهاتوویی لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای زانیاری کارامەییەکی پێویستە کە بووەتە بەشێکی کاری ڕۆژانەی پەیوەندیگشتییکار.[١]

لە هەموو بارێکدا، هاتنەکایەی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هەواڵێکی دڵخۆشکەرە بۆ کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان، چونکە پەیوەندی گشتی لەڕێگای سەکۆکانی ئۆنلاینەوە بەشێك لە کارەکانی ئاسانتر ئەنجامدەدات، بۆ نموونە دەتوانێت ئاسانتر ڕاپرسیی ئەنجامبدات لە هۆشیار کردنەوەی جەماوەر و وەرگرتنی ڕا و ئەنجامدانی گفتووگۆ و فیدباکی خێرا و ..هتد.[٢]

کارمەندان پەیوەندی گشتی لە بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕووبەڕووی (گفتووگۆ، کۆنترۆڵکردن، بەڕێوەبردن) دەبنەوە، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییشدا وا دیارە کە کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان کێشەی لە لەدەستدانی کۆنترۆڵی پەیامەکانیان هەیە، هەروەها کەمیی ئەزموون لە کاری پەیوەندی گشتی لە کاتی ئەنجامدانی گفتووگۆ لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە لەگەڵ جەماوەر گرفت و لێڵیی لە پەیامەکاندا درووست دەکات، بۆیە پێویستە کارمەندی پەیوەندی گشتی ئەزموونی هەبێت پاشان لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ڕوبەڕووی جەماوەری دامەزراوەکەی ببێتەوە، لە ئەم تۆڕانەدا (پەیوەندییەکان کارلێکیە و وەڵامی جەماوەر دەستبەجێ و خێرایە) هەر بۆیە لە بارودۆخی وەڵامدانەوەی جەماوەردا پێویستە کارمەندی پەیوەندی گشتی ئەزموونی لە کارەکەیدا هەبێت هەتا بتوانێت وەڵامی پێویست بداتەوە و پەیامی گونجاو بنێرێتەوە، چونکە هەر دەربڕینێکی ئەو لەسەر دامەزراوەکەی دەکەوێت.[٣]

توێژەر پێی وایە پێش سەردەمی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پەیوەندییە گشتییەکان زیاتر بوارێکی مەیدانیی بوون بەوپێیەی کە لە ئەرزی واقیعدا ئەنجامدەدران، بەڵام ئەمڕۆ لە سایەی تۆڕە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا، چالاکییەکان گواستراونەتەوە بۆ سەر تۆڕەکانی وەکو فەیسبووك، ئینستاگرام و تویتەر، ئەم تۆرانە بەخێرایی چالاکییەکان دەگەیەنن و چەندێتیی و جۆرێتیی چالاکی پەیوەندییە گشتییەکانیان زیاتر کردووە، هەروەها ڕۆڵی دیپلۆماتکاران گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و بەهۆی تۆڕەکانەوە لە هەمان کاتیشدا دەبنە پەیوەندیگشتییکار، بە جۆرێك کە لە ڕابردوودا یەکێك (لێپرسراوی میدیایی، لێپرسراوی پەیوەندییە گشتییەکان) تەواوی ئەرکەکانیان جێبەجێ دەکرد، بەهۆی ئەو کاریگەرییانەوە، لە فەزای ئەلیکترۆنییدا دەتوانرێت وێنەی ئەرێنیی دامەزراوەکان باشتر و خێراتر درووستبکرێن، پەیوەندییەکان لەگەڵ جەماوەر و دەزگاکانی ڕاگەیاندا چالاکتر بن، هەروەها لەم بازنە

---

[1] Deirdre K. Breakenridge: **Social Media and Public Relations**, Pearson Education, USA, 2012, P.1-2.

[2] Stephen Waddington: Op.cit, P. 50.

[3] Prue Lillian Robson, Karen E Sutherland: Public relations practitioners and social media: themes in a global context, Conference Paper, Australia, November 2012, P.4. file:///C:/Users/A/Downloads/WorldPRForumExtendedAbstractFA2.pdf

ئەلیکترۆنییەدا پێویست دەکات کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان بە بەردەوامی ئاگایان لە جەماوەری دامەزراوەکەیان بێت و لە پەیوەندیدا بن لەگەڵیاندا، لە لایەکی تریشەوە لەسەر سەکۆکانی ئینتەرنێت دامەزراوەی کێبڕکێکار زۆرتر دەبن و پێویستە پەیوەندیگشتییکار بەردەوام لە چاودێرییکردنی ئەوانیشدا بێت.

## سێیەم: گرنگیی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا

ئینتەرنێت گۆڕانکاری بەسەر ڕێسا و شێوازی کاری پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتدا هێنا و چەند چەمکێکی نوێشی لەم بوارانەدا هێنایە کایەوە*، لەم چوارچێوەیەدا ڕۆڵی بەشەکانی پەیوەندییە گشتییەکانیش لەم نێوەندەدا زیاتر دەرکەوت و دیپلۆماسییەتی گشتی بەرەو دیپلۆماسییەتێکی گشتی کراوەتر هەنگاوی نا.

بواری دیپلۆماسییەت لە بازنەی ئەلیکترۆنییدا پەیوەستە بەو پێشکەوتنەی ئینتەرنێت لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمەوە بەخۆیەوە بینیوە، بەوەش بواری دیپلۆماسییەت تاڕادەیەکی زۆر کاریگەر بو بە ئینتەرنێت، ئەو کاریگەرییەش بە ئاراستەی بەرەوپێشبردن و یارمەتییدانی ئەم بوارە بووە.[١]

ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاریگەربوون بەسەر بواری دیپلۆماسییەتەوە، بۆیە چەمکی (دیپلۆماسییەتی ئەلیکترۆنی) پەیدابوو کە بەردەوامیی و پێشکەوتنی بە دیپلۆماسییەتی نەریتیی دا، هەردوو دیپلۆماسییەتەکە تەواوکەری یەکترن،[٢] بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە دیپلۆماسییەتی گشتی بو بە ئەلیکترۆنی و یارمەتیدەرێکی گەورەش لە نیشاندانی گۆشەنیگای سیاسەتی دەرەکیی بۆ ڕایگشتی ناوخۆ و دەرەوە.[٣]

دیپلۆماسییەتی گشتی ئەلیکترۆنیی لە سەرنجڕاکێشترین پەیدابووەکانە کە لە بەرکەوتنی دیپلۆماسییەت و تەکنۆلۆجیای زانیارییەکانەوە درووستبووبێت، هەموو ئەو چالاکییانەی کە پێویستە کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان لە دیپلۆماسییەتی گشتیدا ئەنجامیبدات لە (چالاکیی ڕۆژنامەوانیی، چالاکییەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری و کلتوور، ئاڵوگۆڕە بەسوودەکانی پرۆگرامەکان و کەسانی پسپۆڕ، پرۆگرامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی نێودەوڵەتیی) لەڕێگای تەکنۆلۆجیای زانیارییەکانیشەوە ئەنجامدەدرێن، لەمەوە ڕوون دەبێتەوە کە تەکنۆلۆجیای زانیارییەکان چەندە کاریگەریی کردووەتە سەر پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی.[٤]

---

* کاریگەریی تەکنۆلۆجیای ئینتەرنێت لەسەر بواری دیپلۆماسییەت وای کردووە کە چەند چەمکێکی جیاواز لەم نێوەندەدا بهێنێتە کایەوە، لەوانە (دیپلۆماسییەتی ژمارەیی Digital، دیپلۆماسییەتی تۆڕ E- Diplomacy، دیپلۆماسییەتی سایبەری Cyber، دیپلۆماسییەتی گریمانەیی Virtual)، بەپێی یەکێك لە بۆچوونە پشتپێبەستراوەکان پێشگری (E) ی دەستپێکێکی گونجاوە بۆ ئەو چالاکییانەی پەیوەندییان بە کارەکەوە هەیە و تاڕادەیەك بەکارهێنانی تۆڕ وازی لێ هێنراوە، وشەی گریمانەیی بە واتای هەستکردن بە نائارامیی/ ناجێگیریی دێت، لە هەمان کاتدا وشەی (ژمارەیی) و (سایبەر) ی لەلایەن زۆرێك لە حکومەت و ڕێکخراوەکانەوە بەکاردەهێنرێن و پەسەندن، هەبوونی ئەو ژمارە زۆرە لە چەمك کە هەموویان گوزارشت لە دیپلۆماسییەتی ئەلیکترۆنیی دەکەن، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە تەکنۆلۆجیا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ئەم بوارە هەبووە.

[١] دانا عەلی ساڵح: دیپلۆماسییەتی ئەلیکترۆنی: چییەتی، پێداویستی و لێکەوتەکانی، و. نەرمین حسێن، زنجیرە بڵاوکراوەکانی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان Kccrc، ژ ١٢٤، نیسانی ٢٠٢٠، ل٦.

[٢] محمد عدنان محمود: **الدبلوماسية في العصر الرقمي والتطور النوعي في الدبلوماسية التقليدية**، سلسلة إصدارات مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٠، ص٦.

[٣] محمد عدنان محمود: **الدبلوماسية في العصر الرقمي والتطور النوعي في الدبلوماسية التقليدية**، بغداد، مركز البيان للدراسات والتخطيط، ٢٠٢٠، ص٦.

[4] Said Saddiki, Op.cit, P.96-97.

دیپلۆماسییەتی گشتی ئەلیکترۆنیی- Public Diplomacy 2.00 لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت کە دیپلۆماسییەتێکی گشتی کراوەترە،[1] پێناسە دەکرێت بەوەی (بریتییە لە هونەری خستنەڕووی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکان و پارێزگاریلێکردنی لە ڕێگای فەزای ئەلیکترۆنییەوە و لە میانی گۆڕینەوەی زانیارییەکانی حکوومەت و وڵات لەگەڵ کۆمەڵە و جەماوەری بیانیی، ئەوەش لەپێناو خزمەتکردن بە سیاسەتی دەرەکیی وڵات).[2]

لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا، بە کاریگەریی تەکنۆلۆجیا و پاشانیش تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان، توێژەران و پسپۆڕان چەمکی "دیپلۆماسییەتی گشتی نوێ" یان بەکارهێنا، کە هەوڵێکە بۆ ڕێکخستنی دیپلۆماسییەتی گشتی لە چوارچێوەی سەردەمی زانیارییەکان (تەکنۆلۆجیای ئینتەرنێتدا).[3]

دیپلۆماسییەتی گشتی لە لایەکەوە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی دەرکەوتنی بکەرانی بێجگە لە کارمەندی حکوومەت وەکو خەڵکان و هونەرمەندان ... هتد نوێ بوویەوە، ئیتر لێرەوە دیپلۆماسییەتی گشتی نوێ (لە خەڵکەوە بۆ خەڵك) یش دەستپێکرد.[4]

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بون بە هۆکارێك بۆ نوێبوونەوەی دیپلۆماسییەتی گشتی و چیتر ئەنجامدەرانی دیپلۆماسییەتی گشتی لە ئەو چوارچێوەیە دەرچوو کە لە کاراکتەر و دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتەوە بۆ خەڵک بێت، بەڵکو تیایدا خەڵك لەگەڵ خەڵك ڕووبەڕوو دەبێتەوە و گرنگیی بە بنیاتنانی پەیوەندییەکان لەنێوان خەڵکی دوو وڵاتدا دەدرێت.[5]

وێبسایت و ئامرازەکانی میدیای نوێ بوون بە کەرستەی بنچینەیی لە وەزارەتەکانی دەرەوە و کونسوڵخانە و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ ئەوەی کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان بتوانن پرۆسەی کۆمۆنیکەیشن لەگەڵ جەماوەردا ئەنجامبدەن، هەروەها پەیوەندیگشتییکار لەسەر ئینتەرنێت و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە سیاسەتی دامەزراوەکەی پەخش دەکات و چالاکییەکانیانیش ئەرشیف دەکات، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە گرنگترین ئامرازەکانی کاری دیپلۆماسییەتی ئەمڕۆیە، ئەم تۆڕە کەناڵێکی تایبەتە بۆ گەیاندنی پەیامی ڕاستەوخۆ بۆ جەماوەری وڵاتانی وەزارەتەکانی دەرەوە و کونسوڵخانەکان، بەتایبەتیش لە کاتی تەنگژەکانیاندا سوودی لێ وەردەگرن و لەگەڵ جەماوەر دەکەونە گفتووگۆوە.[6]

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان هەروەها بوون بەهۆی ئەوەی ڕۆڵی دیپلۆماسییەتی گشتی دابەش بکەن بەسەر تاکەکەسەکاندا و هەر تاکێك ببێت بە پەیوەندیگشتییکارێك بۆ دامەزراوە یان وڵات، بۆ نموونە وەزارەتی دیپلۆماسییەتی گشتی و کاروباری ئاوارەکانی ئیسرائیل لە هەوڵێکیدا بۆ کردنی هەر تاکێکی وڵات بە نێردراوی دیپلۆماسیی، لە ساڵی ٢٠١٠ دا لەسەر ماڵپەرێك بە ناوی "پێکەوە، دەتوانین وێنەکە بگۆڕین"، هانی هاووڵاتییەکانی ئیسرائیلی لە لە ئەمریکا دەدا هەتاوەکو زانیاریی لەبارەی وڵاتەکەیان و دەستکەوتەکانییەوە بەرەو ڕووی ئەو وڵاتە بڵاوبکەنەوە، لێرەوە هاووڵاتییە ئیسرائیلییەکان لە دەرەوەی

---

[1] زینة شهلا: سەرچاوەی پێشوو، ل١٤-١٥.

[2] سالی نبیل شعراوی: **العلاقات الصينية الأمريكية.. وأثر التحول في النظام الدولي**، القاهرة، العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٨، ص٢٤٠.

[3] Eytan Gilboa: **Searching for a Theory of Public Diplomacy**- the Annals of the American Academy of Political and Social Science, U.S, Sage Publications, 2008, P.58.

[4] فراس محمد احمد: الدبلوماسية العامة والقوة الناعمة الصينية،المجلة السياسية والدولية، العدد(٣٣-٣٤)، ٢٠١٦، ص٦.
https://www.iasj.net/iasj/download/fe45a96e3ae51083

[5] نواف التميمي: **الدبلوماسية العامة وتكوين السمة الوطنية**، قطر، الدر العربية للعلوم ناشرون، ٢٠١٢، ص٢٧.

[6] Viona Rashica: The Benefits and Risks of Digital Diplomacy, SEEU Review, Volume 13 Issue 1, PhD Thesis, 2018, P.77. https://content.sciendo.com/view/journals/seeur/13/1/article-p75.xml

وڵاتەکانیاندا بوون بە جێبەجێکارێکی دیپلۆماسییەتی گشتی، بەهۆی ئەو هەڵمەتەوە لەماوەی یەك ساڵدا پاڵپشتی ئەمریکا بۆ ئیسرائیل بە ڕێژەی ٣% زیادی کرد، بە جۆرێك لە ساڵی ٢٠١١ بریتیی بوو لە ٦٨% و لە ساڵی ٢٠١٢ دا گەیشتە ٧١%.[١]

ئەم تۆڕانە کارئاسانییەکی زۆری بۆ پەیوەندیگشتییکاران کردووە هەتا ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ خەڵك و دامەزراوەکاندا بگرن، سرووشتی پەیوەندییەکانی لە پەیوەندی یەکسەرە (One-way Communications) وە گۆڕیوە بۆ بنیاتنانی پەیوەندی دووسەرە لەگەڵ جەماوەردا (Two-way Communications).[٢]

زۆرێك لە دیپلۆماتکارانیش بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە بواری دیپلۆماسییدا بە ئەرکێکی گرنگ دەزانن، دەڵێن " ئەگەر تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکارنەهێنیت ئەوا تۆ پەیوەست نیت بە کاری دیپلۆماسییەتەوە "، چونکە ئینتەرنێت و تەکنۆلۆجیا کاری خۆیان کردووە و چەمکی نوێی دیپلۆماسییەت لە مەیدانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا هاتوونەتە کایەوە.[٣]

دیپلۆماسییەتی فەیسبووك (Facebook diplomacy) و تویپلۆماسی (Twiplomacy) لە دوو دیارترین چەمکەکانن کە لەدایکبووی کاریگەریی تەکنۆلۆجیا و دیپلۆماسییەتن، لەم شێوازەدا دیپلۆماسییەت لە فەزایەکی نوێدا بەرجەستە دەبێت کە تیایدا بیرۆکە و وێنەکان دەگوازرێتەوە بۆ فەزایەکی خەیاڵی، لێرەدا پەیامەکان خێراتر بڵاودەبنەوە،[٤] هەروەها دیپلۆماسییەتی سێڵفی (Selfie Diplomacy) پەیدابوو کە ئاماژەیە بۆ بەکارهێنانی لەلایەن هەندێك لە سەرۆك و دیپلۆماتکارانەوە بە گرتنی وێنەی سێڵفی لەگەڵ کەسانی تر، ئەوەش وەکو هەوڵێك بۆ ڕاکێشانی جەماوەر لە چوارچێوەی دیپلۆماسییەتی گشتی دا.[٥]

دەتوانین بڵێین، هەموو ئەو چەمکانەی کە بە کاریگەری ئینتەرنێت لە بواری دیپلۆماسییەتدا درووستبوون، کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان دەتوانن ببنە بەشێکی گرنگ لە بەڕێوەبردن و ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا.

ئینتەرنێت بوو بە هۆی ئەوەش کە دیپلۆماسییەتی گشتی پێ بنێتە قۆناغی (دیپلۆماسییەتی گشتی کراوە) کە تیایدا کات و شوێن دەبەزێنێت و زیاتر لەگەڵ جەماوەردا دەکرێتەوە، هەر بەهۆی تەکنۆلۆجیای ئەلیکترۆنەوە دیپلۆماسییەتی گشتی بو بە پێکهاتەیەکی گرنگ لە سیستمی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بەم هۆیەشەوە کارمەندانی پەیوەندییە گشتییەکان و سیاسەتمەدارانیش هەستیارتر

---

[1] Guy j. Golan and others: Op.cit, P.54.

[٢] ئەحمەد عومەر ئۆمەربلی و ئەوانی تر، هەوڵەکان بۆ ئەنجامدان و پراکتیزە کردنی دبلۆماسیەتی گشتی لە ڕێگەی فەیسبووکەوە، و. وریا هیوا، زنجیرە بڵاوکراوەکانی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، ژ.٢٦، ٢٠١٨، ل٤-٥.
https://www.kurdistanc.com/Political/details.aspx?jimare=1337&fbclid=IwAR3xu9DovL5gnX--PHMi_okTn5d9idXcu3kLsMDff8MINrnYZvy6Pfqc1fU

[3] Xiuli Wang: Op.cit, P.76.

[٤] طلال راشد سالم جمعان: الدبلوماسية من التقليدية إلى الرقمية، اطروحة دكتوراه منشورة، المجلة العلمية للنشر العلمي، بو ظبي، ٢٠٢٠، ص٤٠٣.
https://www.ajsp.net/research/%D8%A7%D9%84%D8%AF%D8%A8%D9%84%D9%88%D9%85%D8%A7%D8%B3%D9%8A%D8%A9.pdf

[٥] د. دانا عەلی ساڵح: سەرچاوەی پێشوو، ل٨.

مامەڵە لەگەڵ بابەتەکانی پەیوەست بە چارەنووسی گەلان دەکەن، لە کاتێکدا کە پێش ئینتەرنێت هەستیارییەکە بەمشێوەیە نەبووە.[1]

دیپلۆماسیەتی گشتی بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە بووەتە کەناڵێی گرنگ بەدەست کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکانەوە بە شێوەیەك کە لەپاڵ نیشاندان و پەرەپێدانی بۆچوون و گۆشەنیگای دامەزراوە و وڵاتەکەی، هاوکات وڵاتانی ڕکابەریان بە لاواز نیشان دەدەن، هەر بۆیە سیاسەتی دەرەکیی بۆ ئەوەی چالاك بێت پێویستیی بە دیپلۆماسیەتێکی گشتی ئەلیکترۆنیی چالاك هەیە و ئەمەش پێویستییەکە نابێت پشتگوێ بخرێت.[2]

تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پێویستییەکی حەتمیین لە دیپلۆماسیەتی هاوچەرخدا، چونکە ناتوانرێت ئەو ژمارە زۆرەی هاووڵاتیانی بەکارهێنەری تۆڕەکان وەلا بنرێن کە بەشێکن لە گفتووگۆکانی تایبەت بە سیاسەتی دەرەکیی،[3] " تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان زۆرینەی دیپلۆماتکار و سیاسییەکانی ناچار کردووە کە گفتووگۆ لەگەڵ جەماوەری بیانییدا بکەن"[4]، بەپێی ئامارێکی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢١، (چوار ملیار و ٢٠٠ ملیۆن) کەس لە جیهاندا بەکارهێنەری تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانن،[5] ئەوەش لە کاتێکدایە کە بەپێی ئامارێکی مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٢١ ژمارەی دانیشتووانی جیهان (حەوت ملیار و ٨٠٠ ملیۆن) کەسە.[6] بەمپێیەش زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی جیهان تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنن.

لە کۆی ئەوەی باسمان کرد، دەتوانین بڵێین، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان کاری پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسیەتی گشتیدا خێرا، فراوان، گشتگیر، بەردەوام کرد، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان پێشخستنێکی زۆریان بە دیپلۆماسیەتی گشتی دا، هەرچەندە ئامانجی سەرەکیی دیپلۆماسیەتی گشتی گەیشتنە بە جەماوەری بیانی و دواندنیان، بەڵام دیپلۆماسیەتی گشتی ئەلیکترۆنی بەر جەماوەری ناوخۆش دەکەوێت و مەودای بڵاوبوونەوەی فراوانترە.

لە گرنگترینی ئەو گۆڕانکارییانەی کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەسەر کاری پەیوەندییە گشتییەکانیدا هێنا بۆ کاری دیپلۆماسیەتی گشتی، بریتیین لە تایبەتمەندێتییەکانی:[7]

١- کارلێککردن (Interactivity): جەماوەر لە پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ و کارلێککردندا دەبن لەگەڵ دامەزراوەدا، پێشنیارەکانیان دەنێرن.

٢- بەشبەشکردنی جەماوەر: زانیارییەکان لە یەك کاتدا دەتوانرێت بنێردرێت بۆ تاکەکەسێك و بۆ کۆمەڵەکەسێکیش.

---

[1] محمد أحمد فياض: **بحوث وقضايا المعاصرة في الإعلام**، أبوظبي، دار اليازوري للنشر والتوزيع، ٢٠١٩، ص١٠٦.

[2] خالد بن إبراهيم الرويتع: الدبلوماسية العامة الرقمية والسياسة الخارجية، جريدة الشرق الاوسط الدولية، العدد (١٢٧٨٥)، (٢٠١٣/١١/٢٩). https://aawsat.com/home/article/11373

[3] محمد عدنان محمود: سەرچاوەی پێشوو، ص٣.

[4] مركز الخليج للدراسات الإستراتيجية: «الدبلوماسية الرقمية» ..وتأثيرها على الصراع العربي الإسرائيلي، ٢٠١٩. http://www.akhbar-alkhaleej.com/news/article/1183560

[5] Joseph Johnson: Worldwide digital population as of January 2021, statista, (Mar 5, 2021). https://www.statista.com/statistics/617136/digital-population-worldwide/

[6] Worldometer website: Current World Population, (Mar 7, 2021). https://www.worldometers.info/world-population/

[7] أنعام حسن أيوب وآخرون: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦-٤٧.

٣- پەیوەست نەبوون بە کاتەوە (Synchronization) : پەیام وزانیارییەکان لە کاتی گونجاودا دەگەن و پێویست ناکات نێرەر و وەرگر لە هەمان سات و کاتدا لەسەر تۆڕەکان بن، بە جۆرێك دەتوانرێت بابەتەکان لە خشتەیەکی ئەلیکترۆنییدا دابنرێن و کاتی بڵاوکردنەوەیان دیاریی بکرێت.

٤- قابیلییەتی جێگۆڕکێپێکردن (Mobility) : تەکنۆلۆجیای زانیاریی و کۆمۆنیکەیشن ئامرازی گونجاوی بۆ بەکارهێنەران دابینکردووە، ئامێرەکانی وەکو (مۆبایل و ئایپاد و کۆمپیوتەری لاپتۆپی قەبارە بچوك ...هتد) بە ئاسانی لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر دەگوازرێنەوە.

٥- توانایی گۆڕینی شێوازی پەیام: برتییە لە توانایی گۆڕینەوەی پەیامی دەنگیی بۆ پەیامی نووسراو و بە پێچەوانەشەوە.

٦- جیهانییە و سنووربڕە (Convertibility) : تەکنۆلۆجیای زانیاریی و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەربەستە جوگرافییەکانیان تێکشکاندووە، وەکو دەوترێت جیهانی کردووە بە گوندێکی بچووك.

تایبەتمەندێتییەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ کەسی پەیوەندیگشتییکار کە لە بواری دیپلۆماسییەتی گشتی دا وا دەکات، پەیوەندییەکی بەردەوام و دووسەرە لەگەڵ جەماوەری بیانییدا دروستبکرێت، جەماوەری هەر بابەت و بڵاوکراوەیەکی سەر سەکۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەپێی کاردانەوەکانیان بناسرێنەوە کە ئەمەش وا دەکات هەر لەم ڕێگایەوە شارەزای حەز و خولیای جەماوەر بێت، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەرنامەی کاری پەیوەندیگشتییکار لە دیپلۆماسییەتی گشتی دا ڕێکدەخەن بە جۆرێك دەتوانرێت هەر بابەتێك لە کاتێکی جیاوازدا بڵاوبکرێنەوە، بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە کەسی پەیوەندیگشتییکار دەتوانێت لەڕێگای مۆبایلەکەیەوە هەواڵ و چالاکییەکانی دامەزراوە دیپلۆماسییەکەی بڵاوبکاتەوە لە هەر کات و شوێنێکدا بێت، تایبەتمەندێتیی گۆڕینی پەیامی دەنگی بۆ نووسراو و بە پێچەوانەشەوە وا دەکات کاتێکی زۆر بۆ کارمەندی پەیوەندییە گشتییەکان بگەڕێتەوە و بە شێوازێکی ئاسانتر پەیامەکان بڵاوبکاتەوە، تایبەتمەندێتیی تێپەڕاندنی بەربەستە جوگرافییەکان (جیهانیی) وەکو گرنگترین تایبەتمەندێتی دەبینرێت کە لە دوو ڕووەوە کاریگەریی دروست دەکات ئەوەش:

أ- نێرەری پەیام لە هەر شوێنێکدا بێت دەتوانێت پەیامەکەی بڵاوبکاتەوە.

ب- هەواڵ و بابەتە بڵاوکراوەکان لە هەر شوێنێکەوە بێت دەبینرێن، لەم دۆخەدا جەماوەر یان هاونیشتیمانییەکی وڵاتێك ئەگەر بێتو لە وڵاتەکەی خۆیشیدا نەبێت بەڵام دەتوانێت لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە هەوڵ و چالاکییەکان ببینێت کە لە وڵاتەکەیدا ئەنجامدەدرێن.

لە گرنگترینی ئەو کاریگەرییانەی کە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لە کاری پەیوەندییە گشتییەکان و بواری دیپلۆماسییەتی گشتی دا دروستیکردن (لە هەمان کاتدا هەردوو بوارەکەی خستووەتە دۆخێکی پڕ لە کێبڕکێوە)، بریتیین لە:[١]

---

[١] بڕوانە ئەم سەرچاوانە:

- يسرا حسني: المصدر السابق، ص١٨٠.
- Luoma-aho, V: Is social media killing our theories? A paper presented at Viestinnän tutkimuksen Päivät (communication research days), 1–14. 2010, Finland, P.4. https://www.arifyildirim.com/ilt508/vilma.luoma-aho.pdf
- Viona Rashica, Op.cit, P.77.
- Efe Sevin, Diana Ingenhoff: Public Diplomacy on Social Media- Analyzing Networks and Content, International Journal of Communication, 12 (2018), P.3665. https://ijoc.org/index.php/ijoc/article/view/8726/2449

١- زیادکردنی شەفافییەتی نێودەوڵەتی.
٢- زیادکردنی گرنگیی و کاریگەریی ڕایگشتی.
٣- زیادکردنی بەشدارییکردنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.
٤- درووستکردنی کلتوورێکی جیهانیی.
٥- هێنانەکایەی پەیوەندی بەردەوامی دیپلۆماتکارانی گشتی لەگەڵ جەماوەر.
٦- تایبەتمەندێتی گرنگی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بۆ دیپلۆماسییەتی گشتی ئەوەیە کە جۆرێکی نوێ لە یادەوەری کۆمەڵایەتی درووست دەکەن و لە یادگەی جەماوەردا چیرۆك و ڕووداوەکان هەڵدەگیرێن، ئەگەر بۆنەیەك یان ڕووداوێك ماوەیەکی زۆریشی بەسەرداچووبێت بەڵام تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بەردەوامی پێدەدەن و تایبەتمەندێتی بەردەوامیی پێدەبەخشن.

٧- دەستەبەرکردنی کەناڵی تایبەت بۆ ئەنجامدانی گفتووگۆی تایبەت و ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەماوەری بیانییدا.

٨- سنووردارکردنی توانای کۆنترۆڵکردنی جەماوەر، بەو شێوازەی ناوەندە دیپلۆماسییەکان لە میدیای نەریتییدا کۆنترۆڵکردنی جەماوەریان دەکرد ناتوانن بە هەمانشێوە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا کۆنترۆڵیان بکەن بەوپێیەی کە جەماوەریش هەمان کەناڵی لەبەردەستە و پەیامی جۆراوجۆری پێدەگات.

٩- زیاترکردنی ئاستی کارلێککردن لەگەڵ جەماوەردا.

توێژەر پێی وایە، پەیدابوونی ئامرازە جیاوازەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیسبووك و تویتەر شۆڕشێکیان لە بواری دیپلۆماسییەتی گشتی دا بەرپا کرد و بوون بە کەناڵی گرنگ بۆ ئاراستە کردن و جوڵاندنی ئەم دیپلۆماسییەتە، سیاسەتوانانیش لەڕێگای ئەم کەناڵانەوە هەوڵی بەرەوپێشبردنی لۆببی (براندنی نیشتیمانیی) ن بۆ وڵاتەکانیان، بەهۆی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە پەیامەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی دەگەنە جەماوەری ناوخۆی وڵاتیش نەك تەنها جەماوەری دەرەوە، بەڵام لە شێوازە نەریتییەکەدا و پێش پەیدابوونی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان دیپلۆماسییەتی گشتی دا تەنها جەماوەری دەرەوە بەر پەیامە دیپلۆماسییەکان دەکەون و خەڵکانی بیانیی بە ئامانج دەکران، لە لایەکی تریشەوە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ژینگەیەکیان درووستکردووە کە دیپلۆماتکاران مەرج نیە تەنها لەنێو کونسوڵخانە و نوێنەرایەتییەکانی وەزارەتی دەرەوەیاندا یان لەناو جەماوەری بیانییدا بن، بەڵکو دەتوانن لە هەر جێگایەك بن لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ئەرکەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی ئەنجامبدەن، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (دیپلۆماسییەتی گشتی لە نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە و باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکان) ەوە بردە سەر شاشەکانی کۆمپیوتەر و مۆبایلی زیرەك، بۆیە دیپلۆماسییەتی گشتی ئەلیکترۆنی دیپلۆماسییەتێکی بەردەوام کارایە و پێویستیشی بە ئێشکگرتن و چاودێرییکردن هەیە، چونکە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەوەی کە شوێنی گفتووگۆ و ڕادەربڕینن، هەروەها مەیدانێکن بۆ توێژینەوە و پێوانەکردنی لە ڕایگشتی تەکنۆلۆجیا، هەروەها ئەم تۆڕانە سەکۆیەکی ئازادیان بۆ هاووڵاتیان ڕەخساندووە هەتاوەکو بە ئازادی و بە بێ ترس ڕا و پێشنیاری خۆیان بگەیەنن.

---

- Kishore Chakraborty: Op.cit, P.37.

# بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی

## بەگەڕخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی کونسوڵخانە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا

**(لێکۆڵینەوەیەکی شیکارییە بۆ ناوەڕۆکی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی کونسوڵخانەکان)**

یەکەم: کورتەیەك دەربارەی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەولێر

دووەم: هەنگاوەکانی لایەنی مەیدانی

سێیەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی بڵاوکراوەکانی شەش مانگی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بەشێوازی مانگی دەستکرد.

## یەکەم : کورتەیەک دەربارەی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەولێر

کونسوڵخانە لە ساڵی (٢٠١١) لە شاری هەولێر کرایەوە و دەکەوێتە ناوچەی عەینکاوە، سنووری چالاکییە مەیدانییەکانی هەر چوار پارێزگای (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە) دەگرێتەوە، کونسوڵخانەکە پێکدێت لە (نووسینگەیەکی جێبەجێکاریی کە راستەوخۆ کونسوڵ سەرپەرشتی دەکات، بەشەکانی کاروباری سیاسی، کاروباری ئابووری، دیپلۆماسییەتی گشتی، کاروباری گشتی، رێساکانی یاسا، بەڕێوەبردن، ئاسایش) هەروەها دامەزراوەی نێودەوڵەتی یوسەید (USAID) شانبەشانی کونسوڵخانەکە خزمەتگوزارییەکانی پێشکەش بە هەرێمی کوردستان و عێراق دەکات.[١]

بەشی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەولێر کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری گشتییە لە کونسوڵخانەکەدا، لەسەر سەکۆکانی (فەیسبووك، تویتەر و ئینستاگرام) ئامادەییان هەیە و فەیسبووك کاریگەرترینی ئامرازەکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیانە کە لەم کاتەدا ٦١٦ هەزار شوێنکەوتوو (فان) ی هەیە، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیان کاردەکەن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی نێردراوە ئەمریکییەکان بۆ عێراق، هەروەها ئەم تۆڕانە سوودیان لێ دەبینرێت لە نزیککردنەوەی یەکتری جەماوەری هەرێمی کوردستان و جەماوەری ئەمریکا و فەیسبووك هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەم لێکنزیککردنەوەیە و درووستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوانیاندا، بابەتە لەپێشینەکانی کونسوڵخانە کە لەرێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە ئاراستەی جەماوەری هەرێمی کوردستان دەکرێن بریتیین لە (مافی مرۆڤ، فرەیی، پێکەوەژیان، کلتوور، ژینگە، پەروەردە و فێرکردن، هاوبەشییکردنی کاری زانکۆیی، کارسازیی بۆ گەنجان، برەودان بە هەوڵە ئەمریکییەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و بەتایبەت داعش، هەروەها هاوکارییکردنی ئەو خەڵکانەی کە لە مەترسییدان)، بە لای بەشی کاروباری گشتییەوە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەت فەیسبووك ئامرازێکی نموونەیین بۆ گەیشتن بە جەماوەریکی زۆرتر، هەروەها ڕێگا دەداتە کونسوڵخانە لە دۆز و ڕووداوە گرنگەکانی ناوچەکە بکۆڵنەوە، دەشتوانرێت بەها ئەمریکییەکان لەسەر سەکۆی ئەم تۆڕانەوە نیشان بدرێن و هەروەها گرنگیی بە پرۆگرامە ئەمریکییەکان بۆ ئاڵوگۆڕی خوێندکاریی بدرێت و بۆ جەماوەری هەرێمی کوردستان بخرێنەڕوو لە هەمان کاتدا ئەوە ڕوون بکرێتەوە کە لە بەرژەوەندی ئەواندایە، هەر لەڕێگای ئەم تۆڕانەوە دەتوانرێت دەستپێشخەرییەکانی تری ئەمریکا و هاوبەشییکردنەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا نیشان بدرێن، جەماوەری هەرێمی کوردستان ئاگادار دەکرێنەوە لە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر و بەتایبەت داعش، سەبارەت بە ڕا و سەرنج و ڕەخنەکانی جەماوەر بێجگە لەوەی کە جەماوەر لەڕێگای کۆمێنتەوە دەیخەنەڕوو زۆرجاریش و بە بەردەوامیی بەڕێوەبەرانی لاپەرەی فەیسبووك و تۆڕەکانی تر پرسیار لە جەماوەرەکەیان (جەماوەری ئۆنلاین) دەکەن بۆ ئەوەی ڕا و پێشنیار و ڕەخنەکانیان بزانن، لە هەمان کاتدا " لەڕێگای پەیامی تایبەتەوە (مێسج) ڕاستەوخۆ پرسیار لە جەماوەرەکەمان دەکەین، سۆز و هەڵوێستی گشتییش لە هەرێمی کوردستان بە ئەرێنیی دەبینن لەبارەی ئەمریکاوە، بەڵام هەندێکجاریش کۆمێنتی نەرێنیمان پێدەگات، هەروەها بەردەوام هەوڵدەدەین کە سەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانیان بەکاربهێنین بۆ ڕوونکردنەوە بۆ ئەوەی

[١] ماڵپەڕی فەرمی باڵیۆزخانەی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەغدا، بەشی کونسوڵخانەی گشتی لە هەرێمی کوردستان، (٢٠٢١/٥/٢٠) : https://www.usembassy.gov /

هەڵەتێگەیشتنەکان و چیرۆکە هەڵبەستراوەکان لەبارەی ئەمریکاوە ڕاست بکەینەوە، کونسوڵی گشتی ئاگادار دەکەینەوە لەبارەی هەر سەرنجێك کە لە جەماوەرەوە پێمان بگات و شایانی باسکردن بێت".[١]

## دووەم: هەنگاوەکانی لایەنی مەیدانی

توێژەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە ژمارەیەك ڕێوشوێنی زانستیی گرتووەتەبەر بە پشتبەستن بە ئامرازی شیکاری ناوەڕۆك، بەوپێیەی ئەم توێژینەوەیە شیکارییەکی پاشوەختەیە، واتا فۆرمێکی ئامادەکراو نییە کە توێژەر پشتی پێ ببەستێت بۆیە بۆ درووستکردنی فۆرمەکە توێژەر سەرەتا تەماشای تەواوی ئەو بڵاوکراوانەی کردووە کە وەکو نموونە وەری گرتبوو، پاش تەماشا کردنیان یەکە و دەستەکانی دیاریکرد.

### أ- دیاریکردنی یەکەکانی شیکاری

زۆرترینی توێژینەوەکان کە ئەم میتۆدە بەکاردەهێنن و شیکاری بۆ ناوەڕۆکی نووسین دەکەن، چەند یەکەیەکی شیکاریی دەگرنەبەر وەکو یەکەکانی وشە، بیرۆکە، بڕگە، کەسێتی، بەڵام ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە شیکاری کردنی دەق، لەم ڕێگایەوە توێژەر دەگات بە مانا و مەغزاکانی بڵاوکراوەکان و ئەو ئامانجانەی کە هەیەتی.

### ب- دیاریکردنی دەستەکانی شیکردنەوە

مەبەست لە دەستەکانی شیکردنەوە پۆلێنکردنی یەکەکانە بە گوێرەی ناوەڕۆك واتە ئەو بڵاوکراوانەی کە شیکارییان بۆ دەکرێت دەکرێن بە چەند بەشێکەوە کە سیما و خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە لەسەر بنەمای ئەو پێودانگە پۆلێنکارییانەی کە پێداویستی و ئامانجەکانی توێژینەوە مەبەستیانە، بۆ ئەم مەبەستەش بە ڕێگای شیکاری ڕاستەوخۆ بڵاوکراوەکان دەخرێنەڕوو و شی دەکرێنەوە کە بریتیین لە ئەوانەی کە وتراون و ڕاگەیەندراون، هاوکات بایەخ بە شیکاری چەندێتی دەدرێت کە بە دوای چەندبارەی بیرۆکەکانەوەیە.

دەستەکانی شیکاری بە گوێرەی میتۆدی شیکاری ناوەڕۆك دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە کە بریتیین لە:[٢]

جۆری یەکەم: وەڵامی پرسیاری (چی وتراوە) دەداتەوە، کە تایبەتە بە خستنەڕووی بابەتی ئەو ناوەڕۆکانەی کە شیکاری دەکرێن.

جۆری دووەم: وەڵامی پرسیاری (چۆن وتراوە) دەداتەوە، کە تایبەتە بە خستنەڕووی ئەو شێوازەی کە ناوەڕۆکەکەی خراوەتەڕوو کە زیاتر پەیوەستە بە فۆڕمی ناوەڕۆکەوە.

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە هەردوو جۆر (جۆری یەکەم و جۆری دووەم) بەستووە تایبەتە بە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە دەڵێن (چی وتراوە، چۆن وتراوە).

[١] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (ئێرن شیمەڵ جێگری بەڕێوەبەری کاروباری گشتی، سالار جاف بەڕێوەبەری بەشی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان- ی کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر)، شوێن: بەشی کاروباری گشتی کونسوڵخانە، هەولێر، (١٩-٨-٢٠٢١).

[٢] سمير محمد حسين: بحوث جامعية في الإعلام، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢، ص١٨١.

## سێیەم: خستنەڕوو و شیکردنەوەی بڵاوکراوەکانی شەش مانگی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان بەشێوازی مانگی دەستکرد

لە چوارچێوەی خستنەڕووی (بەگەڕخستنی پەیوەندییە گشتییەکان لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی کونسوڵخانە بیانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا) توێژەر میتۆدی شیکاری بەکارهێنا بۆ بەئاگابوون لە شێواز و تەکنیکەکانی بەگەڕخستنی پەیوەندییە گشتییەکان بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی لەڕێگای فەیسبوکەوە لە کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان، توێژەر هەستا بە وەرگرتنی بڵاوکراوەکانی شەش مانگی لاپەڕەی فەیسبووك بە شێوازی مانگی دەستکرد لەنێوان (٢٠٢٠/١٠/١) هەتاوەکو (٢٠٢١/٣/٣١)، هەروەها لەڕێگای بەکارهێنانی بەرنامەی (spss) گەیشتووەتە دەرئەنجامەکان.

## چوارەم: پێناسەکردنی دەستەکانی توێژینەوە

**دەستەی یەکەم: دەستەی چۆن وتراوە،** ئەم دەستەیە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١- دەستەی زمان و شێوەزار: لێرەدا زمانەکانی (کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی) و لەناو زمانی کوردیدا شێوەزارەکانی (سۆرانی، کرمانجی ژوروو/ بادینی) دەگرێتەوە.

٢- دەستەی جۆری پەیوەندییکردن، لێرەدا مەبەست لە ئەوەیە کە بڵاوکراوەکان بە چ جۆرێکی ناوەڕۆکی نووسراو بە جەماوەر گەیەندراون، ئایا (هەواڵ، بانگەشە، راپۆرت بروسکە یان ستۆری) ن، بەدەر لە ئەم جۆرانە هیچ جۆرێکی تر ناکەونە ناو نموونە وەرگیراوەکانی ناو دەستەی جۆری پەیوەندییکردن.

٣- دەستەی شێوەکانی خستنەڕوو، لێرەدا مەبەست لە ئەو شێوازەیە کە بڵاوکراوەکانی تێدا خراوەتەڕوو، ئەوانیش (نووسین و وێنە، نووسین و ڤیدیۆ) ن.

٤- دەستەی لینك و فایلی بەردەست، لێرەدا ئەو بڵاوکراوانەی کە لینك (بەستەر)یان لەگەڵدایە لەگەڵ ئەو بڵاوکراوانەی کە فایل-یان لەگەڵدایە خراونەتەڕوو و جیاکراونەتەوە.

٥- دەستەی سەرچاوەی لینکە پشتپێبەستراوەکان، واتە ئەو سەرچاوانەی کە هەژماری فەیسبووکی کونسوڵخانەی گشتی پشتی پێ بەستوون و لە بڵاوکراوەکاندا وەکو سەرچاوە بەکاریهێناون.

٦- دەستەی شێوازی بڵاوکردنەوە، مەبەست لە ئەوەیە کە ئایا شێوازی بڵاوکراوەکان ڕەسەنن و ڕاستەوخۆ فەیسبووکی کونسوڵخانە بڵاویکردوونەتەوە یان لە لاپەڕەکانی ترەوە جارێکی تر بڵاوکراونەتەوە (شێر کراون).

٧- دەستەی شێوەکانی کارلێککردن (دەستەی کۆمێنت/ تێچین)، لەم دەستەیەدا ئاراستەی کۆمێنتەکان جیا دەکرێنەوە کە گوزارشت لە تێڕوانینی جەماوەر دەکات بەرامبەر بە بڵاوکراوەکانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، (کۆمێنتی ئەرێنی) ئەو کۆمێنتانەن کە دەستخۆشی یان هاوشێوەی دەستخۆشی و وتەی باشن بۆ بڵاوکراوەکە یان دانانی ئیمۆجی (هێما گوزارشتییەکان) ن وەکو دڵ، گوڵ و هەر گوزارشتێکی هاوشێوە، کۆمێنتی بێلایەن ئەو کۆمێنتانەن کە (دەستخۆشی و ڕەخنەش نین بەڵکو لەو نێوانەدان و خوێندنەوەیان بۆ ناکرێت، ئەم جۆرە کۆمێنتانە لە هەندێك باریشدا پەیوەندییان بە ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکانەوە نیە)، کۆمێنتی نەرێنی ئەو دەربڕینانەی

جەماوەرن کە ڕەخنەی زبر و گاڵتەئامێزن بەرامبەر بە بڵاوکراوەکان کە هەموویان بڵاوکراوەی جددی و دوورن لە کاتبەسەربردن و بابەتی کەیفخۆشی و پێکەنین، کۆمێنتی پرسیاریی بریتییە لەو کۆمێنتانەی جەماوەر کە پرسیاری جددین لەبارەی بڵاوکراوەکەوە یان هەر بابەتێکی پەیوەست بە کونسوڵخانەوە کە پێویستن بەڕێوەبەرانی فەیسبووکی کونسوڵخانە وەڵامی جەماوەر بدەنەوە، وەڵامی کۆمێنتی پرسیاریی ئەو وەڵامانەن کە بۆ پرسیاری جەماوەر ڕۆیشتوون.

٨- دەستەی شێوەکانی کارلێککردن- (دەستەی لایك)، لێرەدا مەبەستمان لە ئەوەیە ئایا ژمارەی ئەو کۆمێنتە ئەرێنییانەی جەماوەر چەندن کە لایك کراون لەلایەن بەڕێوەبەرانی فەیسبووکی کونسوڵخانەوە و ئەمەش بەراورد بە ئەو کۆمێنتە ئەرێنییانەی جەماوەر کە لایك نەکراون لەلایەن بەڕێوەبەرانی فەیسبووکی کونسوڵخانەوە.

٩- دەستەی شێوەکانی کارلێککردن (دەستەی لایك/ کاردانەوەی جەماوەر بۆ بڵاوکراوەکان لەڕێگای لایك کردنی بڵاوکراوەکانەوە)، لێرەدا جۆری لایکەکانی جەماوەر جیا دەکرێنەوە، لایکی (ئاسایی، دڵ) وەکو بەدڵبوون و لایکی (سەرسوڕمان، گریان) وەکو هاوسۆزی بۆ بڵاوکراوەکان ئەژمار دەکرێن کە ئەم دوو جۆرەیان دەچنە بازنەی پاڵپشتی بۆ بڵاوکراوەکان و لایکی ئەرێنیین، بەڵام لایکەکانی (پێکەنین، توڕەبوون) وەکو دژ و ناکۆك بە بڵاوکراوەکان وەردەگیرێن، ئەم دوو جۆرەی کۆتایی بە نەرێنی دەردەکەون.

**دەستەی دووەم: دەستەی چی وتراوە (دەستەی ناوەڕۆك)**، ئەم دەستەیە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

١- دەستەی بواری بڵاوکراوەکان، لێرەدا بازنە گشتییەکەی بوارەکان دیاریکراون کە بڵاوکراوەکان دەکەونە ناوییەوە، هەندێك لە بڵاوکراوەکان لە یەك کاتدا دەکەونە چەند بوارێکەوە بۆیە لەم بارەدا ئەو بڵاوکراوانە بۆ هەریەکێك لەو بوارانە ئەژمار کراون کە دەکەونە ناوییەوە، بوارەکانیش بریتیین لە:

أ- بەها مرۆییەکان، بەهاکانی پێکەوەژیان، دیموکراسی، ئازادییە گشتی، رۆژنامەوانی، ئاینییەکان لەخۆ دەگرێت.

ب- سیاسی، هەر بوارێك دەگرێتەوە کە لەگەڵ سیاسەتدا یەك بگرێتەوە، (پەروەردە و فێرکردن) هەر بوارێك دەگرێتەوە کە پەیوەندی بە فێرکاریی پیشەیی و پەروەردەیی، هەروەها کەرتی خوێندنەوە هەبێت.
ج- رۆشنبیری و کلتووری، بوارەکانی ئەدەب، هونەر، کەرەستە و بابەتە کلتوورییەکان دەگرێتەوە.

د- ئابووری، ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە دەرۆنەوە خانەی بازرگانی و فێرکاری کارسازیی.

هـ- ئایینی، هەر بابەتێك دەگرێتەوە کە پەیوەست بێت بە ئایینەوە، لە ئەم بڵاوکراوانەی کە وەرگیراون ڕێژەی زۆری بابەتە ئایینییەکان ئەوانەن کە دەربارەی پێکهاتە و کەمەئایینەکان بڵاوکراونەتەوە.

٢- دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی، ئەم دەستەیە هەموو ئەو لایەنانە لەخۆ دەگرێت کە دەکەونە ناو بازنەی ئامانجەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان و لە بڵاوکراوەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام مەرج نیە ناوەڕۆکی هەر بڵاوکراوەیەك تەنها تایبەت بێت بە یەك ئامانج، بەڵکو هەندێك لە ناوەرۆکی بڵاوکراوەکان لە یەك ئامانج زیاتر لەخۆ دەگرن.

٣- دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان، ئەم دەستەیە هەموو ئەو لایەنانە لەخۆ دەگرێت کە دەکەونە ناو بازنەی ئامانجەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان، هەروەها مەرج نیە ناوەڕۆکی یەك بڵاوکراوە تەنها تایبەت بێت بە یەك ئامانج بەڵکو دەکرێت لە یەك بڵاوکراوەدا زیاتر لە یەك دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان هەستی پێ بکرێت.

٤- دەستەی ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان، مەبەست لە چوار ستراتیجە دیارەکەی پەیوەندییە گشتییەکانە کە بریتیین لە ستراتیجی (ڕاگەیاندن، قایلکردن، گفتووگۆ و دیالۆگ، پێکهێنانی کۆڕایی)، لێرەدا توێژەر بەرامبەر بە هەر بڵاوکراوەیەك دەستەی ستراتیجەکەی دیاریی دەکات.

٥- دەستەی ستراتیجی ڕاگەیاندن، لێرەدا ناوەڕۆکی ئەو بڵاوکراوانە دیاریی دەکرێت کە دەکەونە ناو بازنەی ستراتیجی ڕاگەیاندنەوە، بەپێی سامپڵە وەرگیراوەکان ئەو بڵاوکراوانەی دەکەونە ناو ئەم ستراتیجەوە خۆیان لە پێنج ناوەڕۆکدا دەبیننەوە کە ئەوانیش ناوەڕۆکەکانی (سیاسی، خزمەتگوزاریی، چالاکییەکانی کونسوڵ، چالاکییەکانی کونسوڵخانە، یاسایی).

٦- دەستەی ستراتیجی قایلکردن (بڕواپێهێنان)، ئەم دەستەیە ئەو ناوەڕۆکە بڵاوکراوانە دەگرێتەخۆ کە تیایدا هەوڵدراوە جەماوەر (وەرگر) لە ڕێگای بینین و خوێندنەوە بڵاوکراوەکانەوە ڕەزامەندی لەلا دروست ببێت و باوەڕ بە بڵاوکراوەکە بهێنێت، ئەم دەستەیەش پۆڵێن کراوە بۆ (پیشاندانی پرسێکی تایبەت بە هەڵوێستەکانی ئەمریکا) ، (پیشاندانی پرسێکی تایبەت بە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا)، (پیشاندانی پرسێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان).

٧- دەستەی ستراتیجی گفتووگۆ و دیالۆگ، ئەم دەستەیە پۆڵێن کراوە بۆ دوو جۆر کە بریتیین لە (ئەو بڵاوکراوانەی یەك ئاراستەن و تەنها زانیارییەکانی تێدا بڵاودەکرێنەوە بەبێ گرنگییدان بە کاردانەوەی جەماوەر و دروستکردنی کەشی گفتووگۆ لەگەڵیاندا و وەڵامدانەوەیان)، جۆری دووەم (ئەو بڵاوکراوانەی کە دوو ئاراستەن، لێرەدا گرنگیی بە کاردانەوەی جەماوەر دەدرێت و گفتووگۆیان لەگەڵدا دەکرێت) دەکرێت جۆری دووەم خستنەڕووی پرۆگرامێك بێت بۆ ئەوەی جەماوەر بتوانن ڕاستەوخۆ داخلی ببن و گفتووگۆی تێدا بکەن لەگەڵ بەڕێوەبەرانی فەیسبووکی کونسوڵخانە یان لەگەڵ لایەنی دیاریکراو و پەیوەندیدار بە بابەتێکەوە).

٨- دەستەی ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی، ئەم دەستەیە ئەو هۆکارانە لەخۆ دەگرێت کە بەهۆیانەوە هەوڵدراوە کار بکرێتە سەر جەماوەر و ڕایەکیان لەلا دروستبکات لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، بەپێی سامپڵەکانی توێژینەوە ئەمانەش پۆڵێن دەبن بۆ (بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا تایبەت بە هەرێمی کوردستان)، (بەدەستهێنانی پشتگیریی بۆ پرسێکی تایبەت بە هەرێمی کوردستان)، (دروستکردنی ڕا لەسەر پرسێکی تایبەت بە ئەمریکا).

٩- دەستەی ڕەهەندی ناوچەیی، لێرەدا مەبەست لە ئەو ناوچەیە کە ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکە دەیانگرێتەوە، ئەوەش یان بەشێوەیەکی مەعنەوی ناوەڕۆکی بڵاوکراوەکە ئەو ناوچەیە دەگرێتەوە، یان لە ڕووی جوگرافییەوە بڵاوکراوەکە ڕەنگدانەوەی ڕووداوێکە کە لە ئەرزی واقیعدا لەو ناوچەیە ڕوویداوە، مەرجیش نیە لە یەك بڵاوکراوەدا تەنها یەك ڕەهەندی ناوچەیی هەبێت بەڵکو دەکرێت زیاتر بێت لە یەك ناوچە، دەشکرێت لە یەك کاتدا ڕەهەندەکە دوو ناوچە پێکەوە ببەستێتەوە وەکو (ئەمریکا- هەرێمی کوردستان).

١٠- ڕەهەندی ناوچەیی هەرێمی کوردستان، لێرەدا بەدیارییکراوی ناوچەکە دەستنیشان دەکەین کە دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە، ئەمەش لەپێناو ئەوەی بگەین بە ئەوەی کە ئایا لە بڵاوکراوەکانی فەیسبووکی کونسوڵخانەدا جیاوازی لەنێوان ناوچەکانی هەرێمی کوردستاندا تا چەندە، لایەکەی تری ئەم ڕەهەندی ناوچەییە بریتییە لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

١١- دەستەی هاشتاگکراو، ئەو وشە و دەستەواژانە دەگرێتەوە کە لەگەڵ بڵاوکراوەکاندا هاشتاگ کراون.

١٢- دەستەی زمان و شێوەزاری بەکارهێنراو لە هاشتاگدا، ئەم دەستەیە ئەوە دەخاتەڕوو کە هاشتاگەکان بە کامە جۆری زمان خراونەتەڕوو.

## پێنجەم: ڕاستیی فۆڕمی شیکاری

ڕاستیی شیکاری، بریتییە لە توانای ئامرازی توێژینەوە بۆ پێوانەکردنی ئەو دیاردەیەی کە بانگەشەی پێوانەکردنی بۆ دەکات،[1] هەنگاوی ڕاستی و درووستی فۆڕمی شیکاری کە بە چەند جۆرێك دەپێورێت، یەکێکە لە هەنگاوە سەرەکییەکانی شیکاری ناوەڕۆك، بەڵام لێرەدا جۆری ڕاستی ڕواڵەتی-مان بەکارهێناوە کە زۆرێك لە توێژینەوەکان بەکاریدەهێنن و جۆرێکی باوە، لە ئەم جۆرەدا فۆڕمی شیکارییەکە پیشانی چەند پسپۆرێك دەدرێت بۆ ئەوەی هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن ئەمەش بەمەبەستی بەئاگابوون لە ڕاستی و درووستی ئەو فۆرمەی کە بۆ شیکارییەکە ئامادە کراوە، ناوی پسپۆڕ و هەڵسەنگێنەرەکان بەپێی پلەی زانستییان،[*] دوای پیشاندانی فۆڕمەکە بە پسپۆڕەکان گەڕانەوەی ئاستی ڕاستی و درووستی بە ڕێژەی (0.96) کە ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە لە ڕووی زانستییەوە، پاشان ڕێژەی ڕێککەوتنی هەڵسەنگێنەرەکان بەپێی ئەم لێکدانەوە ئامارییە بەدیهات:

| | | |
|---|---|---|
| ڕێژەی ڕێککەوتن= | $\frac{n\ X\ \text{نێوەندی ڕێکەوتن}}{1\ +\ (n-1)\ X\ \text{نێوەندی ڕێکەوتن}}$ | $0.968\ =\ \frac{4.3}{4.44}\ =\ \frac{5\ X\ 0.86}{1+(1-5)X\ 0.86}$<br>$=$ |

## شەشەم: جێگیریی

مەبەست لە جێگیریی گەیشتنە بە هەمان ئەنجامی شیکاریی یەکەم، بە دووبارەکردنەوەی شیکاریی دەستەکان بەسەر هەمان سامپڵدا بە ڕێژەیەکی دیاریکراو و لە کاتێکی دیاریکراودا، بۆ ئەو مەبەستەش دوو ڕێگا هەیە کە بگیرێتەبەر بۆ گەیشتن بە جێگیریی وەکو لە خوارەوەدا خراونەتەڕوو:

[1] سابیر بۆکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٤.

[*] هەڵسەنگێنەران:
١- پ.ی.د. ابتسام اسماعیل عبدالقادر : زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی ز. مرۆڤایەتییەکان- پسپۆری ڕاگەیاندن
٢- پ.ی.د. ابراهیم سعید فتح الله : زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی ز. مرۆڤایەتییەکان- پسپۆری ڕاگەیاندن
٣- پ.ی.د. عومەر احمد رمضان : زانکۆی هەڵەبجە/ کۆلێجی ز. مرۆڤایەتییەکان- پسپۆری ڕاگەیاندن
٤- پ.ی.د. یاسین ئاشور جەوهەر : زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردە- پسپۆری زانستە سیاسییەکان
٥- م. یادگار عەلی محمد : زانکۆی گەرمیان/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت- پسپۆڕی ڕاگەیاندن

١. جێگیریی لەگەڵ کەسانی تر: لەم جۆرەیاندا توێژەر بێجگە لە خۆی، پشت بە (سێ) کەسی تر دەبەستێت، بە مەبەستی شیکارکردنی ڕێژەیەک لە سامپڵی توێژینەوەکە.*

٢. جێگیریی لەگەڵ خود: توێژەر ئەم جۆرەیانی هەڵبژارد بۆ جێگیری، هەستا بە دووبارە شیکردنەوەی دەستەکان بە تێپەڕبونی ماوەی سێ مانگ بەسەر مێژووی یەکەم شیکارییدا، ڕێژەی (١٠%) ی سامپڵی توێژینەوەکەی بۆ جاری دووەم شیکردەوە کە (٧) بڵاوکراوەی لەخۆ گرتووە لە کۆی (٦٧) بڵاوکراوە، بە پشتبەستن بە یاسای هۆڵستی (Holsti) بۆ جێگیریی، دەرکەوت ڕێژەی ڕاستی شیکارییەکە بریتییە لە (٠.٩٤٥%) ، ئەمەش بە ڕێژەیەکی بەرز دادەنرێت بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی دەستەی شیکارییەکان.

Coefficient Reliability

$$CR = \frac{2M}{N1 + N2}$$

N= ژ.دەستەکان × ژ.بڵاوکراوە

N= 21×7= 147

$$CR = \frac{2 \times 139}{147 + 147}$$

N= ژمارەی شیکردنەوەکان

CR= 0.945

## حەوتەم: شێوازە ئامارییەکان

شێوازە ئامارییەکانی بەکارهاتوو لە ئەم توێژینەوەیەدا بۆ دیارییکردنی ئەنجامەکانی پەیوەست بە لایەنی شیکاری، بەرنامەی کۆمپیوتەریی (spss) بەکارهاتووە بۆ شیکردنەوەی داتاکان، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر پەنای بردووەتە بەر کۆمەڵێك شێوازی ئاماریی:

١- ڕێژەی سەدی بۆ بە ئاگابوون لە ئامانجەکانی توێژینەوەکە و وێناکردنی گۆڕانکارییەکان.
٢- ناوەندەژمێرە (mean) دەرخستنی ئاستی جیاوازی نێوان بڕگەی گۆڕاوەکان.

٣- بەهای "f" ( F - test) بۆ دەرهێنانی جیاوازی زیاتر لە جووت سامپڵی سەربەخۆ.
٤- پەیوەندی "بێرسۆن" بۆ دیارییکردنی ئاستی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو.

### دەستەی یەکەم: دەستەی چۆن وتراوە (لە ڕووی شێوە) :-

#### أ- دەستەی زمان و شێوەزار :

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (دەستەی زمان و شێوەزار) ی بەکارهاتوو لە بلاوکراوەکاندا، دەردەکەوێت کە: زمانی کوردی (شێوەزاری سۆرانی) و زمانی ئینگلیزی پێکەوە لە پلەی یەکەمدا و بە ئاستێکی بەرز و جیاوازییەکی زۆر لە بڵاوکراوەکاندا بەکارهێنراوە بە ڕێژەی

* هەڵسەنگێنەران:
١- نەبەز ئەحمەد حەسەن، م.ی، پسپۆری ڕاگەیاندن، بەشی تەکنیکی میدیا، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.
٢- دەشتی علی رشید، م.ی، پسپۆری ڕاگەیاندن، بەشی باخچەی ساوایان، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان.
٣- محمدیوسف شکور، م.ی، پسپۆری زانستی کۆمپیوتەر، بەشی زمانی ئینگلیزی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.

(٦٨.٦٥%) ، لە پلەی دووەمدا زمانی کوردی (شێوەزاری سۆرانی بە تەنها) بە ڕێژەی (١١%) بەکاربراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لە دەستەی زمان و شێوەزاردا زیاتر گرنگیی بە شێوەزاری سۆرانی لەگەڵ زمانی ئینگلیزی دراوە بەراورد بە زمان و زاراوەکانی تر لە کاتێکدا بەشێك لە دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە زمانی کوردی (شێوەزاری کرمانجی ژووروو/ بادینی) دەدوێن بەڵام وەکو دەردەکەوێت شێوەزاری کرمانجی ژوورو تەنها بە ڕێژەی (٤.٤٧%) بەکاربراوە کە ئەوەش لەگەڵ شێوەزاری سۆرانی و زمانی ئینگلیزییدا پێکەوە هاتوون، بڕوانە خشتەی ژمارە (١) :

**خشتەی (١) دەستەی زمان و شێوەزار**

| ژ | دەستەی زمان و شێوەزار | چەندبارە | ڕێژەی سەدی% | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زمانی کوردی (شێوەزاری سۆرانی) - زمانی ئینگلیزی | ٤٦ | %٦٨.٦٥ | یەکەم |
| ٢ | شێوەزاری سۆرانی | ١١ | %١٦.٤١ | دووەم |
| ٣ | سۆرانی-کرمانجی ژوروو- ئینگلیزی | ٣ | %٤.٤٧ | سێیەم |
| ٤ | سۆرانی- عەرەبی- ئینگلیزی | ٣ | %٤.٤٧ | چوارەم |
| ٥ | عەرەبی- ئینگلیزی | ٢ | %٢.٩٨ | پێنجەم |
| ٦ | ئینگلیزی | ٢ | %٢.٩٨ | شەشەم |
| ٧ | کۆی گشتی | ٦٧ | %١٠٠ | |

**ب- دەستەی جۆری پەیوەندییکردن :**

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (دەستەی جۆری پەیوەندیکردن)، دەردەکەوێت کە دەستەی (هەواڵ) زۆرترین بەکارهێنانی هەبووە و لە پلەی یەکەمدا دێت بە ڕێژەی (٤٩.٢٥%) و بە تەنها هێندەی هەموو جۆرەکانی دیکەی دەستەکە بەکارهێنراوە، بەدوای ئەویشدا و لە پلەی دووەمدا (بانگەشە) دێت بە ڕێژەی (١٦.٤١%)، لە پلەی کۆتاییشدا و بە ڕێژەی (٧.٤٦%) ستوری بەکاربراوە، لەم ئەنجامەوە دەردەکەوێت کە بە پلەی یەکەم و دووەم گرنگی بە بڵاوکردنەوەی یەکئاڕاستەی زانیارییەکان دراوە و بواری گفتوگۆ لەگەڵ جەماوەردا نەدراوە و ڕای جەماوەر لە ئاستێکی بەرزدا لەبەرچاو نەگیراوە لە بڵاوکراوەکانی لاپەرەی فەیسبووکی کونسوڵخانەدا، ئەم ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی خشتەی ژمارە ١٧ ی تایبەت بە دەستەی ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان کە تیایدا دەردەکەوێت لە پلەی یەکەمدا و با جیاوازییەکی زۆر ستراتیجی ڕاگەیاندن بەکاربراوە کە (تەنها بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بە بێ درووستکردنی کەشی گفتووگۆ یان قایلکردنی جەماوەر) دەگرێتەوە، بڕوانە خشتەی (٢) :

**خشتەی (٢) دەستەی جۆری پەیوەندییکردن**

| ژ | دەستەی جۆری پەیوەندییکردن | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەواڵ | ٣٣ | %٤٩.٢٥ | یەکەم |
| ٢ | بانگەشە | ١١ | %١٦.٤١ | دووەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣ | راپۆرت | ٩ | %١٣.٤٣ | سێیەم |
| ٤ | بروسکە | ٩ | %١٣.٤٣ | |
| ٥ | ستۆری | ٥ | %٧.٤٦ | چوارەم |
| ٦ | کۆی گشتی | ٦٧ | %١٠٠ | |

**پ- دەستەی شێوەکانی خستنەڕوو :**

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (دەستەی شێوەکانی خستنەڕوو) کە مەبەست لێی زانینی ئاست و جیاوازی بەکارهێنانە لە (نووسین و وێنە) پێکەوە بەرامبەر بە (نووسین و ڤیدیۆ) پێکەوە، لە ئەنجامدا دەردەکەوێت کە بڵاوکراوەکان بە ڕێژەی (%٨٩.٥٥) کە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە پێکهاتوون لە نووسین و وێنە، بەمشێوەیەش بە جیاوازییەکی زۆرەوە دەکەوێتە پێش پێکهاتەی نووسین و ڤیدیۆ، ئەمەش پیشانمان دەدات کە ناهاوسەنگییەك لەمڕووەوە هەیە و بە جیاوازییەکی زۆر بەکارهێنانی نووسین و وێنە لە پێش بەکارهێنانی نووسین و ڤیدیۆیە، بەڵام لەو ڕووەوە کە لاپەڕەکە (بە تەنها نووسین) ی بڵاونەکردووەتەوە ئەوە ئەنجامێکی ئەرێنییە، بڕوانە خشتەی (٣) :

**خشتەی (٣) دەستەی شێوەکانی خستنەڕوو**

| ژ | دەستەی شێوەکانی خستنەڕوو | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | نووسین و وێنە | ٦٠ | %٨٩.٥٥ | یەکەم |
| ٢ | نووسین و ڤیدیۆ | ٧ | %١٠.٤٤ | دووەم |
| ٣ | کۆی گشتی | ٦٧ | %١٠٠ | |

**ت- دەستەی لینك و فایلی بەردەست :**

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (دەستەی لینك و فایلی بەردەست) دەردەکەوێت کە زیاتر لە نیوەی بڵاوکراوەکان لینکیان لەگەڵدا نیە کە ڕێژەکەی بریتییە لە (٥٢.٢٣ %)، دەستەی فایل بە ئاستێکی زۆر کەم بەکاربراوە و تەنها (%٢.٩٨) ی بڵاوکراوەکان فایلیان لەگەڵدایە، لێرەدا دەردەکەوێت کە نزیکەی نیوەی بڵاوکراوەکان لینکیان لەگەڵدایە و ئەمەش وا دەکات جەماوەر زیاتر بە دوای بڵاوکراوەکەدا بڕۆن و زانیاریی ناوەڕۆکیی زیاتریان دەستبکەوێت، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەم فایل بەکاربراوە (فایلەکان تەنها فایلی " pdf و doc" دەگرێتەوە) ئەم فایلانە بەپێی بڵاوکراوەکان ئاماژەن بۆ بڵاوکردنەوەی (هەلی کار، پرۆگرامەکانی کردنەوەی خولەکان) لێرەدا دەردەکەوێت کە لەم ماوەیەدا بەڕێوەبەرانی فەیسبووکی کونسوڵخانە بە ڕێژەیەکی کەم هەلی کار و پرۆگرامەکانی کردنەوەی خولەکانیان بڵاوکردووەتەوە، بڕوانە خشتەی (٤) :

**خشتەی (٤) دەستەی بەستەر (لینك) و فایلی بەردەست**

| ژ | دەستەی لینك و فایلی بەردەست | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ژمارەی ئەو بڵاوكراوانەی كە لینكیان لەگەڵدا نیە | ٣٥ | ٥٢.٢٣ % | یەكەم |
| ٢ | ژمارەی ئەو بڵاوكراوانەی كە لینكیان لەگەڵدایە | ٣٠ | %٤٤.٧٧ | دووەم |
| ٣ | ژمارەی ئەو بڵاوكراوانەی كە فایلیان لەگەڵدایە و كۆی فایلی بەكارهاتوو | ٢ | %٢.٩٨ | سێیەم |
| ٤ | كۆی گشتی | ٦٧ | %١٠٠ | |

**ج - دەستەی سەرچاوەی بەستەر (لینك)ە پشتپێبەستراوەكان :**

لە دوای هەڵاوێركردنی داتا و زانیارییەكانی پەیوەست بە (دەستەی سەرچاوەی لینكە پشتپێبەستراوەكان) دەردەكەوێت كە لە پلەی یەكەمدا و بە جیاوازی نزیك بە دوو هێندە بەستەری دامەزراوە ئەمریكییەكانیان وەكو سەرچاوە لەگەڵ بڵاوكراوەكاندا بەكارهێناوە كە ژمارەیان (٢٢) بەستەرە و ئەمەش دەكاتە ڕێژەی (٦٢.٨٥%)، لە بەرامبەردا تەنها ١٣ بەستەری سەر بە دامەزراوە و لاپەڕەی فەرمی كەسایەتییەكانی هەرێمی كوردستانیان بەكارهێناوە كە دەكاتە (٣٧.١٤%)، ئەم ئەنجامە نیشانمان دەدات كە لاپەڕەكە لە پلەی یەكەمدا و بە جیاوازییەكی زۆر بەستەی و لینكی دامەزراوە ئەمریكییەكانی بەكارهێناوە لە بڵاوكراوەكانیدا، ئەمەش متمانەی لاپەڕەكە نیشاندەدات بە ئەو دامەزراوانە، بڕوانە خشتەی (٥) :

**خشتەی (٥) دەستەی سەرچاوەی بەستەر (لینك) ە پشتپێبەستراوەكان**

| ژ | سەرچاوەی لینكە پشتپێبەستراوەكان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەستەری سەر بە دامەزراوە ئەمریكییەكان | ٢٢ | **%٦٢.٨٥** | یەكەم |
| ٢ | بەستەری دامەزراوە و كەسایەتی هەرێمی كوردستان | ١٣ | **%٣٧.١٤** | دووەم |
| ٣ | كۆی گشتی | ٣٥ | %١٠٠ | |

**چ- دەستەی شێوازی بڵاوكردنەوە :**

لە دوای هەڵاوێركردنی داتا و زانیارییەكانی پەیوەست بە دەستەی شێوازی بڵاوكردنەوە كە ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئایا لاپەڕەی فەیسبوكی كونسوڵخانە بڵاوكراوەكان ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان و بڵاوكراوەی ڕەسەنی لاپەڕەكەن، یان بڵاوكراوەكان لە ماڵپەری ئەلیكترۆنی دیكە و پێگەی فەیسبوكی دیكەوە بڵاوكراونەتەوە، دەردەكەوێت كە (٥٨) بڵاوكراوە كە ڕێژەی (٨٦.٥٦%) ی بڵاوكراوەكان پێكدەهێنێت بریتیین لە بڵاوكراوەی ڕەسەنی لاپەڕەی فەیسبوكی كونسوڵخانە، لە بەرامبەردا تەنها (٩) بڵاوكراوە كە دەكاتە ڕێژەی (١٣.٤٣%) لە ماڵپەرەكانی دیكە و پێگەی فەیسبووكی دیكەوە بڵاوكراونەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە لاپەڕەی فەیسبووكی كونسوڵخانەكە زیاتر بابەت و بڵاوكراوەی تایبەت بە خۆیان بڵاوكراوەتەوە و بە ئاستێكی زۆر كەمتر پەنای بردووەتە بەر دووبارە بڵاوكردنەوەی بابەتەكان لە لاپەڕە و هەژمارە كوردییەكانەوە، ئەم ئەنجامە بە ئەرێنی دەبینرێت و

نیشانی دەدات کە کونسوڵخانە و لاپەڕەکە چالاك بوون و بڵاوکراوەی تایبەتی خۆیان خستووەتەڕوو، بڕوانە خشتەی (٦) :

**خشتەی (٦) دەستەی شێوازی بڵاوکردنەوە**

| ژ | دەستەی شێوازی بڵاوکردنەوە | چەندبارە | ڕێژەی سەدی% | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بڵاوکراوەی ڕەسەنی پەیجی کونسوڵخانە | **٥٨** | **%٨٦.٥٦** | یەکەم |
| ٢ | بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەی ماڵپەڕ و پەیجەکانی دیکەی فەیسبووك (شێرکردن) | **٩** | **%١٣.٤٣** | دووەم |
| ٣ | کۆی گشتی | ٦٧ | %١٠٠ | |

**ح- دەستەی شێوەکانی کارلێککردن – دەستەی تێچین (کۆمێنت) :**

لەدوای هەڵاوێردکردنی دەستەی شێوەکانی کارلێککردن تایبەت بە تێچین (کۆمێنت) ی ڕۆیشتوو بۆ بڵاوکراوەکان، دەردەکەوێت کە کۆمێنتی ئەرێنی لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (%٣٦.٩٦) بۆ بڵاوکراوەکان ڕۆیشتوون لە بەرامبەردا کۆمێنتی نەرێنی لە پلەی سێیەمدا و بە ڕێژەی (%٣٠) بۆ بڵاوکراوەکان کراون، ئەمەش ئاماژەیەکی باشە بۆ بەڕێوەبەرانی فەیسبووکی کونسوڵخانە، لە پلەی چوارەمدا و بە ڕێژەی (%١.٢٨) ئەو ڕێژەیە کە دەکاتە (٣٩) بریتییە لە کۆمێنتی پرسیاریی جەماوەر بەڵام تەنها یەك لەو پرسیارانە وڵامدراوەتەوە کە ڕێژەی (%١) پێکدەهێنێت ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنییە و لەگەڵ ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا یەك ناگرێتەوە، هەروەها کارکردن لە کێڵگەی دیپلۆماسییەتی گشتیدا لەڕێگای تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە لەگەڵ ئەم ئەنجامە لە وەڵامدانەوەی پرسیار یەك ناگرێتەوە چونکە پێویست دەکات بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی دامەزراوە زیاتر بە دەم جەماوەرەوە بێت بۆ ئەوەی بتوانێت دیپلۆماسییەتێکی گشتی سەرکەوتوو جێبەجێ بکات، بڕوانە خشتەی (٧) :

**خشتەی (٧) دەستەی شێوەکانی کارلێککردن- دەستەی تێچین (کۆمێنت)**

| ژ | ئاراستەی کۆمێنت (تێچین) | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمێنتی ئـەرێنی (پۆزەتیڤ) | ١١٢٤ | %٣٦.٩٦ | یەکەم |
| ٢ | کۆمێنتی بێلایەن | ٩٦٠ | %٣١.٥٦ | دووەم |
| ٣ | کۆمێنتی نـەرێنی (نێگەتیڤ) | ٩١٧ | %٣٠ | سێیەم |
| ٤ | کۆمێنتی پرسیاریی | ٣٩ | %١.٢٨ | چوارەم |
| ٥ | وەڵامی کۆمێنتی پرسیاریی | ١ | %١ | پێنجەم |
| ٦ | کۆی گشتی | ٣٠٤١ | %١٠٠ | |

**خ- دەستەی شێوەکانی کارلێککردن (کاردانەوەی بەڕێوەبەرانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانە بۆ کۆمێنتە ئەرێنییەکان) :**

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی دەستەی شێوەکانی کارلێککردنی تایبەت بە (کاردانەوەی بەڕێوەبەرانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانە بۆ کۆمێنتە ئەرێنییەکان)، دەردەکەوێت کە (٨٠٦) کۆمێنتی ئەرێنی کە ڕێژەی (%٧١.٧٠) ی کۆمێنتە ئەرێنییەکانی جەماوەر پێکدەهێنێت لەلایەن بەڕێوەبەرانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەوە لایك نەکراون، لە بەرامبەردا تەنها (٣١٨) کۆمێنتی

ئەرێنی جەماوەر کە دەکاتە ڕێژەی (٢٨.٢٩%) ی کۆمێنتە ئەرێنییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرانی لاپەڕەی فەیسبووکە کونسوڵخانەوە لایك کراون، ئەمەش ئاماژەیەکی نەرێنییە، چونکە لایك کردنی کۆمێنتە ئەرێنییەکان بەدەمەوەچوونی جەماوەرە و نیشانی دەدات کە بەڕێوەبەرانی لاپەڕەی فەیسبووکەکە ئاگاداری کۆمێنتەکانن، لە بەرامبەریشدا لایك نەکردنی کۆمێنتە ئەرێنییەکانی جەماوەر جۆرێك لە بەدەمەوەنەچوون بەرامبەر بە جەماوەر دەردەخات و لە دوورمەودادا کاریگەریی نەرێنی دەکاتە سەر پەیوەندی نێوان دامەزراوە و جەماوەرەکەی، بڕوانە خشتەی (٨) :

**خشتەی (٨) دەستەی شێوەکانی کارلێککردن (کاردانەوەی بەڕێوەبەرانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانە بۆ کۆمێنتە ئەرێنییەکان)**

| ژ | کاردانەوەی بەڕێوەبەرانی لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانە بۆ کۆمێنتە ئەرێنییەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمێنتی ئەرێنی جەماوەر کە لە لایەن بەڕێوەبەرانی پەیجی کونسوڵخانەوە لایك نەکراون | ٨٠٦ | %٧١.٧٠ | یەکەم |
| ٢ | کۆمێنتی ئەرێنی جەماوەر کە لە لایەن بەڕێوەبەرانی پەیجی کونسوڵخانەوە لایك کراون | ٣١٨ | %٢٨.٢٩ | دووەم |
| ٣ | کۆی گشتی | ١١٢٤ | %١٠٠ | |

**د- دەستەی شێوەکانی کارلێککردن (دەستەی لایك) :**

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی دەستەی شێوەکانی کارلێککردنی تایبەت بە (کاردانەوەی جەماوەر بۆ بڵاوکراوەکان لەڕێگای جۆری لایك کردنی بڵاوکراوەکانەوە)، دەردەکەوێت کە لە پلەی یەکەمدا و بە ئاستێکی زۆر بەرز بە ڕێژەی (٩٥%) لایکی ئاسایی بۆ بڵاوکراوەکان ڕۆیشتوون، لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (٣.٣٦%) لایکی دڵ بۆ بڵاوکراوەکان کراون، ئەم دوو ئەنجامەش ئاماژەی ئەرێنین تایبەت بە هەڵوێستی جەماوەر بەرامبەر بە لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانە، بڕوانە خشتەی (٩) :

**خشتەی (٩) دەستەی شێوەکانی کارلێککردن (دەستەی لایك)**

(کاردانەوەی جەماوەر بۆ بڵاوکراوەکان لەڕێگای جۆری لایك کردنی بڵاوکراوەکانەوە)

| ژ | جۆری لایکی جەماوەر | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | لایکی ئاسایی | ٥٤٢٧٦ | % ٩٥.١٦ | یەکەم |
| ٢ | لایکی دڵ | ١٩٢١ | % ٣.٣٦ | دووەم |
| ٣ | لایکی پێکەنین | ٣٦٦ | % ٠.٦٤ | سێیەم |
| ٤ | لایکی گریان (دڵتەنگیی) | ٣١١ | % ٠.٥٤ | چوارەم |
| ٥ | لایکی توڕەبوون | ١٣٠ | % ٠.٢٢ | پێنجەم |
| ٦ | لایکی سەرسوڕمان | ٢٨ | % ٠.٠٤٩ | شەشەم |
| ٧ | کۆی گشتی | ٥٧٠٣٢ | %١٠٠ | |

**ر- دەستەی ڕەهەندی ناوچەیی :**

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (ڕەهەندی ناوچەیی) دەردەکەوێت کە ڕەهەندی ناوچەیی (ئەمریکا- هەرێمی کوردستان) بە ئاستێکی بەرز و لە پلەی یەکەمدا دێت بە ڕێژەی (٥٤.١١%) واتا ئەو بڵاوکراوانەی کە ڕەهەندی هەردوو ناوچەکە لەخۆ دەگرن، بەدوای ئەوەدا و لە پلەی دووەمدا ئەو بڵاوکراوانەی کە ڕەهەندی ناوچەییان تەنها و بەتایبەت ئەمریکا دەگرێتەوە بە ڕێژەی (٢١.١٧%) دێت، ئەنجامی ڕەهەندی ئەمریکا- هەرێمی کوردستان ئاماژەیەکی ئەرێنییە و لە ئاستێکی باشدایە، بڕوانە خشتەی (١٠) :

**خشتەی (١٠) ڕەهەندی ناوچەیی**

| ژ | ڕەهەندی ناوچەیی | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەمریکا- هەرێمی کوردستان | **٤٦** | **٥٤.١١ %** | یەکەم |
| ٢ | تایبەت بە ئەمریکا | **١٨** | **%٢١.١٧** | دووەم |
| ٣ | ئەمریکا – عێراق | **١٢** | **%١٤.١١** | سێیەم |
| ٤ | ئەمریکا – جیهان | **٨** | **%٩.٤١** | چوارەم |
| ٥ | تایبەت بە نێودەوڵەتیی | **١** | **%١** | پێنجەم |
| ٦ | کۆی گشتی | **٨٥** | **%١٠٠** | |

**ڕ- دەستەی ڕەهەندی ناوچەیی هەرێمی کوردستان :**

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (ڕەهەندی ناوچەیی هەرێمی کوردستان) دەردەکەوێت کە تەنها گرنگی بە هەرسێ پارێزگای (سلێمانی، هەولێر، دهۆك) دراوە، ئەمریکا- پارێزگای سلێمانی لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (٤٦.٦%)، ئەمریکا- پارێزگای هەولێر، ئەمریکا- پارێزگای دهۆك هەردووکیان لە پلەی دووەمدا دێن هەریەك بە ڕێژەی (٤%)، بەڵام لە ڕەهەندی ناوچەیی پارێزگای سلێمانی دا هیچ بڵاوکراوەیەك تایبەت نەکراون بە ئیدارە سەربەخۆکانی (گەرمیان، ڕاپەڕین) و پارێزگای هەڵەبجە کە بریتیین لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و لە بڵاوکراوەکاندا نین، هەروەها ڕەهەندی ناوچەیی پارێزگای سلێمانی نزیك بە هێندەی هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك بەکارهێنراوە، لە ئەم ئەنجامانەدا تاڕادەیەك ناهاوسەنگی بەدی دەکرێت لەوەی بە شێوەیەکی هاوسەنگ یان نزیك بە یەکتر گرنگیی بە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان نەدراوە، ئەمەش دابەشکردنی جەماوەرە و وا دەکات جەماوەری ئەو ناوچانەی کە بڵاوکراوەکان کەمتر دەیانگرێتەوە کەمتر چاوەڕوانییان بۆ بڵاوکراوەکان هەبێت، بڕوانە خشتەی (١١) :

**خشتەی (١١) ڕەهەندی ناوچەیی هەرێمی کوردستان**

| ژ | ڕەهەندی ناوچەیی هەرێمی کوردستان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەمریکا- پارێزگای سلێمانی | ٧ | **%٤٦.٦٦** | یەکەم |
| ٢ | ئەمریکا - پارێزگای هەولێر | ٤ | **%٢٦.٦٦** | دووەم |

| ٣ | ئەمریکا - پارێزگای دهۆك | ٤ | %٢٦.٦٦ | |
|---|---|---|---|---|
| ٤ | کۆی گشتی | ١٥ | %١٠٠ | |

**ز- دەستەی هاشتاگ :**

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (دەستەی هاشتاگ) دەردەکەوێت کە (هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی) لە پلەی یەکەمدا دێت بە ڕێژەی (%٢٥.٢١) هاشتاگیان بۆ بەکارهێنراوە، لەسەر ئاستی دامەزراوەش (دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان) لە پلەی چوارەمدا دێت بە ڕێژەی (%٥.٦٥) دەکەوێتە پێش دامەزراوەی ئەمریکی کە لە پلەی پێنجەمدا دێت بە ڕێژەی (%٤.٣٤)، لە کۆتاییشدا (بەها مرۆییەکان، کەلەپوری کوردی، کەمەئایین و کەمەنەتەوەکان) لە پلەی نۆیەمدا دێن بە ڕێژەی (%١.٣٠)، ئەم ئەنجامانە لە لایەکەوە بە ئەرێنی دەردەکەون بەوپێیەی لە پلەی یەکەمدا گرنگیی بە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان دراوە و لە ئاستێکی باشیشدا گرنگیی بە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان دراوە، بەڵام لە کاتێکدا لە خشتەی تایبەت بە دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی دا دەردەکەوێت کە لە پلەی دووەمدا ئاماژە بە (بەجیهانییکردنی کلتوور و لایەنی ژیاریی ئەمریکی) دێت، بەڵام لە دەستەی هاشتاگدا ئاماژە بە هیچ بابەتێکی تایبەت بە کەلەپوور و کلتووری ئەمریکی نەکراوە، بە هەمانشێوە لە خشتەی دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی دا (نیشاندانی ئەمریکا وەکو بەرەی دژ بە تیرۆر) (١٦) جار چەندبارە بووەتەوە و لە پلەی سێیەمدا دێت بەڵام لە خشتەی دەستەی هاشتاگدا تەنها (٧) جار ئاماژە بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان کراوە، بەمشێوەیەش ناهاوسانگییەك بەدیدەکرێت لەنێوان دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی و دەستەی هاشتاگدا، بڕوانە خشتەی (١٢) :

**خشتەی (١٢) دەستەی هاشتاگ**

| ژ | دەستەی هاشتاگکراو | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی | ٥٨ | %٢٥.٢١ | یەکەم |
| ٢ | ئەمریکا و ناوچەکانی | ٤٦ | %٢٠ | دووەم |
| ٣ | عێراق و ناوچەکانی | ٣٧ | %١٦ | سێیەم |
| ٤ | دامەزراوەی هەرێمی کوردستان | ١٣ | % ٥.٦٥ | چوارەم |
| ٥ | دامەزراوەی ئەمریکی | ١٠ | %٤.٣٤ | پێنجەم |
| ٦ | دۆزی ژنان | ١٠ | %٤.٣٤ | |
| ٧ | بۆنە-ڕۆژە ئەمریکییەکان | ٩ | %٣.٩١ | شەشەم |
| ٨ | پرۆگرامی ئەمریکی | ٨ | %٣.٤٧ | حەوتەم |
| ٩ | سەرکردەی کوردی | ٨ | %٣.٤٧ | |
| ١٠ | کۆڤید١٩ ، کۆرۆنا | ٨ | %٣.٤٧ | |
| ١١ | تیرۆر و گروپە تیرۆریستییەکان | ٧ | %٣ | هەشتەم |
| ١٢ | ڕۆژنامەوانی (میدیا) | ٧ | %٣ | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٣ | بەها مرۆییەکان | ٣ | %١.٣٠ | نۆیەم |
| ١٤ | کەلەپوری کوردی | ٣ | %١.٣٠ | |
| ١٥ | کەمەئایین و کەمەنەتەوەکان | ٣ | %١.٣٠ | |
| ١٦ | کۆی گشتی | ٢٣٠ | %١٠٠ | |

**ژ- دەستەی زمان و شێوەزاری بەکارهێنراو لە هاشتاگدا :**

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (دەستەی زمان و شێوەزاری بەکارهێنراو لە هاشتاگدا) دەردەکەوێت لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (%٥٢.٥٦) زمانی ئینگلیزی بەکارهێنراوە، زمانی کوردی و شێوەزاری سۆرانی لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (%٤٥.٢٩) بەکارهێنراوە، زمانی عەرەبی لە پلەی سێیەمدا و بە ڕێژەی (%٢.١٣) بەکارهێنراوە، ئەم ئەنجامە بە بەراورد بە خشتەی (١) دەستەی زمان و شێوەزاری بەکارهێنراو بە هاوسەنگ دەبینرێت، بڕوانە خشتەی (١٣) :

**خشتەی (١٣) دەستەی زمان و شێوەزاری بەکارهێنراو لە هاشتاگدا**

| ژ | دەستەی زمان و شێوەزاری بەکارهێنراو لە هاشتاگدا | چەندبارە | ڕێژەی سەدی% | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زمانی ئینگلیزی | ١٢٣ | % ٥٢.٥٦ | یەکەم |
| ٢ | زمانی کوردی (شێوەزاری سۆرانی) | ١٠٦ | %٤٥.٢٩ | دووەم |
| ٣ | زمانی عەرەبی | ٥ | %٢.١٣ | سێیەم |
| ٤ | کۆی گشتی | ٢٣٤ | %١٠٠ | |

**دووەم: دەستەی چی وتراوە (دەستەی ناوەڕۆک) :-**

**أ- دەستەی بوارەکانی بڵاوکراوەکان :**

لە دوای هەڵاوێرکردن و جیاکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە دەستەی بواری بڵاوکراوەکان، دەردەکەوێت کە لە پلەی یەکەمدا و ڕێژەی (%٣٢.٧٥) ی بڵاوکراوەکان بواری سیاسی دەگرنەوە، لە پلەی دووەمیشدا و بە ڕێژەی (%٢٥.٨٦) بواری کلتووریی دێت، بواری پەروەردە و خوێندن دەکەوێتە پلەی سێیەم بە ڕێژەی (%٢٠.٦٨)، لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کە کلتوور، بواری پەروەردە و خوێندن لە ئاستێکی نزمتردا بەکارهێنراون بە بەراورد بە بواری سیاسەت، بەڵام لێرەدا بواری سیاسی زاڵە و لاپەڕەکە تاڕادەیەك وەکو کەناڵێکی سیاسی دەردەکەوێت، ئەم ئەنجامە بە نەرێنی دەبینرێت چونکە پێویست دەکات بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی زیاتر کار بە کەناڵە لەسەرخۆکانی وەکو کلتوور و پەروەردە و هەروەها ئەو بابەت و دۆزانە بخرێنە بەر باس کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جەماوەرەوە هەیە، بڕوانە خشتەی (١٤) :

**خشتەی (١٤) دەستەی بوارەکانی بڵاوکراوەکان**

| ژ | دەستەی بوارەکانی بڵاوکراوەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بواری سیاسیی | ١٩ | %٣٢.٧٥ | دووەم |
| ٢ | بواری کلتووریی | ١٥ | %٢٥.٨٦ | چوارەم |
| ٣ | بواری پەروەردە و خوێندن | ١٢ | %٢٠.٦٨ | سێیەم |
| ٤ | بواری ئابووریی | ٦ | %١٠.٣٤ | پێنجەم |
| ٥ | بواری ئایینیی | ٦ | %١٠.٣٤ | |
| ٧ | کۆی گشتی | ٥٨ | %١٠٠ | |

**ب- دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی:**

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی، دەردەکەوێت کە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا- هەرێمی کوردستان لە گشت ئاستەکان (سیاسی، جەماوەریی، ڕۆشنبیریی و ڕۆژنامەوانیی) لە پلەی یەکەمدا دێت بە ڕێژەی (%١٨.٦٥)، هەروەها بەجیهانییکردنی کلتوور و لایەنی ژیاری ئەمریکی لە پلەی دووەمدا دێت بە ڕێژەی (١٥.٦٧) و دوای ئەوانەش لە پلەی سێیەمدا (نیشاندانی ئەمریکا وەکو بەرەی دژ بە تیرۆر) بە ڕێژەی (%١١.٩٤) و لە پلەی چوارەمدا دەستەی (پاڵپشتییکردنی زانست و خوێندەواریی) بە ڕێژەی (%١١.١٩) دێت، ئەم ئەنجامانە ئاماژەیەکی ئەرێنین و لەگەڵ ئامانجەکانی دیپلۆماسییەتی گشتیدا یەکانگیرن و لە پلەبەندییەکەدا دەردەکەوێت کە لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانە بە شێوەیەکی باش کاریان لەسەر ئامانجەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی کردووە، بڕوانە خشتەی (١٥) :

**خشتەی (١٥) دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی**

| ژ | ناوەڕۆکی دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا- هەرێمی کوردستان لە گشت ئاستەکان | ٢٥ | %١٨.٦٥ | یەکەم |
| ٢ | بەجیهانییکردنی کلتوور و لایەنی ژیاری ئەمریکی | ٢١ | %١٥.٦٧ | دووەم |
| ٣ | نیشاندانی ئەمریکا وەکو بەرەی دژ بە تیرۆر | ١٦ | %١١.٩٤ | سێیەم |
| ٤ | پاڵپشتییکردنی زانست و خوێندەواریی | ١٥ | %١١.١٩ | چوارەم |
| ٥ | نیشاندانی ئەمریکا وەکو پاڵپشتی بەها مرۆییەکان | ١٤ | %١٠.٤٤ | پێنجەم |
| ٦ | نیشاندانی ئەمریکا وەکو لایەنێکی ئاوەدانکار و دەستکراوە | ١٢ | %٨.٩٥ | شەشەم |
| ٧ | پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق لە گشت ئاستەکان | ١١ | %٨.٢٠ | حەوتەم |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان | ١٠ | %٧.٤٦ | هەشتەم |
| ٩ | پێگەیاندنی تاکی خاوەنکار و برەودان بە کەرتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان | ٦ | %٤.٤٧ | نۆیەم |
| ١٠ | پتەوکردنی پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ کەمەنەتەوە و کەمەئایینەکان | ٤ | %٢.٩٨ | دەیەم |
| ١١ | کۆی گشتی | ١٣٤ | %١٠٠ | |

**پ- دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان:**

لە دوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی تایبەت بە دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان، دەردەکەوێت کە لە پلەی یەکەمدا (دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی جەماوەری هەرێمی کوردستانەوە) دێت بە ڕێژەی (١٤.٩١%) بە دوای ئەوەدا و لە پلەی دووەمدا هەوڵدراوە حکوومەتی هەرێمی کوردستان خراوەتە نێو بازنەی ئامانجەکانەوە بۆیە (دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە) لە پلەی دووەمدا بە ڕێژەی (١١.٤٠%) دێت، لە دەستەکانی دیکەدا جارێکی تر جەماوەری هەرێمی کوردستان خراونەتەوە نێو بازنەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان وەکو (پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کونسوڵخانە و جەماوەری هەرێمی کوردستان) لە پلەی سێیەمدا بە ڕێژەی (١٠.٥٢%)، (سەرنجڕاکێشانی جەماوەری هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراوە ئەمریکییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن) لە پلەی چوارەمدا بە ڕێژەی (٩.٦٤%)، پلەکانی پێنجەم و شەشەم و حەوتەم و هەشتەم دیسان جەماوەری هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرن، ئەم ئەنجامانەش ئەرێنیی دەردەکەون و لەگەڵ ئامانجەکانی بواری پەیوەندییە گشتییەکان لە دامەزراوە دیپلۆماسی و سیاسییەکاندا یەك دەگرنەوە، بڕوانە خشتەی (١٦) :

**خشتەی (١٦) دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان**

| ژ | دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی جەماوەری هەرێمی کوردستانەوە | ١٧ | %١٨ | یەکەم |
| ٢ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە | ١٣ | %١٣.٨٢ | دووەم |
| ٣ | پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کونسوڵخانە و جەماوەری هەرێمی کوردستان | ١٢ | %١٢.٧٦ | سێیەم |
| ٤ | سەرنجڕاکێشانی جەماوەری هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراوە ئەمریکییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن | ١١ | %١١.٧٠ | چوارەم |
| ٥ | ئاشناکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستان بە پرۆگرامە خوێندکارییەکانی ئەمریکا | ١٠ | %١٠.٦٣ | |

| ٦ | ئاشناکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستان بە سیاسەتی ئەمریکا | ١٠ | %١٠.٦٣ | پێنجەم |
|---|---|---|---|---|
| ٧ | دروستکردنی تێڕوانینی ئەرێنی لەسەر ئەمریکا لە دیدی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە | ٦ | %١٠.٦٣ | شەشەم |
| ٨ | دروستکردنی تێڕوانینی ئەرێنی لەسەر ئەمریکا لە دیدی جەماوەری عێراقەوە | ٦ | %١٠.٦٣ | |
| ٩ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر ئەمریکا لە دیدی رۆژنامەوان و چالاکوانانی هەرێمی کوردستانەوە | ٥ | % ٥.٣١ | حەوتەم |
| ١٠ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی کەمەنەتەوە و کەمەئایینەکانەوە | ٤ | %٤.٢٥ | هەشتەم |
| ١١ | کۆی گشتی | ٩٤ | %١٠٠ | |

**ت- دەستەی ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان :**

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (دەستەی ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان) دەردەکەویت کە (ستراتیجی ڕاگەیاندن) بە ئاستێکی بەرز و لە پلەی یەکەمدا بەکاربراوە بە ڕێژەی (٥٥.٢٢%)، لە پلەی سێیەمدا (ستراتیجی گفتووگۆ و دیالۆگ) بە ڕێژەی (١٧.٩١%) بەکارهێنراوە، ئەم ئەنجامەش بە نەرێنی دەبینین چونکە بە ئاستێکی بەرز گرنگی بە بڵاوکردنەوەی یەکئاڕاستانەی بڵاوکراوەکان دراوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گرنگیی پێویست بە کاردانەوەی جەماوەر و بەشدارییپێکردنیان نەدراوە، ستراتیجی گفتووگۆ و دیالۆگ لە ئاستێکی پێویستدا بەکارنەهێنراوە، ئەم ئەنجامانە ئەوە دەردەخەن کە لاپەڕەی فەیسبووکی کونسوڵخانەی گشتی لە پلەی یەکەمدا ئەجێندا و بەرنامەی خۆیان لەلا گرنگ بووە نەوەك درووستکردنی دۆخی گفتووگۆ و دیالۆگ لەگەڵ جەماوەر و کارکردن لەسەر ئارەزووەکانی جەماوەر، ئەنجامی ئەم خشتەیەش یەکانگیرە لەگەڵ ئەنجامی خشتەی (٢) دەستەی جۆری پەیوەندیکردن کە تیایدا بە پلەی یەکەم و ڕێژەیەکی زۆر (دەستەی هەواڵ) و لە پلەی دووەمیشدا (دەستەی بانگەشە) بەکارهێنراوە، بڕوانە خشتەی (١٧) :

**خشتەی (١٧) دەستەی ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان**

| ژ | دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ستراتیجی ڕاگەیاندن | ٣٧ | % ٥٥.٢٢ | یەکەم |
| ٢ | ستراتیجی قایلکردن | ١٥ | %٢٢.٣٨ | دووەم |
| ٣ | ستراتیجی گفتووگۆ و دیالۆگ | ١٢ | %١٧.٩١ | سێیەم |
| ٤ | ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی | ٣ | %٤.٤٧ | چوارەم |
| ٥ | کۆی گشتی | ٦٧ | %١٠٠ | |

### ج- دەستەی ستراتیجی ڕاگەیاندن :

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (ستراتیجی ڕاگەیاندن) دەردەکەوێت کە لە پلەی یەکەمدا ئەو ناوەڕۆکانە بڵاوکراونەتەوە کە سروشتێکی سیاسییان هەیە بە ڕێژەی (٣٣.٣٣%)، لە پلەی سێیەمدا (ناوەڕۆکی تایبەت بە چالاکییەکانی کونسوڵ) دێت بە ڕێژەی (١٧.٦٤%) کە کۆبوونەوە و چالاکی و بەسەرکردنەوەکانی کونسوڵ دەگرێتەوە، لە پلەی چوارەمدا (ناوەڕۆکی تایبەت بە چالاکییەکانی کونسوڵخانە) دێت بە ڕێژەی (١١.٧٦%)، ئەم ئەنجامەش لەگەڵ ئەنجامی خشتەی (١٠) دەستەی بواری بڵاوکراوەکاندا یەکدەگرێتەوە کە تیایدا بواری سیاسی لە پلەی یەکەم دێت، بڕوانە خشتەی (١٨) :

**خشتەی (١٨) دەستەی ستراتیجی ڕاگەیاندن**

| ژ | ستراتیجی ڕاگەیاندن | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئەو ناوەڕۆکانەی کە سروشتێکی سیاسییان هەیە | ١٧ | %٣٣.٣٣ | یەکەم |
| ٢ | ئەو ناوەڕۆکانەی کە سرووشتێکی خزمەتگوزارییان هەیە | ١٣ | %٢٥.٤٩ | دووەم |
| ٣ | ناوەڕۆکی تایبەت بە چالاکییەکانی کونسوڵ | ٩ | %١٧.٦٤ | سێیەم |
| ٤ | ناوەڕۆکی تایبەت بە چالاکییەکانی کونسوڵخانە | ٦ | %١١.٧٦ | چوارەم |
| ٥ | ئەو ناوەڕۆکانەی کە سرووشتێکی یاساییان هەیە | ٦ | %١١.٧٦ | |
| ٦ | کۆی گشتی | ٥١ | %١٠٠ | |

### چ- دەستەی ستراتیجی قایلکردن :

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (دەستەی ستراتیجی قایلکردن) دەردەکەوێت (پیشاندانی پرسێك لە پرسەکانی تایبەت بە هەڵوێستی ئەمریکا) لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (٥٦.٢٥ %) دێت، هەروەها (پیشاندانی پرسێك لە پرسەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان) لە پلەی سێیەمدا و بە ڕێژەی (١٨.٧٥%) دێت، ئەم ئەنجامە بە نەرێنی دەبینرێت چونکە پرسەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان ڕێژەیەکی نزمیان تۆمارکردووە و لە ئاستێکی نزمدا گرنگیی پێ دراوە، بڕوانە خشتەی (١٩).

**خشتەی (١٩) دەستەی ستراتیجی قایلکردن**

| ژ | ستراتیجی قایلکردن (بڕواپێهێنان) | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پیشاندانی پرسێك لە پرسەکانی تایبەت بە هەڵوێستی ئەمریکا | ٩ | ٥٦.٢٥ % | یەکەم |
| ٢ | پیشاندانی پرسێکی تایبەت بە ئەمریکا | ٤ | %٢٥ | دووەم |
| ٣ | پیشاندانی پرسێك لە پرسەکانی تایبەت بە هەرێمی کوردستان | ٣ | %١٨.٧٥ | سێیەم |
| ٤ | کۆی گشتی | ١٦ | %١٠٠ | |

**ح- دەستەی ستراتیجی گفتوگۆ و دیالۆگ:**

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (دەستەی ستراتیجی گفتوگۆ و دیالۆگ) دەردەکەوێت کە لەناو ناوەڕۆکە گفتووگۆئامێزەکاندا لە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (%٧٥) بڵاوکراوەکان یەکئاڕاستەن و گرنگی بە کاردانەوەی جەماوەر نەدراوە واتە تەنها هەوڵدراوە جەماوەر بدوێنرێت و بهێنرێتە قسە و بەشدارییکردن بەبێ ئەوەی وەڵامیان بدرێتەوە و قسەیان لەگەڵدا بکرێت، لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (%٢٥) بڵاوکراوەکان دوو ئاڕاستەن و گرنگیی بە کاردانەوەی جەماوەر دراوە و کەشی گفتووگۆ و دیالۆگیان لەگەڵدا درووستکراوە، ئەم ئەنجامە بە نەرێنیی دەردەکەوێت چونکە پێویست دەکات بۆ ئەوەی نیشانی جەماوەر بدرێت کە ئەوان گرنگن بۆ دامەزراوەکە ئەوا پێویست دەکات کەشی گفتووگۆیان لەگەڵ درووستبکرێت، بڕوانە خشتەی (٢٠).

**خشتەی (٢٠) دەستەی ستراتیجی گفتوگۆ و دیالۆگ**

| ژ | ستراتیجی گفتوگۆ و دیالۆگ | چەندبارە | ڕێژەی سەدی% | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بڵاوکراوەکان یەك ئاراستەن (تەنها زانیارییەکان دەگوێزرێتەوە و گرنگیی بە کاردانەوەکان نادات) | ٩ | %٧٥ | یەکەم |
| ٢ | بڵاوکراوەکانی دوو ئاراستەیە (گرنگیی بە کاردانەوەکانی وەرگران و کۆمێنت و تێبینییان دەدات لە ڕێگای پرسیارەکانیانەوە گفتووگۆی ئەو بابەتانەیان لەگەڵدا دەکات) | ٣ | %٢٥ | دووەم |
| ٣ | کۆی گشتی | ١٢ | %١٠٠ | |

**خ- دەستەی ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی :**

لەدوای هەڵاوێرکردنی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە (دەستەی ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی) دەردەکەوێت کە (بەدەستهێنانی پشتگیریی بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا تایبەت بە هەرێمی کوردستان) لە پلەی یەکەمدا و بە ڕێژەی (%٦٦.٦٦) دێت، لە پلەی دووەمدا و بە ڕێژەی (%٣٣.٣٣) ی بڵاوکراوەکانی دەستەی ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی تایبەتە بە (درووستکردنی ڕا لەسەر پرسێکی تایبەت بە ئەمریکا، ئەم ئەنجامە دەریدەخات کە لە ئاستێکی زۆر کەمدا گرنگی بە ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی دراوە، ئەمەش ئاستی بەکارهێنانی چوار ستراتیجەکەی کۆمۆنیکەیشن ناهاوسەنگ دەکات، بڕوانە خشتەی (٢١).

**خشتەی (٢١) دەستەی ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی**

| ژ | ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی | چەندبارە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەدەستهێنانی پشتگیریی بۆ سیاسەتەکانی ئەمریکا تایبەت بە هەرێمی کوردستان | ٢ | %٦٦.٦٦ | یەکەم |
| ٢ | درووستکردنی ڕا لەسەر پرسێکی تایبەت بە ئەمریکا | ١ | %٣٣.٣٣ | دووەم |
| ٣ | کۆی گشتی | ٣ | %١٠٠ | |

**د- هەڵاوێرکردنی پەیوەندی نێوان دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان و دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان**

وەک لە خشتەی (٢٢) دا دەردەکەوێت، بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان (ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان) و (دەستەی ستراتیجەکان/ یان ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان)، توێژەر تاقیکردنەوەی (بێرسۆن) ی بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە تەنها (سەرنجڕاکێشانی جەماوەری هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراوە ئەمریکییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن) لەگەڵ (ستراتیجی ڕاگەیاندن) پەیوەندییەکی ڕاستەوانەی لاوازیان هەیە بە بەهای (**٠.٢٤٩***) و بە ئاستی بەڵگەداری (**٠.٠٤٢**) کە بچوکترە لە (**٠.٠٥**)، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هیچ کام لە بڕگەکانی تری تایبەت بە (ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان) لەگەڵ (ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان) پەیوەندییان پێکەوە نییە، سەرەڕای ئەوەش دەرکەوت کۆی گشتی بڕگەکانی (ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان) لەگەڵ هەر یەک لە ئامانجەکان پەیوەندی لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت، بە هۆی ئەوەی کە سەرجەم ئاماژە بەڵگەدارییەکان لە بەهای (**٠.٠٥**) گەورەترن، وەک دەبینرێت (ستراتیجی ڕاگەیاندن) لەگەڵ کۆی بڕگەکانی (ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان) بەهای بێرسۆن (**٠.١٧٤**) یە و ئاستی بەڵگەداری (**٠.١٥٨**) کە گەورەترە لە (**٠.٠٥**) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە لەسەر ئاستی گشتی دەستەی ستراتیجی ڕاگەیاندن پەیوەندی لەگەڵ دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان نییە، لە ئەم ئەنجامەوە دەردەکەوێت کە تەنها و تاڕادەیەکی کەم گرنگی بە ستراتیجی ڕاگەیاندن دراوە لەگەڵ ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان لە (سەرنجڕاکێشانی جەماوەری هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراوە ئەمریکییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن)، بە شێوەیەکی گشتییش هەوڵنەدراوە پەیوەندییەك لەنێوان ستراتیجەکان و ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا دروست بکرێت، ئەمەش لە کاتێکدا کە بەشێك لە ئامانجە دیاریکراوەکانی پەیوەندییە گشتییەکان بەپێی خشتە و ئەنجامە بەدەستهاتووەکان دەکرێت لەگەڵ ستراتیجەکانی تردا پەیوەندییان بۆ دروست بکرێت.

## خشتەی (٢٢) پەیوەندی نێوان دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان و دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

| ژ | دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان / ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان | ستراتیجی ڕاگەیاندن | ستراتیجی قایلکردن | ستراتیجی گفتووگۆ و دیالۆگ | ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی جەماوەری هەرێمی کوردستانەوە | – | – | – | – | – |
| ٢ | دروستکردنی تێڕوانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە | – | – | – | – | – |
| ٣ | پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کونسوڵخانە و جەماوەری هەرێمی کوردستان | – | – | – | – | – |
| ٤ | سەرنجڕاکێشانی جەماوەری هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراوە ئەمریکییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن | ٠.٢٤٩* | – | – | – | ٠.٠٤٢ |
| ٥ | ئاشناکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستان بە پرۆگرامە خوێندکارییەکانی ئەمریکا | – | – | – | – | – |
| ٦ | ئاشناکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستان بە سیاسەتی ئەمریکا | – | – | – | – | – |
| ٧ | ئاشناکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستان بە سیاسەتی ئەمریکا | – | – | – | – | – |
| ٨ | ئاشناکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستان بە پرۆگرامە خوێندکارییەکانی ئەمریکا | – | – | – | – | – |
| ٩ | دروستکردنی تێڕوانینی ئەرێنی لەسەر ئەمریکا لە دیدی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە | – | – | – | – | – |
| ١٠ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر ئەمریکا لە دیدی جەماوەری عێراقەوە | – | – | – | – | – |
| ١١ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر ئەمریکا لە دیدی رۆژنامەوان و چالاکوانانی هەرێمی کوردستانەوە | – | – | – | – | – |
| ١٢ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی کەمەنەتەوە و کەمەئایینەکانەوە | – | – | – | – | – |
| ١٣ | کۆی گشتی پەیوەندی | ٠.١٧٤ | ٠.٠١٤ | ٠.٠٤٦ | ٠.٠٦٧ | |
| ١٤ | بەهای بەڵگەداری | ٠.١٥٨ | ٠.٩٠٩ | ٠.٧١١ | ٠.٥٩٢ | |

**ر- هەڵاوێرکردنی پەیوەندی نێوان دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی و دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان:**

وەک لە خشتەی (٢٣) دا دەردەکەوێت، بە مەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان (ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان) لەگەڵ (ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی)، توێژەر تاقیکردنەوەی (بێرسۆن) ی بەکارهێنا، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە تەنها (نیشاندانی ئەمریکا وەکو لایەنێکی ئاوەدانکار و دەستکراوە) لەگەڵ (ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی) پەیوەندییەکی راستەوانەی لاوازیان هەیە بە بەهای (٠.٢٧٥) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٢٤) کە بچوکترە لە (٠.٠٥)، هەروەها (پێگەیاندنی تاکی خاوەنکار و برەودان بە کەرتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان) لەگەڵ (ستراتیجی قایلکردن) پەیوەندییەکی راستەوانەی لاوازیان هەیە بە بەهای (٠.٠.٣٣٣) و بە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٦) کە بچوکترە لە (٠.٠٥)، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هیچ کام لە بڕگەکانی تری تایبەت بە (ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی) لەگەڵ (ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان) پەیوەندیان پێکەوە نییە، سەرەڕای ئەوەش دەرکەوت کۆی گشتی بڕگەکانی (ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان) لەگەڵ هەریەک لە ئامانجەکان پەیوەندی لە نێوانیاندا بەدی ناکرێت، بە هۆی ئەوەی کە سەرجەم ئاماژە بەڵگەدارییەکان لە بەهای (٠.٠٥) گەورەترن، وەک دەبینرێت (ستراتیجی ڕاگەیاندن) لەگەڵ کۆی بڕگەکانی (ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان) بەهای بێرسۆن (٠.١٣٤) ە، و ئاستی بەڵگەداری (٠.٢٨٠)، بەهەمانشێوە (ستراتیجی قایلکردن) لەگەڵ کۆی بڕگەکانی (ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان) بەهای بێرسۆن (٠.٠٩٦) ە، و ئاستی بەڵگەداری (٠.٤٤٠)، هەروەها (ستراتیجی گفتووگۆ و دیالۆگ) لەگەڵ کۆی بڕگەکانی (ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان) بەهای بێرسۆن (٠.١٠٤) ە و ئاستی بەڵگەداری (٠.٤٠١)، دیسانەوە (ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی) لەگەڵ کۆی بڕگەکانی (ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکان) بەهای بێرسۆن (٠.١٢٩) ە و ئاستی بەڵگەداری (٠.٢٩٩)، ئەم ئەنجامەوە دەردەکەوێت کە تەنها و تاڕادەیەکی کەم گرنگی دراوە بە ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی بۆ ئامانجی (نیشاندانی ئەمریکا وەکو لایەنێکی ئاوەدانکار و دەستکراوە) و هەوڵدراوە کۆڕاییەك درووستبکرێت لەسەر ئەم ئامانجە، بەڵام هیچ گرنگییەك بە ستراتیجی گفتووگۆ و دیالۆگ نەدراوە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئامانجەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی دا ڕێکبخرێن.

## خشتەی (٢٣) پەیوەندی نێوان دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی و دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان

| ژ | دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان / ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی | ستراتیجی ڕاگەیاندن | ستراتیجی قایلکردن | ستراتیجی گفتووگۆ و دیالۆگ | ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - هەرێمی کوردستان لە گشت ئاستەکان | - | - | - | - | - |
| ٢ | بەجیهانیکردنی کلتوور و لایەنی ژیاری ئەمریکی | - | - | - | - | - |
| ٣ | نیشاندانی ئەمریکا وەکو بەرەی دژ بە تیرۆر | - | - | - | - | - |
| ٤ | پاڵپشتییکردنی زانست و خوێندەواریی | - | - | - | - | - |
| ٥ | نیشاندانی ئەمریکا وەکو پاڵپشتی بەها مرۆییەکان | - | - | - | - | - |
| ٦ | نیشاندانی ئەمریکا وەکو لایەنێکی ئاوەدانکار و دەستکراوە | - | - | - | ٠.٢٧٥* | ٠.٠٢٤ |
| ٧ | پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق لە گشت ئاستەکان | - | - | - | - | - |
| ٨ | پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان | - | - | - | - | - |
| ٩ | پێگەیاندنی تاکی خاوەنکار و برەودان بە کەرتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان | - | ٠.٣٣٣* | - | - | ٠.٠٠٦ |
| ١٠ | پتەوکردنی پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ کەمەنەتەوە و کەمەئایینەکان | - | - | - | - | - |
| | کۆی گشتی پەیوەندی | ٠.١٣٤ | ٠.٠٩٦ | ٠.١٠٤ | ٠.١٢٩ | |
| | بەهای بەڵگەداری | ٠.٢٨٠ | ٠.٤٤٠ | ٠.٤٠١ | ٠.٢٩٩ | |

ڕ- هەڵاوێرکردنی جیاوازی لە نێوان دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا

وەک لە خشتەی (٢٤) دا دەردەکەوێت جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان دەستەی ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکاندا، بە پێی تاقیکردنەوەی (کا$^2$) کە بەهاکەی (٩.٥٩٥) ە، وە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٢٢) بچوکترە لە (٠.٠٥)، جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی (ستراتیجی ڕاگەیاندن)ە بە ناوەندەژمێرەی (٠.٥٥)، لە ئەم ئەنجامەوە دەردەکەوێت کە ستراتیجی ڕاگەیاندن بە جیاوازییەکی زۆر لە پێش ستراتیجەکانی ترەوەیە و زۆرترین جار بەکارهێنراوە، هەوڵدراوە زۆرینەی ناوەڕۆکەکان تەنها بە ستراتیجی ڕاگەیاندن بڵاوبکرێنەوە، ئەمەش ئەنجامێکی نەرێنییە.

**خشتەی (٢٤) جیاوازی نێوان دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان**

| ژ | دەستەی ستراتیجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان | چەندبارە | % | ناوەندەژمێرە | کا$^2$ | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ستراتیجی ڕاگەیاندن | ٣٧ | % ٥٥.٢٢ | ٠.٥٥ | ٩.٥٩٥ | ٠.٠٢٢ |
| ٢ | ستراتیجی قایلکردن | ١٥ | %٢٢.٣٨ | ٠.٢٢ | | |
| ٣ | ستراتیجی گفتووگۆ و دیالۆگ | ١٢ | %١٧.٩١ | ٠.١٨ | | |
| ٤ | ستراتیجی پێکهێنانی کۆڕایی | ٣ | %٤.٤٧ | ٠.٠٨ | | |
| ٥ | کۆی گشتی | ٦٧ | %١٠٠ | ١.٠٥٤١ | | |

ز- هەڵاوێرکردنی جیاوازی لە نێوان دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکاندا

وەک لە خشتەی (٢٥) دا دەردەکەوێت جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکاندا، بەپێی تاقیکردنەوەی (کا$^2$) کە بەهاکەی (٣٢.٤٩٣)ە، وە ئاستی بەڵگەداری (٠.٠٠٠)، بچوکترە لە (٠.٠٥)، جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی (دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی جەماوەری هەرێمی کوردستانەوە) بە ناوەندەژمێرەی (٠.٢٥)، ئەمەش بە ئەنجامێکی ئەرێنی دەبینرێت کاتێك ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە بواری دیپلۆماسییەتی گشتی دا درووستکردنی تێڕوانینی ئەرێنی دەبێت لە دیدی جەماوەری هەرێمی کوردستانەوە.

**خشتەی (٢٥) جیاوازی نێوان دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان**

| ژ | دەستەی ئامانجی پەیوەندییە گشتییەکان | چ | % | ناوەندە ژمێرە | کا$^{2}$ | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی جەماوەری هەرێمی کوردستانەوە | ١٧ | ١٤.٩١ | ٠.٢٥ | ٣٢.٤٩٣ | ٠.٠٠٠ |
| ٢ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە | ١٣ | ١١.٤٠ | ٠.١٩ | | |
| ٣ | پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کونسوڵخانە و جەماوەری هەرێمی کوردستان | ١٢ | ١٠.٥٢ | ٠.١٨ | | |
| ٤ | سەرنجڕاکێشانی جەماوەری هەرێمی کوردستان بۆ دامەزراوە ئەمریکییەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن | ١١ | ٩.٦٤ | ٠.١٦ | | |
| ٥ | ئاشناکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستان بە پڕۆگرامە خوێندکارییەکانی ئەمریکا | ١٠ | ٨.٧٧ | ٠.١٥ | | |
| ٦ | ئاشناکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستان بە سیاسەتی ئەمریکا | ١٠ | ٨.٧٧ | ٠.١٥ | | |
| ٧ | ئاشناکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستان بە سیاسەتی ئەمریکا | ١٠ | ٨.٧٧ | ٠.١٥ | | |
| ٨ | ئاشناکردنی جەماوەری هەرێمی کوردستان بە پڕۆگرامە خوێندکارییەکانی ئەمریکا | ١٠ | ٨.٧٧ | ٠.١٥ | | |
| ٩ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر ئەمریکا لە دیدی پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانەوە | ٦ | ٥.٢٦ | ٠.٠٩ | | |
| ١٠ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر ئەمریکا لە دیدی جەماوەری عێراقەوە | ٦ | ٥.٢٦ | ٠.٠٩ | | |
| ١١ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر ئەمریکا لە دیدی رۆژنامەوان و چالاکوانانی هەرێمی کوردستانەوە | ٥ | ٤.٣٨ | ٠.٠٧ | | |
| ١٢ | دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی کەمەنەتەوە و کەمەئایینەکانەوە | ٤ | ٣.٥٠ | ٠.٠٦ | | |
| ١٣ | کۆی گشتی | ١١٤ | ١٠٠ | ١.٧٠١٥ | | |

## ژ- هەڵاوێرکردنی جیاوازی لە نێوان دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی دا

وەک لە خشتەی (٢٦) دا دەردەکەوێت جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە نێوان دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی دا، بەپێی تاقیکردنەوەی (کا$^{2}$) کە بەهاکەی (٣٧.٨٦٦)ە، وە ئاستی بەڵگەداری

(٠.٠٠٠)، بچوکترە لە (٠.٠٥)، جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی (پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - هەرێمی کوردستان لە گشت ئاستەکان) بە ناوەندەژمێرەی (٠.٣٧).

**خشتەی (٢٦) جیاوازی نێوان دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی**

| ژ | ناوەرۆکی دەستەی ئامانجی دیپلۆماسییەتی گشتی | چ | % | ناوەندە ژمێرە | کا² | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - هەرێمی کوردستان لە گشت ئاستەکان | ٢٥ | ١٨.٦٥ | ٠.٣٧ | ٣٧.٨٦٦ | ٠.٠٠٠ |
| ٢ | بەجیهانیکردنی کلتوور و لایەنی ژیاری ئەمریکی | ٢١ | ١٥.٦٧ | ٠.٣١ | | |
| ٣ | نیشاندانی ئەمریکا وەکو بەرەی دژ بە تیرۆر | ١٦ | ١١.٩٤ | ٠.٢٤ | | |
| ٤ | پاڵپشتییکردنی زانست و خوێندەواریی | ١٥ | ١١.١٩ | ٠.٢٢ | | |
| ٥ | نیشاندانی ئەمریکا وەکو پاڵپشتی بەها مرۆییەکان | ١٤ | ١٠.٤٤ | ٠.٢١ | | |
| ٦ | نیشاندانی ئەمریکا وەکو لایەنێکی ئاوەدانکار و دەستکراوە | ١٢ | ٨.٩٥ | ٠.١٨ | | |
| ٧ | پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا - عێراق لە گشت ئاستەکان | ١١ | ٨.٢٠ | ٠.١٦ | | |
| ٨ | پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان | ١٠ | ٧.٤٦ | ٠.١٥ | | |
| ٩ | پێگەیاندنی تاکی خاوەنکار و برەودان بە کەرتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان | ٦ | ٤.٤٧ | ٠.٠٩ | | |
| ١٠ | پتەوکردنی پەیوەندی ئەمریکا لەگەڵ کەمەنەتەوە و کەمەئایینەکان | ٤ | ٢.٩٨ | ٠.٠٦ | | |
| ١١ | کۆی گشتی | ١٣٤ | ١٠٠ | ٢.٠٠٠ | | |

# دەرئەنجـــام و پێشنیـــار و ڕاسپاردە

## دەرئەنجام

لەپاش ئەنجامدانی توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجامێك گەیشتووە کە بریتین لە:

١- پەیوەندییە گشتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی دا ئەوەش بەپێی ئەو چالاکییانەی کە پەیوەندییە گشتییەکان ئەنجامیاندەدات، تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان (بەتایبەت فەیسبووك) توانیویەتی ببێتە وێستگەیەکی سەرنجڕاکێش و گونجاو بۆ کۆکردنەوەی ئەم دوو بوارە و بەجێهێنانی ئەرك و ئامانجەکانیان.

٢- پەیوەندییە گشتییەکان بوارێکی گرنگە لە تەواوکردنی کارەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی دا، دەتوانین پەیوەندییە گشتییەکان بە تەواوکەری کارەکانی ئەم دیپلۆماسییەتە دیاری بکەین، هاوبەشییەکانی هەردوو بوارەکە لە بەکارهێنانی ئامرازەکان و هەندێك ئەرکی هاوبەشدا دەردەکەوێت، بەڵام دوو بواری جیاوازن و پەیوەندییە گشتییەکان ئامرازێکی گرنگە بۆ ئەنجامدانی ئەرك و بەدیهێنانی ئامانجەکانی دیپلۆماسییەتی گشتی.

٣- بواری سیاسی، بواری کلتوور لە پێشەنگی ئەو بوارانەن کە بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا هەوڵیداوە لەڕێگای لاپەڕەی فەیسبووکەوە دیپلۆماسییەتی گشتی خۆی لە هەرێمی کوردستاندا بەهێز بکات، لەپێشترین ئەو ناوەڕۆکانەی بڵاوکراوەکانیش کە بە ئامانجی بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی گرنگییان پێ دراوە بریتین لە: پتەوکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکا-هەرێمی کوردستان لە گشت ئاستەکان لە گشت ئاستەکان، بەجیهانییکردنی کلتوور و لایەنی ژیاریی ئەمریکی، نیشاندانی ئەمریکا وەکو بەرەی دژ بە تیرۆر، پاڵپشتییکردنی زانست و خوێندەواریی.

٤- ئامانجەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانەی ئەمریکا لە بڵاوکراوەکانیدا بەمشێوەیە دەردەکەوێت، لە پلەی یەکەمدا (درووستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی جەماوەری هەرێمی کوردستانەوە)، لە پلەی دووەمدا (دروستکردنی تێروانینی ئەرێنی لەسەر حکومەتی ئەمریکا لە دیدی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

٥- ڕێوشوێنەکانی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانە لە (پلەی یەکەمدا) بۆ بەهێزکردنی دیپلۆماسییەتی گشتی بەمشێوەیەن: لە دەستەی زمان و شێوەزاردا (زمانی کوردی شێوەزاری سۆرانی-زمانی ئینگلیزی)، لە دەستەی جۆری پەیوەندیکردن (هەواڵ)، لە دەستەی شێوەکانی خستنەڕوودا (نووسین و وێنە)، لە دەستەی سەرچاوەی بەستەرە پشتپێبەستراوەکان (بەستەری سەر بە دامەزراوە ئەمریکییەکان)، لە دەستەی هاشتاگدا (هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی)، لە ستراتیجی پەیوەندییە گشتییەکاندا (ستراتیجی ڕاگەیاندن) بەکارهێنراون.

٦- کاردانەوەی بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانە لەڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە بەمەبەستی کارلێککردن لەگەڵ جەماوەردا لە ئاستێکی نزمدایە، هەروەها ئەوەش دەردەکەوێت کە: کاردانەوەی جەماوەر لەڕێگای کۆمێنت و لایکەوە لە ئاستێکی بەرزدا ئەرێنییە بەرامبەر بە لاپەڕەی فەیسبووکی دامەزراوەکە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها ڕێژەی ١% ی پرسیارەکانی جەماوەر وەڵام دراونەتەوە، بە هەمانشێوە بەشێکی زۆری بۆچوون و کۆمێنتە ئەرێنییەکانی جەماوەر لەلایەن لاپەڕەی

کونسوڵخانەوە کاردانەوەی لایك (Like reaction) یان بۆ پیشان نەدراوە، ئەمەش دەرئەنجامێکی نەرێنییە و وا دەردەکەوێت کە بەڕێوەبەرانی لاپەڕەکە کاردانەوەی ئەرێنی و بیروبۆچوون و پرسیارەکانی جەماوەر بە هەند وەرنەگرن، بە هەمانشێوە لە بەکارهێنانی دەستەکانی جۆری پەیوەندییکردندا، لە ئاستێکی بەرزدا و بە جیاوازییەکی زۆر (هەواڵ) و لە پلەی دووەمیشدا (بانگەشە) بەکارهێنراون کە ئەمەش بە ئاماژەیەکی نەرێنی دەبینرێت چونکە بواری پەیوەندییە گشتییەکان بۆ ئەوەی لەڕێگای تۆڕەکۆمەلایەتییەکانەوە دیپلۆماسییەتی گشتی بەهێز بکات پێویستی بە بەکارهێنانی هەمەجۆریی لە دەستەکانی پەیوەندییکرد و دروستکردنی کەشی گفتوگۆ هەیە بۆ ئەوەی جەماوەر تەنها لەڕێگای هەواڵ و بانگەشەوە زانیارییەکانی پێ نەگەیەندرێت و لە هەمان کاتیشدا بێزار نەبن لە پەیامەکان.

## پێشنیار

لە ئاکامی کارکردن بۆ ئەم توێژینەوەیە و لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکاندا، توێژەر ئەم چەند پێشنیارە دەخاتە بەردەم بەشی پەیوەندییە گشتییەکانی کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان:

١- پێویستە وەڵامی پرسیارەکانی جەماوەر بدەنەوە، ئەمەش لەپێشترین ئەرکێکە کە پێویست بکات بەشی کاروباری گشتی کاری لەسەر بکات.

٢- پێویستە زیاتر کار لەسەر دروستکردنی ژینگەیەکی گفتووگۆئامێز بکەن لەگەڵ جەماوەردا، وەڵامی جەماوەر بە هەند وەربگرن و کاری لەسەر بکەن، پێویستە ئەم لاپەڕەیە سەکۆیەکیش بێت بۆ گواستنەوەی ڕا و بۆچوونی جەماوەر بۆ سەرکونسوڵ.

٣- پێویستە زیاتر کار لەسەر ستراتیجەکانی (گفتووگۆ، قایلکردن) بکرێت و هەروەها زیاتر کارتێکەری ڤیدیۆیی لە بڵاوکراوەکاندا بەکاربهێنرێت، هەروەها پێویست دەکات (چاوپێکەوتن، ڕیپۆرتاژ) لە دەستەی جۆری پەیوەندییکردندا بەکارببرێت بۆ ئەو بابەت و ناوەڕۆکانەی کە پێویستن.

٤- پێویستە کار لەسەر بەکارهێنانی زاراوەی کرمانجی ژووروو هەروەها زاراوەکانی تر بکرێت بەتایبەت کە کاتێك بابەتێك بڵاودەکەنەوە و پەیوەندیدارە بە ناوچەیەکەوە، ناوچەکەش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە لە بەکاربردنی زاراوەدا، پێویستیشە بڵاوکراوەکان بە تەنها ڕەنگدانەوەی ناوەندی پارێزگاکان و چەند ناوچەیەکی دیارییکراو نەبن لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو چەندین ناوچەی دیکە هەیە کە پێویست دەکات ئەگەر بە بڵاوکردنەوەی وێنەیەکی سرووشتی ئەو ناوچانەش بێت پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دانیشتووانی ئەو ناوچەیدا دووپات بکەنەوە.

٥- پێویستە هەوڵ بدرێت لە ئاستێکی بەرزتردا ڕووی پەیام و بڵاوکراوەکان لە ڕۆژنامەوانان و چالاکوانانی هەرێمی کوردستان بن، پێویستیشە بەشی کاروباری گشتی پەیوەندییان لەگەڵ توێژەران توندوتۆڵ بکەن، لە کاتی ئەنجامدانی لایەنی پراکتیکی ئەم توێژینەوەیەدا چەندجارێك بە ئیمەیل و تەلەفۆن و پەیامی تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی پەیوەندی کراوە بە بەشی کاروباری گشتییەوە بەڵام ئامادەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکان نەبوون، لەکاتێکدا کە لەسەر داواکاری ئەم بەشە پرسیارەکانی کە ئامادەکرابوون بۆ نیوە کەم کرانەوە، بەڵام لە ئەنجامدا وەڵامی پرسیارەکان نەدرانەوە.

## ڕاسپــاردە

١- توێژەران، توێژینەوە ئەنجامبدەن لەبارەی بەرکەوتن و پەیوەندی و جیاوازییەکانی هەردوو بواری (پەیوەندییە گشتییەکان و دیپلۆماسییەتی گشتی لەسەر سەکۆکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان) چونکە توێژینەوە بە زمانی کوردی لە ئەم دوو بوارە پێکەوە لە ئاستی نەبووندایە.

٢- توێژەرانی پەیوەندییە گشتییەکان، توێژەران، توێژینەوە ئەنجامبدەن لەبارەی جۆرێتی و چەندێتی ئاستی تێکەڵبوونی بەشی پەیوەندییە گشتییەکان لە کایەی نێودەوڵەتییدا و بۆ ئەم مەبەستەش کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی وڵاتان لە هەرێمی کوردستاندا ناوچەیەکی گونجاو و پێویستن بۆ ئەوەی توێژینەوەیان لەبارەوە ئەنجامبدرێت

٣- توێژەران، بە کاری زانستی و توێژینەوەکانیان چاودێر بن بەسەر کونسوڵخانە و نوێنەرایەتییەکانی وڵاتانەوە بۆ ئەوەی بزانرێت تا چ ئاستێك ژیان و گوزەرانی (کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، تەندرووستی) ی جەماوەر بە لای ئەوانەوە گرنگە، یان تەنها گرنگی بە ئەو بابەتانە دەدەن کە لە لای کونسوڵخانە و نوێنەرایەتییەکان گرنگە.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: فەرهەنگ


1. Cambridge Dictionary: Meaning Activation in English, (July, 14, 2021) https://dictionary.cambridge.org/dictionary/english/activation


## دووەم: کتێبی کوردی


١. ئەنوەر محەمەد فەرەج: **دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان**، چاپی دووەم ، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٩.

٢. سابیر بۆكانی: **میتۆدی توێژینەوەی زانستی**، سلێمانی، خانەی چاپ و بڵاوكردنەوەی چوارچرا، ٢٠١٦.


## سێیەم: کتێبی وەرگێڕاو بۆ زمانی کوردی


١. تۆماس ئێل ماكفیل: **میدیای نێودەوڵەتی- تیۆر-ئاراستە- خاوەنداریی**، و: هەندرێن شێرزاد، هەولێر، چاپخانەی شڤان، ٢٠٠٩.


## چوارەم: کتێبی عەرەبی


١. ابراهيم لطفى عبداللطيف لطفى: **دبلوماسية الإعلام**، القاهرة، مكتبة الوفاء القانونية، ٢٠١٥.

٢. احمد العابد ابو السعيد، زهير عبداللطيف عابد: **ادارة العلاقات العامة وبرامجها**، عمان، دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، ٢٠١٦.

٣. أنعام حسن أيوب وآخرون: **العلاقات العامة والاتصال في الخدمة الإجتماعية**، عمان، دار ومكتبة الحامد للنشر والتوزيع، ٢٠١٦.

٤. إيهاب خليفة: حروب **مواقع التواصل الاجتماعي**، القاهرة، العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٦.

٥. بسام عبد الرحمن المشاقبة: **معجم المصطلحات البرلمانية و الدبلوماسية**، الأردن، دار المأمون للنشر والتوزيع، ٢٠١١.

٦. جبريل بن حسن العريشي و سلمى بنت عبدالرحمن محمد الدوسري: **الشبكات الاجتماعية والقيم-** رؤية تحليلية، عمان، الدار المنهجية للنشر والتوزيع، ٢٠١٥.

٧. جوني عاصي: **الأمم المتحدة وأزمة الدبلوماسية المتعددة الأطراف**، فلسطين، معهد ابراهيم أبو لغد للدراسات الدولية، ٢٠٠٤.

٨. حسن نيازي الصيفي: **وسائل الإعلان ونقاط الاتصال**: مصر، افاق علمية وتربوية، ٢٠٢٠.

٩. حسيب الباس حديد: **الترجمة الدبلوماسية**، بغداد، بيت الحكمة، ٢٠١٤.

١٠. حسين محمود هتيمي: **العلاقات العامة وشبكات التواصل الإجتماعي**، عمان، دار الاسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٥.

١١. حمدي شعبان: **الاعلام الامني و ادارة الازمات و الكوارث**، الطبعة الثانية، القاهرة، الناشر: العربية المتحدة، ٢٠٠٥.

١٢. حمزة الجبالي: **إدارة الاخبار والعلاقات العامة**، عمان، دار عالم الثقافة، ٢٠١٦.

١٣. حيدر احمد القطبي: **الدبلوماسية الشعبية بين الإعلام والدعاية والحرب النفسية**، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٣.

١٤. خالد عسان يوسف المقدادي: **ثورة الشبكات الاجتماعية**، عمان، دار النفائس للنشر والتوزيع، ٢٠١٣.
١٥. خلف كريم كيوش التميمي: **إستراتيجيات العلاقات العامة في إدارة الأزمات**، عمان، دار امجد للنشر والتوزيع، ٢٠١٨.
١٦. خليدة صديق: **أساسيات في الإعلام الدولي**، عمان، دار لإعصار العلمي للنشر والتوزيع، ٢٠١٦.
١٧. دشن محمد القحطاني: **العلاقات العامة في الاعلام الجديد**، الرياض، مكتبة المتنبي، ٢٠١٧.
١٨. راسم محمد الجمال، **العلاقات العامة الدولية والاتصال بين الثقافات**، الطبعة الثانية، القاهرة، الدار المصرية اللبنانية، ٢٠١٦.
١٩. رافع علي المدني: **الدبلوماسية الناعمة في السياسة الصينية تجاه أفريقيا**- العلاقات الصينية-السودانية نموذجا، الأردن، دار الجنان للنشر والتوزيع، ٢٠١٦.
٢٠. سالى نبيل شعراوى: **العلاقات الصينية الأمريكية**.. وأثر التحول في النظام الدولي، القاهرة، العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٨.
٢١. سموحي فوق العادة: **لدبلوماسية الحديثة**، لبنان، دار اليقضة العربية، ١٩٧٣.
٢٢. سمير محمد حسين: **بحوث جامعية في الإعلام**، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ٢٠٠٢.
٢٣. سمير مطاوع: **العلاقات العامة جسر الاتصال والنجاح جديد**، عمان، دار اليازوري العلمية، ٢٠١٩.
٢٤. شريفة رحمة الله سليمان: **دور الاتصال والعلاقات العامة في الحكومة الالكتروني**، أبوظبي، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ٢٠٠٩.
**٢٥.** شعبان حمدي: **وظيفة العلاقات العامة (الأسس والمهارات)**، القاهرة، الناشر الشركة العربية المتحدة للتسويق والتوريدات، ٢٠٠٨، ص٣٢.
٢٦. صاحب السمو الملكي سعود الفيصل: **العلاقات الدبلوماسية والقنصلية**، الرياض، العبيكان للنشر والتوزيع، ٢٠١٨.
٢٧. الصديق الصادقي العماري**: دور وسائل التواصل الاجتماعي في تعزيز قيم المواطنة**، مركز السلطان قابوس العالي للثقافة والعلوم، (١٩ فبراير ٢٠١٥).
٢٨. عاطف فهد المغاريز: **الحصانة الدبلوماسية بين النظرية والتطبيق**، الأردن، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٩.
٢٩. عبد الناصر جرادات و لبنان هاتف الشامي: **مقدمة في العلاقات العامة**، عمان، دار اليازوري العلمية، ٢٠١٩.
٣٠. عبدالرحمن بن إبراهيم الشاعر: **مواقع التواصل الاجتماعي والسلوك الإنساني**، عمان، دار صفاء للنشر والتوزيع، ٢٠١٧.
٣١. عبدالرزاق الدليمي: **العلاقات العامة في المؤسسات والشركات المختلفة**، عمان، دار الابتكار للنشر والتوزيع، ٢٠١٨.
٣٢. عبدالفتاح على الرشدان و محمد خليل الموسى: **أصول العلاقات الدبلوماسية والقنصلية**، عمان، المركز العلمي للدراسات السياسية، ٢٠٠٥.
٣٣. عدنان عبدالله رشيد: **دور الدبلوماسية المعاصرة في تعزيز العلاقة بين القانون الدولي العام والقانون الدستوري**، القاهرة، المركز العربي للنشر والتوزيع، ٢٠١٧، ص٤١.

٣٤. العلالي الصادق: **العلاقات الثقافية الدولية**، الطبعة الثانية، الجزائر، ديوان المطبوعات الجامعية، ٢٠١٠.
٣٥. على حسين الشامي: **الدبلوماسية- نشأتها وتطورها وقواعدها**، الطبعة الثالثة، عمان، دار الثقافة للنشر والتوزيع، ٢٠٠٧.
٣٦. علي برغوث: **العلاقات العامة اسس نظرية ومفاهيم عصرية**، القاهرة، بدون دار النشر، ٢٠٠٧.
٣٧. علي بن فايز الجحني: **مدخل الى العلاقات العامة والإنسانية**، الرياض، مركز الدراسات والبحوث جامعة نايف للعلوم الأمنية، ٢٠٠٦.
٣٨. علي خليل شقره: **الإعلام الجديد (شبكات التواصل الاجتماعي)**، عمان، دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٤.
٣٩. علي عبد الفتاح: **الإعلام الدولي والعولمة الجديدة**، مصر، دار اليازوري للنشر والتوزيع، ٢٠١٦.
٤٠. علي عجوة و كريمان فريد: **إدارة العلاقات العامة بين الإدارة الإستراتيجية وإدارة الأزمات**، القاهرة، عالم الكتب، ٢٠٠٨.
٤١. علي فرجاني: **العلاقات العامة واستراتيجيات الاتصال**، عمان، دار امجد للنشر والتوزيع، ٢٠١٨.
٤٢. علي رحيم راضي: **العلاقات الدبلوماسية والقنصلية**، سوريا، دار مؤسسة رسلان، ٢٠٢٠.
٤٣. عبدالباري درة ونبيل المجالي: **العلاقات العامة في القرن الحادي والعشرين**، النظرية والممارسة منحى نظامي وإستراتيجي، عمان، الطبعة الثانية، دار وائل للنشر والتوزيع، ٢٠١٣.
٤٤. فادي حسن عقيلان: **إدارة الأزمات والكوارث الطبيعية والغير طبيعية**، عمان، ٢٠١٥، دار المعتز للنشر والتوزيع.
٤٥. فتحي الأبياري: **الرأي العام والإعلام**، الاسكندرية، دار المعرفة الجامعية، ١٩٨٥.
٤٦. فخرى جاسم سلمان وأخرون: **العلاقات العامة**، بغداد، دار الكتب للطباعة والنشر، ١٩٨٠.
٤٧. فرح صابر: **القوة الاقتصادية وأثرها في العلاقات الدولية- الاتحاد الاوروبي أنموذجا**، بغداد، بيت الحكمة، ٢٠١٣.
